دکتۆر عادل باخەوان، نووسەرو سۆسیۆلۆگ:

# من پرسی دەوڵەتی کوردیم قبوڵ نییە



# هزری ئازاد

ژمارە (١) بەهاری ٢٠١٩

گۆڤارێکی وەرزیی ئەکادیمی سیاسیی شیکارییە
تۆڕی هەواڵی ژبان دەریدەکات

## سەربەخۆیی؛ سێبەرێک بەتەنیشت کوردستانەوە

## مەتەڵێکی مردوو: پەیوەندییەکانی کوردو ئیسـرائیل

## سەدەی بیستەم، سەدەی کوشتاری کورد و ئەمازیغ



## ستەمی یاسا نێونەتەوەییەکان دەرهەق بە کورد وشیعەی رۆژهەڵات

## چۆن دەتوانین کەرتی نەوتی هەرێم لەقەیران ڕزگاربکەین؟

ژمارە (١) بەهاری ٢٠١٩
گۆڤارێکی وەرزیی ئەکادیمی سیاسیی شیکارییە
تۆڕی هەواڵی ژیان دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر:
**محەمەد میران (هەورامی)**

دەستەی نووسەران:
**د. ماجید خەلیل** **م. عەبدوڵڵا ئەحمەد**

بەڕێوەبەری هونەری:
**شێرکۆ خانزادی**

ناونیشان:
**نوسینگەی سەرەکی. کوردستان . سلێمانی**
**کوردستان مۆڵ . نهۆمی دووەم**

پەیوەندی:
٠٧٧٣٠٩٩٣٧٥٤
www.zhyan.co
www.facebook.com/zhyannews

نرخ (١٠٠٠) دینار
چاپ: چاپخانەی کوردستان
بڵاوکردنەوە: کۆمپانیای بلاف پەیک

# پێڕست


**جوڵانەوەی ئیسلامی سیاسی وزەمینەکانی هەڵکشان وداکشانی پارتە سیاسیە ئیسلامییەکانی کوردستان**
پارتەکانی (یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە، هاوپەیمانی نیشتیمانی) بەنموونە..........٦-١٣
**عادل باخەوان: من پرسی دەوڵەتی کوردیم قبوڵ نییە**..........١٤-٢٥
**سەربەخۆیی سێبەرێك بە تەنیشت کوردستانەوە**
خولانەوە لە خێڵەوە بۆ خەباتێکی نەتەوەیی..........٢٦-٣٧
**ئیسلامی ڕەسەن و ئیسلامی نا ڕەسەن لەناو کورددا**..........٣٨-٤٥
**مەتەڵێکی مردوو: پەیوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل**..........٤٦-٥٩
**شیعەو سوننە لە دەروازەکانی ئەورپادا**..........٦٠-٧٥
**ستەمی یاسا نێونەتەوەییەکان دەرهەق بە کورد و شیعەی ڕۆژهەڵات**
توێژینەوەیەکی شیکاری و بەراوردکارییە..........٧٦-٨٥
**تارمای و تێرۆری دادگاکانی پشکنین لە ئەوروپادا**..........٨٦-٩٧
**ئیقباڵی لاهوری: مارتن لۆسەری رۆژهەڵات**
بەرزترین لوتکەی خەیاڵ لە جیهانی رۆژهەڵاتدا..........٩٨-١٠٧
**کەرتی نەوتی کوردستان: ئایندەیەکی نادیار**
کوردستان؛ کۆتا ناوچەی جیهانە نەوت تێیدا کۆتایی دێت..........١٠٨-١١٣
**ئیسلام لە دەمارەکانی ناسیۆنالیزمی تورکدا**
مێژووی بەگەڕخستنی پرۆژەی ئیسلامگەرایی لە تورکیای نوێدا..........١١٤-١٢٧
**سەدەی بیستەم، سەدەی کوشتاری کورد و ئەمازیغ**
توێژینەوەیەکی زانستی و شیکارییە..........١٢٨-١٣٥
**ڕۆماننوسەکانی جوو: سوپای عەرەب نەخوێندەوارن!**
وێنای تاکی عەرەبی لەئەدەبی عیبریدا..........١٣٦-١٤٣
**مارتین پۆپەر: ئەو پیاوەی ویستی کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین روونەدات**..........١٤٤-١٤٨

# هزری ژیان دەیەوێت چی بکات؟



سەرنوسەر

شەرەفمەندم دەبینم (ژیان) ئەمڕۆ نۆبەرەیەکی دیکەی (میدیای ئەکادیمی) دەخاتە ناو کایەی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە بەناوی گۆڤاری (هزری ژیان)، ئەم گۆڤارە وەرزانەیە یەکێك دەبێت لەگۆڤارە سەرنجڕاکێش وپڕزانیارییەکان لەبواری (ئەکادیمی، سیاسی و شیکاریی) کاردەکات و دەستەبژێرێکی دیاری کوردستان لە(نوسەر، لێکۆڵەر، شیکەرەوەی سیاسی وئابوری، مامۆستای زانکۆ، کەسایەتی سیاسی وئەکادیمی) نووسینی تێدا دەنوسن.

من کاتێك دڵخۆشم بەدەرچوونی ئەم گۆڤارە؛ چەند هێندە زیاتر لەوە دڵخۆشترم گۆڤارەکە بەجیاوازییەکی زۆر لەئەزموونەکانی پێش خۆیی کاردەکات و هەوڵی پاراستنی ئەو جیاوازییە دەدات، چونکە دەمێکە ناوەندە ڕۆشنبیری و ئەکادیمیەکانی کوردستان تینوی ئەوەن گۆڤارێك دەربچێت جیاوازبێت و پشتبەستوو بێت بەبنەماکانی (داتاو زانیاری دروست و واقعی، شیکردنەوەی زانستی لەبواری (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری) و کۆی کایەکانی تر، نەك شیکردنەوەی بابەتەکان لەسەر بنەمای (دەروونی نوسەرو کەس یان پارتە سیاسییەکان، یان ئاراستە ئایدۆلۆژی و ئاینییەکان) کە بەداخەوە ئەم دەردە لەپێشووتردا لەزۆرینەی دەزگاو دامەزراوەکانی ئەم بوارە ڕەنگی داوەتەوە، (هزری ژیان) کە ستافێکی ماندوونەناس و خەمخۆری ئایندەی (میدیای ئەکادیمی و کۆمەڵگای کوردی) سەرپەرشتی دەکەن خەمی یەکەم و کۆتاییان ئەوەیە ئەم گۆڤارە خزمەت بەخوێنەرەکانی خۆی بکات و لەسەر بنەمای داتاوزانیاری شیکردنەوەکانی ئەنجامبدات، بەپێچەوانەوە دوورکەوێتەوە لەکاریگەری هەرتووشێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاینی سیاسی، بۆ ئەوەی ئەو لێکۆڵینەوەو شیکردنەوانەی لەم گۆڤارە بڵاودەکرێنەوە؛ ببنە جێگەی بڕوا و متمانەی خوێنەرەکانی، چیدیکە کۆتایی بەو ئەریتە خراپە بێت دەستەبژێرێك بەئارەزووی خۆیان دوورلەبنەما زانستیەکان وتارەکانیان بڵاوبکەنەوەو بێمتمانەیی لەنێوان (خوێنەرو خوێنراوەکان) قوڵبکەنەوە.

خەمێکی دیکەی ئەم گۆڤارە ئەوەیە تواناو لێهاتویی ئەو (نوسەرو شیکەرەوەو کەسایەتیە ئەکادیمی و سیاسیانە) بەگەڕبخات، متمانەیان بەگۆڤارو دامەزراوە حیزبی و نیمچە حیزبییەکان نیە، بەوهۆیەوە قەڵەمەکانیان لەبڕشت کەوتوون و لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ڕەفەکان دانراون بێهیوایەکی زۆر ڕوویتێکردوون و دەستەوەستان بەرامبەر دۆخی خراپی ڕۆژنامەگەری کوردی، بۆیە ئەوان دەتوانن (هزری ژیان) وەکو ناوەندێك بۆ بەدیهێنانی خەونەکانیان و بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانیان بەکاربهێنن و شیکردنەوەکانیان بگەیەنن بەخوێنەرانیان، ئەمەش لەلایەك هاندانێکی باش دەبێت بۆ ئەوان قەڵەمەکانیان دووبارە بخەنەوەگەڕ بۆ خزمەتی خوێنەری کورد، هاوکات خوێنەری کوردیش ئاشنابێت بەلێکۆڵینەوەوشیکاری دروستی ئەکادیمی کە پێشترکەمتربەرچاوی کەوتووە.

سەرباری هەموو ئەوانە؛ دەتوانم ئەو متمانە جوانە تۆخبکەمەوە لەنێوان (ژیان و خوێنەران و بینەران)ی ئێمە لەماوەی چەندسالی ڕابردوودا، کاتێك کارمانکردووە ئامانجمان گەیاندنی زانیاری دروست وبەهاداربووە بۆخوێنەرانمان لە (ڕۆژنامەووێب سایتی ژیان) وبینەرانمان لە (وێب تی ڤی ژیان)، لە(هزری ژیان)یش هەمان بنەما دەگرینە بەرهەوڵدەدەین ئەو لێکۆڵینەوەو شیکردنەوانە بڵاوبکەینەوە وئەم بنەمایانەیان تێدایە، چونکە بۆ (ژیان) زۆرگرنگە میدیایەکی تەواوکەرو جیاوازبێت لەناو میدیایی کوردیدا بەومانایەیی نەبێتە بەشێك لەفەوزای میدیایی بەڵکو بێتە میدیایەکی متمانەپێکراوی ئەهلی و کاربکات بۆ ئەوەی بەبەردەوامی متمانەی (خوێنەروبیسەروبینەران)ی پارێزگاری لێبکات.

هەرلێرەشەوە بەخوێنەرانی (هزری ژیان) دەڵێم ئەم گۆڤارە خاڵێکی ناوپرۆژەیەکی گەورەی (میدیای ئەکادیمی)یە، چونکە ئەم گۆڤارە بناغەیەکی پتەو دەبێت بۆپرۆژەیەکی ئەکادیمی گەورە کە (چینە جیاوازە ئەکادیمیەکان) کۆدەکاتەوە بۆ بەرهەمهێنانی (بیرۆکە) لەکۆی پرسەکان و ئاراستەکردنی (سیاسەت، ئابوری و کۆمەڵگا) کە پرۆژەکەیەکی جیهانیە، ژیان دەیەوێت لەکوردستان پاڵپشتی بکات، لەم ڕێگەیەوە جێ پەنجەی خۆی لەسەر ئایندەی سێکتەرە جیاوازەکان دابنێت.




# جوڵانەوەی ئیسلامی سیاسیی و زەمینەکانی هەڵکشان و داکشانی پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانی کوردستان

**پارتەکانی (یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە، هاوپەیمانی نیشتیمانی) بەنموونە**

ڕاپۆرتی شیکاری: ناوەندی توێژینەوەی هزری ژیان ..........................................................

لەپاش راپەڕینی ١٩٩١، هەرێمی کوردستانی ئێراق بوویە گۆڕەپانی رەوت و رێبازە سیاسییە چەپ و راستەکان. لەمیانەدا پارتە نەتەوەیی و سێکیولار و ئیسلامییەکان هاتنە ناو بەشداریی سیاسیی و بوونە سەرمەشقی ئەزموونی سیاسیی هەرێمی کوردستان. لەهەرێمی کوردستاندا فۆرمی پارتایەتی ئیسلامییەکان بە دوو شێوە خۆی نومایانکردووە. شێوەیەکیان پارتی سیاسیی مۆڵەتپێدراون، کە لەپاش راپەڕینەوە بەئاشکرا بوونەتە بەشێك لەپرۆژەو پڕۆسەی سیاسەتکردن لەهەرێمی کوردستاندا. شێوازی دووەمیان بریتییە لەپارتە رادیکاڵ و بناژۆ و نافەرمییەکان، ئەم پارتانە خۆیان لەسەلەفیزمی جیهادی و گروپەکانی هاوشێوەی جوندوئەنسارو تەوحیدو قاعیدەو داعشدا خۆیان دەبیننەوە، کە گروپی شاراوەو نافەرمین و تاودراوی تەوژمە گلۆباڵییە ئیسلامییەکەی وڵاتانی هەرێمی و ناوچەیین. ئەم گروپانە باوەڕیان بە بەشداری سیاسیی و پرەنسیپی دیموکراسیی نییە و لەکوردستانا یاساغن.

لێرەدا شیکاری زەمینەی دەرکەوتن و پەرەسەندنی هەریەك لەپارتە سیاسییە ئیسلامیەکان دەکەین و پاشان ئەو زەمینانەیش دەخەینە روو کە تێیدا هەڵدەستنەوەو چالاکدەکرێن. بۆیە هەریەك لەپارتە فەرمییە رێپێدراوەکانی هەرێمی کوردستان کە بریتین لە(یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان) بەجیا هەڵدەسەنگێنین. هەروەها بەشێك لەجوڵانەوە ئیسلامییەکان هان لەنێو پارت و بازنەی سیاسیی تردا، بەتایبەتی لەدووای بەهاری عەرەبی مۆدێلی پارتایەتی ئیسلامی گۆڕانکاریی بەخۆوە بینی، بەشێك یان رەوتێك یان بیرۆکەیەکی تایبەتی جوڵانەوە ئیسلامییەکە دەچوونە نێو هاوپەیمانی بزووتنەوە مەدەنی و سیکۆلارو دیموکراتەکانەوە، هەوەڵین ئەزموونی ئەم فۆرمە لەجوڵانەوەی ئیسلامی لەوابەستەبوونی بەشێك لەجوڵانەوە ئیسلامییەکە هاتە پێشەوە کە لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا بە فۆرمی ئیسلامی سیاسەتیان دەکرد، بەشێوەیەك ئەم رەوتە بە ئیخوانەکانی ناو گۆڕان ناسرابوون. زەقترین زەمینەی ئەم نەزمەی سیاسەتکردنی ئیسلامییەکان لەدروستبوونی هاوپەیمانی بۆ دیموکراتی و دادپەروەری هاتە بوون کە بەرهەم ئەحمەد ساڵح دروستی کرد و ئێستایش خۆیان لەهاوپەیمانی نیشتیمانی دەبیننەوە کە پارتێکی نوێی مۆڵەتپێدراوە.

**یەکەم: فاکتەرەکانی هەڵکشانو گەشەسەندنی پارتە ئیسلامییە مۆڵەتپێدراوەکان.**

> **یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، دیارترین فاکتەری گەشەکردنی بریتییە لە پشتیوانی مادی و مەعنەوی ئەم هێزە لەلایەن هێزە هەرێمییەکانەوە. ئەم فاکتەرە بەردەوام هۆکاری گەشەسەندنی یەکگرتووە بووە لەرووی وابەستەبوونی جەماوەرەکەیەوە**

(یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە) بەنموونە

**ا. فاکتەری گەشەسەندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەك پارتێکی سیاسیی مۆڵەتپێدراو، کە ئێستە مامۆستا (سەلاحەدین بەهادین) ئەمینداری گشتی ئەوپارتەیە، بە خوێندنەوەی ئەزموونی سیاسەتکردنی ئەو پارتە لەکوردستاندا، فۆکەسی فاکتەرگەلێك لەگۆڕێدایە، کە لێیانەوە دەتوانین ئاماژە بە گەشەی ئەم پارتە بکەین لەو خاڵانەوە:

١. فاکتەری هەرێمی، یەکگرتووی ئیسلامی

کوردستان. دیارترین فاکتەری گەشەکردنی برێتییە لەپشتیوانی مادی و مەعنەوی ئەم هێزە لەلایەن هێزە هەرێمییەکانەوە. ئەم فاکتەرە بەردەوام هۆکاری گەشەسەندنی یەکگرتووە بووە لەرووی وابەستەبوونی جەماوەرەکەیەوە. چون لەرەوشی نالەباری ئابووری هەرێمی کوردستاندا بەردەوام یەکگرتوو توانیویەتی دەرفەتی گونجاوی مادی بۆ کادیران و جەماوەرەکەی بەرجەستە بکات. وابەستەبوونی یەکگرتوو لەگەڵ رێکخراوە ئیسلامییە نێونەتەوەییە هەرێمییەکانەو لەدوو جەمسەری بەرچاوی ئەم رێکخراو و پارتە ئیسلامییە سیاسیانەدا خۆی بوژاندووەتەوە. لەنەوەدەکاندا تاوەکو بەهاری عەرەبی و رامالینی فەرمانڕەوایەتی ئیخوانەکان لەمیسر، یەکگرتووە بەشێوەیەکی فەرمی و لەکارنامەی ئیخوانی جیهانیدا یەکێك بوو لەلقە سەرەکییەکانی ئیخوانی میسر. بۆ ئەم مەبەستەیش لەچەندین کەناڵی مادی و خێرخوازی و ئەدەبیاتی بانگەوازی و نوێنەرایەتی و دیپلۆماسییەوە پشت بەستوو بوو بەم رێکخراوەو کەڵکی فرەی وەرگرت لەتاودان بە رێکخستنەکانی لەکوردستان. ئیخوان بازووی بەهێزی کارامەیی یەکگرتوو بوون چوون لەناردنەدەرەوەی خوێندکار بۆ وڵاتانی سەربە ئیخوانی جیهانی، لەوانە سودان، مەغریبی عەرەبی، میسر، سعودییەن ئەردەن، یەکگرتوو خوێندکارەکانی خۆی رادەستی دامەزراوە ئەکادیمی و زانکۆییەکانی ئیخوان دەکرد لەو وڵاتانە. هەروەها ئیخوان زەمینەی دەرەخساند بۆ رابەرانی یەکگرتوو لەوڵاتانی خەلیجی عەرەبیدا تاوەکو بتوانن گەڕێنەوە کوردستانو ببنە کاێرو هەڵسوڕاوی ئەوپارتە.

دیوێکی تری درێژبوونەوەی رایەڵەو پەیوەندی یەکگرتوو لەدەرەوە لەدووای شکستی ئیخوانی میسرو باڵادەستبوونی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا هاتە پێشەوە، یەکگرتوو لەگەڵ تورکیادا پەیوەندی توندوتۆڵی شاراوەی هەیەو لەو رووەوە لەگەڵێ بواری مادی و میدیایی و زانستییەوە بەهرەمەند بووەو. لەبەرامبەردا تورکیا توانیویەتی لەرووی هەواڵگیرییەوە کەڵکێکی فرە لەیەکگرتوو ببینێت.

٢. فاکتەری ناوەند، یەکگرتوو لەپێش راپەرینەوە وەك رێکخستنێك نەکەوتبووە دژایەتی رژێمی بەعسو بە وتارێك نەیاریەتی خۆی بۆ ئەو رژێمە نەکردن لەبەرئەوە رێکخستنەکانی فشاری نەوتۆیان لەسەر نەبوو، ئەوە بووە هۆکارێك کە لەدوای راپەریندا ئەندامەکانی تاڵ و ترشی زیندان و کوشتن و دورخستنەوەی کەمتر ببینن و گۆڕەپانەکە بۆیان بەرین بوو بۆ سیاسەت، بۆیە زیاندمەندی ستەمی بەعس نەبوون و توانیان لەراپەریندا بەباشی لێنەون، بۆنموونە لەنەودەکاندا وەختێ جەنگی یەکەمی کەنداو روویدا، یەکگرتوو بە ئیعازی ئیخوانی میر پێشوازی لەو نەفیرە دەکردو نەیارەتی خۆی بۆ پرۆسەی ئازادی ئێراق دەربرین ئەم پەیامەی لەناو دامەزراوە سەدامییەکانی خەلیجدا بڵاوکردەوەن بۆیە توانییان لەنەوەدەکاندا لەرووی مادییەوە بەتەواوی لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوەو لەرووی جەماوەری و کەسایەتی و دامەزراوەییەوە پێشوازییان لێبکرێت.

٣. فاکتەری ناوخۆیی، جەنگ و کوشتای ناوخۆی نێوان پارتی ویەکێتی وپارتە سیاسییەکانی تر هۆیەك بوو کە زەمینەی رەخساند تاوەکو یەکگرتوو پۆپۆلیستی بیربکاتەوەو بۆشاییەکانی پەروەردەو ئابوری و نادامەزراوەی بقۆزێتەوەو ئاوڕ لەبێنەواو ماڵوێران و بێکارەکان بداتەوەو کەمەند کێشیان کات بۆ رێکخستنەکانی خۆی. بۆیە جەنگی ناوخۆ هۆیەك بوو تا یەکگرتوو توانی لێیەوە گەشە بکات، پۆپۆلیستی یەکگرتوو لەئاستێکدا بوو کە نیازی ئاشتەوایی هێندەی حزبی شویعی نەبوو، بۆنموونە ئەورۆڵەی عەزیز موحەمەد دەیگێڕا بۆ ئاشتەوایی، سەلاحەدین

بەهادین نەیدەگێڕا، لەکاتێکدا خودی بزووتنەوەی ئیسلامی لەجەنگی ناوخۆدا بوو.

٤. هۆکاریی رکابەرە ئیسلامییەکانی، یەکگرتوو لەژینگەیەکدا خۆی راگەیاند کە بزووتنەوەی ئیسلامی رووبەرووی شکست ببوویەوە لەجەنگی ناوخۆداو بارەگای سەرکردایەتی لەلایەن یەکێتییەوە گیرابوو، بۆیە لەدەستپێکی نەوەدەکانەوە یەکگرتوو جەنگی بزووتنەوەی بەدەرفەت زانی بۆ گەشەی رێکخستنەکانی و وەکو بێچووە دوپشك لەپشتی دایکە دوپشکەکەیان هاتە دەرێو رێکخستنەکانی لەبادیناوەوە تا گەرمیان بڵاوکردەوە. بۆیە یەکگرتوو بوویە میراتگری جەنگی چەکداریی بزووتنەوەو بەتەواوی بوویە خاوەنماڵی میدیا چەکدارییەکەی بزووتنەوەو بەفۆرمی خۆی کە فۆرمی ئیسلاح بوو لەکایەی جەنگی ناوخۆدا رۆڵی بینی و گەشەی کرد.

**یەکگرتوو لە ژینگەیەکدا خۆی راگەیاند کە بزووتنەوەی ئیسلامی رووبەرووی شکست ببوویەوە لە جەنگی ناوخۆداو بارەگای سەرکردایەتی لەلایەن یەکێتییەوە گیرابوو، بۆیە لە دەستپێکی نەوەدەکانەوە یەکگرتوو جەنگی بزووتنەوەی بەدەرفەت زانی بۆ گەشەی رێکخستنەکانی و وەکو بێچووە دوپشك لەپشتی دایکە دوپشکەکەیان هاتە دەرێو رێکخستنەکانی لە بادیناوەوە تا گەرمیان بڵاوکردەوە**

٥. دەزگا خێرخوازیەکانی یەکگرتوو، لەوانە رابیتەی ئیسلامی کورد، زانکۆ ناحکومیەکان لەوانە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، کۆنتاکت لەگەڵ رێکخراوە خێرخوازی و ئیسلامییەکانی دەرێ، لەوانە جوڵانەوەی گولەنییەکان، کۆمەڵەی نوور، هێنانی راهێنەرانی بواری گەشەپێدانی مرۆیی، ئیشکردن لەکایەی گەنج و زارۆ و خوشکان، هۆکارگەلێکی تری گەشەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانن.

٦. سیاسەتی پۆپۆلیستی یەکگرتوو، خۆگونجاندنی لەدەڤەری سەوز لەگەڵ ئەدەبیاتی بەرهەڵستکاریی و خۆگونجاندنی بەشێکی لەدەڤەری زەرد لەگەڵ دەسەڵات، گەمەی سیاسیانە لەتەك پارتی و یەکێتیدا بەجۆرێکە کە یەکگرتووی گەشەپێداوە.

**ب. فاکتەرەکانی شکست و لاوازبوونی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**

ئەزموونی کاری یەکگرتوو هۆکارێکە بۆ بەرتەسکبوونەوەی پانتاییەکانی رێکخستنی یەکگرتوو لەکوردستاندا، ئەم هۆکارانە بریتین لە:

١. یەکگرتوو وەکو هێزێکی نیشتیمانی تەماشا ناکرێت و بە پرۆژەی تورکیاو میسرو عەرەبی خەلیج تەماشادەکرێت، بەتایبەتی لەبۆنە نەتەوەیەکانی کوردا، لەفشاری تورکیا بۆ سەر عەفرین و کوبانێ، لەتۆپبارانی تورکیا بۆ خاڵە سنورییەکان، لەکوشتوبڕی تورکیا لەباکورن ئەوانە بوونە خاڵێکی هۆشیاری خەڵکی کوردستان و گوتاریی پشتیوانی یەکگرتوو بۆ تورکیا بە بێزراو دەزانن، بەتایبەتی لەچەندین بۆنەدا عەلی قەرەداخی کە کەسایەتییەکی دیاری سەربەیەکگرتووە، پشتیوانی بۆ هێزی داگیرکەر دەربڕیوە، ئەوە هۆیەك بوو تا خەڵکی زیاتر لەم هێزە بتەکێنەوە.

٢. شکستی ئیخوانی میسر لەرووی مەعنەوییەوە یەکگرتووی بێ نەوا کردو وەك هەتیوێك دەردەکەوێت لەرووی مەرجەعی سیاسییەوە.

٣. گەمەی پۆپۆلیستی یەکگرتوو لەپەرلەمان، گەمەی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بۆ خەڵکی روونکردەوە کە ئەم هێزە هێزێکی هەلپەرستە.

٤. نەبوونی رەوایەتی نیشتیمانی بۆخۆی سەرەتای شکستی یەکگرتوو بون چوون لەجوڵانەوەی نیشتیمانیدا ئەم هێزە بەهەرەمەند نییە.

٥. دابەشبوونی ریزەکانی یەکگرتوو، جودابوونەوەی بەشێکیان بۆناوگۆرانو دواتریش چوونەناوەوەی بەشێکی تریان بۆ ناو هاوپەیمانی نیشتیمانی، هۆیەکی گەورە بوو بۆ شکستی یەکگرتوو.

**ب. پێمانوایە بەم رێو شوێنانە یەکگرتووی ئیسلامی دەبێتە هێزێکی شکستخواردوو:**

١. خستنەرووی بێهەڵوێستی یەکگرتوو لەپرسە نیشتیمانییەکاندان ئەوەیش بەتۆرێکی میدیایی بە ئاگا دەکرێت.

٢. نیشاندانی رابردو و میتۆدی ئەم پارتە بۆ رایگشتی، کە چەندە هێزێکی لەبارە بۆ دەستە دەرەکییەکان.

٣. میدیا رایەڵەی پەیوەندی و تۆرەکانی خێرخوازی ئەم هێزە روونبکاتەوە، ئەوە بخرێتە روو کە پرۆژەی خێرخوازی یەکگرتوو بەکارهێنانی ئایینە بۆ بەرژەوەندی بەرتەسکی سیاسیی و حزبیی.

٤. رێگریکردن لەم هێزە کە ئیستیغلالی بۆنە ئایینی و پەرستشەکان و مزگەوتەکان نەکات بۆ فریودانی خەڵکی کوردستان و رامکردنیان بۆ بەرژەوەندی سیاسیی.

٥. رێگریکردن لەبەکارهێنانی زەکاتی موسڵمانانان و مزگەوت و سەرفیترە بۆ پرۆژە میدیاییەکانی یەکگرتووی ئیسلامی.

٦. دارشتنەوەی میتۆدێکی پەروەردەیی دروست لەناوەندەکانی خوێندندا، میتۆدێکی لیبراڵ وئازاد، چوون لەو میتۆدەدا، بیری ئیسلامگەرایی شکستدەهێنێت.

**دووەم: فاکتەرەکانی گەشەسەندن و داکشانی کۆمەڵی ئیسلامی.**

ا. لێرەدا بەوردی شیکاری ئەو هۆکارانە دەکەین کە کۆمەڵی ئیسلامی تێیدا گەشە دەکاتن لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی شکستی ئەم پارتە سیاسییە.

١. هۆکاریی مێژوویی، کۆمەڵی ئیسلامی توانی دەستبگرێت بەسەر میراتی خەباتی چەکداری و شۆرشگێری بزووتنەوەو ببێتە خاوەنی رابردووی بزووتنەوە کە شەرەفی بەشداری روبەروو بوونەوەی بەعسی هەبوون ئەوە هۆیەك بوو تا جەماوەری کورد وەك هێزێکی نیشتیمانی سەیری بکات.

٢. ئۆپۆزسیۆن بوون، کۆمەڵ بە کەڵك وەرگرتن لەرەوشی نالەباری ئابوریو قەیران و نەبونی موچەو جەنگی داعش و ئاوارەکانی عەرەب توانی خەڵکی کوردستان بە گوتارە بەرهەڵستکارییەکانی دژبە دامەزراوەی سیاسیی هەرێم رامبکات بۆ خۆی.

٣. گوتاری ئیسلامگەرایی، چوون کۆمەڵی کوردی کۆمەڵێکی موسڵمانە، کۆمەڵ ئیستغلالی لایەنی رەوانی وسایکۆلۆژی وهەستی موسڵمانانی کردووەن بەمەیش توانیویەتی بەدروشمە ئاینیە توندەکان، پەرۆشی خەڵکی کورد بۆ ئایین بوروژێنێت.

٤. لەدوای بەهاری عەرەبییەوە شەپۆلێکی توندی ئیسلامی وڵاتانی ئیسلامی گرتەوە، سەلەفیزمی جیهادی بەشێك لەلاوانی کەمەند کێشکرد، گوتاری توندرەوانی کۆمەڵ لەپرسە ئیسلامییەکەدا، بایی هێندە دەبوو کە لەناو کۆمەڵی کۆنسەرڤاتیڤی کوردا جەماوەری زیاد بکات.

**ب. ئەو فاکتەرانەی کەوادەکەن کۆمەڵی ئیسلامی شکست بهێنێت چین؟**

١. هەرێمی کوردستان لەرووی دامەزراوەییەوە لەپەرلەمان و حکومەتدا، ئەو پارتانە بە لێپرسراو بزانێت لەکاری سیاسیدا، گەر ئۆپۆزسیۆنن، دەبێت لەحکومەتدا نەبن،

گەر لەحکومەتدان، نابێ ئۆپۆزسیۆن بن. ئەوە هۆکارێکی سەرەکی دەبێت لەشکستی کۆمەڵدا.

٢. دەبێت رابردوی کۆمەڵ و میتۆدی کۆمەڵ لەلایەن دامەزراوە ئەکادیمی و مەدەنییەکانەوە کاری لەسەربکرێت. کۆنفرانس و میدیا و توێژینەوەکان، ماهییەت و کاریگەری کۆمەڵ لەبڵاوبوونەوەی رەگی توندڕەوی نیشان بدەن، چوون بەوردی شرۆڤەی ئەوە کراوە کە کۆمەڵ چەندە رۆڵی بینییوە لەچوونی گەنجان بۆناو گروپە پەڕگیرەکان.

٣. یاسایی تیرۆر لەکوردستان هەنگاوێکی باشە بۆ جڵەوی ئەم پارتە و دەبێت چالاکبکرێت.

٤. رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، رێکراوە رۆشنگەرەکان، رێکخراوی ژنان، بواربۆپەروەردە و بەرنامەو میدیاو مینبەری ئایینی نەکەنەوە تاوەکو لاوەکان و زارۆکان ئاراستە بکەن بەکامی سیاسەتی ئاینیانەی خۆیان.

٥. هەوڵدان بۆ بەکوردیکردنەوەی ئیسلام و زیندوکردنەوەی ئیسلامی میللی هۆکارێکی باشە بۆ شکستی کۆمەڵی ئیسلامین چوون کۆمەڵ هێزێکی سەلەفیزمی جیهادییە، بیری ئیخوان و وەهابییەت دەبجوڵێنی، ئیسلامی کوردەواریشن ئیسلامی عیرفان و تەریقەتە خاوێنەکانی کوردەوارییە، دەبێت گرنگی زیاتر بە ئیسلامی میللی بدرێت و نەهێڵرێت کۆمەڵ بەمیتۆدی خۆی ئیسلام بشێوێنێت.

٦. کاربکرێت لەسنووری یاسادا پەیوەندییە دەرەکییەکانی پارتەکان رێك بخرێت، چوون کۆمەڵی ئیسلامی پەیوەندی لەگەڵ قەرارگاکانی کۆماری ئیسلامی بەهێزەو لەسەرهێڵی سیاسەتی ئێرانییەکان دەڕوات، بڕینی یاخۆ چاودێریکردنی ئو پەیوەندیانە بواری بەردەم گەشەی ئەم پارتە بچوکدەکاتەوە.

٧.تاکبڕیاری و تاکڕەوی ئەمیری کۆمەڵو زاڵبوونی ناکۆکی خەتی موحەمەد حەکیم و عەبدوستارمەجید، کە خەتێکیان نێزیك لەپارتی و ئەویان یەکێتی، هۆیەك دەبێت تا درزی زیاتر لەناو ئەم پارتە دروست بێت. ئەوەیش هۆیەکی کاریگەرە کە چاوەڕێ دەکرێت بازنەی کاری کۆمەڵ کورت بکاتەوە.

٨. بەیاسا بندیوارەکانی ئەم پارتە رێگەیان لێبگیرێت، هەروەها چاوبخشێنرێتەوە بە بروانامەی ساختەی زیاد لەسەدا نەوەدی ئەندامانی کۆمەڵ کە لەزانکۆو پەیمانگا عەرەبییەکانی ناوەراست و باشور بەدەستیان هێناوە ئەوە لێدانێکی کاریگەر دەبێت لەکەسایەتییەکانی ئەوپارتە.

٩. زەقکردنەوەی رەوتێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵ بۆ هەمو کادیرانی تر مایەی ساردبونەوە دەبێت.

١٠. پشتیوانیکردن لەهاوپەیمانی نیشتیمانی کە ئەسراری کۆمەڵ پێکڕا لەلای ئارام قادرە، هۆیەك دەبێ‌تا خاڵی لاوازی ئەم پارتە زیاتر بزانرێت. هاوپەیمانی بەگەشە سەندنی دەبێتە هۆی پوکانەوەی کۆمەڵی ئیسلامی لەکوردستان.

١١. رێگەنەدان تاوەکو دەزگای خێرخوازیەکانی وەکو بەخشینن نەبنە پرۆژەی ریکلامی سیاسیی، هاوکات رێکخستنەوەی زەکات لەکوردستان چوون بەپێی هەڵسەنگاندنەکان کۆمەڵ بۆ بەرژەوەندی حزبی و میدیاکانی بەکاریدەهێنێت.

١٢. خستنەرووی هەموو ئەوراستیانەی کە بەشێك لەکۆمەڵی ئیسلامی و کارکتەرە دیارەکانی تێوەگلاون لەتۆڕێکی هەواڵگیری و زانیاری یەکیەتیەوەو بە ئیعازی وان هەڵدەسوڕێن. ئەو زانیاریانەی هۆیەکن کە کۆمەڵیان لەمەساری گەشە شکست کردووە. نموونەی ئەوانە سۆران عومەرو گەلێ لەکراکتەرە دیارەکانی ئەو پارتەن.

١٣. ململانێ ناوخۆییەکانی ئیسلامییەکان هۆیەکی ترن بۆ شکستی پرۆژەی گەشەی هەموویان بەتایبەتی تاوانبارکردنی یەکتری

لەنێوان بزووتنەوەو کۆمەڵی ئیسلامیدان چون هێشتا کێشە ناوخۆییەکانیان چارە نەکراون.

**سێهەم: هۆیەکانی هەڵکشان و داکشانی بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی ئێراق**

ا. بزووتنەوەی ئیسلامی چۆن گەشەدەکات

هەرچەندە بزووتنەوەی ئیسلامی لەپاش جودابوونەوەی کۆمەڵی ئیسلامی هێشتا هەڵنەساوەتەوەو شکستی هێناوە، وەلێ چەند هۆکارێك تارادەیەك وەك هێزێکی جێگیر هێشتویانەتەوە.لەوانە

١. بزووتنەوە بەهۆی شەرعیەتی خەباتی چەکداری پارتێکە لەلایەن ئیسلامییەکانی رابوونەوە جێگەی بایەخەو دەتوانێت بەتاودانی ئەو خەباتە نەتەوەییە شوێنی خۆی بکاتەوە. هاوکات شەهیدانی ئەم پارتەو رۆڵی لەراپەریندا زیاتر فاکتەرێکن کە بنەماڵەگەلێکی وابەستەی بە رابردووی ئەم رابوونەوە هێشتووەتەوە.

٢. بزووتنەوە جیا لەپارتە ئیسلامەکانی دی جۆرێك لەسەربەخۆیی پێوە دیارەو نەچووەتە ناو رکێفی وڵاتە هەرێمییەکانەوە.

٣. خانەوادەی رابەری بزووتنەوە دارای مێژوویەکی دیارن لەناوچەی هەڵەبجەو تاودانی ئەو رابردووە خەڵکانێك لەدەوریان دەهێڵێتەوە.

٤. رابردووی ئەم پارتە لەرووبەروو بوونەوەی یەکێتیدا، هاوکێشەیەکی بۆ دروستکردووە کە لەمیانیدا لەلایەن پارتییەوە بەردەوام پشتیوانی دەکرێن.

٥. جیا لەپارتەکانی تر بزووتنەوەی ئیسلامی هەڵوێستی روونی لەرووبەرووبوونەوەی دەسەڵاتی شیعەی عێراق هەیەو هەڵگری گوتارێکی ئیسلامی سوننەیە، بەمەیش بەردەوام لەروبەروو بوونەوەی لەگەڵ بەغداو بەتایبەتی ریفراندۆم هەڵوێستیان وای کردووە کە لەناو جەماوەردا رێزیان هەبێت.

**ب. هۆیەکانی لاوازی بزووتنەوە، یاخۆ ئەو هۆکارانە چین کە بزووتنەوەو لاواز دەکەن.**

١. بزووتنەوەی ئیسلامی رێبەرایەتییەکی کەم توانای هەیەو لەلایەن خانەوادەوە مۆنۆپۆڵکراوەن بەردەوام ئەم هۆکارە باڵورەوت و گروپی سەرکردایەتی لەبزوتنەوە دادەبڕن.

٢. چەند کەسایەتییەك لەناو بزوتنەوە رۆڵیان هەییە لەبەدناوی ئەم پارتە کە نەتواریان ئیسلامیانە نیە لەوانە ئیحسانی کوڕی مەلا عەلی.

٣. پەراوێزی خانەوادەی مەلا عوسمان و کورانی هۆیەکی ترە تاوەکو خەڵکانی بزووتنەوە کورانی مەلاعەلی بە راکێشانی بەرەی رابون لەژێر پێیانی ئەوانی تربینن.

٤. ململانێ ناوخۆییەکانی بزووتنەوە لەگەڵ کۆمەڵ و هاوکات ململانێکانیان لەناو خودی خۆیان هۆیەکی کاریگەر دەبێت بۆ شکستی بزووتنەوە.

٥. بزوتنەوەی ئیسلامی لەگەڵێ پرسی نەتەوەییدا تێوە گلاوە لەتیرۆر بەتایبەتی لەلایەن کوردانی رۆژهەڵاتەوە بە ناپاك تەماشادەکرێن، چوون ئەوان بەشێ لەرابەرانی پارتی دیموکراتیکوردستانی ئێرانیان رادەستی کۆماری ئیسلامی کردووە.

٦. بزووتنەوەی ئیسلامی پارتێکە لەرووی میتۆدەوە سەلەفی جهادییەو باوەڕی بە جهاد هەیە، ئەوە وایکردووە دۆسیەی ئەم پارتە نزیك بێت لەدۆسیەی پارتە توندرەوە نافەرمیەکانی وەکو داعش، بۆیە بەشێك لەرابەرانی هێشتا لەدەرەوەن و نەگەراونەتەوەو تەنانەت کورانی مەلا عەلی لەوانە تەحسین لەئەفغانستان کوژراون وهەروەها گومان لەوابەستەیی سامانی مەلا عەلی هەیە لەگەڵ ئەو گروپە توندرەوانە.

٧. بزوتنەوەو سەرچاوەی مادی لاوازەو کەناڵی میدیایی بەهێزی نییەو کادێری ئەکادیمی و پەروەردەیی لاوازەن تەنها لەسەر پاشخانی رابردووی و لەسەر ناوی رابردووی دەژی بۆیە ناتوانیچت وەك هێزێکی کاریگەررۆڵ ببینێت.

٨. بزوتنەوە ناتوانێ گەشە بکات چوون مۆدێلی پارتایەتی لای بزووتنەوە کلاسیکییەو، ئەو مۆدێلەیش لەئەمڕۆی دونیادا بونیان نەماوە. بۆیە دەبێت ریفۆرم و گۆرانکاری بکاتن ئەمەیش لەبیری سەرکردایەتی ئێستەی بزووتنەوەوە زۆردوورە.

٩. بزوتنەوە مۆرکێکی ناوچەیی هەیەو زیاتر لەهەڵبجەدا چەقی بەستووە، هەڵبجەیش یەکێکە لەو شارانە کوردستان کە ڕێژەی دانیشتوانی کەمەن وەلێ هەمو پارتەکان تیچیدا چالاکن، ئەمەیش لەسەر حسابی بزوتنەوە دەبێت.

**چوارەم: هاوپەیمانێتی نیشتیمانی**

لەساڵی رابردوودا پاش ئەوەی دکتۆر بەرهەم ساڵح ئەم هاوپەیمانیەی جێهێلا، ئیدی کۆنگرەیەکیان بەست و ناوی خۆیان لەهاوپەیمانی ب دادپەروەری و دیموکراتیەوە گۆڕی بۆ هاوپەیمانی نیشتیمانی، دیارە ئەوانە بەشێکی هاوپەیمانییەکەی دکتۆر بەرهەم بوون، چوون بەشیچکیان لەگەڵ دکتۆر بەرهەم وازیان هێناو بەشێکیشیان پارتەکەیان هەڵوەشاندەوە، تەنها ئیسلامییەکانی تەك دکتۆربەرهەم مانەوەن کە زیاتر لەدوکارەکتەری ئیسلامیدا خۆیان دەبینەنەوەن ئەوانیش موحەمەد رەئوفی ئەندامی پێووشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، لەگەڵ ئارام قادری ئەندامی مەکەتەبی سیاسی پێشووی کۆمەڵن. ئەوان بڕیارباندا ئارام قادربکەنە سەرۆکی هاوپەیمانییەکە. بەڵام ئەم هاوپەیمانییە هێشتا لەگۆرەپانەکەدا نەئەرزشی هەیە، نا ناوو وناوبانگ و قورسایی هەیە. ئەوان بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بە بەرتەسکی ماونەتەوە، کە بریتین لە:

١. لەهەڵبژاردنی ساڵی رابردووی پەرلەمانی ئێراقدا توشی شۆك بوون، چوون تەنها دوو کورسیان هێنان لەکاتێکدا چاوەڕێ بون بەشێك لەکورسییەکانی یەکێتی بەرن.

٢. کە دکتۆر بەرهەم جێیهێڵان ئەرزشی متمانەو سیاسەتی گۆرانکاریان نەما، چوون ئەوان پێشتر پرۆژەیەکی گەورەی هاوپەیمانی بوون، بەڵام بەرهەم ساڵح کە زۆریان پێدا هەڵدەدان بە کاوەخۆ و بە کوڵەفیتێك لەپێناو کورسی سەرۆك کۆماردا جێی هێڵان. ئیدی ئەم هەڵوێستە بەتەواوی سەنگی ئەم هاوپەیمانییەی سوککرد و خەڵکی هەر بەو چاوەووە سەیری دەکەن.

٣. ئارام قادر بۆخۆی بەرپرسی پێشووی ڕێکخستنی کۆمەڵی ئیسلامییە، ئەو دنیا بینییەکی ئیسلامیانەی تارادەیەك توندی هەیە، ناوبراو کەسێکی زیاتر تیۆرییەوە لەرووی پراکتیکەوە لاوازە، بۆیە لەم پارتە نوێیەیدا زیاتر کاری ڕێکخراوێکی پێهەڵدەسورێ، ئەو لەپەیجەکەیەوە کە چەند هەزار فۆڵۆیەکی هەیە، پۆستی لاوازو کاڵ وکرچ دادەبەزێنێت کە نومایانی بەرتەسکی ئایندەی ئەم گروپەیە. هاوکات ئەم پارتە لاوازە چوون لەناوکوردا مۆدێلی هاوپەیمانی کە هەموو رەوتە ئایدیۆلۆژیەکان کۆبکاتەوە نەبووەتە نەریت، هاوکات لەبری ئەم هاوپەیمانییە، ئەزمونی گۆڕان بوونی هەیە، هاوکات ئەزموونی نەوەی نوێیش لەسەروی ئەوانەوەیە، بۆیە ئەمان ناتوانن ببنە نەبەدیلی ئیسلامییەکانن نەیش بەدیلی پارتە نەتەوەییەکانن نەبەدیلی ئەو پارتانەی کە دارای پرۆژەنن چون پرۆژەی گۆران و نەوەی نوێ زیاتر بەرچاو روونن.

ئەم پارتەی ئارام قادر، تەوژمێکی ئیسلامی نوێیە بەمۆدێلی تورکیاوادوگەشەپێدانی مەغریب و نەهزەی تونسی، بەڵام رەچاوی تێگەیشتنی خەڵك نەکراوە، واتە ئەم مۆدیلەلەکوردستان شوێنی نابێتەوە، چوون ئیسلامگەرای کوردی ئیسلامگەرایەکی سونەی شافعی رادیکاڵەو ئەو باوەڕەی لاتۆخ نابێت کە پرۆژەی خزمەتگوزاری و هیومانیستی شوێنی پرۆژەی ئایینی یان نەتەوەیی بگرێتەوە. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین پارتەکەی ئارام، پارتێکی بچوکەو ناتوانێت گۆرانکاریی بەدیهێنێت و ببێتە شوێنگرەوەی هیچ هێزێکی دیاریکراوی ناوگۆڕەپانەکە.



دکتۆر عادل باخەوان، نووسەرو سۆسیۆلۆگ بۆ هزری ژیان:

# من پرسی دەوڵەتی کوردیم قبوڵ نییە

دیداری: گرووپی گوڵنار

**هزری ژیان: دکتۆر عادل باخەوان کێیە؟**

باخەوان: ئەوە قورسترین پرسیارە کە هەمیشە لێم دەکرێ، چونکە نازانم چۆن وەڵامی خۆم بدەمەوە، ئایا من خۆم دەناسم؟! لەهەموو حاڵەتەکاندا من سۆسیۆلۆگێکم فرانکۆکیۆد واتە (فەڕەنسی - کوردی)م، چەندێك فەڕەنسیم ئەوەندەش کوردمو چەندەش کوردم ئەوەندەش فەڕەنسیم.!

**هزری ژیان: ئایا فەرەنسە هەڵبژاردن وویستی خۆت بوو، یا ئەگەر بکەوتیتایەتە بەریتانیا یا ئەڵمانیا هەمان هەست وخۆشەویستی وپێناسەت بۆی دەبوو؟**

باخەوان: من خۆم فەرەنسام هەڵبژاردووە، من بژاردەی بەریتانیاو ئەڵمانیاو سویدو نەرویج و هەموو وڵاتانی ئەورووپام لەبەردەستدا بوو، لەنێو هەموویاندا فەرەنسام هەڵبژارد.

**هزری ژیان: قسەیەك هەیە دەڵێ: فەرەنسا هەمیشە هیچ هێلانەیەکی بۆ ئایینەکان تێدا نییە، واتە ئاین هیچ ڕۆڵ و پێگەیەکی نییە لەو وڵاتەدا؟ ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە زۆربەی دیبەیت و نووسینەکانی تۆ بەرامبەر بە ئایینە؟**

باخەوان: ئەوە هەڵەیە، چونکە لەفەرەنسا ساڵی ١٩٠٥ یاسایەك دەرچووە بەناوی یاسای (لایسیتێ)، وشەی لایسیتێ نە لەئینگلیزی نە لەعەرەبی نە لەکوردی نە لەفارسی نە لەتورکی و هیچ زمانێکی ترەوە وەرنەگێردراوەو وەرناگێردرێ، وشەکە خۆی فەرەنسییە، ئەو وشەیەش واتە بێلایەن کردنی دەوڵەت لەبەرامبەر ئایینەکاندا، نەك ئەوەی کە دەوڵەت دژایەتی ئایینەکان بکات، دەقی یاساکە بریتییە لە: دەوڵەت دەبێ بێلایەن بێت لەبەرامبەر هەموو ئایینەکاندا، واتە دەوڵەت بۆی نییە بچێتە ناوکەنیسەیەکەوەو بە قەشە بڵێ دەبێ تۆ دان بنێی بە یاسای لەباربردنی منداڵدا.! دەوڵەت مافی ئەوەی نییە بچێتە ناو مزگەوتێکەوە بڵێ قەدەغەی فرەژنیت لێدەکەم، چونکە ئەمانە هەموو نۆرمی ئایینن، ئەگەر دەوڵەت ئەم دەسەڵاتەی بدەینێ کارەسات ڕوودەدات، دەوڵەت بۆی نییە لەفەرەنسادا دەستوەربداتە کاروباری هیچ ئایینێکەوە، وە لەهەمانکاتدا ئایینەکانیش بۆیان نییە دەستوەربدەنە کاروباری دەوڵەتەوە، واتە دوو سنوورت هەیە جیاکراونەتەوە.

**هزری ژیان: لەماوەی ڕابوردوودا دەوڵەت کۆمەڵێك یاسای دژە ئایینی دەرکرد بۆ پۆشەرانی نیقاب و زۆر شتی دیکە، ئایا ئەوە دەستتێوەردان نییە؟**

باخەوان: ئەوە پرسیارێکی زۆر جوانە کە لەکوردستان و ڕۆژهەڵات بەشێوەیەکی زۆر هەڵە لەو یاسایە تێگەیشتوون، بۆیە زۆرجار مرۆڤ بەخۆشمەوە کاتێك توانای درووستکردنی مەودایەکمان نییە لەنێوان خۆمان و ڕووداوەکاندا ئەوەندە تێکەڵ بە ڕووداوەکان دەبین دوایی ناتوانین بیانخوێنینەوە، یا بیانبینین وەك ئەوەی کە هەن، سەیری ئەم یاسایە بکە، ئەم یاسایە کە دەردەچێت پەیوەندی بە چییەوە هەیە؟! لەفەرەنسا پێش دەرچوونی ئەم یاسایە ئێمە یاسایەکی ترمان هەیە پێی دەڵێن یاسای پەیوەندیداربەو مرۆڤانەی کە باڵغ نەبوون، لەکۆمەڵگەی فەرەنسادا تۆ تا تەمەنت نەگاتە ١٨ ساڵ باڵغ نیت، لەژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی خانەوادەکەتدایت، لەبەرئەوە تاتۆدەگەیتە ١٨ ساڵ دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە کە دەستوەربداتە ژیانی تۆ، بۆ نموونە زلەدان لەمنداڵێك، یا باوکێك پاڵ بە منداڵەکەیەوە دەنێت، دەوڵەت دەستی وەرداوەتەوە ئەم ژیانە تایبەتەوە قەدەغەی کردووە ئەگەرباوکێك زلەیەك بدا لەمنداڵەکەی و منداڵەکە تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکا، پێنج خولەك دواتردێن وباوکەکە دەبەن بۆ زیندان و بەپێی یاساش ڕایدەگرن، ئەو یاسایەش کە دەرچووە لەفەرەنسا هیچ پەیوەندییەکی بە ئافرەتی سەرپۆشداری باڵغەوە نییە، تەنانەت پەیوەندی بە سەرپۆشەوە نییە بە تەنها، پەیوەندی بە هەموو هێما ئایینییەکانەوە هەیە، یاساکە دەڵێ تا کاتی باڵغبوون هەموو هێمایەکی ئایینی دەرکەوتوو لەسەرمرۆڤەکان ژن بن یا پیاوقەدەغەیە.!بۆنموونە تۆ ئەگەربرۆی بۆ خوێندنگەی ئامادەیی یا ناوەندی و بە خاچێکەوە دەچی، لەدەرگا ناهێڵن بچیتە ژوورەوە، یا ئەگەر کڵاوی جوولەکەکانت لەسەربێت ناهێڵن بچیتە ژوورەوە، یا لەچکی ژنێکی موسڵمانت لەسەر بێت ناهێڵن بچیتە ژوورەوە، بەڵام کە تەمەنت باڵغ دەبێت ودەچیتە زانکۆ هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، بۆ نموونە من مامۆستای زانکۆم لەوانەکانمدا چەندین

ئافرەتی باڵاپۆشم هەیەو جاری واش هەیە نیقابیان هەیە، نیقاب هیچ قەدەغە نییەو نمرەی زۆر باشیش بەدەست دەهێنن. واتە ئەو یاسایە پەیوەندی بەو تەمەنەوە هەیە نەك بە هەموو ژنێكی باڵغەوە.

**هزری ژیان: گوتت چەندە عێراقیم ئەوەندەش فەڕەنسیم، لەكتێبی تیرۆریزم وەك بیناكردنی كۆمەڵایەتی دیمانەیەكی تێدایە لەگەڵ سۆسیۆلۆگێكی فەڕەنسی ئەو پرسیارت لێدەكاو دەڵێ: وەك چی دیمانەت لەگەڵدا بكەم وەك كوردێكی عێراقی یا وەك عێراقییەك.! تۆش ئاماژە بەوە دەكەیت من نە عێراقیم نە كوردم، بەڵكو خوێندكارێكی دكتۆرام. بۆچی لەوێشدا ناڵێی من هەم فەڕەنسیم وهەمیش كوردم وەك چۆن ئێستا گوتت؟**

باخەوان: ئەمە پرسیارێكی زۆر جوانە، ئێستا دوو كەس قسە دەكا، كەسێك وەك خود وەك تاكێك، وە كەسێك وەك سۆسیۆلۆگێك، ئەو ساتەی من توێژینەوە دەكەم، قسە لەسۆسیۆلۆژیا دەكەم، قسە لەزانست و ئەكادیمیا دەكەم من نە فەڕەنسیم نە عێراقیم، نە موسڵمانم نە مەسیحیم، نە ڕۆژئاواییم نە ڕۆژهەڵاتیم، نە بە ئەخلاقم نە بێ ئەخلاقم، مەبەستم ئەوەیە هیچ یەكێك لەم ڕەهەندانە كاریگەریم لەسەر جێناهێڵن لەكاتی توێژینەوەكەمدا، من وەك سۆسیۆلۆگێكی پەتی دەستوەردەدەمە شتەكان و قسە لەسەر شتەكان دەكەم، ئیتر لەهەر شوێنێك بم، لەبەیروت بم یا لەسلێمانی ،ئەمە ئاستێك، بەڵام ئەگەرلەئاستێكی تر پرسیارم لێ بكەیت وەك هاوڵاتی وەك مرۆڤ، ئەوكاتە چەند شانازی دەكەم كە كوردم بەڵام عێراقی بوون فەرزكراوە بەسەرما، ئەوەندەش شانازی دەكەم كە فەڕەنسیم، وە هاوڵاتییەكی فەڕەنسیم و ئینتیمام بۆ كۆماری فەڕەنسی هەیە، لەبەرچی ؟! لەبەر ئەوەی فەڕەنسا بە پێچەوانەی هەموو وڵاتەكانی ئەورووپاو جیهانیشەوە شتێكی تێدا نییە بەناوی خێڵ، شتێك نییە بەناوی ڕەگەز، شتێك نییە بەناوی ڕەچەڵەك، شتێك نییە بەناوی كەڵچەرێكی مێژوویی دوورو درێژ، بۆ ئەوەی تۆ ببی بە فەڕەنسی یا نا، ئەوە هەیە تۆ چۆن دەبی بە فەڕەنسی، یەك چوارچێوەی سیاسیی هەیە كە پێی دەگوترێت كۆمارییەت. قبووڵی بكەی كە گرێبەستێك لەگەڵ كۆمارییەتدا واژۆ بكەی وەكو تاك و هاوڵاتی، لەو چركە ساتەوە تۆ هەموو مافەكان و ئەركەكانت دەبێت و دەبیت بە فەڕەنسی، ئیتر كێشە نییە باوكت جوولەكە بووەو لەكوێ ژیاوە، یا باپیرت كوردو موسڵمان بووەولەكوێ ژیاوە. هەموو شتەكان دادەماڵرێن و تاكێك دەمێنێتەوە بە ڕووت و قووتی لەبەرامبەر كۆمارییەتدا، ئەم كۆمارییەتەش خێڵ نییە، ئایین نییە، كەلتوور نییە، بەڵكو پرۆژەیەكی سیاسییە، تۆ یا ئەم پرۆژە سیاسییەت قبووڵە كە پێی دەگوترێت كۆمارییەت یا قبووڵت نییە، كە قبووڵت بوو دەبیت بە فەڕەنسی، كە قبووڵت نەبوو نابی بە فەڕەنسی با لەفەڕەنساش لەدایك بوو بیت، من وەك تاك وەك هاوڵاتی ئەو گرێبەستەم لەگەڵ كۆمارییەتدا واژۆ كردووە، بۆیە كۆمارییەت چەندە موڵكی ماكرۆنی سەرۆكی فەڕەنسایە ئەوەندەش موڵكی منە، بۆ نموونە هیچ شتێك ڕێم لێناگرێ گەر سبەینێ بمەوێ خۆم بپاڵێوم بۆ پۆستی سەرۆكایەتی كۆماری فەڕەنسا.

**هزری ژیان: گوتت وەك چۆن فەڕەنسیم ئاواش كوردم، بۆچی مەیدانی توێژینەوەت ناگوازیتەوە بۆ كوردستان، ئایا هی ئەوەیە دەوڵەتمان نییە یا لێرە ڕێگریت هەیە؟**

باخەوان: سەرەتا بۆچی پرسیارلەوە ناكەیت كە كورد بوون چییە؟ ئایا بەڕاستی من كوردم، وە چۆن كوردم؟ ئایا كوردبوونی من وكاك ڕیازوەكو یەك وایەو وەك یەك كوردین؟ ئایا من خەیاڵدانێكی ترم هەیە بۆ كورد بوون یا نا؟ با سەرەتا ئەوە یەكلایی بكەمەوە دواتر دێمە سەروەڵامی پرسیارەكەت، كوردبوون لای من هیچ پەیوەندییەكی بە زمانەوە نییە، لەبەر ئەوە نییە كە من و كاك ڕیازبە كوردی قسە دەكەین ئیتر هەردووكمان كوردین، كوردبوون هیچ پەیوەندییەكی بەوەوە نییە كە من و تۆ لەدوو كەلتووری ئیسلامی سوننی شافیعییەوە هاتووینەتە دەردوە، هیچ

پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە دایك و باوکم کوردن و ئیدی دەبێ منیش کوردبم، هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە خەڵکەکەی دەڵێ کوردین و لەم خاکەدا لەدایکبووین، کوردبوون لای من تەنها پرۆژەیەکی سیاسییە، ئەوەی کە من دەبەستێتەوە بە بادینییەك لەزاخۆ، وە بە هەورامییەك لەتەوێڵە، وە بە کوردێك لەدیاربەکر یا لەقامیشلو یا لەبۆکان تەنها ئەو پرۆژە سیاسییەیە کە لەسەری ڕێك دەکەوین، واتە لەئامادەبوونی ئەم پرۆژە سیاسییەدا، با تۆ بە کوردی قسە بکەی، سوننی و شافیعیش بی و لێرەش لەدایك بووبی، هیچ شتێکمان من و تۆ پەیوەست ناکا بەیەکەوە، ئەگەر تۆ ئینتیمات بۆ ئەو پرۆژە سیاسییە نەبێ کە پێی دەگوترێت کوردبوون کە جۆرێك لەبە کۆمەڵایەتی بوونە، جۆرێك لەچوونە ناو مێژووە، جۆرێك لەچوونە ناو دونیایە وەکو کورد، ئەگەر تۆ ئینتیمات بۆ ئەوە نەبوو، ئیتر من تۆم قبووڵ نییە، هیچ شتێك پێکەوە پەیوەستمان ناکا، تۆش هیچ شتێك پەیوەستت ناکاتەوە بە منەوە، چی وا دەکا کە بادینییەکی زاخۆ پەیوەست بێ بە هەورامییەکی تەوێڵەوە؟ ئەو پرۆژە سیاسییەیە، لەنائامادەبوونی ئەو پرۆژە سیاسییەدا شتێك نابێ بەناوی نەتەوە، شتێك نابێ بەناوی خاك، شتێك نابێ بەناوی گەل، شتێك نابێ بەناوی درووستکردن و بیناکردن.

**هزری ژیان: واتە پرۆژەی سیاسیی بنیادنانی نەتەوەیە؟**

باخەوان: بێگومان، نەتەوە خۆی لەبنەڕەتدا پرۆژەیەکی سیاسییە، بیرم دێ هەفتەی یەکەمی مانگی دیسبەمبەری ساڵی ڕابوردوو یەکێك لەوانەکانم بەراوردی قوتابخانەی ڕێنان و قوتابخانەی ئەڵمانی بوو بۆ نەتەوە، من لەهەر کوێیەك بم، لەواشنتۆن بم، لەلەندەن بم، لەفەڕەنسا بم، کوردبوون وەك پرۆژەیەکی سیاسیی لەپێشمەوە ڕێدەکا، کوردبوون لەناو ڕۆحما ڕێدەکا، بەڵام تۆ لەسلێمانیدا دەژی لەوەچێ هەست بە کوردبوونی خۆت نەکەی، چونکە ئینتیمات نەماوە، تۆلەڕانییە یا لەهەڵەبجەدا دەژی بەڵام هیچ شتێك پەیوەستت ناکاتەوە بە کوردبوونەوە، لەبەر ئەوەی جیهانبینییەکت نییە بۆ کوردبوون، من کوردبوون و فەڕەنسیبوون بەم مانایە تێدەگەم، شتێك هەیە پێی دەگوترێت ئیتنی، کوردبوون وەك ئیتنی هەیە، ئیتنی واتە کۆمەڵێك خەڵك هەن بەشێوەی میکانیکی بەبێ ئەوەی پرسیار لەخۆیان بکەن، ئینتیمایەکیان بۆ کوردبوون هەیەو خێڵێکن، ئەوە لای من هیچ واتایەکی نییە وەکو ئیتنی، ئەوەی لای من واتای هەیە ئەوەیە ئێوە تا چەند ئینتیماتان بۆ کوردبوون هەیە وەك پرۆژەیەکی سیاسیی.

**هزری ژیان: کەوایە بەو پێناسەیەی جەنابت بێ عەرەبێکیش دەتوانێ ببێتە کورد؟**

باخەوان: بێگومان، بەڵام نابێ بە کورد دەبێ بە کوردستانی، بۆیە من ئەسڵەن پرسی دەوڵەتی کوردیم قبووڵ نییە، یەکێك لەو پرسیارانەی کە ئێوە کردتان بۆچی لەسەر کوردستان ئیش ناکەیت و لەسەرفەڕەنسا ئیش دەکەیت؟ ڕاستییەکەی ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە، من لەسەر کوردستان ئیش دەکەم بە فەڕەنسی، بۆ نموونە مانگی سێ یەکێك لەکتێبەکانم بۆ یەکەمجار لەفەڕەنسا بڵاو دەبێتەوە بەناوی (دەوڵەتە موستەحیلەکەی عێراق)، گەڕانی کوردەکان بەدوای دەوڵەتێکدا، کتێبەکە نزیکەی ۳۵۰ لاپەڕەیە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی گەورە بڵاوی دەکاتەوە، کونسڵی فەڕەنسا لەعێراق هەر لەئێستاوە تەکلیفی لێکردووم کە پەنجا نوسخەی بۆ بنێرم و تەکلیفی ئەوەشی کردووە کە بچم بۆ بەغدا تا چەند کۆنفرانسێك بکەم لەوێ، مانگی ٤ زانکۆی ئۆتاوا لەکەنەدا دەعوەتی کردووم تا یەك هەفتە کۆنفرانس بگێڕم لەسەر کوردستان، لەساڵی ڕابوردوودا ٢٧٤ چاوپێکەوتنم داوە بە میدیاکانی فەڕەنسا لەسەر کوردستان و هەمووشی لەماڵپەڕەکەمدا دانراون، مەبەستم ئەوەیە بگەڕێمەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکە، لەو کتێبەدا باس لەهەڵەکانی پێناسەکردنی تیۆرەکانی کوردبوون دەکەم، واتە ئێمە لەکوردستاندا هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکەین ئەگەر باس لەکوردستانی بوون

نەکەین و تەنها باس لە کوردبوون بکەین. کوردبوون دەمانباتەوە سەر ئیتنی بوون، دەمانباتەوە سەر خێڵ و داخران. کوردستانی بوون شانسی ئەوەمان دەداتێ کە ئێمە بیکەین بە پرۆژەیەکی سیاسیی بەو مانایەی کە عەرەبێك و سەنیگالییەك کە ٨ ساڵە لێرە ئیش دەکات و تورکمانێك و یەزیدییەك و فەرەنسییەك دەتوانن بین بە کوردستانی بەڵام ناتوانن بین بە کورد، بۆیە پرۆژەی کوردستانییەکەم قبووڵترە.

**هزری ژیان: ئایا کوردیش هەمان کێشەی هەیە، یا ئەگەر زۆرینەی کورد بگری دەتوانی بڵێی بەو شێوەیە یە؟**

باخەوان: ناتوانم بڵێم زۆرینە، بەڵام بەشێکی گرنگی وایە ئەوەش کۆمەڵێك داتامان لەبەردەستدایە، یەکێك لەو ئامارانەی کە لەبەردەستماندایە ڕێژەی (ئینتحار – خۆکوژی) لەنێوان کوردەکانی ئەورووپا کەم نییە ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم ڕێژەی زەبروزەنگ لەلایەن خێزانەکانەوە بەرامبەر بە منداڵەکانیان یا لەلایەن منداڵەکانیانەوە بەرامبەر بە خێزانەکانیان، ئاماژەی سێیەم ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە بەشێوەیەکی بەرچاو ترشاوە بەسەر هەموو وڵاتانی ئەورووپادا، چونکە بەربەککەوتن لەگەڵ دونیایەکی ترو جیهانییەکی ترو ژیانێکی تردا پێویستی بە پرچەکی هەیە کە خێزانی کورد پرچەك نییە بۆئەوە، چونکە تۆکە دەچیتە شەڕێکەوە ئەگەر چەکەکەت پڕ فیشەك نەبێ، کە هێرشی کرد خێرا دەتکوژێت، ئەو کوردانەی کە دەچنە ئەورووپاو مەخزەنەکانیان پڕ نییە لەفیشەك لەو شەڕەدا بە خێرایی خۆیان دەکوژن یاخود دەکوژرێن.

**هزری ژیان: جەنابت دەفەرموویت لەدوای ٢٠١٤ەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە حیکایەتی درۆ، ئەدی پێش ئەو مێژووە هەرهەمان سیاسەت نەبووە؟**

باخەوان: گوتم بەتایبەتی لە٢٠١٤ەوە، بەر لە٢٠١٤ خەونێك هەبوو لەئەورووپا، خەونەکە بریتی بوو لەوەی کە بۆ سەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وە بۆ بە ئاسایشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێ دیموکراتیزەی بکەین. ڕێك وەکو ئەورووپای شەرقی (ڕۆمانیاو بولغاریاو ئەو وڵاتانەی تر). ئەگەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموکراتیزە بکرێ. دەکرێ سەقامگیر بکرێ، بە خێرایی تێگەیشتم کە ئەمە یەکێکە لەدرۆکان. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوەی بە دیموکراتیزە بکرێ بەلانی کەمەوە چەند سەدەیەکی دەوێ. بەڵام خێرا تێگەیشتم کە نەخێر ڕۆژهەڵات دەبێ هەمیشە لەخزمەتی ڕۆژئاوابێ، وە دەوری پۆلیسیان بۆ ببینێ. دەبێ لۆژیستییەکە بگۆڕین.

**هزری ژیان: دکتۆر لەچەند ساڵی ڕابوردوودا لەڕێی پرۆسەیەکی دیموکراسییەوە کە هەڵبژاردن بوو بە دەنگی گەل موحەممەد مورسی خرایە سەر کورسی دەسەڵات، بەبەرچاوی ئەورووپاو بە چاوپۆشی ئەورووپاوە لەشەوێکدا توانی ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە بکاتەوە لەکاتێکدا ئەورووپا دەتوانێت لەسایەی مورسیشدا بەرژەوەندییەکانی خۆی مسۆگەر بکا، بۆچی ئەورووپا لەم پێشێلکردنەی دیموکراسییەدا چاوپۆشی کرد؟**

باخەوان: لەبەرئەوەی عەرزم کردی ئەورووپا خەونێکیان هەبوو بۆدیموکراسیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە نەبووبوو بە پرۆژە، (دەڵێم خەون، بەردەوام دووبارەی دەکەمەوە خەون)، ئەم خەونە کە نەتوانرا تەرجەمە بکرێ بۆ پرۆژەیەکی سیاسیی، بە خێرایی گەڕانەوە بۆ ئەو بەرنامە کۆنانەی کە لە٦٠ ساڵی ڕابوردوودا هەیانبوو، کە بەرنامەکەش بریتییە لەوەی کە وێناکردنی ڕۆژهەڵاتە وەکو پۆلیسێك لەخزمەتی ڕۆژئاوادابێ، بۆ نموونە ڕژێمی سعوودییە وەربگرن، سعوودییە بۆچی قبووڵە؟ چونکە بەرژەوەندییەکانی ئەورووپا دەپارێزێت و پۆلیسی ڕۆژئاوایە لەڕۆژهەڵاتدا، میسری ماریشاڵ سیسی بۆ قبووڵە؟ چونکە بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزێت. ئەوان (ڕۆژئاوای سیاسیی باس دەکەم، نەك ڕۆژئاوای کەلتووری و فەلسەفی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان)، ڕۆژئاوای سیاسیی تەنها یەك پرۆژەی هەیە، ئەویش بریتییە لەپارێزگاریکردنی

بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بە هەموو ڕێگایەك.

**هزری ژیان: کەوایە بۆچی ڕۆژئاوا کەلتووری و ئەخلاقی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکە کاریگەری لەسەر ڕۆژئاوا سیاسییەکە نییەو نەبووە؟**

باخەوان: چونکە ئەوان دوو شت لەیەك جیا دەکەنەوە، شتێك کە پێی دەگوترێت ئەقڵی دەوڵەت، شتێکی تر لەگەڵ ئەقڵی کۆمەڵگا، وەکو چۆن ئایین و دەوڵەتیان لەیەك جیا کردۆتەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەتیشیان لەیەك جیا کردۆتەوە، کۆمەڵگە ناتوانێ بە (ئیمانوێل ماکرۆن) بڵێ مووشەکەکانت مەنێ بە داعشەوەلەموسڵ.

**هزری ژیان: دکتۆر فۆکۆیاماو هەنتینگتۆن خاوەنی تیۆریای پێکدادانی شارستانییەتەکانن، ئایا ئەمە پێکدادان و ململانێی ئێستای ئەورووپا نییە بەرامبەربە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پێشتردەوڵەتی عوسمانلی بوو؟**

باخەوان: نەخێر، شتێك نییە بەناوی پێکدادانی شارستانییەتەکان، بەهیچ شێوەیەکیش باوەڕم بە تیۆری ئەو دوو کەسایەتییە نییە، ئەوانەی کە باس لەپێکدادانی شارستانییەتەکان دەکەن پێیان وایە شارستانییەتی ئیسلامیی، وە ئیسلام وەك شارستانییەتێك ئیستسنائێکی هەیە کە ناتوانێ بڕواتە ناو مێژوو، ئەوە کە بەشێك لەکوردەکان و بەشێك لەموسڵمانەکان و ئەوانەشی کە ئینتیمایان بۆئیسلام هەیە باس لەپێکدادانی شارستانییەتەکان دەکەن، تێنەگەیشتوون کە ئەم تێزە لەڕۆژئاوا بەرهەمهاتووە، ئەوانەی کە لەپشت ئەم تێزەوەن کۆمەڵێك خەڵکی ڕاستڕەوی توندڕەویی ڕۆژئاوایین کە مەترسین لەیەککاتدا بەسەر ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتەوە، پێیان وایە لەو مونتەڵەقە ئایدلۆژییەوە دەردەچن کە ئیسلام وەك ئایینێك چوارچێوەیەکی داخراوی هەیە، ئەم چوارچێوە داخراوە نە لەڕابوردوودا نە لەئێستادا نە لەداهاتوودا ڕێگای پێنادا کە بتوانێت بکشێت و بکرێتەوە، وە ئامادەیی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و فەلسەفی و تەکنیکییەکانی دونیا بکا، ئەم چوارچێوە داخراوە ئیستسنائێکە لەناو مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ نموونە بودیزم پێیان وایە ئەم داخرانەی نییە، پێیان وایە جودایزم دەتوانێ بڕواتە ناو مێژوو. کریستیانیزم دەتوانێ بڕواتە ناو مێژوو، ئەوان نەیانگوتووە ئیسلام ئایینێکی دواکەوتووە، بەڵام دەیانەوێ بڵێن کە ئیسلام ئایینێکی دواکەوتووە، بەڵام وشەی دواکەوتوو بەکارناهێنن، وشەی ئیستیسنا بەکاردەهێنن، ئەم ئیستسنائە وای لێدەکا کە هەمیشە لەدەرەوەی کۆمەڵگەکان بێت، لەدەرەوەی کەلتوورەکان و گۆڕانکارییەکاندا بێت، دونیایەك بێت، دونیایەك بێت لەپەراوێزەکاندا، لەبەرئەوە تەنها شتێك کە ڕوو دەدا ئیسلام لەلایەن و کۆی مرۆڤایەتی لەلایەکی تر، ئیسلام لەلایەك و

> **هیچ وڵاتێك هەرلە واشنتۆنەوە تا دەگاتە پاریس خاوەنی پرۆژەی بە دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نین، ئەوە بوو بە حیکایەتێکی درۆ**

کۆی هەموو شارستانییەتەکان لەلایەکی تر بریتییە لەبەریەککەوتنیان، لەکاتێکدا ئەمە درۆیەکی زۆر زۆر گەورەیە، لەبەر ئەوە مێژووی ئیسلام بریتییە لەمێژووی کرانەوە بەڕووی ئەوانی دیکەدا، کەلتووری گەورەی گرێك (ئیغریقییەکان) لەڕێگای دونیای ئیسلامەوە گەڕایەوە بۆ ئەورووپا، هەروەها تۆ ئێستا بەلانی کەمەوە ٢٥ ملیۆن موسڵمانت هەیە لەئەورووپا، با بڵێین لەکۆی ئەم ٢٥ ملیۆن موسڵمانە تەنها ٢٠ هەزار تیرۆریسنت هەیە کە ئینتیمایان بۆ قاعیدەو داعش هەیە، تۆ بڵێ ٢٠ هەزارکە هەرگیزای هەرگیز ناگاتە ئەو ڕێژەیەش، تەنانەت ئەگەر بشڵێین ملیۆنێك تیرۆریست، ئەم ملیۆنە لەبەرامبەر ٢٥ ملیۆندا دەکاتە لەسەدا یەك، لەولاوە تۆ لەسەدا نەوەدونۆی موسڵمانەکانت هەیە کە تێکهەڵکێشیان کردووە لەگەڵ جیهانی نوێوە لەکاتێکدا خۆشیان بە موسڵمان دەزانن، هەزاران هەزار تاریق ڕەمەزانت هەیە، بە ملیۆن موسڵمانت هەیە لەناو کۆمەڵگەی

فەڕەنسیدا لەیەك كاتتدا خۆیان بە موسڵمانیش و بە فەڕەنسیش دەزانن، خۆیان بە بەریتانی و بە موسڵمان دەزانن. خۆیان بە ئەڵمانی و بە موسڵمان دەزانن، ئێ باشە ئەگەر ئیسلام ئیستسنائەو ناتوانێت بڕواتە ناو مێژوو، خێرە ئەم ٢٥ ملیۆن موسڵمان ڕۆشتووەتە ناوجەرگەی ئەورووپاوە.! ئەمە لەلایەك، ئەسڵەن ئێوە باسی بەریەككەوتنی شارستانییەتەكان مەكەن، ئەوان پێیان وایە ئیسلام بریتییە لەعەرەب و عەرەبیش بریتییە لەئیسلام، لەكاتێكدا بەپێی ستاتیستیك (سەرژمێری) ئەوەی لامانە عەرەب تەنها لەسەدا پێنجی موسڵمانانی سەرزەوی پێكدەهێنێت، واتە ئەو كەلتوورە گەورەیەی كە موسڵمانان لەخۆ دەگرێت، تەنها لەسەدا پێنجی عەرەبن، لەسەدا نەوەدو نۆكەی تر عەرەب نین، ئەگەر كەلتووری عەرەب ئیستیسنا بێ، ئەوە تۆ چی دەكەی لەولەسەدا نەوەدو پێنجەی موسڵمان كە ئەسڵەن هەرعەرەبیش نازانن، تەنانەت ئەو هەموو قژ زەردە چاو شینە ئەمریكییەی كە موسڵمان دەبن تەنانەت نازانێ بڵێ (سبحان الله)، ئەمە یەكێكە لەو درۆ گەورانەی كە دەیانەوێ باس لەئیستیسنا بوونی ئیسلام بكەن، من بە هەموو شێوەیەك و تا توانام تیابێت ململانێ دەكەم بۆ ڕەتكردنەوەی تێزی بە ئیستیسنا كردنی ئیسلام وبەریەككەوتنی شارستانییەتەكان.

**هزری ژیان: بەڵام ئەو شەڕە یەك لەدوا یەك و بەردەوامەی بەناوی شەڕی خاچپەرستی و هەڵكوتانە سەر دەوڵەتی ئیسلامیی – عوسمانلی لەسەردەمی سەلاحەدین و موحەممەد فاتح و ئەمانەدا، ئەگەر پێكدادانی شارستانییەتەكان نەبێ چییە؟**

باخەوان: بە هیچ شێوەیەك پێكدادانی شارستانییەت نەبووە، بگرە شەڕی دەسەڵات بووە، شەڕی هەیمەنەی دەوڵەت بووە، با من نموونەیەكت بدەمێ شەڕی نێوان سعوودییەو یەمەن ئایا شەڕی نێوان جوولەكەو سعوودییەیە؟ ئایا سعوودییەو ئیسرائیل ئێستا هاوپەیمان نین لەبەرامبەر كۆماری ئیسلامیی ئێراندا؟ خۆ ئەمە كۆماری جوولەكەی ئێران نییە، ئایا ئێستا ئەمەریكای خاچپەرست هاوپەیمانی سعوودییەی سوننی سەلەفی نییە؟ لەكاتێكدا سەلەفییەت توندترین فۆڕمی جێبەجێكردنی ئایینە، ئایا هاوپەیمانیەك نین لەبەرامبەر ئێرانێكی موسڵماندا؟ تۆش شیعە بە موسڵمان نەزانی ئەو هەر دەڵێ من موسڵمانم، لەبەر ئەوە ئەم بەریەككەوتنانەی كە ناومان ناون شەڕی خاچپەرستی درۆن، كێ ناوی لێناوە شەڕی خاچپەرستی؟ تۆ سەیركە دەسەڵاتدارێك مەگەر ئەحمەق بێت، مەگەر ئەحمەقێكی كەلتووری بێت، كە ئەیەت ئایین وەكو چەكێكی بەهێزی هەژموونداار بەكارنەهێنێت بۆشەڕەكانی خۆی.

**هزری ژیان: بەشێك لە دیپلۆماتكارەكان پێیان گوتوویت تۆلەبەرئەوەی كوردی بۆیە ئەم بەرگرییە دەكەیت، ئایا ئەوانیش هەمان دیدی تۆیان هەیە؟**

باخەوان: بەڵێ هەموویان ئەو بۆچوونەیان هەیە، چونكە من باس لەكوردستان ناكەم، بە زۆری من قسە لەسەر ڕۆژئاوا دەكەم، تەنانەت من باسی فەڕەنساش دەكەم، لەفەڕەنسا هاتوویت نزیكەی هەزارداعشت خستۆتە زیندانەكانەوە، ئەو هەلومەرجەی كە ئەم هەزارەی بۆ درووستكردووی دوو هەزاری تریشت بۆ دروست دەكا، تا ڕۆژئاوا نەتوانێ دەستكاری ئەو هەلومەرجە بابەتییە بكا كە داعش وڕادیكاڵیزم درووست دەكا كاپیتالیزم بەردەوام دەبێت، نموونەیەكیش باس بكەم، بۆ نموونە ئێستا حكومەتی هەرێم نایەوێ كۆمەڵی ئیسلامیی بێتە ناو حكومەتەوە، یەكێكە لەو هەڵە ستراتیژییە گەورانەی كە دەیكات، چونكە تۆ ئیسلامیی سیاسیی ناخەیتە ناو كۆمەڵگاوە، وە بە هەزاران كەس كە دەنگیان داوە بە كۆمەڵی ئیسلامیی نایانخەیتە ناوكۆمەڵگەوە، بۆچی ئێمە ئێستا دوو هەزار كوردمان هەیە لەناو داعشدا بەپێی ئەو داتایانەی لەبەردەستماندایە؟ لەبەرئەوە پەیوەندییەكی ئۆتۆماتیكی هەیە لەنێوان قەمعكردنی خۆپیشاندانەكانی حەقدەی شوبات لەگەڵ درووستبوونی نەوەیەكی ڕادیكاڵ كە ڕۆشتن بۆناوداعش.

**هزری ژیان: وەرچەرخانی تۆ لەحیزبێکی نەرمونیانی وەك بزووتنەوەی ڕاپەڕینەوە بۆ حیزبێکی جیهادی توندڕەوی وەك بزووتنەوەی ئیسلامیی؟**

باخەوان: من پێمخۆشە پرسیارەکەت بەشێوەیەکی گشتیتر بکەی چونکە کات کەم ماوە، پرسەبۆچی پەڕینەوەی تۆلەحیزبەوە بۆزانست، مرۆڤ کاتێك بڕیارێك دەدا، کۆمەڵێك هەلومەرج هەن، واتە هۆکارێك نییە کە بڵێی من پەنجە بە پلاکێکدا دەنێم و گلۆپەکە دەکوژێنمەوەو دادەگیرسێنم، چونکە مرۆڤ کائینێکی زۆر ئاڵۆزە، کۆمەڵێك هۆکار، کۆمەڵێك هەلومەرج دێنە پێشەوە وا لەتۆ دەکەن کە لەناو ئەو هەلومەرجەدا بڕیارێك بدەیت، بۆ نموونە بڕیار بدەیت ژن بێنیت یا جیا ببیتەوە، هاورێیەك بگری یا لەهاورێیەك جیا ببیتەوە، بۆ منیش کۆمەڵێك هۆکار هەبوون هەم بابەتی بوون، هەم زاتیش بوون، کەوا دەکەن تۆلەحیزبێکەوە بڕۆی بۆ حیزبێکی تر.

**هزری ژیان: بەڵام لەنامەی دەستلەکارکێشانەوەی خۆت بۆ بزووتنەوەی ڕاپەڕین لەکاسێتێکی شەش سەعاتیدا بەناوی شەوێکی درەنگ، بۆ بەرچاوڕوونی لەبارەی ئەوەوە چی دەڵێیت؟**

باخەوان: من پێموایە لەوەجێ هێشتا زووبێت تا من وەکو تەمەن بگەڕێمەوە ناو ئەو مێژووە، لەوەچێ بەرژەوەندیش نەبێ، بۆ نموونە تۆ لەڕووبەری سیاسیدا کە ئیش دەکەیت، حیزب بریتییە لەڕووبەری سیاسیی، ڕووبەری سیاسیی بریتییە لەکۆمەڵێك بەریەککەوتن و بەرژەوەندی و ململانێ، لەپاشقول لەیەکگرتن، کەوتن، هەڵسانەوە، بریتییە لەکۆمەڵێك گرەو. لەستراتیژی. لەو هەلومەرجە کە تۆ وەك ئەکتەرێك تیایدا دەبیت هەموو ئەمانە دەور دەبینن بۆ ئەوەی تۆ لەقۆناغێکەوە بڕۆی بۆ قۆناغێکی تر، لەگرووپێکەوە بڕۆی بۆ گرووپێکی تر، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کە من باسی بکەم، من ئاوا شتەکان دەبینم، چونکە کە زۆرجار ئەو پرسیارەم لێدەکرێت بەرامبەرەکانی من چاوەڕێی وەڵامێکی تایبەتی لەمن دەکەن، بەڵام منیش وەکو ئەکتەرێك ئازادم لەوەی کە ئەو وەڵامە بدەمەوە کە خۆم دەمەوێ، ئەو وەڵامەی کە خۆم دەمەوێ و خۆم دەیدەمەوە ئەوەیە کە پەڕینەوەی من لەگرووپێکەوە بۆ گرووپێکی تر، لەڕووبەرێکی کارکردنەوە بۆ ڕووبەرێکی تری کارکردن بەم شێوەیەیە: من لە١٥ ساڵی تەمەنمدا پەروەردەی یەکەمی کۆمەڵایەتیم لەبەردەستی دایکم و باوکمدا بوو، لەبەردەستی خوشکەکانم و براکانمدا بوو، بەڵام پەروەردەی کۆمەڵایەتی دووەمی من لەناو خانەوادەیەکی سیاسییدا بوو، خانەوادەیەکی سیاسیی کە لەسەری سەرەوەی کۆمەڵگا بوو نەك لەخواری خوارەوەی کۆمەڵگا، ئەو خانەوادە سیاسییە خاوەنی کۆمەڵێك سەرمایەی ڕەمزی بوو، سەرمایەی کۆمەڵایەتی، سەرمایەی ئابووری، سەرمایەی سیاسیی، سەرمایەی پەیوەندی، هەموو ئەوانە خرانە خزمەتی من، وە وایان کرد کە پەروەردەی کۆمەڵایەتی من بە تەواوی بگۆڕێ لەپەروەردەی دایك و باوکم و خانەوادەکەمەوە بۆ پەروەردەی خانەوادەیەکی گەورەتری سیاسیی، ئینجا من ١٥ ساڵی تەمەنم خستە خزمەتی ئەم خانەوادە سیاسییانە، کاتێك دەڕۆمە دەرەوە بۆ ئەورووپا، ڕۆشتنە دەرەوەی من بۆ ئەورووپا بە تەنها ڕۆشتنە دەرەوەیەکی فیزیکی نییە، بەڵکو ڕۆشتنە دەرەوەیەکە لەخێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر، لەچوارچێوەیەکەوە

**لە عێراقدا ئەمریکا دەیەوێ وڵات بە سوپا بسپێرێ، چونکە سوپا بووە بە موڵکی ئەمریکا، ئێرانیش دەیەوێ عێراق بە حەشدی شەعبی بسپێرێت، عادل عبدالمهدی و ئەوانی تر هەموو ڕووکەشن، لە پشتی ئەم ڕووکەشەوە هەم ئەمریکا لەڕێی سوپاوە هەم ئێران لەڕێی حەشدی شەعبییەوە ویستەکانی خۆیان بەدی دێنن**

بۆ چوارچێوەیەکی تر. واتە لەچوارچێوەی سیاسەت بۆ چوارچێوەی زانست، لەڕۆشتنە دەرەوەی من ئیتر مێژووی سیاسیی من کۆتایی پێدێت و مێژووی زانستی من دەسپێدەکات. ئینجا یەکێك لەو پرسیارە سەیرو بەردەوامانەی کە لێم دەکرێ ئەوەیە کە: ئایا تۆ شانازی دەکەیت بەو ١٥ ساڵەی یەکەمی تەمەنتەوە یا شانازی پێوە ناکەیت؟ ئایا دژایەتی دەکەیت یا دژایەتی ناکەیت؟! ئەم پرسیارانە وەك کۆمەڵێك پرسیاری منداڵانە دەبینم، بەڕاستی کۆمەڵێك پرسیاری سادەن، دەکرێ لەسیاسییەك بکرێن ئەو پرسیارانە. دەکرێ لەچالاکوانێکی کۆمەڵی مەدەنی بکرێن، بەڵام ناکرێ تۆ پرسیارێکی وا سادەو ساکار لەسۆسیۆلۆگێك بکەیت.! چۆن دەتوانم من شانازی بە ١٥ ساڵی تەمەنی خۆمەوە نەکەم؟! من ئەگەر شانازی بە ١٥ ساڵی خۆمەوە نەکەم واتە ١٥ ساڵی من هیچ.! لەکاتێکدا ئەم (باخەوانەی) کە ئێستا لەگەڵ ئێوەدا قسە دەکا، بمانەوێ و نەمانەوێ پەروەردەی کۆمەڵایەتی لەناو ئەو ١٥ ساڵەدا بووە، کارایییەکی زۆر زۆری هەیە بەسەر عەقڵییەوە، کارایییەکی زۆر زۆری هەیە بەسەر نەفسییەوە، کارایییەکی زۆر زۆری هەیە بەسەر پەیوەندییەکانییەوە، پێدەچێت یەکێك لەهۆکارەکانی ئەوەی کە من ئێستا لەگەڵ ئێوەدام دەرەنجامی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی ئەو ١٥ ساڵە بێ کە هەمبووە، بەڵام ئایا من چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم؟ ئەم وەڵامەی کە من دەیدەمەوە زۆرجار ڕۆژنامەنووسەکان لێم تێناگەن، بەڵام ئومێد دەکەم کە ئێوە لێم تێبگەن چونکە ئێوە هیچتان ڕۆژنامەنووس نین، دەڵێم بۆمنێك وەك سۆسیۆلۆگ شانسێکی زۆر زۆر گەورەم هەیە، چونکە هەموو کەسێك ئەم شانسەی منی نییە، کە خاوەنی ئەو ١٥ ساڵە گەورە بێت لەئەزموون، ئەمانە دەبن بە تاقیگەیەکی زۆر زۆر گەورە بۆ من بۆ لێکدانەوەو ڕاڤەکردن، بۆ تێگەیشتن بۆ تەوزیفکردن، بۆ بینینی دونیا، بۆ بەراوردکردن، هەموو کەس ئەم شانسە گەورەیەی نییە کە من هەمە لەو ١٥ ساڵە لەئەزموون.

**هزری ژیان: کۆمەڵگەی کوردی لەتاکێکی سادەوە تا کۆمەڵناسێك بێ ئومێد بووە لەکۆمەڵگەکەی و بێ متمانەییەکی زۆر دەبینرێت. تێڕوانینی تۆ چییە وەك سۆسیۆلۆگێك؟**

باخەوان: بە کورتی من وەکو هاوڵاتی ئەوە شتێکی ترە کە ئایا بێ ئومێد بم یا نا، بەڵام وەك سۆسیۆلۆگ پێموایە بەڵێ بێ متمانەیی و بێ ئومێدییەکی گەورە نەك هەر لەکوردستاندا بەڵکو لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکێکە لەو دیاردە هەرە گەورانەی کە باڵی کێشاوە بەسەر هەموو کۆمەڵگەکاندا. شتێك نەماوە بەناوی متمانە لەنێوان خوارەوەی کۆمەڵگاو سەرەوەی کۆمەڵگا، لەبەر کۆمەڵێك هۆکار، یەکێك لەهۆکارە هەرە بەهێزەکان بریتییە لەو ناعەدالەتییە کۆمەڵایەتییەی کە سەری سەرەوەی کۆمەڵگا لەگەڵ خواری خوارەوەی کۆمەڵگا جیا دەکاتەوە، نموونەیەکی بچووکت بدەمێ کە توێژینەوەیەکی ٢٠١٤ی منە لەسەر کۆمەڵگای کوردی، کرێکارێکی کورد دەبێ ٣٦٣ ساڵ کار بکات بەبێ ئەوەی یەك دۆلار لەداهاتەکەی خەرج بکات بۆ ئەوەی داهاتی ئەوەی هەبێت لەسەری سەرەوەی کۆمەڵگادا بێت، واتە مەودای ٣٦٣ ساڵ ژیان ئەم دوو کەسە جیا دەکاتەوە، ئەمە کارەساتە کارەسات.! لەهەر کۆمەڵگەیەکدا شتی وا ڕوو بدات تەلاقێکی ڕوحی وا دەدرێت کە هیچ دەسەڵاتێك نەبێ بتوانێ ئەم دووانە پێکەوە کۆ بکاتەوەو ئەم تەلاقە چاکبکاتەوە، بۆیە پێموایە دابڕانێکی وجوودی لەنێوان خواری خوارەوەی کۆمەڵگاکان و سەری سەرەوەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتدا ڕوویداوە.!

**هزری ژیان: ئەم تەلاقە ڕوویداوە لەکۆمەڵگەی کوردیدا؟**

باخەوان: بێگومان، یەکێکە لەهۆکارەکانی ئەوەی کە بەلانی کەمەوە بەپێی ئەو ژمارانەی کە دەسەڵات خستوونییەتە ڕوو لەسەدا ٦٠ی کورد ناڕوا بۆ دەنگدان.

**هزری ژیان: ئەم تەلاقە چاك ناکرێتەوە؟**

باخەوان: چۆن چاك ناکرێتەوە؟ بێگومان چاك



**رۆشتنە دەرەوەی من بۆ ئەورووپا بە تەنها رۆشتنە دەرەوەیەکی فیزیکی نییە، بەڵکو رۆشتنە دەرەوەیەکە لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر**

دەکرێتەوە بەڵام ئایا ئیرادە هەیە بۆ ئەوەی ئەو تەڵاقە چاکبکرێتەوە؟ پێموایە لەئێستاداو لەکوردستاندا هیچ گرووپێکی سیاسیی بە ئۆپۆسزیۆن ودەسەڵاتەوە خاوەنی پرۆژەی ئاشتکردنەوەی خواری خوارەوەی کۆمەڵگانین لەگەڵ سەری سەرەوەی کۆمەڵگا.

**هزری ژیان: بە چی ئاشتی بکەنەوە؟ لەکاتێکدا کۆمەڵگە بە مووچەو خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی ئاشت دەبێتەوەو دەسەڵاتیش نایەوێ وابێ، ئیدی چۆن دەبنە خاوەنی ئەوئاشتکردنەوەیە؟**

باخەوان: تۆش هەمان قسەی من دەکەیت، هیچ گرووپێك نییە کە خاوەنی ئەم پرۆژەیە بێت.

**هزری ژیان: کەوایە بۆچی مەلا بەختیارئەمە ناکاو نابێتە خاوەنی ئەو پرۆژەیە لەکاتێکدا یەکێکە لەرەمزەکانی ناویەکێتی؟**

باخەوان: چونکە کاك بەختیارو کاك ڕیازو عادل باخەوان ئەمانە ئەکتەرن، بەڵام حیزب گرووپە، حیزب دەبێ خاوەنی پرۆژە بێت، پێم وانییە هیچ حیزبێك وەك حیزب خاوەنی پرۆژەی ئاشتکردنەوەی خواری خوارەوەی کۆمەڵگا بێت لەگەڵ سەری سەرەوەی کۆمەڵگادا، بە دەسەڵات وئۆپۆزسیۆنیشەوە. با یەك نموونەت بدەمێ کاتێك تۆ ئەندامی سەرکردایەتی یا سەرۆکی حیزبێکی ئۆپۆزسیۆنی دەبینیت، لەخانوویەکدا دەژی بەلانی کەمەوە خانووەکە ٦٠٠ مەترە، کۆشکێکە، منیش کرێکارێکم لەیەکێك لەخانووە قوڕینەکانی شێخ عەباسدا دەژیم، باسی دەسەڵات ناکەم، چونکە دەسەڵات کۆتایی پێهاتووە، چ شتێك دەمبەستێتەوە بەم سەرۆکی حیزبەوە کە بەردەوام باسی دادی کۆمەڵایەتی دەکا؟ چۆن سیقەی پێ بکەم؟ ئەو بە تەنها بۆ دیوەخانەکەی لەوەچێ ڕۆژانە چەند هەزار دۆلارێك سەرف بکات، باسی ئۆپۆزسیۆن دەکەم، چۆن متمانەی ئەوەم هەبێت کە ئەم سەرۆك حیزبەم میسداقییەتی ئەوەی هەیە بەناوی ویژدانی منەوە، بەرژەوەندی منەوە، خەونی منەوە قسە بکات؟

**هزری ژیان: هەوڵە کۆتاییەکەی نەوشیروان موستەفا درووستکردنی ئەو پرۆژەیە نەبوو کە ئاشتکردنەوەی چینەکانی کۆمەڵگا بێت؟**

باخەوان: ئەو پرسیارەی تۆ زۆر وردە، دەبێ ئێمە تێبگەین لەوەی کە ئەندامانی کۆمەڵگاکەمان کۆمەڵێك ئەحمەق نین، کە باوەڕ بە کۆمەڵێك درووشم و پرۆژە بکەن (مەبەستم کاك نەوشیروان نییەو باسی ئەو ناکەم)، چ حیزبێك لەکوردستاندا هێندەی پارتی دیموکراتی کوردستان پرۆژەکانی جوانن بۆ چەسپاندنی دادی کۆمەڵایەتی؟! هیچ.! بەقەدەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان؟! هیچ.! ئەسڵەن شەرعییەتی بوونی یەکێتی نیشتمانی بریتییە لەچەسپاندن و جێبەجێکردنی سۆشیال دیموکراتی. سۆشیال دیموکراتیش بریتییە لەخاوکردنەوەو کەمکردنەوەی ئەومەودایە، تەنانەت حیزب درووست بووە بەناوی هاوپەیمانی بۆدادپەروەری‌و دیموکراسی، لەکۆمەڵگای کوردستاندا وەك باقی کۆمەڵگاکانی تر خەڵك باوەڕیان بە پرۆژەی تیۆری نییە، خەڵك باوەڕی بە سەرکردەیەکە وەکو ئەوان بژی، لەناو ئەوان بژی، گوزارشت لەهەلومەرجی ئەوان بکا، هەر ئەوەشە وا دەکا لەناو قووڵایی فەرەنسادا، دڵی فەرەنسادا بە هەزاران هەزار هێلەك زەرد برژێنە سەر جادەکان کە

چەندە نەفرەت لەڕاست دەکەن ئەوەندەش نەفرەت لەچەپ بکەن، دەزانی چەپ بریتییە لەچی؟ بەپێی مێژوو چەپ بریتییە لەگوزارشت کردن لەویژدانی دوورخراوەکان و پەراوێزخراوەکان و هەژارەکان و نەدارەکانی کۆمەڵگا. ئێستا ئەونەدارانەی کۆمەڵگەی فەڕەنسی یەکەم لایەن کە نەفرەتی لێدەکەن، چەپەکانن. بۆچی؟! چونکە ئەو چەپانەی کە بڕیارە گوزارشت لەویژدانی ئەمان بکەن خۆیان لەناو گەڕەکە فیرعەون نشینەکانی پاریسدا دەژین و هەموویان بریتین لەپیاو و ژنە نەرمەکانی کۆمەڵگای فەڕەنسی، کە هیچ شتێك نایانبەستێتەوە بەو هەژارەوە کە ناتوانێ تا ١٥ ی مانگ مووچەکەی بەرێ.

**هزری ژیان: بەر لەڕیفراندۆم باست لەوە کرد کە ئەگەر مەسعوود بارزانی بڕیارە دەوڵەت**

> **لە کوردستاندا هیچ گرووپێکی سیاسیی بە ئۆپۆسزیۆن و دەسەڵاتەوە خاوەنی پرۆژەی ئاشتکردنەوەی خواری خوارەوەی کۆمەڵگا نین لەگەڵ سەری سەرەوەی کۆمەڵگا**

**ڕابگەیەنێت، بۆچی نایەتە خوارەوە سەردانێکی عومەری سەید عەلی وعەلی باپیر بکا، هیچ یەکێك لەوانەشی ئەنجام نەدا کە تۆ بۆت پێشنیار کردبوون، بەڵام دکتۆر باخەوان بە ئێستاشەوە پشتگیری لەو ڕیفراندۆمە دەکات؟**

باخەوان: من بەرگری لەهیچ حیزبێکی سیاسیی ناکەم، بەرگری لەهیچ ئەکتەرێك ناکەم، بەرگری لەپرۆژەیەکی سیاسیی دەکەم ،پێموایەلەکوردستاندا نە دەوڵەتین نە بەشێکیشین لەدەوڵەت، نە بەشێکە لەعێراق وەکو دەوڵەت، چونکە ڕێز لەهیچ لەبڕیارە سیادییەکانی عێراق ناگرێت، نموونەیەکت بدەمێ، ئێمە فەڕەنسین هاتووینەتە ناو عێراق، بەپێی یاسای عێراق دەبێ ڤیزامان پێ بێت، دەی هەریەکە لەو میوانانەی کە هاتووین ڤیزامان پێ نییە. ئەگەربڕۆین بۆبەغدا، کێ بماندات‌ێ سەفارەتی عێراق لەپاریس، بۆچی کوردستان ڕێز لەم بڕیارە ناگرێ. ئەمە وەکو ئیهانەکردن بە سەروەریی عێراق لەقەڵەم دەدرێت، واتە کوردستان بەو شێوەیە مامەڵە ناکا کە بەشێك بێت لەعێراق. لەهەمانکاتدا کوردستان خۆشی دەوڵەتێك نییە، واتە کوردستان نە وەك عێراق چووەتە ناو مێژوو کە بەشێك بێت لەدەوڵەت، نە وەك خۆی، وەك دەوڵەتێك چووەتە ناو مێژوو. ئێمە ئێستا لەدەرەوەی مێژووین. ئێمە ئێستا بوونمان نییە، کە دەڵێم ئێمە بوونمان نییە نە وەك چاك نە وەك خراپ. تۆ ململانێ دەکەیت بۆ ئەوەی دادی کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکرێت، ئێ دادی کۆمەڵایەتی لەدەوڵەتدا جێبەجێ دەکرێت، تۆ مادام لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدایت، دەبێ هەڵگری درووشمی دادی کۆمەڵایەتی بیت لەیەککاتدا بۆ موسڵاوییەکان و بەسراییەکان و سلێمانەییەکان و هەولێرییەکانیش، تۆ هاتوویت خۆت چەقبەستوو کردووە لەناو پارێزگایەکدا، تۆ دەتەوێ عێراق وڵاتێکی سیکۆلار بێت یا دەتەوێ عێراق وڵاتێکی ئیسلامیی بێت؟ دەی تۆ ناتوانی بەسرە بکەی بە سیکۆلاریا بە ئیسلامیی بەبێ سلێمانیش، تۆ ناتوانی لەسلێمانیدا دادی کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکەیت بەبێ موسڵ، ئێمە لەکۆمەڵێك وەهمدا دەژین. ئەگەر دەتەوێ دادی کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا جێبەجێ بکەیت، دەی تۆ چوارچێوەیەکی بەرێ بۆ ئەوەی شەڕەکەی تیا بکەیت، من دەمەوێ تۆ دەوڵەتێکم بۆ درووست بکەی بۆ ئەوەی ئیعلانی موقاوەمە بکەم لەدژی تۆیەکی دیکتاتۆر بۆ ئەوەی تۆ بهێنمە خوارەوەو سیستەمێکی دیموکراتم دابنێیت، تۆ دەتەوێ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا بکەی دەی وەرە کوردستان بینا بکە بۆ ئەوەی دیموکراتیزەی بکەی، دەتەوێ دەوڵەتێکی ئیسلامیی لەکوردستاندا بینا بکەی، فەرموو دەوڵەتەکە درووست بکەو بیکە بە ئیسلامیی، ئەتەوێ سیکولاریزەی بکەی، تۆ دەوڵەت درووست بکە ئینجا مومارەسەی سیکولاریزەکردنی بکە. ئێمە لەکۆمەڵێك وەهما دەژین، پێمان وایە

حکومەتی هەرێم و دەوڵەتی کوردی و کوردستانمان هەیە، لەکاتێکدا تۆ هێشتا نەڕۆشتوویتەتە ناو مێژوو. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دان بەتۆدا نانێ، ئیعتراف بە تۆ ناکا، ئێستا ئەو خەڵکەی کە دێن وەك سەفیری فەڕەنساو وەزیری دەرەوە دێن وەك تۆ دەڕۆن بۆلای موقتەدا سەدریش، ئەڕۆن بۆلای حەکیمیش. مەبەستم ئەوەیە دێن بۆلای تۆ بۆ ئەوەی بەکارت بێنن بۆ شەڕکردن وەك میلیشیا دژی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی یا داعش. تۆ هیچ نیت.! هەوڵێکی بچووك هەبوو (جا درۆ بێت یا ڕاست) بۆ ئەوەی تۆ بڕۆیتە ناو مێژوو لەڕێگای ڕیفراندۆمەوە. نازانم ئەم هەوڵە جدی بوو یا جدی نەبوو، من وەکو کەسێك کە باوەڕم بە پرۆژەیەکی سیاسیی هەیە بۆ کورد کە بڕواتە ناو مێژوو، لەو مونتەڵەقەوە من پشتیوانیم لەڕیفراندۆم کردووە، بۆیە ئەگەر کاکە حەمەی حاجی مەحموود یا عەلی باپیر ئێستا تەبەننی ئەم پرۆژەیە بکا یەکەم کەسم بەرگری لێ دەکەم، هیچ یەکێك لەئێوە نەچوونەتە ناومێژوو، بەڵام من وەکو فەڕەنسییەك چوومەتە ناو مێژوو، ئەکرێ وەکو عێراقییەکیش بڕۆمە ناو مێژوو، بەڵام بڕیارم نەداوە وەکو عێراقییەك بڕۆمە ناو مێژوو، بەڵام ئێستا ئێوە لەدەرەوەی مێژوون، مەعقول نییە حیزبی کوردی دەڵێت من عێراقیم بەڵام یەك دەنگت لەبەسرە نەهێناوە، تۆ دەڵێی من دەمەوێ دادی کۆمەڵایتی جێبەجێ بکەم، فەرموو ئەوە هەزاران کەس ڕژاونەتە سەرشەقامەکان لەبەسرە بۆ نارۆی پێشەنگی ئەو خۆپیشاندانە بکەی لەوێ؟ ئێستا ئێوەش پێتان وایە بەسرە دوور دوورە، دوورە لەسەر ئاستی ڕوحی، دوورە لەسەر ئاستی جوگرافی، دوورە لەسەر ئاستی نەتەوەیی، لەکاتێکدا بەسرەو سلێمانی هیچ جیاوازییەکیان نییە لەناو مێژوودا، لەناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، لەنێو سیستەمی جیهانیدا بەسرەو سلێمانی وەکو یەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، هەوڵێك هەبوو بۆ ئەوەی ئێمە بڕۆینە ناو مێژوو، بەڵام هەوڵەکە لەبارچوو.

**هزری ژیان: ئایا سەرکردایەتی سیاسیی کورد خۆی بەرپرسیاری ئەو لەبارچوونە نەبووە، کە لە١٣ ساڵی ڕابوردوودا سەرۆککۆمارلەئێمە بووە، جێگری سەرۆکوەزیران، وەزیری دەرەوە؟**

باخەوان: چۆن بەرپرسیار نەبووە؟ ئەوە بێئەخلاقییەکی زانستییە گەر بڵێین بەرپرسیار نەبووە، تۆ ئەگەر بێت و سادەترین هەوڵیش هەبێت لەلایەن شەیتانەوە. لە٢٠٠٣دا کەناڵێکی فەڕەنسی لێی پرسیم ئایا تۆ پشتگیری داگیرکردنی عێراق دەکەیت لەلایەن ئەمریکاوە کەوای لێکردن و وای لێکردن، کە بێئەخلاقترین دەسەڵاتە؟ منیش گوتم: ئێمە ئامادەین دەست بخەینە ناو دەستی شەیتانەوە بۆ ئەوەی سەددام بڕوات، ئێمە ئامادەین دەست بخەینە ناو دەستی شەیتانەوە بۆ ئەوەی لەڕێگایەوە بچینە ناو مێژوو، کە چووینە ناو مێژوو ئەو کاتە دەتوانین ململانێی خۆمان لەگەڵ شەیتاندا درووست بکەین، ئێستا ئێوە ململانێ لەگەڵ کێ دەکەن؟ لەگەڵ مەسعوود بارزانیدا ململانێ دەکەن؟ ئەسڵەن ئەوە وازی هێنا مەسعوود بارزانی، مەسعوود بارزانی سەد ملیۆن لەوە بەهێزترە کە لەناو حکومەتدا نەبێ وەك ئەوەی کە لەحکومەتدا بێت، ئێستا مەسعوود بارزانی هیچ پۆستێکی نییە، لەژیانیشتاندا نابینن بنووسێ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر دەنووسێت مەسعوود بارزانی، کەچی وەزیری دارایی ئەمریکا، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، وەزیری دەرەوەی فەڕەنساو ئێران ڕادەکەن بۆ ئەوەی تەوقەی لەگەڵدا بکەن، تۆ چوارچێوەیەکت نییە کە بتوانی تیایدا ململانێ لەگەڵ عەلی باپیردا بکەی، لەسەر چی شەڕی لەگەڵدا دەکەیت؟ تۆ کە دەوڵەتت نەبوو ناچیتە ناو مێژووەوە، من ئێستا یەکێکم لەو کەسانەی کە لەخانەی زانستە مرۆییەکانی فەڕەنسا لەپاریس سەرپەرشتی گرووپێکی توێژینەوە دەکەم بەناوی سەربەخۆییگەرایی، جوداخوازیی وەك بیناکردنی دەوڵەت، ١٢ توێژەر لەناو ئەم گرووپەی مندان، هەریەکەیان سەر بە نەتەوەیەکن، دەرەنجام گەیشتوونەتە ئەوەی تۆ ناتوانی بڕۆیتە ناو مێژوو بەبێ بوونی دەوڵەتێك.



# سەربەخۆیی
# سێبەرێك بە تەنیشت كوردستانەوە

## خولانەوە لە خێڵەوە بۆ خەباتێكی نەتەوەیی


کۆڵینەوەی ئامبرین زەمان، نێوەندی نێونەتەوەیی ودرۆ ویلسۆن بۆ توێژەران ..............................



وەرگێڕانی: شەهرام مستەوفی . خوێنكاری دكتۆرا - نەنكەرە ..............................

**"لەپێناو باشتریان خراپتردا، ئەوە سەختە لەو ئاکامە هەڵبێین کە بەڵێ داهاتووی کوردەکانی عێراق درۆیەک دەبێت لەنێو عێراقێکی یەکپارچەدا، وەلێ دەکرێت ئەوە پەسەند بێت کە بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردان سەرکەوتوو نەبێت"**

ئەمەی سەرەوە بۆچوونی دیپلۆماسێکی ئەمەریکییە کە لەپێوەندییەکی نهێنی بێ تەلدا لەرێککەوتی ١٩٧٣/٧/١ خستوویەتە روو١،٤٤ ساڵ تێپەڕیوەو هێشتا سیاسەتی فەرمی ئەمەریکا لەگەڵ عێراقێکی یەکپارچەدایەو هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە. وەلێ پاش تێپەڕبوونی دەیان ساڵ لەرقەبەرایەتی، ئیدی کاتێک هاتوەتە پێش کە ئەستەمە نەزمی کلاسیکی بەردەوام بێت، کوردەکان خاوەنی شوناس و دانپیانانی زێدەترن و نایشارنەوە کە لەلێواری دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردیدان. کێشەکە ئیتر لەئەگەردا نەماوەو لەکاتدایە، ئیدی پێویستە ئەمەریکایش هێندەی ئێران و تورکیاو سوریاکە خاوەنی دانیشتوانێکی کوردی سەرکەشن، ئامادە بێت، ئامادەی لەدایک بوونی دەوڵەتێکی نوێی مۆدێرن. لەئێستادا بوونی دەوڵەتی کوردی لەبەر چەند فاکتەرێک لەدایک بوونێکی ناکام دەبێت، چوون کورد لەشەرێکی دژوارادایە لەتەک جیهادییەکانی ناوبراو بە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) هاوکات لەرووی ئابوورییەوە دوچاری قەیرانێکی تاقەتپڕوکێن هاتوون و نرخی نەوتیش بەجۆرێک شکاوە کە برستی بڕیون٢. هاوکات هاتنی لێشاوی زیاتر لەملیۆنێک ئاوارەی نێوخۆی عێراق و سوریا، باری ئابووری هەرێمی چلمەنتر کرد. توند بوونەوەی ململانێی نێوان پاتی دیموکاتی کودستان و یەکێتی نیشتیمانی کودستانیش زەمینەیەکی لەباری بۆ هەژموونی زێدەتری تورکیاو ئێران رەخساندووە تا لەو رێگەیەوە کارتەکانیان خاستر بەکاربهێنن. دیارە کوردستانی عێراق نێوچەیەکی کلۆمدراوە لەلایەن دراوسێکانییەوە، هەمیشە هەستی فشارو گەمارۆی لەلا زیندوو بووە. لەهەمان کاتیشدا جەنگی نێوان پەکەکەو تورکیا پاش دوو ساڵی تەواو لەهێوری دەستی پێکردووەتەوە. پەکەکەیش جەمسەرێکی دیکەی کوردەکانە کە لەنێو تورکیادا خاوەنی ئەجێندای خۆیەتی. تورکیا نیگەرانی هەژموونی پەکەکەیە لەبەشێکی گەورەی کوردستانی سوریاداو دەترسێ شوێنەواری لەسەر کوردانی خۆی هەبێت. وەلێ زاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، خەیاڵی تورکیای لەهەمبەر مەترسییەکانی پەکەکە تەخت کردووە. دیارە پەکەکە لەنێوچە سنوورییەکانی کوردستانی عێراق جێگیر بوون، وەلێ سەرۆکی پارتی بەڵێنی داوە کە هەموو ئەوانە بە تۆبزی وەدەرنێت،ئەگەر هاتوو پلانێک یاخۆ ئاژاوەیەک لەنێوچەکەدا بخوڵقێنن٣. هاوکات ئەگەر دەوڵەتی کوردی ئەستەمیش نەبێت، ئەوا ژیان تێیدا سەخت و دژوار دەبێت، چوون لەسەر سامانە سروشتییەکان و لەسەر ناوچەی جێ ناکۆک و لەسەر دابەشکردنی ئاو کێشەکان فرە فرەن، ئاخۆ لەو کاتەدا کاردانەوەی تورکیاو ئێرانیش چلۆن دەبێت، هەموو ئەوانە پرس گەلێکی چاوەڕوان کراون. رەنگە لەرەوشێکی لەو جۆرەدا تورکیاو ئێران بۆ گۆڕینی هەڵوێستیان پەنا بەرنە بەرکوردی باشوور تاوەکو هاوکاریان بێت لەسەرکوت و بندەستکردنی کوردەکانی خۆیاندا. بەڵام بە چاوپۆشی لەوەی کە سەرکردەکانی باشوور چۆن بیردەکەنەوە، رەنگە ئەوە کارێکی ئەستەم بێت و روونەدا، چوون کوردەکان ئامادە نین ئیدی خوێنی یەکتر بڕێژن، لەئێستادا ناسیۆنالیزم لەنێو رۆحی کورددا شوێنی ترایبالیزم هۆزگەرایی یان شوانکارەیی گرتووەتەوە. ئەوەی لێرەدا چارەنووسسازە ئەوەیە ئەمریکا هەڵوێستی چۆن دەبێت، بەبێ پارێزگاری ئاسایشی و ئۆکەی ئەمریکا کارێکی وەها دەبێت یان نا؟ کودەکان ئومێد دەکەن وەک چۆن لەکۆسۆڤۆدا کارەکە تەواو بوو پاشان ئەمریکا نکولی نەکرد، پێیان وایە بۆ وانیش ئامادەیی دەردەبڕێت. ئاڵنگارییەکانی دەوڵەتی کوردی

هەمە لایەن و ئاڵۆزن ن تەنانەت هەندێک لەو باوەڕەدان شتێکە ناکرێت بێتە دی. لەبەرئەوە پرسی دەوڵەتی کوردی و کێشەکانی درێژخایەن دەبن و لەدایکبوونیشی دەبێت لەژێر چاودێری و دەستگرۆ یا بێت. ئەوە بۆسەدەیەکە ئاستەنگ وئاڵۆزی لەبەردەم پرسی دەوڵەتی کوردیدایە، سەرکردەی خوازیاری سەربەخۆیی تاوەکو ئێستە بەروونی نومایانی خواستەکانی خۆیانیان نەکردووە.کوردەکانی عێراق کە بە ٥ ملیۆن هاوڵاتی دەخەمڵێنرێن، ئەوە بۆماوەی ٢٥ ساڵە بۆخۆیان بەکەیەکی خۆبەڕێوەبەریان پێکهانیوە. بەشێوەیەکی فەرمیش لە٢٠٠٥ وە ئەوان دارای فیدراڵین لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. بەپێچەوانەی تورکیاوئێرانەوە، دەوڵەتی عێراقی لاوازە، کوردەکانی سوریایش هەرچەند دەسکەوتی مەزنیان بەدەستهانیوە، وەلێ داهاتوویان لەبەردەم لێڵایی دایە. هاوکات کوردەکانی عێراق دارای سەرچاوەگەلێکی وزەی فرەن و کۆمپانیا خۆرئاواییەکانی نەوت برەویان بە بەرهەمهێنانێکی ئێجگار بەرفاوان داوە لەهەرێمەکەدا.

هاوکات هەرێم دارای پێوەندییەکی دیپلۆماسی تۆکمەیە، بەجۆرێک هەرپێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی لەهەرێمەکەدا کونسوڵخانەیان هەیەو دارای بەرژەوەندی ئابووری بەبایەخ و بەرچاون لەوێدا. هەروەها ئیسرائیل پێشوەخت بەفەرمی ئەوەی نەشادووەتەوە کە دەوڵەتی کوردی سەربەخۆی لەکوردستانی عێراقدا دەناسێنێت. توکیا لەگەڵ ئەوەی دوژمنێکی ترسناکی کوردەکانە، وەلێ لەئێستەدا دۆستێکی زیتەڵی هەرێمی کوردستانە، واشنتۆنیش بە هەردوو کۆماری و دێموکراتەکانەوە وەکو یەک پشتیوانی لەهەبوونی هەرێمی کوردستان دەکەن. وەلێ هێشتا زووە باس لەوە بکەین کە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی چی لەکاریگەری هەرێمەکە بەسەر پێوەندییەکانییەوە بەجێدەهێڵێت. پێشبینی ئەوە دەکرێت گەرکوردەکان مافی سەربەخۆیان بەدەستهێنا، ئەوە دەوڵەتە نوێیەکە دەبێتە نموونەیەکی جوان بۆ دێموکاسی و فرەیی و شوێنێکی ئارام دەبێت بۆ کوردو ناکورد و موسڵمان و ناموسڵمانەکان و ژنان و پیاوان تێیدا دەبنە خاوەنی مافی وەک یەکیی. دیارە ئەو تێڕوانینەی کە گوایا دەوڵەتداڕێتی کوردەکانی عێراق دەبێتە کێچێک و دەچێتە کەوڵی کوردەکانی ئێران و تورکیاوە، تێڕوانینێکە لەڕووی لۆژیکی و مۆڕاڵییەوە هەڵەیە. ڕەوشیکی لەو جۆرە بۆ ئێران و تورکیا دەرفەتێکی باشە تا لەتەک وردەکانیان بکەونە نێو رێکەوتنێکی نوێ و چەکەکانیان دابنێن، ئەوەیش بۆ کوردەکانی سوریا گونجاو دەبێت، ئاشتی و نێزیکی ڕەوشێکی باشترە بۆ نێوچەکە. دیارە کوردەکانی عێراق زیاتر لەبراکانیان لەودیو سنوورەکانەوە تاڵی و ترشی و ناسۆریان چەشتووە. هەربۆیە خواست و خولیایان بۆسەربەخۆیی هەمیشە لەمێشکدا بووە. ئیدی ئەوە لەئەستۆی کوردەکان خۆیاندایە کە بزانن ئەو دەوڵەتەی ساڵەهایە چاوەڕوانی دەکەن لەبارنەچووە٤.



### سەربەخۆیی کوردی عێراق:
### ڕێگەیەکی درێژو پڕهەوراز:

بۆ تێگەیشتن لەهەوڵی سەربەخۆخوازی کوردانی عێراق، پێویستە لەڕیشەکانی مێژوودا لەو راستییە تێبگەین کە هەموو ئەوئاستەنگ ورێگریانەی بەردەمیان چی بوون و چۆن ئەو بیرکردنەوەیە هەمیشە لەدەماری کورداندا زیندوو بووە. کەوتنی سەدام حوسەین لە٢٠٠٣ دا ئیدی کوردانی عێراقی لەژێر کابووسی بندەستی دەرهێناو وێنای ئەوان وەک

ژێردەستەو گیرۆدەبوونی ستەم پیشاننەدەدا، بەڵکو بوونە ئەزمونێکی سەرکەوتوو لەنێوژەکەدا. عێراق لەو نێوەندەدا تێوەگلا لەشەڕێکی ناهەمواری تائیفی، وەلێ لەکوردستاندا سیمای ناوەدانی وخۆشگوزەرانی وئاسایش لەلوتکەدابوو. لەوساڵانەدا ئەوە دژواربوو کە کوردی عێراق هەستی هاوەدەردی هەبێت لەتەک عێراقیچکدا کە غەرقی خوێناوبووە٥.



**زەمەنی عوسمانییەکان:**

تاکاتی رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە لەجەنگی جیهانی یەکەمدا، زۆربەی کوردەکان لەژێرفەرمانبەرداری عوسمانییەکان بوون، ئەوانەیش کەمابوونەوە فارسەکان فەرمانبەرداریان دەکردن. هەربۆیە بەگشتی کوردی عێراق و سوریاو تورکیا ئەستەمبوڵ بەڕێوەی دەبردن، ئەوڕۆیشی لەگەڵ بێت ئەستەمبوڵ شارێکە کە زۆرترین دانیشتوانی کوردی لێیەو گەرەترین کۆبوونەوەی کوردەکان لەئەستەمبوڵە٦. لەدەستپێکی سەدەی نۆزدەوە عوسمانییەکان لەشکۆیان کەمبوویەوەو بەرەو لاوازی دەچوون، میرو دەرەبەگە کوردەکان لەمیرنشینەکانەوە لەژێر چەتری میری کارێزما میر بەدرخان کۆبوونەوەو ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە کە روبەرووی عوسمانیەکان بنەوەو بۆخۆیان خۆبەڕێوەبەریان راگەیاند٧. بەدرخان دژ بە ئەرتەشی عوسمانی وەستاو پێوەندییەکانی لەتەک بابی عالی پچڕاندو هاوکات سەربەخۆیی راگەیاندو جەزیرەی کردە پایتەختی خۆی، جەزیرە شارێکی مێژوویی و هەڵکەوتوو لەسەر رووباری فوراتەو بووتە رەمزی ناسیۆنالیستانی کوردو ئێستەیشی لەتەکدا بێت لەبەردەم لەتمەی ئەرتەشی وەحشیگەرانەی تورکە کە بۆ کێوماڵی پەکەکە رووبەرووی ئەو شارە دەبێتەوە٨ بەهەمان شێوەی بەدرخان، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری٩ پاش ئەو هاتە گۆڕێ و بەهەمان شێوە ئەویش ماوەی سەرکەوتنەکانی کەم خایەن بوون١٠. بەدرخان پاش ئەوەی ناچار بەخۆ بەدەستەوەدان کرا، دوورخرایەوە بۆ دورگەی کریت و لەوێ لە١٨٥٦ دا بەکاریانهێنا بۆ سەرکوتی یاخیبوونەکانی یۆنان.

دوواجار میربەدرخان پاداشتی درایەوە بەوەی بەرێزەوە برایە دیمەشق و لەوێ پاشماوەی تەمەنی بەسەربرد تا لە١٨٦٨ دا هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد. نەوەکانی بەدرخان بۆ تورکەکان سەرلەنوێ ملیان نەداو لەدەستپێکی سەدەی بیستەمدا ئەوان بوونەوە بە ئاڵا هەڵگری ناسیۆنالیزمی کوردی و لەخۆبیووندا خۆیان نومایانکردەوە١١. خۆبیوون لەدیمەشقدا بەتایبەتی رۆشنبیرانی کوردی لەدەوری خۆی کۆکردەوە، وەلێ لەسەدەی بیستەمدا زیاتر ناسیۆنالیزمی کوردی لەنێو سیاسەت و پراکتیکی سەرکردەی هۆزگەرای کورد مستەفابارزانیدا کۆبوویەوە. پێش ئەوەی بارزانی لەگۆڕەپانەکەدا دەرکەوێ خەونی کوردستانیکی سەربەخۆ لەگۆڕنرابوو. لەرێکەوتنی سیڤەری ١٩٢٠ دا ١٢ پاش ئەوەی عوسمانیەکان و هاوپەیمانان رێکەوتن کە لەهەندێک برگەی رێکەوتنەکەدا بوار بۆ کوردو ئەرمەن کرابوویەوە کە سەربەخۆبن، وەلێ پاش سێ ساڵ ئەو خەونە لەلایەن مستەفا کەمالی دامەرزێنەری تورکیای نوێ لەگۆڕنراوکوردی عوسمانییەکان دابەشکران بەسەرعێراق وتورکیاوسوریادا١٣.




### کیمیایی چەرچڵ:

عێراق و بەتایبەتی ویلایەتی موسڵ کە ئەورۆکە ئەو ویلایەتە زۆرترینی لەژێر دەستی کوردەکانی عێراقدایە، پێشتر لەسەربنەمای رێککەوتنی سانریمۆ ۱۹۲۰ کەوتە ژێر هەژموونی بەریتانیا. لەو دەمەدا دوو رێبەری کورد لەوانە شێخ موحەمەد بەرزنجی کە خۆی وەک شای کوردستان لە۱۹۲۲ دا راگەیاند، هاوکات شێخ ئەحمەد بەرزانی کە براگەورەی مەلا مستەفا بوو، ئەو پیاوێکی ئایینی موسڵمان و شێخێکی سەیر رەفتار بوو، لەبەرامبەر رێکەوتننامەکانی بەریتانیاد سەرپێچی نواندو پێوەندییەکانیشی لتەک تورکاندا پچڕاند۱٤. وینستۆن چەرچڵ کە وەزیری جەنگی بەریتانیا بوو. ئەو دەم سەرکەشیکرد بە هەڵبژاردنی ساناتین ودڵنەوایترین رێگە تا بتوانێت هەڵەشەیی و سەرکەشی کوردو عەرەب دامرکێنێتەوەو هۆگریان بکات.۱٥ چەرچڵ بۆ سەرکوتی نارەزاییەکانی کورد گەرەکی بوو چەکی کیمیایی بەکاربهێنێت، ئەو وتبووی ئامادەم گازی کیمیایی بۆ هۆزە یاخیبووەکان بەکاربهێنم تا بیانهێنمەوە ژێر رکێفی میری. ئەو گازەی کوڕەمامەکەی سەدام حوسەین بەنێوی عەلی حەسەن مەجید دووای چەندین دەیە لەساڵی ۱۹۸۸ دا دژ بە دانیشتوانی کوردنشینی هەڵەبجە بەکاریهێناو لەرۆژێکدا ۵۰۰۰ هاوڵاتی کوردی خنکاند. وەلێ دوواجار بەریتانییەکان سودیان لەبۆمبی تەقلیدی بینی بۆسەرکوتی یاخیبوونەکانی کورد لەو سەردەمەدا. ئەورۆ کوردو عەرەب لەنیازی وێرانکاری دەوڵەتەکان تێدەگەن، ئەزموونیان هەیە کە چۆن لەماوەی ٤٥ دەقیقەدا تەواوی شارێک تەختکراو چلۆن ۱/۳ خەڵکەکەی کوژران و بریندار بوون.

دیارە لەدەرهاویشتەی ئەو سەرکێشیانەی رژێمی عێراقدا عەلی حەسەن مەجید لە۲۰۱۰ بەسزای خۆی گەیشت ولەسێدارەدرا.۱٦ وەلێ تاوەکوئێستە بەریتانیا بە وشەیەکیشبێت بەشێوەیەکی فەرمی پەشیمانی لەهەمبەر هەڵوێست و کاری رابردووی لەهەمبەرکورداندا نەوتووە.

### هەستانەوەو شکستی مەلا مستەفای بارزانی:

دووای ساڵانێک لەشەڕو شۆڕو هەڵهاتن لەوانە بۆتورکیا، مەلا مستەفای بەرزانی وهۆزەکەی لەساڵی ۱۹٤۳دا سەرلەنوێ دەستیان دایەوە یاخی بوون دژ بە میری و دامو دەزگاکانی دەوڵەت. هەندێک لەمێژوونوسان لەو باوەڕەدان کە بارزانی هەراو هوریاو هێزەکەی لەچوارچێوەی پڕۆژەیەکی نەتەوەیدا نەبووە، بەڵکولەپێناوبەرژەوەندی تەسکی هۆزەکەی خۆیدا بووەو ناوچەیی بووە، ئەم رەخنەو گازاندانە تاوەکو ئەورۆیشی لەتەک بێت لەخاندانی بارزانی دەگیرێت.۱۷ لەهەردوو بارەکەدا بارزانی چالاکییەکانی دژ بە میری فراوان بوون، بەجۆرێک بەغدا سەرەڕای ئەوەی لێنەوی بوو بۆ چارەسەری پرسەکە وەلێ ئاکامێکی نەبوو، دوواجار بارزانی و هاوەڵانی ناچارکران پەنا بەرنە بەرئێران وهەڵبێن۱۸. لەوێندەر داگیرکاری سۆڤیەت و بەریتانیا لەگۆڕێدا بوو، لەناوچە کوردییەکاندا بە پشتیوانی سۆڤیەت دەرفەتی خۆبەڕێوەبەری رەخسا بوو، هەربۆیە بارزانییەکان تێکەڵ بەو ماجەرایە بوون و شوێنیا



ن بوویەوە.١٩ ئیدی لەوێ کۆماری کوردستان ڕاگەیەنراوهەمان ساڵ لەکانونی دووەمی ١٩٤٦ ئاڵای کۆمار هەڵکراو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و مەسعود بارزانی کوڕی مەلا مستەفا لەدایک بوون. وەلێ بە کشانەوەی ئەرتەشی سوری سۆڤییەتی و نەمانی پشتیوانی بۆکۆمارو گەڕانەوەی ئەرتەشی ئێران و ناکۆکییەکانی ناو کۆمار لەنێوان بارزانی و قازیدا، ئیدی پاش یازدە مانگ کۆمار هەڵوەشایەوەو بازانی بەتاوانی وەزیری بەرگی کۆمارتاوانباربوو، هەربۆیە ئەو خۆی ئەدا بەدەستەوە. قازیش بە ئاشکراو لەئاوەندی شاردا لە٣١ ئازاری ١٩٤٧ دا لەسێدارەدرا. بارزانیش پەنای بردە بەر یەکێتی سۆڤییەت، ئەو لەوێ فێری زوانی روسی بوو، هاوکات بەباشی فێری شەترەنج ببوو، ئیدی هەمیشە لەپلانەکانیدا نەخشەی دروستی جەنگی پێبو٢٠ و لەشۆڕشی ١٩٥٨ی عێراق دژ بە نەزمی پادشایەتی، ئیدی کۆماری عێراق ڕاگەیەنراو مەلا مستەفا قۆناغێکی نوێی خەباتی چەکداری لەپێناو ئۆتۆنۆمی کورداندا لەبەردەمدا قوتکرایەوە٢١. هەربۆیە ئەوە دروستە بڵێین کە کورد بەلەپێشچاوگرتنی ئەو ئەزموونە دارای ئازادی فرەترە لەکوردی پارچەکانی تر. لەئاکامی شۆڕشی بارزانی دژ بە میری ڕێکەوتنی ١٩٧٠ لەنێوان بەغدادو پارتی هاتە گۆڕێ بەڵام ڕێکەوتنەکە وەک مەرەکەبی سەرکاغەز مایەوەدو هەرگیز جێبەجێنەکرا.٢٢ قۆناغی هەستیای ژیانی بارزانی لەگەڕانەوەی بۆ عێراق تاوەکو مەرگی ئەو لەواشنتۆن و لە١٩٧٩ دا خۆی دەبینێتەوەن لەو قۆناغەدا ئەو ماندو نەناسانە تێکۆشا بەڵام بێ ئاکامی چاندو دواتر شۆڕشی کوردی بوویەوە قوربانی بێ میهری وڵاتانی هەرێمی و نێونەتەوەیی، هاوکات لەپاش وی بزووتنەوەی کوردی بوویەوە قوربانی ململانێ ناوخۆییەکان و هێزە کوردییەکان دابەشبوون بەسەر ئایدیاوئامانجی جیاجیادا.٢٣

لەو میانەدا موحەمەد ڕەزا شای ئێران پشتیوانی تەواوی کوردی دەکرد بۆ هاندانیان دژبە عێراق و هەریەک لەهێنری کیسنجەرو نیکسۆنیش پشتیوانی سیاسەتی شابوون، لەبەرامبەردا مەلا مستەفایش پشتیوانی ئێرانی دەکرد بۆ سەرکوتی کوردە یاخبووەکانی. کیسنجەر ئاشکرای کرد کە ئیدی شا بەڕێکەوتنی جەزائیری ١٩٧٥ ملی بە عێراقییەکان داوە کە خواستی ناوەڕۆی عەربی نەکەن و لەبەرامبەردا شایش دەستی لەکوردەکانی عێراق بشوات. بەم جۆرەیش ئەمریکا دەستبەرداری پێدانی ملیۆنان دۆلار بوو کە لەڕێگەی ئاژانسی ئەوالگری ئەمەریکییەوە بۆ تێچوونی جەنگی کورد لەتەک عێراق بەهەدەر دەبرا٢٤. لەم میانەدا بارزانی و ٢٠٠ هەزارلەکوردانی عێراق لەترسی تۆڵەکردنەوەی ئەرتەشی عێراق هەڵهاتنەوە بۆئێرانن بارزانی بەدەردی نەخۆشییەوە دەتلایەوە، لەونێوەندەدا کەسایەتی کارێزمی کورد جەلال تاڵەبانی کە یاسای خوێندبوو لەدیمەشقەوە گەڕایەوەو لەپارتی جودا بوویەوەو لەتەک تەواوی چەپەکانی ناو شۆڕشدا یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی ڕاگەیاند. ئیدی قۆناغی ململانێی پارتی و یەکێتی لێرەوە دەستی پێکرد.٢٥.



ئەنفال:

لەهەشتاکاندا جەنگی ئێرانو عێراق هەڵگیرسا، لەو جەنگەدا هیچ لا براوە نەبوون و ملیۆنێک لەسەردەستی وان زەرەر مەند بوون بە کوشتن و بریندار بوون و ئاوارە بوون. پارتی و یەکێتی دەستیان دابوویە چالاکی دژ بە سەدام، هەوەڵین گورزی تۆڵەی سەدام دژبە بارزانییەکان بوو، ساڵی ١٩٨٣، ٨ هەزارپیاوی بارزانی ڕاگوێزران و بە زیندوویی لەخاکنران. هاوکات لە١٩٨٨دا سەدام هەم ڕقرکردن و ئەنفالی بەکارهێنا هەمیش چەکی کیمیایی دژبە یاخیبووان و خەڵکی سیڤیل




بەکارهێنا.٢٦ پاشان شاڵاوی ئەنفال و قڕکردنی کورد گیرایە بەر. لە٢ی مانگی ٨ی ١٩٩٠ سەدام حوسەین پەلاماری کووەیتی داولەچەند کاتژمێرێکدا توانی داگیری بکات و بیکاتە یەکێک لەپارێزگاکانی عێراق، ئەوە بووە سەرەتایەک تا کوردەکان دەرفەتیان بۆ هەڵکەویت و خۆیان ڕێک بخەن بۆ ڕاپەڕین٢٧. لەبەرایی ١٩٩١ دا هاوپەیمانەکان بە ڕابەرایەتی ئەمریکا توانیان ڕووبەرووی سەدام بینەوەو لەنێوەندی مانگی دووی هەمان ساڵدا توانیان سەدام پاشەکشە پێبکەن و سەرکەوتن ڕابگەیەنن. سەبارەت بە هیوای کوردەکان کە ڕاپەڕیبوون لە١٠ی مانگی دوودا سەرۆک بۆش ڕایگەیاندبوو: پێویستە سەدام حوسەین و خەڵکی عێراق بۆخۆیان چارەسەری گرفتەکانیان بکەن٢٨. شیعەکان لەباشووری عێراق وکورد لەباکوور ئەو وتەیەی بۆشیان بە هەڵکردنی گڵۆپی سەوز زانی بۆ دەستپێکی ڕاپەڕین، ئەوەبوو شیعەکان لەباشووردا دەستیانگرت بەسەر چەند شارێکداو کوردیش لەباکوور توانیان هەولێرو کەرکوک کۆنترۆڵ بکەن و لەئازاری ١٩٩١ دا سەرکەوتن بەسەر تەواوی کوردستاندا٢٩. بەڵام وەختێک سەدام زانی ئیدی ئەمەریکا زیاتر لەکووەیت پێشڕەوی ناکات، بەربوویە وێزەی ڕاپەڕیوانی باکوورو باشوور، مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بەرگرییەکی جوامێرانەیان کرد، بەڵام هێزی پێشمەرگەو ئەرتەشی عێراق نابەرامبەر بوون، چوون پێشمەرگە تانک و هەلیکۆپتەری نەبوو. لە٣١ی ئازاری ١٩٩١ هێزەکانی عێراق توانیان هەولێر بگرنەوەو ئیدی ڕێگەی بۆخۆشبوو تەواوی کوردستان بهێنێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی. لەم میانەدا خەڵکی کوردستان کۆڕەوی ملیۆنییان کردو ئێران دەرگای لەبەردەم ملیۆنێک ئاوارەی کوردا کردەوەو تورکیایش فرە بێ بەزەییانە ڕێگەی لەبەردەم نیو ملیۆن کورد گرت تاوەکو دەربازی سنوورەکانی نەبن٣٠. خۆرئاوا لەبەرامبەر ئەم ڕەوشەدا هاتە وەلام، هاوکات جەلال تاڵەبانی و نێچیرەڤانی بازای مەسعود لەتەک سەدمدا کەوتنە ئاگربەستەوە.

**چالاکییەکانی دابینکردنی ناوچەی ئارام:**

لە٧ی ئەپریڵدا ئەمەریکا پێوەندیکرد بە فەرەنساو بەریتانیاوە تاوەکو دەستوەردەنەوە نێو ڕەوشی عێراق و لەسەر پرسی چێکدنی نێوچەیەکی ئارامی دژە فڕین لەباکوردا بۆ کوردەکان قایلیان بکات. لە٢٠ ئەپرێڵدا یەکە سەربازییەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا چوونە نێو شارۆچکەی زاخۆوە کە هەڵکوتوو لەسنوورەکانی تورکیایە. لەئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا ئەرتەشی سەدام لەسێ پارێزگای کوردنشینی هەولێرو سلێمانی و دهۆکدا پاشەکشەی پێکرا. فڕۆکەکانی جێگیر لەبنکەی هەوایی ئەنجەرلیکی باشووری تورکیا هەستان بە پاراستنی هێڵی ٣٦ی ئاسمانی عێراق و بەوردی سەرنجیان لەسەر پاشەکشەی هێزەکانی سوپای عێراقی بوو. ئیدی بە شێوەیەکی پراکتیکی ئەو سێ پارێزگایە بوونە زەمینەی لەباری چێبوونی دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەری بۆ کوردان و هاوکات بوونە مەکۆی کۆبوونەوەی پاتە ئۆپۆزسیۆنە شیعییەکانی دژ بەسەدام و بەهەماهەنگی لەتەک دەزگای هەواڵگیری ئەمەریکا کار بۆ بێ لەقکردنی ڕژێمی سەدام دەستی پێکرد٣١. پارتە سیاسییەکانی کورد بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراو بوونە دارای سەروەت و سامانی زۆرو زەبەندو لەهەوەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا لە١٩٩٢ دا پارتی ٤٥٪ و یەکێتی ٤٣،٣٪ ی دەنگەکانی بەدەستهێناو پێکەوە حکومەتێکی هاوبەشیان پێکهێناو پۆستەکانیان بە یەکسانی لەنێوخۆیاندا دابەشکرد٣٢ زۆری پێنەچوو ئەو پارتانە مافی خۆیان لەقورگی یەکتریدا دەدییەوە، تورکیا ئەوانی ڕامکرد بۆ جەنگی دژ بەپەکەکەو تارادەیەک کاریان لەسەر لاواز بوونی کوردی تورکیا هەبوو.٣٣.



**براکوژیی:**

براکوژی ڕۆڵی گەورەی لەتوندبوونی کێشەکان هەبوو، ئەوان و پارتە سیاسییەکانیان لەهەوڵی هەژموون و هێزی پارەدا بون. زیاتر بەرژەوەندی ڕەوشەککە بە ئاقاری پارتیدا بوو، چون بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە هاوسنووری تورکیا بوو، ئەو دەمەیش بە هۆی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر عێراقەوە تەنها کەناڵی پێوەند هەرێم لەتەک خۆر ئاوا تورکیا بوو، ئەوان لەوێوە وابەستە دەبوونی بە بازاڕی ئازادەوە. ئەو دەم لەنێو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی خۆرئاواوە ئەو زۆنەی دەسەڵاتی کوردی خرابویە لیستی ڕەشەوە٣٤. لەم پێناوەدا یەکێتی کە قەڵەمڕەوەکەی هاوسنوور بوو لەتەک ئێراندا لەپێوەندییە ئابوورییەکاندا تەنێ ئێرانی بۆ مابووەوە. ئێستەیش یەکێتی دارای هەمان نارەزایەتییە، چوون سەرچاوەکانی وزەو وزەی کوردستان لەلایەن ناشتی هەورامی سەر بە نێچیرەڤان بارزانییەوە لەقەڵەمڕەوی پارتییەوە رادەستی تورکیا دەکرێت٣٥. ئێستەیش دابەشبوونی نێوان پارتی ویەکێتی بەجۆرێ هەڵکەوتووە کە پارتی لەسنووری هەولێردایەو یەکێتیش لەسنووری سلێمانیدا کە کەمتر دەستی بە سەرچاوەکانی دارایی هەرێم کراوەتەوە.

بەشێوەیەکی فەرمی ململانێ و جەنگ ناوخۆ لەنێوان یەکێتی و پارتی لەمانگی ٥ی ١٩٩٤ دا دەستی پێکرد، ئەم جەنگە بە ئاشکرا لەسەر هەژموون وسەپاندنی هێز بوو بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا، لەئاکامدا بووە بایسی کوشتنی هەزاران کەس و ئازارو ئەشکەنجەو زیندان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن هەردوولاوە٣٦،ئەمەیش لەنێو دێکیومێنتەکانی ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ دا روونکراوەتەوە٣٧. ئەم جەنگە درێژەی کێشا تاوەکو له٣١ی ئابدا هێزەکانی پارتی پەنایان بردە بەر رژێمی سەدام بۆ دەرپەڕاندنی یەکێتی لەهەولێرو تەواوی کوردستاندا، ناچار یەکێتیش بە پشتیوانی ئێران بەرەو ڕووی وان وەستایەوە، لەئاکامی داگیرکردنی هەولێردا لەلایەن سەدامەوە بەسەدان ئەندامی هێزە نۆپۆزسیۆنەکانی عەرەب لەکوردستان کە لەپلانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکادا کاریان دەکرد بۆ لاوازکردن و روخانی سەدام لەنێوبران و کوژران. یەکێتی بە پشتیوانی پاسەوانانی شۆڕشی ئێران توانیان هێزەکانی رژێم و پارتی بە زوویی لەسلێمانی وەدەرنێن، دوواجار بە ناوەندگیریی ئەمەریکا کۆتایی بە جەنگی ناوخۆی پارتی و یەکێتی هێنراو گەیشتنە رێککەوتن٣٨. وەڵێ زامی ئەو ژانە بە سۆیە هێشتا لەنێو جەستەی هەردولادا بەقوڵی ماوەتەوە، هەردوو لا هێشتا خوازیاری سەربەخۆیین و وەڵێ هەریەکەیان گەرەکیانە کورسی سەربەخۆییەکە بۆ خۆیان لەسەری دانیشن.



**ماڵئاوا سەدام خۆشهاتی کوردستان:**

رژێمی بەعسی سەدام بە رێبەرایەتی ئەمەریکا له٢٠٠٣ دا کۆتایی پێهات، ئەوەوەک دەرفەتێکی زێرین بوو بۆکورد کە خۆبەرێوەبەرییەکەیان زیاترچەسپان وەڵێ گەر تورکیا رێی نەگرتایە لەوەی کە ئەمریکا لەخاکی تورکیاوە هێرش بکانە سەر عێراق، ئەوا لەوانەبوو چیرۆکەکە بەشێوەیەکی تربێت وکورد ئەو قازانجە نەکات٣٩. وەڵێ ئێستا تەنها ٢٠٠٠ لەئەرتەشی تورک لەنێوخۆی کوردستانن وگەرەکیانە بەربەست لەبەردەم چالاکی و جموجوڵی پەکەکە دابنێن٤٠.

لەپرۆسەی ئازادی عێراقدا کورد رۆڵی بەرچاوی گێڕاو پێشمەرگە هەماهەنگی سەرەکیی بوو لەراماڵینی ئەرتەشی عێراقیدا. هەربۆیە لەدەستکەوتەکانی عێراقدا کورد دەنگی بڵند بوو لەدەستووری ٢٠٠٥ دا شوێنی فیدراڵیەتی کود کرایەوەو کوردەکان زمانەکەیان بووە زمانێکی فەرمی لەعێراقدا٤١. ئەودبوو جەلال تاڵەبانی بووە هەوڵ سەرۆکی کوردی کۆماری عێراق و مەسعود بارزانی بووە هەوەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لەدەستووردا مادەی ١٤٠ چەسپێنرا کە خواستی ریفراندۆمی بۆ ناوچەی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان هێنابوویە ئاراوەو لەدێسەمبەری ٢٠٠٧ دا چەسپێنرا٤٢. ئەوە هەوڵێک بوو کە ئیدی تێیدا تەعریبی سەردەمی سەدام دەبڕایەوەو قەرەبووی ناوچە کوردییەکان دەکرایەوە، وەڵێ ریفراندۆمەکەی مادەی ١٤٠ دواخراو قەرەبوو نەکرایەوەو هیچ جێبەجێنەکرا. کورد لەپاش سەدام نەیتوانی ئامانجەکانی خۆیان بە یەکگتوویی بەرەو پێشەوە بەرن، ئەوان هەریەکەیان دارای هێزو ئەرتەشی تابەت بەخۆیان بوون و نەزمی دوو ئیدارەییان کاڵنەکردەوە، پارتی وابەستە بەتورکیاو یەکێتی نیچزیک لەئێرانن رەوشی ژیانی رۆژنامەنوسی ناهەموار بوو، وەڵێ بارزانی زیاتر ئاڵۆزو گۆشەگیر بوو،تاڵەبانی مامەڵەی لەتەک رۆژنامەنوسان خاستر بوو٤٣. لەپاش رێکەوتنی واشنتۆن پارتی و یەکێتی راستە حکومەتی هاوبەشیان پێکهانی وەڵێ هەردوور بوون لەیەکتری،پارتی چەن د جارئەرتەشی تورکیای بواردا دژبە پەکەکەو لەسنووری یەکێتیش ئەنسارو لئیسلام چێبوو بەتایبەتی لەهەڵەبجە هەموو ئەم شەڕو شۆڕە لەکاتێکدا بوو کە عێراقیش رەوشی ناهەموار بوو، بە تێکچوونی رەوشی تەندروستی مام جەلال لە٢٠١٢ دا ئیدی بۆشایی لەتواناو هەرەکەتی یەکیەتیدا دروست بوون پارتی زیاتر هەژمونی بەسەرکوردستانەوە زیاتر بوو٤٤. دابەشبوونی ئەم دوو هێزە تەنانەت دیالەکتیک و زمانی کوردیشی گرتووەتەوە لەسنووری پارتیدا زمانی کرمانجی و لەدەسەڵاتی یەکیەتیشدا زیاتر سۆرانی زوانەکان

باڵادەستن. لەرێکەوتنی ١٩٧٠ وە زمانی کوردی بوویە فەرمی و بڕیاری زانکۆی سولەیمانی درا، وەڵێ هێشتا زمانی کوردی نابوتەو بایەخی کەمە هیچشتا عەرەبی لەکوردستان زمانی دووەمەو لەتەواوی میتۆدی خوێندندا هەیەو تەنها کەناڵەکان بوونەتە زمانی کوردی. زمانی فەرمی کوردی لەباشووری کوردستان زمانی سۆرانیە٤٥.بەتایبەتی لەدووای ١٩٩١ لەهەرێمەکەدا هەروابووە، هەندێک دەڵێن ئەم زمانە بۆیە پارتی بوواری داوە وابێت تا وابەستە بوون و هاندانی تورکیا لەسەر خۆی کەمبکاتەوەن چوون تورکیا هاندەری ئەوەیە نەکا زمانی کرمانجی فەرمی بێت و کاریگەرییەکانیان لەسەر کوردانی باکووری کوردستان فرە تربکەن٤٦. زمانی سۆرانی لەسەردەمی بەریتانیادا ١٩١٩ تاوەکو ١٩٥٨ لەباشووری کوردستان مامەڵەی پێوەدەکرا٤٧ ،ئەوان سۆرانیان لا پەسەند بوو، وەڵێ پێیان وایە لەئێستادا دەبێت هەردووکیان بەکار بێن ن هەروەک چۆن ئێستە لەدهۆکو دەوربەری کرمانجییەو لەبەشەکانی دی سۆرانییە.٤٨ لەئێستادا کوردستان لەبرەودایە لەرووی نەزمی دیموکراسییەوە٤٩،ئەوان نوێنەانی ژنیان هەیە لەپۆستە باڵاکاندا بۆ نمونە بەیان سامی رەحمان نوێنەری کوردە لەئەمریکا٥٠،هەرێمی کوردستان لەسەر ئامادەیی ژن رێک وەک تونس وەهایە کە جیاوازن لەرۆژهەڵاتی ناوین٥١..

## عێراقێکی تر:

وەختێک لە٢٠٠٥ تاوەکو ٢٠١٣ بەشەکانی نێوەڕاست و باشووری عێراق لەنێو جەنگێکی تاقەتپڕوکێنی تائیفیدا تێوەگلابوو، ئابووری کوردستانی عێراقیش لاواز نومایان دەبوو. ئەو دەم نرخی نەوت فرە باڵا بوو، کوردەکان کەم تا زۆر لە٪١٧ی پشکی داهاتی عێراقیان بۆتەرخانکرابوو٥٢. تا ٢٠١٣ داهاتی مانگانەی عێراق ١ بلیۆن دۆلار بوو، تێکڕای داهاتی ساڵانە گەیشتە دو هێندەی پێشوو. بەمەیش داهاتی فەرمانبەرو موچەی وان بەرزبوویەوە. لەم نێوەندەدا پارتی و یەکێتی

بەلێشاو فەرمانبەرانیان دادەمەزراندو تێکڕا لەپێناو دەربڕینی پشتیوانی خەڵکیدا تەواوی کەرتی گشتیان کردە موچەخۆری میری. حکومەتی هەرێم ٥٣٪ خەڵکی کوردستانی کردە کارمەندی میری، کە لەم رێژەیەدا ٣٠٪ زێدەتر بوو لەوەی لەکەرتی تایبەتدا هەیە٥٣. لە٢٠٠٦دا یاسای سەرمایەگوزاری ئازاد بەتەواوی لەژێر هەیمەنەی سەرمایەگوزاری بیانیدا شکابوو بەوە٥٤. لێرەوە سەرچاوەی سروشتی هەرێم و کەرتی کارەباو تێکڕا کایەکانی تری ژیان کەوتنە ژێر رکێفی کۆمپانیا بیانییەکانەوە٥٥ دەستبەسەراگرتنی داهات و سەرمایەی کوردستان و بەتاڵانفرۆشتنی سەرچاوەکانی وزەی هەموو ئەوانە بالاچوونی توێژێکی کەم وبێ بەشبوونی زۆرینە، بووە هۆی دروستبوونی بزووتنەوەیەکی سیاسی بەرهەڵستکار بەناوی گۆڕان کە نەوشیروان مستەفا رابەرایەتی دەکرد٥٦. گۆڕان لەسەرەتاوە لەبەهای یەکێتی کەمکردەوە، چوون یەکێتی لەرێکەوتندا بوو لەگەڵ پارتیدا کە تۆمەتباری سەرەکی دەستبەسەراگرتنی کوردستان و گەندەڵییەکان بوو٥٧. هاوکات پاش ئەوەی یەکێتی رازی بوو پاش ٢٠١٣ ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی تازە بکەنەوە تا ٢٠١٥ ئیدی جەماوەری گۆڕان زیاتر بوو. ئێستەیش لە٢٠١٦ یەکێتی لەتەک گۆڕاندا لەنوێترین رێکەوتنی سیاسیدان و لەبەرامبەر پارتیدا وەکو ئۆپۆزسیۆنێک نومایان دەبن٥٨.

## کوردەکان وئەوروپا:

سەردەمی زێڕینی ئابووری کوردستان وایکرد کە زۆرێک لەو کوردانەی کە لەئەوروپا بوون رووبکەنەوە کوردستانو پڕۆژەی سەربەخۆی کوردستان بکەوێتە زیہنی زۆرێک لەپڕۆژەی سیاسییەکانەوە٥٩. بەڵمازو توێژەری زانکۆی میدڵستسی لەندەن لەتوێژینەوەیەکیدا لەبارەی کوردەکان کە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، ئەوانەی بەریتانیا تێکڕا لەو باوەڕەدان کە چوونەوەیان وابەستەیە بە هەستی ئەوانەوە بۆ ئەوەی بەشدار بن پرۆسەی بەدەوڵەتبوونی کوردستان٦٠. وەلێ گەڕانەوەی ئەوانە وابەستە نەبوو بەو هەڵوێستە نیشتمانییەوە بەڵکو وابەستە بوو بەو رۆحی زوو زەنگینبوونەی کە کوردستانی گرتبوویەوەو لەو وڵاتانەی کە هەبوون پێگەی ئەوتۆیان نەبوو٦١. هاوکات ناوبراو لەتوێژینەوەکەیدا باس لەرەخنەی ئەوانە دەکات کە لەئەورووپان و پێی وایە تەواوی رەخنەکانیان لەپرسی گەندەڵی و بێ سەرەو بەرەیی کوردستانەن ئەوان رەخنەیان لەمیدیای بێ ئەتەکێت و نازانستییەو باس لەوە دەکەن کە زمانی کوردی شێواوەو دیبەیتی تیفیبەکان زۆر نا ئەکادیمییەو رەوشی کوردستان لەسنورێکی ترسناکی گەندەڵیدایە٦٢. هەموو ئەو نێوەندە جێندەرییانەی لەسلێمانی و سۆران و زانکۆی ئەمریکی دامەزراون لەبارەی بێ دادی ژنان و رەوشی خراپی کۆمەڵایەتی هۆشداری دەدەن. هەربۆیە لەئێستادا ئەوانەی لەئەورووپاوە هاتبوونەوە و هەموو ئەوانەی کە لەکوردستانیشن ئێستە ئەولەوییەتی کاریان جێهێشتنی کوردستانە٦٣.



## سامانی نەوتی کوردستان ووێنایەکی تێکەڵ:

لەبەر ئەوەی کوردستان لەرووی جیۆسیاسییەوەولەبواری جیۆپۆلەتیکیدا ناوچەیەکی داخراوە بە گەمارۆی وڵاتانی نەیاری، هەروەها لەبەر ئەوەی جگە لەنەوت سەرچاوەی داهاتی دیکەی لاوازە، هەربۆیە بوونی خۆی لەبوونی نرخی بەرزی نەوتدا دەبینێتەوە٦٤. هەرێمی کوردستان لەمانگی ٢ی ٢٠١٤ رووبەرووی موچە بڕین بوویەوە لەلایەن مالکییەوە، مالکی وەحتی خۆی لەنێو شۆڕشی کورداو دوواتر لەهەولێردا پەنا درابوو. بەڵام کێشەی نەوت

و بوجەو پێشمەرگە لەناو هەولێرو بەغدادا بووە بەکێشەو کورد سەربەخۆ بڕیاری فرۆشتنی نەوتی داو بەغدا موچەو بوجەی هەرێمی بڕی، ئەمریکا لەسەرەتاوە نارازی بوو، بەڵام دوواتر جەنگی داعش بووە هۆیەک تاوەکو ئەمریکا لەو پرسەدا بێ دەنگی هەڵبژێرێت. لەئێستادا کوردستان خاوەنی نەوتو گازی سروشتییەو زیاد لەئازەربایجان و کۆڵۆمبیا سامانی نەوتی هەیە. هەربۆیە چاودێران کوردستان وەک سەرچاوەیەکی گەورەی وزە دەبینن لەجیهانداو پرسەکە راستەوخۆ پەیوەستکراوە بە ئایندەی سەربەخۆیی کوردستانەوە.٦٥

> **ئەوە بۆ سەدەیەکە ئاستەنگ و ئاڵۆزی لەبەردەم پرسی دەوڵەتی کوردیدایە، سەرکردەی خوازیاری سەربەخۆیی تاوەکو ئێستە بەروونی نومایانی خواستەکانی خۆیانیان نەکردووە**

هاوکات پرسی کەکووک کە خاڵی دێرینی ناکۆکییەکانی نێوان کوردو ناوەند بریتی بووە لەکەرکووک کەرکوک کە دارای پێکهاتەگەلی جیاوازی نەتەوەیی و ئاینییەو زەنگینە بەنەوت، هاوکات زەنگینە بە قەیران و ئاڵۆزی، لەئێستادا سێبەری داعش لەحەویجەو هەژموون حەشدی شەعبیو بوونی تورکمانی ژێر نسێی تورکیاو ململانێی پارتی و یەکیەتیو هەبوونی دەسەڵاتی ناوەندی ئەم شارەی لەهەمووکات زیات ئاڵۆز کردووە. نەوتی کەرکوک بەشێکی لەرێی تورکیاوە رەوانەی بەندەری جیهان دەکرێت و پارەی پترۆ دۆلار بۆ کەرکوک سەرف دەکرێت. ئەم شارە لەلایەن کوردەکانەوە وەک قودس وایەو هێڵی سورە، کلیلی چارەسەری ناکۆکییەکانە. لەئێستادا کە سەربەخۆی کوردستان جاری بۆ دراوە، لەکاتێکدایە کە ئابووری کوردستان سەربەخۆیە، بەڵام خەمی خەڵکی لەرەوشێکدایە کە ناخۆشگوزەرانی لێدەخوێنرێتەوە. هەربۆیە قەیرانی ئابووری و جەنگ و ناتەبایی ناوخۆ مۆتەکەیەکی ترسناکی دەوڵەتە سەربەخۆکەیە. هەرچەند کە کوردستان لەهەمووکات زیاتر هەنگاوی بەرەو تێکشکاندنی عەقلی شوانکارەیی ناوەو وەک دەوڵەتێک خۆی نومایان دەکات لەنێوچەکەدا. لەئێستادا کوردستان لەئاستانەی سەربەخۆیدایە، تەواوی ئەو گرفتانەی هەن گرفتی لاوەکین و هەستی کوردی لەئاستێکدایە کە بتوانێت زاڵبن بەسەر ئەو بەندو باوە ساختەو دروستکراوانەدا، کوردستان هەنگاوێکی ناوە کە گەڕانەوەو پاشگەزبوونەوەی بۆ رای گشتی تورکیاو ئێران و سوریا روون بووەتەوە ئەستەمە..

### ژێدەرو پەراوێزەکان:


1. WikiLeaks U.S. Cables. https://www.wikileaks.org/plusd/cables/1973BAGHDA00373_b.html.
2. "Iraqi Kurdistan: IDPs Now Number 2 Million." Unrepresented Nations and Peoples Organization. 1 June 2015. http://unpo.org/article/18260.
3. http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2016/03/turkey-iraq-syria-kurdsmassoud-barzani-interview.html.
4. . https://www.theguardian.com/world/2014/jun/29/israel-prime-minister-kurdishindependence.
5. Barzani, Massoud, and Ahmed Ferhadi. Mustafa Barzani and the Kurdish Liberation Movement. New York: Palgrave Macmillan, 2003. p. 13.
6. "Istanbul Population 2016." World Population Review. Accessed 07 July 2016. http://worldpopulationreview.com/world-cities/istanbul-population.
7. Jwaideh, Wadie. The Kurdish National Movement: Its Origins and Development. Syracuse, NY: Syracuse UP, 2006. p 72.
8. For an authoritative account of the role of sheikhs in Kurdish social and political structures, see the classic book by Martin an Bruinessen: Agha, Shaikh, and State. Atlantic Highlands, NJ: Zed Books, 1992.
9. Interview with the author, February 2016. Jwaideh, p. 75.
10. Elphinston, W. G. "The Kurdish Question." International
11.Affairs (Royal Institute of International Affairs 1944-) 22.1(1946): 91.
12. McDowall, David. A Modern History of the Kurds. London: I.B. Tauris, 1996. p. 180.
13. Ibid., p. 459.
14. Jwaideh, p. 221.
15. Morton, Giles. "Winston Churchills shocking use of chemical weapons" The Guardian. 01 September 2013. https://www.theguardian.com/world/shortcuts/2013/sep/01/winstonchurchill-shocking-use-chemical-weapons.
16. Tran, Mark. "Iraq Executes Chemical Ali." The Guardian. 25 January 2010. https://www.theguardian.com/world/2010/

2005. https://www.constituteproject.org/constitution/Iraq_2005.pdf.
42. McDowall, p.323.
43. Gregory, Kathryn. "Ansar Al-Islam (Iraq, Islamists/Kurdish Separatists), Ansar Al-Sunnah." Council On Foreign Relations. 5 November 2008. http://www.cfr.org/iraq/ansar-al-islamiraq- islamistskurdish-separatists-ansar-al-sunnah/p9237.
44. Fadel, Leila. "Kurdish Officials Worry About Kurds Joining The Islamic State." NPR, 16 December 2014. http://www. npr.org/sections/parallels/2014/12/16/370978024/kurdish
45. "Iraqi Kurdistan: IDPs Now Number 2 Million."
46. Mousa, Yasmine. "Its Iraq, But Its Not." The New York Times, 6 January 2011. http://atwar.blogs.nytimes.com/2011/01/06/its-iraq-but-its-not-part-1/.
47. Chyet, Michael L. "The Future of the Kurdish Language: an Egalitarian Scenario", in: Joyce Blau: léternelle chez les kurdes / coordinateurs, Hamit Bozarslan & Clémance Scalbert-Yucel. ([Paris?] : [L Institut Kurde de Paris?], 2013), pp. 169-179.
48. Interview with the author, June 2016.
49. Interview with the author, June 2016.
50.Interview with the author, June 2016.
51. http://www.ipu.org/wmn-e/classif.htm. 52. May 2016. http://documents.worldbank.org/curated/en/2016/06/26425307/kurdistan-region-iraq-reformingeconomy- shared-prosperity-protecting-vulnerable-executivesummary.
53. More Philippine Workers Expected to Go to Iraqi Kurdistan." Ekurd Daily, 14 May 2012. Web. http://ekurd. net/mismas/articles/misc2012/5/state6207.htm.
54. Kurdistan Investment Law." The National Assembly of Kurdistan – Iraq. http://www.kurdistaninvestment.org/docs/Investment%20Law.pdf.
55. Bache Fidan, Christina. "Turkish Business in the Kurdistan Region of Iraq." Turkish Policy Quarterly. 7 March 2016. http://turkishpolicy.com/
56. Chomani, Kamal. "Gorran Leader Mustafas Hard Choices | Fikra Forum." Fikra Forum. 24 March 2016. http:// fikraforum.org/?p=8925#.V363niN97u0.
57. Chomani, Kamal. "Iraqi Kurdistan Elections Could Be Turning Point." Al-Monitor, 28 August 2013. http://www. al-monitor.com/pulse/originals/2013/08/kurdistan-politicselection- scenarios.html.
58. Salih, Mohammed A. "Fate of Kurdish Presidency Divides Iraqi Kurds." Al-Monitor, 22 May 2015 http://www. al-monitor.com/pulse/originals/2015/05/iraq-kurdistanpresident- barzani-term-parliamentary-system.html.
59. Hawramy, Fazel. "As European Dream Fades, Iraqi Kurds Return Home." Al-Monitor. 12 November 2015 http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2015/11/kurdistan-migrantseurope- germany-return-iraq.html.
60. Interview with the author, March 2016.
61. Interview with the author, March 2016.
62. Interview with the author, March 2016.
63. Interview with the author, March 2016.
64. https://www.oxfordenergy.org/wpcms/wp-content/uploads/2016/02/Kurdish-Oil-and-Regional-Politics-
65. Raval, Anjli, and David Sheppard. "Kurds Defy Iraq to Establish Own Oil Sales." Financial Times. 23 August 2015. https://next.ft.com/content/aeae33e4-45ae-11e5-af2f-4d6e0e5eda22
jan/25/chemical-ali-execution-iraq-kurd.
17. Jwaideh, p. 219.
18. Harris, G. S. "Ethnic Conflict and the Kurds." The ANNALS of the American Academy of Political and Social Science 433.1 (1977): 112-24.
19. Jwaideh, p. 243.
20. Barzani, p. 93.
21. McDowall, p.302.
22. Askary, Hussein. "The Tragic Modern History of the Kurds." EIR Volume 31, Number 26, 2 July 2004.
23.Randal, Jonathan C. After Such Knowledge, What Forgiveness?: My Encounters with Kurdistan. New York: Farrar, Straus and Giroux, 1997.
24. Power Led Outside Intervention in Kurdish Politics in Iraq and Turkey in the Early 1970s." Taylor & Francis. Middle Eastern Studies, 25 March 2013.
25.Power Led Outside Intervention in Kurdish Politics in Iraq and Turkey in the Early 1970s and the Arab World. New York: W.W. Norton, 1993. p. 209. http://www.nbcnews.com/id/14475531/ns/world_news-mideast_n_africa/t/kurdsrecount-gas-attack-horror-saddam-trial/.
28. "War in the Gulf: Bush Statement; Excerpts From 2 Statements
by Bush on Iraqs Proposal for Ending Conflict." New
29.York Times. 16 February 1991. http://www.nytimes.com/1991/02/16/world/war-gulf-bush-statement-excerpts-2-statements-bush-iraq-s-proposal-for-ending.html. Lawrence, p. 52.
30.Muir, Jim. "Fleeing Saddam with the Kurds." BBC News. 30 May 2016. http://www.bbc.com/news/magazine-36362107.
31. Haulman, Daniel. Crisis in Iraq: Operation Provide Comfort. http://www.afhso.af.mil/shared/media/document/AFD-120823-031.pdf.
32. "To the Kurds, Wistful Wish Becomes Real." New York Times. 20 May 1992. http://www.nytimes.com/1992/05/20/world/.to-the-kurds-wistful-wish-becomes-real.html.
33. Barkey, Henri J., and Graham E. Fuller. Turkeys Kurdish Question. Lanham, MD: Rowman & Littlefield, 1998. page 50.
34. See: Zaman, Amberin. "Swords into Rabbit Ears." The Washington Post. 4 February 1999.
35.Authors interview with former Turkish energy ministry official.
36. Gunter, Michael M. "The KDP-PUK Conflict in Northern Iraq." Middle East Journal 50.2 (1996): 224-41.
37. Kazaz, Harun. "Its Official—KDP and PUK Sign Peace Accord." Hurriyet Daily News, 19 September 1998. http://
38.www.hurriyetdailynews.com/its-official---kdp-and-puk-signpeace-
accord.aspx?pageID=438&n=its-official----kdp-andpuk- sign-peace-accord-1998-09-19.
39. Amanpour, Christiane. "Turkey rejects U.S. troop proposal." CNN, 2 Mar. 2003. http://edition.cnn.com/2003/WORLD/meast/03/01/sprj.irq.main.
40. For more detail on Turkeys military operations in Iraqi Kurdistan and the PKK presence there, see: Marcus, Aliza. Blood and Belief: The PKK and the Kurdish Fight for Independence. New York: New York UP, 2007.
41. "Constitution of the Republic of Iraq." Constitute Project.



# ئیسلامی ڕەسەن و ئیسلامی ناڕەسەن لەناو کورددا



د. مەحموود موسەنیفی. زانکۆی پەیام نوور . مەریوان ........................................

ئیسلامی ڕەسەن. ئیسلامێکە لەدەستپێکی قۆناغە مێژووکردەکەدا کوردی ڕووبەڕووی خۆیکردەوە.

لەدەستپێکی سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئیسلام وەك ئاینێکی نوێ هات، ئەم هاتنە لەلایەن کوردەوە فرەبەسانایی قەبوڵ نەکرا، چوون ئیسلام تەنها خۆی نەهات، ئیسلام پێچرابوو لەنەریت و نوارینێکی سەرووی ئایینەکە، ئیسلام پێچرابوو لەدیدێکی فیوداڵی و ئەرستۆقراتیانەن ئیسلام پێچرابوو لەخەونێکی دونیایی رووت و پەلکێشی پاداشتەکان لەبەهەشتەوە هێنرابوونە دنیا. ئیسلام کاتێ هات پێچرابوو لەنەرتەش و نەوینێکی توندوتیژەوە، سوارچاکەکان هێنایان، ئەوانە هێنایان کە بەلێشاو ببوونە موسڵمان.

ئیسلام کە هات بە زمانێك دەپەیڤا کە کەسێك لێی تێنەدەگەیشت، بە ئیمانێکەوە هات کە پڕبوو لەغەریزەو بە شەهوەتێکەوە رژا قەڵا دێرینەکانی ژیاری تێران و توران و کوردستان هەستیان بە بندەستی و سوکایەتی دەکرد.

ئەو ئیسلامە کاتێك هات تەنها خۆی نەبوو، بەتەنها نەهات، بەسانایی خودی ئیسلام نەدەناسرایەوە. کاتێك هات مرۆڤی دەرەوەی نیمچە دورگە مرۆڤێکی شەکەت بوو، ئەم باوەڕە گەرچڵە پوشێکیش بوایە دەستی بۆدەبرد، دەستبردنی کوردبۆ ئیسلام بەواتای ئەوینی هەڵگرانی بیروباوەڕی ئیسلام نەبوو، نەخێر بەواتای دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێك بوو. ئەو ئەلتەرناتیڤە زۆرجار رووە رەسەنەکەی بیذراوەو فرەجاریش رووبەکی ساختەی نیشانداوە.

لەبەرئەوە دەکرێت بڵێین کەلتوری ئیسلام لەکوردستاندا بەشێك نییە لەکەلتوری کوردی، بەڵکو کەلتوری ئیسلام شتێکە زیاتربوونی نەبووە تا بوونی هەبێت. ئەو کەلتوردی لەنێو کوردایەو نێوی نراوە کەلتوری ئیسلام شتێکی ساختەیەو بەڵکو کەلتوری بادییەو ساکارانە، کەلتوری کەنیزەك و برینەوەی دەستە، کەلتوری سەربڕاندن و بوغزاندنە، هەربۆیە دەماری فیوداڵی و ناوچەگەری و ناکۆکی لەنێو کوردیشدا درێژەی کێشا.

دەکرێت بپرسین بۆلەپێش ئیسلامەوە وێنای هەڵهێنجراوی کوردەواری کە بۆنی وابەستەبوونی هیومانیستی لێدەهات بوونی هەبوو. بۆنموونە نموونەیەکی وەك یەکگرتنی هۆزەکانی ماد، ئەوانەی یەکیانگرتوو بوونە ئیمپراتۆرێکی مەزن، ئەم نموونەی یەکگرتنە بەدرێژایی هاتنی ئیسلام تاوەکو رێکەوتنی مۆدرۆسی روخانی عوسمانییەکان یانی مێژووی سەدەی ناوەراست و نوێ یەکبوونێکی کوردی نەبینرا. ئایا نابێت بپرسین، ئەوکەلتورە ئیسلامیەی بوویە بەشێك لەپێکهاتەی رۆحی نەتەوەی کورد بۆچی نیزیکی و وابەستەیی و یەکبوون و هیومانیستی نەهێنا؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە روونە، ئەوانەی کە هێنایان وەك کەلتوری ئیسلامی، کەلتوری ئیسلامی نەبوو، ئەوەی هات ئایین نەبوو، ئەوەی هات بەتایبەتی لەسەردەمی عەباسیەکاندا دروستکردنی بازاری گەوەرە گەورەی شەهوەت و شەپۆلی دنیاویستی بوو، شارەکانی وەك سەمەرقەندیان دروستدەکرد کە بازاری ساغکردنەوەی کیژی جەوان بوون بۆمیرو پاشاو خەلیفەکان. ئیسلام وەك ئاینێکی دنیاویستی شێوە ئیمپریالیزم هات.

ئیسلام کە هات و رەگی داکوتا، بونی مرۆڤگەرایشی وەستاند. ئایین بووە ئیمپراتۆر و ئایین بۆنی ئەرتەشی لێنیشت، لەو میانەدا کوردەواری کە بۆن و بەرامەی عیرفانی یارسانی لێدەهات، کە رۆح تێیدا زیندوو بوو لەژێرپێی ئەو ئایینە دروستکراوەی دەستی عەرەبی عروبە پلیشایەوە. لەکوردستاندا رۆح ئامادەیی نەبوو، بەرژەوەندی و پراگماتیکی خەلیفەو دەوڵەتسالاری ئامادەیی هەبوو.

لەبەرئەوە جێی خۆیەتی هەڵوێستە بکرێت لەسەرئەوفەرهەنگەی هێنرایە کوردستان، تاچەند فەرهەنگێکی نێزیك بوو بەرۆحی ئیسلام و تاچەند فەرهەنگێك بوو بۆ رزگارکردنی مرۆڤ لەکۆیلەی مرۆڤەوە بۆ کۆیلەی خودا، تاچەند ئەو پەیامەی موسڵمان و موجاهیدەکان دایانە دەست رۆستەمی فەرمانەدەی ساسانییەکان جێبەجێکران تاچەند

ئەوەی ساسانیەکان دەرهەق بە گەلانی بندەست دەیانکرد، موسڵمانەکان نەیاندەکرد. هەموو ئەمانە پرسیاری لۆژیکیین.

لۆژیکییە بپرسین بۆچی لەکوردستان و کوردەواریدا رێگەی راستەقینە نادۆزرێتەوە، بۆچی ئەو رێگەورێچکانەی کە تاوەکو ئەورۆ مرۆڤی کورد لەسەری دەڕوا رێگەیەکی رەسەن نییە. لۆژیکییە بپرسین بۆچی تاوەکو ئێستەیش عەقڵی کوردی عەقڵێکی دابڕاوەو و لەسەدەکانی ناوەڕاستایە، بۆچی تاوەکو ئێستە مرۆڤی کورد لەئیسلام تێناگات. تاکی کورد هێشتا واتای قورئان نازانێت، بۆچی هێزێك بەردەوام رێگریکردووە لەوەی کە تاکی کورد لەواتای قورئان تێبگات، لەکاتێکدا ئەو هێزەیش ئیسلامییەکانن دەیجوڵێنن، تاچەند ئەو باوەڕە لۆژیکییەو لەزیهنیەتی کوردا چەسپیوەن باوەڕێك پێمان دەڵێت قورئان بخوێنن، قورئان بخوێنن گەرلەماناکەشی تێنەگەن هەرخێرتان دەگات، ئەم شرۆڤەیە کرۆکی دەردەکەی تێدایە، ئەم هەوڵە بەبەرنامەیەودروست لەوهەوڵە دەکات کە کاتۆلیکەکان نەیاندەهێڵا تاکی خۆرئاوا لەئینجیل تێبگات.

لەوێ لەسەدەی شازدەوە ئەو هەوڵە شکستهێناو لێرە تاوەکو ئێستە ئەوهەوڵە زیندووە. هەوڵی دوورخستنەوەی عەقڵی کورد لەواتاو وێنای قورئان. هەوڵی بێئاگاکردنی کورد لەئاماژە قورئانییەکان، هەوڵی دابڕانی کوردلەمێژووی ئیسلام، چوون ئەو مەزهەبەی کە زۆرترینی کوردی لەسەرەو مەزهەبی باڵادەستی شافعییەکانە پێماندەڵێت لەبیدعەی رۆچوون بە رووداوە مێژوویەکانی سەردەمی بەرایی ئیسلام بەدوورین. کەواتە لێرەدا چی سەوز دەبێ، دنیایەك بێ ئاگالەمێژوو، کۆمەڵگەیەکی نوێژخوێن و قورئان خوێنی بێئاگا لەراڤەو واتای قورئان. لەبەر ئەمەیە لەم سەرزەمینەدا کە بۆ پازدە سەدە دەچێت ئیسلام بەشێکە لەبوونمان وەلێ هێشتا تێناگەین ئەو نوێژەی رۆژی پێنججار دەخوێنرێت چی تێدا دەڵێین.

لێرەدا مەبەستمانە بڵێین ئیسلام ئایینێکە بونی خۆیو مانەوەی خۆی داوەتەدەست بێئاگایی تاکی کورد. ئایا خودی ئایین داکۆکی لەبێئاگایی دەکات، نەخێر. کەواتە ئەو ئایینەی بێئاگایی و کۆت و بەندی عەقڵی دەوێ‌و ناوی ئیسلامە تاچەند ئیسلامە. گەر بەوردی رۆبچین بەنێو قۆناغەکانی هاتن‌و شوێنکردنەوەی ئیسلامدا لەنێو کۆمەڵی کوردیدا لەراستییەك تێدەگەین کە پێمان دەڵێت ئیسلام یان بەزەبری چەکی شمشێر سەپاوە یاخۆ بەئاشتی، بەڵام ئاشتییەك عەقڵی لەئاست کرۆکی پەیامەکەدا داخستووی، چوون لەسەرئەم بنەمایە بێت ئایینی شمشێرەکە بۆ بوونی نەتەوەیی کورد سلامەتترە تاوەکو ئەوئایینەی شمشێری بێئاگایی لەعەقڵی کورد سڕدواندووە.

لێرەوە تێدەگەین هەردوو دیوەکەی گەیاندنی ئەم پەیامە چ بەتۆبزی بێت کە دیوی شمشێرە یاخۆ بەخواستی خەڵك بێت کە دیوی ئاشتەوایی‌و بێ زربق‌و باقی جەنگی شمشێرە هەردوکیان بۆ نەتەوەی کورد بڕەربوون.

ئەم دیوە سایکۆلۆجی‌و سیاسی‌و سۆسیۆلۆجییەی هاتنی ئیسلام لەنێو کۆمەڵی کوردیدا شوێنی نەبووەتەوە. دیوی ترس‌و تۆقاندنەکانی سەعدی وەقاس‌و خالدی کوڕی وەلید، یان دیوی هەژموونی هەمان فاتحی ناوچە کوردییەکان هەریەك کارەکتەربوون. زۆرترینی ئەو هاوەڵانەی سەرمەشقی فتوحات بوون پیاوی جەنگ بوون نە بانگەوازو گەیاندنی ئیسلام، ئەو پیاوانە بوون کە هێشتا جەنگی شەڕکردن دژ بەئیسلام لەنێوچەوانیاندا مابوون بۆنمونە خالیدی کوڕی وەلید، ئایا ئەم پیاوە گەرفاتحی سەرزەمینێکی ژیاری دێرین بێ، ئەبێ تاچند ئیسلامی گەیاندبێ بەو خەڵکە کە بۆخۆی پێی نەگەیشتووە. کەواتە ئێمە لێرەدا باس لەئاینێکی نارەسەن دەکەین، دەکرێت بڵێین کوردستان هێشتا تامی ئاینێکی رەسەنی نەکردووە. ئەو ئایینەی بووەتە کەلتوری کوردو ئەوڕۆ ئێمەی لەسەرین کەلتورێکی خالدییەو دورە لەو کەلتورەی کە لەسیرەی پێغەمبەردا هەبووە. ئەوە پرسێکەو



جێی خۆیەتی لەبارەیەوە هەڵوێستە بکرێتووروژانێکی زانستی لەوبارەوە هەبێتو قسەی لەسەر بکرێت. لەئەگەری بوونی ئەم لەسەر وەستانەدا ئایین دەبرێتەوە سەر رەوگە رەسەنەکەی خۆیو کەلتورو دیدو تێڕوانینی نەتەوەو حەزوخولیای دونیایی ساراکانیش دەبرێنەوە سەر رەوگەکەی خۆیان.

راستە ئیسلام وەکو ئایینێکو وەك جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو کەلتوریی و ئابووریی لەنێو نەتەوەی کوردو خاکی کوردستاندا دارای مێژوویەکە کە لەدووای نەتەوەی عەرەب نێزیکترین نەتەوە و نێزیکترین پانتایی جوگرافی لەم ئایینە ئاسمانییەوە بریتییە لەکوردو کوردستان. نەتەوەی کوردیش پێش دەستپێکی فتوحاتی ئیسلامی بەشێك نەبوو لەو خەڵکانەی کە بوونە سەرچاوەی هێزی سیاسیی و مرۆیی  وئابووری پەیامەکە، ئەوەی سەرمەشق بوو لەم میانەدا لەبازنەیەکی بەرتەسکی ئەرستۆقراتییەتی قورەیشەوە شۆڕبوویەوە بۆ هۆزو تیرەکانی عەرەبی نیمچە دورگەی عەرەبی، تەنانەت زۆرێك لەوانەیش لەدووای دەستپێکی فراوانبوون و فتوحاتی ئیسلامییەوە هاتنە نێو ئیسلامەوە. بۆنموونە ئەو پانتاییە جوگرافییەی ئەورۆکەی وڵاتانی عەرەبی موسڵمان بوون و وابەستە بوونیان بە ئیسلامەوە هاوکات بوو لەتەك موسڵمانبوونی نەتەوەکانی وەك کوردو فارس و دوواتریش تورك بەئیسلامەوە. موسڵمانبوون لەو قۆناغەدا یەکسان بوو بە ئاوێتەبوون نەك تەنها لەنێو ئایینێکی نوێدا، بەڵکو یەکسانبوو بە ملدان بۆ سیستەمێکی سیاسی و ئابووری و لەسەردەمی ئومەوییەکانیشدا ملدان بوو بۆزمان و زەمەنێکی نوێ کە تەنها لەباوەڕی خەڵکیدا شۆڕنەبوونەوە بەڵکو لەتەواوی بوارەکانی ژیاندا ئیسلام بووە خاڵی وەرچەرخان و لەلای مێژوو نوسە ئیسلامییەکانیش هاتنی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی لەرۆژهەڵاتی ناویندا یاخۆ لەباکوری ئەفریقاوە تا رووباری جەیحون و سەیحون و رۆژهەڵاتی دوور بریتییە لەدەستپێکی قۆناغێکی نوێی مێژووکە ئەویش قۆناغی مێژووی سەدەکانی نێوەڕاستە. ئیسلام دارای شرۆڤەوشیکاری فرەرەهەندە، هەرلەکۆتایی هەوەڵین دەسەڵاتدارانی سیستەمی سیاسیی ئیسلامی و نەزمی دەوڵەتداری ئیسلام کە راشیدینەکانن، ئیدی سەرزەمینی ئیسلام وەك ئیمپراتۆرییەتێکی نوێ نومایان دەبوو، ئیمپراتۆریەتێك سەرکەشترو بەرچاوتر و زیندوتر لەئیمپراتۆریەتە ماندووەکانی دووادوای شارستانییەتە رووخاوەکانی وەك بیزەنتییەکان و ساسانییەکان. ئیسلام هات لەسیاسەتی سەنتەرگەرایی خۆی دانەبڕا، ئیسلام هات و ناواخنی نیمچە دورگەی عەرەبی نەترازاند، ئیسلام هات و بۆنی بیابانی لەخۆی دانەماڵی و ئەرستۆقراتییەتی قورەیش سەهەندی بەسەریەوە مایەوە. ئیسلام لەنیمچە دورگەی عەرەبییەوە کشا، بەجۆرێك کشا فتوحاتی کردە پرەنسیپی سەرەکیی و شادەماری ئابووری و هێزی گەیاندنی ئەو پەیامەی کە لەدەمارەکانیدا هەر لێبوردەیی و هیومانیزم دەبینرا. ئیسلام وەك پەیامێك وەك رەوگەیەکی دیاریکراو و نەزمێکی نوێ لەئایینە ئاسمانییەکاندا بۆ هەوەڵجار بەشێوەیەکی گلۆباڵ و بێ خوێندنەوەی رەنگ وروواڵەت و رەگەزئایینی وەك ئایینێکی جیهانیان قۆستەوە بۆ یەك رەنگکردنی دونیا. گرفتی سەرەکی لەپرسی فتوحاتدا ئەوە نەبوو کە نیازێکی راستەقینە هەبوو بۆبڵاوبوونەوەی ئیسلام. چونکە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەنێو تێکستە سەرەکیی و پیرۆزەکەی ئیسلامدا کە قورئانە بانگەوازێك بوو، نەزمێکی ئاییندارانە بوو، تەنانەت لەنامەکانی پەیامبەریشدا بۆ هیرقل وکیسراکان وخانەدانەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی وەك جۆرێك لەهەواڵدان بە بوونی ئاینێکی نوێ جەختکراوەتەوە. ئەوەی کە ئیسلامی بەوخێراییە کردە ئیمپراتۆرێك، نیازی خودی ئیسلام و پەیامەکە



**دیوی ترس و تۆقاندنەکانی سەعدی وەقاس و خالدی کوڕی وەلید، یان دیوی هەژموونی هەمان فاتحی ناوچە کوردییەکان هەریەك کارەکتەربوون. زۆرترینی ئەوهاوەڵانەی کە سەرمەشقی فتوحات بوون پیاوی جەنگ بوون نە بانگەوازو گەیاندنی ئیسلام**

نەبوو. بەڵکو دەمارێکی راهێنراوی نێوچەی نیمچە دورگەی عەرەبی بوو، وەختێك ئەم دەمارە بوویە ئەجێندا کە کەڵك لەمیرنشینە عەرەبییەکانی ژێر چنگی بیزەنتی وەرگیراو توراسی فراوانخوازی ئەوان کۆپیکرا، هاوکات وەختێك ئەم پەیامە سەرکەوت کە ئیمپراتۆرە گەورەکانی دی شیرەکانیان لەمەیدانی جەنگی یەکتریدا کولببوونو نەتەوەکانیان وەڕسو ماندووبوونو لەکۆتا هەناسەی مانەوەیاندا بوون. پرسیارە فەلسەفییەکە لێرەدایە، ئایا ئیسلام لەدەستپێکی دروستبوونی ساسانییەکاندا بهاتایە کە هێزو هەرەکەتیان لەلوتکەدا بوو، یاخۆ لەلاویەتی بیزەنتییەکاندا بهاتایە ئێستە ئەم ئایینە جهانییە دەبوو کەهەیە؟ بێگومان نەخێر، کەواتە ئیسلام زەمەن یارمەتی داو دەرفەتی قۆستەوەو کازیوەی پەیامەکەی لەکاتێکا بوو کە خۆری ئەوانی دی لەئاوابووندا بوون. ئەم دەرفەتگیرییە لەئەجێندای پەیامبەردا هەبوو؟ ئایا بەڵگەیەکمان هەیە پەیامبەر بەروون و رەوانی جەختی لەسەر ئەوەکردبێتەوە کە پێویستە ئەو هاوەڵانەی دەوروبەری ئیمپراتۆریەتێك دروست بکەن و بنێردرێن بۆ فەرمانبەرداری کیشودەرەکانی دی، ئایا بەدەر لەکاری بانگخوازی ئەرکێکی سیاسیی و دەوڵەتداریی بەوان داوە. ئایا وەك چۆن میرنشینێکی

ساکاری عەرەبی وەك بەتراو تەدمورو سەبەئی یەمەن دارای شاو شازادەو وەزیرو گوزیرو نەزمی کارگێڕیی وئابووری بوون، پەیامبەر ئەم نەزمەی بۆ هاوەڵەکانی خۆی خواست. ئیسلام هاتو هەوەڵ نەتەوەی ناعەرەب کە ئەزموونی کرد کورد بوو، هەوەڵ نەتەوەیش کە ئەزموونی کرد خودی عەرەب بوون هەر ئەوانیش بوون بۆ هەوەڵجار لەچوارچێوەی سەبەئییەکان و هۆزەکانی بەنوتەمیم وبەنونەسەدو بەنوغەتفان رووبەرووی بوونەوە، هەرئەوتیرەوهۆزو رەوتە عەرەبییانە بوون بوونە دنەدەری نەتەوەکانی دی، یەکەم نەتەوە کە دنە درا نەتەوەی کورد بوو. نەتەوەی کورد سازشکەر نەبوو، نەبۆ پەیامەکە نەیش بۆ بەرهەڵستکەرانی پەیامەکە، هەربۆیە گەمەیەکی تاقەتپڕوکێنی لەو میانەدا کرد. کورد زیاد لەبیست جوڵانەوەی بەرهەڵستکاری جوڵاندو رووبەرووی تەنها حوکمی سەد ساڵەی ئومەوی بوونەوە. هەندێك کاتیش هەناسەیەکی ئازاد بوونی هەبوو، هەربۆیە کورد لەتەك دەسەڵاتدا دەیتوانی مایە بگرێتەوە. کەواتە سەیر نییە ئەو هێزە مرۆییە شمشێروەشێنەی سەردەمی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی بەشێك لەپێکهێنەرەکانیان کورد بوونە. لەراستیدا کورد لەو قۆناغەدا لەپانتاییەکی جوگرافی درێژکراوەی چیاکانی زاگرۆزدەوە دارای چەندین شارو شارۆچکەی ئاوەدان و ئارام بوون. هەرێمەکانی جەزیرەی فوراتییەو هەرێمی چیاکان و ئازەربایجان و ئەرمەنستان و ئاران و هەرێمەکانی فارسو ئەهواز بوون شوێنێکی وەکو شارەزوور و موسڵ و دەینەوەرو بندنیجین و قرمیسین و چەندەها شارۆچکەی

ڕەسەن و دێرین بونیان هەبوو. کە ئیسلام دێت لەسەردەمی ئومەوییەکاندا دەستورێکی نوێ دەهێنن و مۆرکێکی تەواوی تەنراو بە نەریتی عەرەب لەو پانتاییە جوگرافیەدا دەسەپێنن. کوردستان لەبەردەم ئەم هەژموونی سەپاندنەدا وەستایەوەو لەهەمانکاتدا قەبوڵیشی بوو، لەو رووەوە وەستایەوە کە ئیسلام پەیامە پتەوەکەی خۆی بەبەرنامە نەهانی بەڵکو بەلێشاو هانی، هاتنی بەلێشاو بنەماکانی پتەو بوون تێیدا لاوازە. هاوکات بکەرانی تاودانی شەپۆلی لێشاوەکەیش لاوازن، هەربۆیە کورد بەرووی ئەم لاوازییەدا وەستایەوە، کورد وەستایەوە لەرووی ئەو هێزانەی کە ساختەییان دابوویە پەیامەکەو نارەسەن بوون. لەکاتێکیتریشدا کورد وەستایەوە چونکە بۆخۆی هێزێکی کەلتوری هەبوو، چونکە ئاوەدانییەکانی لەرووی ژیارییەوە ئاوەدانتربوون لەو ژیارە نوێیەی کە هات و لەو دەمامکە ئیماندارانەیەی کە بەتۆکمە خۆی چواندبوو.

کورد وەستایەوە چونکە لەرەگەکانیدا دەمارێکی متی ژیاری لێیدەداو باوەڕێکی بندەستی ساڵەهای ساڵ هێشتا زیندوبوو، کورد وەستایەوە چون زمانی هەبوو، جوگرافیای هەبوو. کەلتورو ئابوری هەبوو، هەموو ئەوانەی زەمینەی وەستانەوەی کورد بوون بەرووی ئیسلامدا. لەلایەکیترەوە کورد نەوەستایەوە چوون جوگرافیای شێواوبوون چوون ئەدەبیاتی وەختی هاتنی ئیسلام لەناو کوردا ئەدەبیاتی غەوارەکانی دی بوون چوون ئابوریەکەی دزراو و براوە بوو. لەبەر ئەوە کورد نەوەستایەوەو بوو بەبەشێك لەپرۆسەکەو بونە هێزی مرۆیی پرۆسەکەو لەسەردەمی عەباسییەکاندا تەواوی میرنشینە کوردییەکان کە دروست بوون میرنشینی پاراستنی میرە سەرەکییەکە بون کە لەبەغدا دادەنیشت. کارەکتەرە کوردییەکان لەکتێبەکانی مێژووی ئیسلامی ئەو قۆناغەدا وەك جەنگاوەرو وەك موجاهیدی پارێزەری سنورەکان بوون و جەنگی نەتەوە ناموسڵمانەکانی رۆژهەلاتی دورو بیزەنتییەی رۆژهەلاتیان دەکرد. کورد بوویە بەشێك لەپرۆسەکە چون لەهەندێ لەقۆناغکاندا پەیامەکە وەك خۆی هاتبوو، پەیامێك بو نەیدەهێشت بەندوباوی ناوچەو نیپۆتیزمی قورەیش و دەمامکی ساختە دایپۆشێت. کوردستان لەوقۆناغانەدا بووە بەشێك لەپرۆسەکە بەپێچەوانەی هەمو ئەو میرنشینانەی باکوری ئەفریقاو بەشێك لەسەرزەمینی ولاتانی عەرەبی وەکو ئەداریسەو رۆستەمیەو ئەغالیبە کە نەیاری دەوڵەتی ئیسلام بون و بۆخۆیان دەوڵەت بوون و مەزهەب و رێچکانی ئایینی وسیاسی و ئابوری وسەربازیان جیاواز بوو. هیچکات میرنشینی حەسنەویەو هەزبانیەو شەدادیەی کورد نەبوونە بەرچەپی دەوڵەتی ئیسلامی بەڵام میرنشینە عەرەبییەکانی خۆرئاوای عەرەب مێمل وبەرچەپی دەوڵەتی ئیسلامی بوون. ئیسلام تا ئەوکاتەی وەك ئیسلام هاتبێت، کەواتە ڕێگەی داوە نەتەوەی کورد یان کوردێك وەربگرێت، ڕێگەی داوە بەبەرگی کوردی و زمانی کوردی وژینگەی کوردی و میریی کوردییەوە قەبوڵی بکەن. تائەوکاتەیش وەك ئیسلام نەهاتبێ ئیدی بەروویدا وەستاونەتەوە. ئیسلامی کوردەواری دروست لێرەدا مانادار دەبێت، ئەم ریشەیە هەر لەسەرەتاوە هەبوو، ئەم نەزمی ئیسلامەتییە هیچ کات کورد نکولی لێناکات، هیچ تایبەتمەندییەکی کوردیش نکولی لێناکاتو بەرچەپی هیچ پرسێکی ناسیۆنالیستی کوردیش نییە. ئیسلامێك مەیدانی زمانو جوگرافیاو ئابوری و فەرهەنگو کۆمەڵی کوردی بەرتەسك نەکات ئیدی چما کورد بخزێتە بازنەی توندوتیژییەوە دژبەو دادو ئازادییەی کە دەیهەوێت ببێت بە ئایینی. کورد لەکوردستاندا نەتەوەی هەزارەی پێش زایینەو خەڵکێکی وابەستەیە بەو ژینگەیەوەو لەتەواوی نەتەوەکانی دی بەتەواوی سەرچاوە و بەڵگە مێژووییەکانەوە دێرینترە. ئەم فەرهەنگو رەسەنایەتییەی کوردە وایکردووە هیچکات دەست بۆ هەلقۆزتنەوە نەبات، کورد هیچکات میرو سوڵتانوخەلیفەیەکی ناچارنەکردووە کە لەبەردەمیدا بندەستبێت، هەروەکو چۆن لەچەندین قۆناغی مێژوویدا فارس هەستاون بە بندەستکردنی خەلیفەکانی عەباسی، یاخۆ تورك

هەڵساون بە کۆدەتاو بندەستکردی خەلیفەکانی عەباسی و بۆ دەیان ساڵ ئەوانی خەلیفە تەنها ناوی ناو وتارەکانی هەینی بوون. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا یە بۆچی نمونەیەکمان نییە کە کورد کۆدەتای کردبێت. لەفارسدا نموونەی دەیلەمییەکان یان بوەیهییەکانمان هەیەو لەتورکدا نمونەی سەلجوقییەکانمان هەیە، بەڵام کورد بۆ نەکشان بەرەو بەغداو هەمیشە پێیان وەك بەرەی خۆیان راکێشا. فەلسەفەی ئەم مێژووە تەنهاو تەنها لەخاڵێکدایە، ئەویش ئەوەیە کورد لەخاکی خۆیدا خاوەن ماڵ بوە، کورد رەسەن بوون، کورد ئاتاجی بە ستەم نەبووە، کورد ئاتاجی بە هەلی لەناکاو نەبووە، کورد زمانی جێگیر بووە، فەرهەنگی هەبووە، ئایندارییەکەی هەرکوردانە بوە، وەك فارسێك بەرگێکی سیاسی پێنەداو بیکاتە ئایینی رێچکانی شیعەوکۆنتاکت لەتەك تەوژمێکی سەرچاوە ئیسلامییەکە یان رەگێکی رەوتە ئیسلامییەکە بکات، یان وەکو تورك بەسەرولاخەوە نەبوون و هەست بەنامۆیی و غەوارەیی خۆیان بکەن، تورك وەك دیل هێنراون و سەرزەمینیان شوێن ژیان نەبووە و خەڵکی رەشۆکی ناو دەشتەوشك و تاقەتپڕوکێن وبێ نان و ئاوەکان بون، مرۆڤی زەردی رادیکاڵ و کەم دەماخ و دەگمەن بون لەپرسی ژیاردا، ئەوان سانا بووە بۆیان و برسیی بون، برسیی بون یان کورد گوتەنی نەدی و بدی بوون وەختێك لەکۆشکەکاندا وەك کەنیزەکێك خۆیان دیوەتەوەو حەواونەتەوە بەزوویی هەلیان قۆستووەتەوەو زەفەریان بردووە بە دەبەنگی خەلیفەکان. فارسیش بەهەمان شێوە، هەربۆیە ئەم دەمارە هەمیشە لەفارسوتورکدا هەبووە، زەفەربردن بەیەکتریو خیانەت و هەلقۆستنەوەی نابەرابەر. ئەوان هەمیشە بەرچەپی دەسەڵاتی ئیسلام و ناوەند بوون، خودی عەرەبەکان هەمیشە مێملێ یەك بوون، وەلێ کورد وانەبون، هەمیشە دیوی ژیاری و وەفاو ئیمانی راستگۆیی لەناویاندا زیندوو بووە. کورد بەردەوام لەبەردەم ئەم نەتەوە هەلقۆزەرەوانەدا دۆڕاوە، وەختێکیش دوجەمسەری دنیای ئیسلام هەڵدەستنەوە بەتایبەتی لەسەدەی شازدەدا، تورك و فارس دەبنە نوێنەری شیعەو سوننە. ولەو نیوندەیشدا کورد دەبێتە دیواری خوێنینی پاراستنی ئەم و ئەو. ئەمەیش دەمارە کلتورییەکەیە. چون کورد لەسەردەمی عەباسی و پێشتریش ئومەویدا هەردیواری خوێنین وقەڵغانی پاراستنی ئەوانی دی بوو، بەڵام هیچکات فارس نەبوونە قەڵغان یاخۆ تورك نەبوونە قەڵغان. کاتێك سەردارێکی تورك باڵادەست دەبوو ئەوانی بێ باڵا دەکرد، کاتێك فارسێك دەگەیشتە لوتکە ئەوانی دی لەبناربوون. بەڵام کورد کە سەردارێکی وەك سەلاحەدینی ئەیوبی دەبوو، ئیدی کەس لەسەرووی ئەوی دیبەوە نەبوو. تەنانەت دوژمنە ئیمانییەکانیش یەکسان بوون. ئەو شاهێدییە کێ هەبە نەیدا بێت.

سەلاحەدین هەلی نەقۆستەوە، سەلاحەدین دارای تایبەتمەندی خۆی بوو، پێویستی بە منۆبۆلی تایبەتمەندی ئەوانی دی نەبوو، سەلاحەدین کەسی نەچەوسانەوە هەروەك چۆن سەلجوقییەکان میرنشینێکی کوردیان بە پێوە نەهێشت.

خاڵێکی دیکەی گرنگ درێژەدانی نەتەوەکانە بەم دەمارە بۆنموونە وەختێك کە عوسمانییەکان بۆ ماوەی پێنج سەدە ئەدەبیاتی تورك تێکەڵ بە دنیای ئیسلامی سوننە دەکەن و فەرمانبەرداری زیاد لە١٦ نەتەوەی موسڵمانن، کاتێك کە دەرو خێن، تەنانەت تورکەکان خۆشیان داواناکەن کە عوسمانییەکان دەبێت بمێننەوەو ببنەوە سەرداری دنیای رۆژهەلات و ئیسلام، عەرەب بۆخۆی دەستی تەوقەلەگەڵ ئینگلیز درێژەدەکات و واز لەئالای جیهاد دەهێنێت و پرسی دەوڵەتی گەورەی عەرەب دەیانجوڵێنن و لەوکاتە هەستیارەدا کە لەمەیدانی رووبەروو بوونەوەکەدا دۆستەکەیان کەتورکە عورسمانییەکانن شمشێرەکە لەدەستیان بەربووەتەوە لەمۆدرۆسدا، ئەوان دێن پشت دەکەنە عوسمانی، خودی تورك پشت دەکاتە عوسمانی و ئیدی بالۆرەی ناسیۆنالیستی و تورککەرایی لێدەدەن و ئاوازی شیعرەکانی یوسف ئاقچۆراو زیاگۆئاڵپو خالیدە ئەدیب گوێیان دەتەنێ، ئەوە تەنها کوردە لەو قۆناغەدا دێت

> **خودی تورك پشت دەكاتە عوسمانی وئیدی بالۆرەی ناسیۆنالیستی و توركگەرایی لێدەدەن وئاوازی شیعرەكانی یوسف ئاقچۆراوزیاگوئاڵپ و خالیدە ئەدیب گوێیان دەتەنێ، ئەوە تەنها كوردە لەوقۆناغەدا دێت شۆڕشەكەی خۆی تەرخان دەكات بۆئەوەی حوكمی خەلافەت جارێكی تربگەڕێنتەوە**

شۆڕشەكەی خۆی تەرخان دەكات بۆ ئەوەی حوكمی خەلافەت جارێكی تربگەڕێنتەوە. ئەم مێژووە دەبێت راوەستانی لەسەربكرێت، ئەم خوێندنەوەیە مایەی قوڵبونەوەیەكی سایكۆلۆجی و سۆسیۆلۆجییە بۆتاكی كورد، ئەم هێزە سیحرێك نییە ناڵابێتە تاكی كوردو تەلیسمێك نییە كورد لەرەوتی بەرەوپێشچووندا پاگیرە بكات. هەموو ئەوەی كە لێرەدا بەوردی خرایە روو بونی تەوژمێكی هیومانیستی سەرراستانەیە كە لەكوردا هەیە، نهێنی ئەو شارستانییەتە دێرینەیە كە لەكوردا هەیەو لەوانی دیدا نەبووە، شارستانییەت و ژیارە دەخوازن مرۆڤ خانەدان و نەجیب بن، هەڵی نەقۆزنەوەو ئەوی دی نەخەنە چاڵ، هەربۆیە بەدرێژایی مێژووی بندەستیی نەتەوەی كوردو بەكۆیی قۆناغەكانی كۆڵۆنییكردنی كوردستان نەبینراوە كورد دەستەكانی بۆ ئەرزو ئاوی ئەوانی دی درێژ بكات، نەبووە و نابێت كورد ئەوانی دی بریندار بكات. ئەوە راستییەكە و مێژووی هەزارو چەند سەد ساڵی رابردوو هەربەو قەوانە بووە. ئەورۆ كورد وەك خۆی ئایندارێی وەرگرتووە، لەخەباتە هەقخوازییەكەیشدیدا هێمای داوەتە دەستەبەركردنی مافەكانی، ئەوەی كە دەخوازێ نەتەوەی كورد هەڵگری ئیسلامخوازییەكی شێوە وەهابی و ئیخوانی بێت، دروست رووبەرووی نەریتی هەزارساڵەی خۆی دەوەستێتەوەو دروست بۆهەوێنێكی دینداری دەست دەبات كە لەدەستپێكی فتوحاتەوە لەنێو كوردا گیرساوە. لەبەرئەوە هیچكات پرسی بندەستكردنی كورد وابەستە نییە بە پرسێكی ئایینییەوە، بەڵكو پرسێكی نەتەوەییە، روونتر بڵێین لادانی ئایینیو نارەسەنی پرسی نەتەوایەتی دراوسێكانی كورد لەتمەیان لەوبوونە هەقخوازییەی كورد داوە. كورد دارای بزووتنەوەیەكی رزگاریخوازییەو هاواری كورد وەك نەتەوە هاواری هەمو تایبەتمەندییە نەتەوەییەكانییەتیو هاورای زمان و ئابوری و خاك و فەرهەنگ و ئایینە، ئەم هاوارە دەكرێت چەپێك بیكات یان سیكۆلارو دیموكراتخوازێك بەڵام نابێت پارتێكی ئایدیا غەوارەی وەك ئەو ئیسلامیزمە ساختە سیاسیانەی كەهەن بیكەن، ئەوانە نە لەدێرینك رابردووی كورد گەیشتوون نەیش لەگەڵ تەرزی بیركردنەوەی كورد راهاتوون، نەیش خۆمانانەن لەپرسی سەبەخۆخوازی نەتەوەیی كوردا، بەڵكو ئەوانە داینەمۆی پرۆژەیەكی دەرەكین و بەلاوازی هاتوون بەلاوازیش دەكشێنەوە. فەلسەفەی مێژووی كورد پێمان دەڵێ كە پارتی ئایینی ناتوانێ لەبەردەم پرسی نەتەوەیی كوردا خوێندنەوەیەكی دروستبكات. نایشتوانێ ببێتە فاكتێك وهەست بەنامۆیی نەكات، هەروەك چۆن نایشتوانێ زەڕەیەك ئەدەبیاتی كوردیی لەخۆیدا بەرجەستە بكات، چون نە باوەڕی بەزمانی كوردییە، نەیش جوگرافیای كوردی نەیش باوەڕبە فۆلكلۆرو كەلتورو وئاوازو تۆنی كوردییە. ئەو باوەڕ پێنەبوونەیش دروست نائاگایانەیەو دەیداتە دوواوە، بۆنموونە مەلای كوردەواری لەبزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیدا شوێنی نییە، هەموو ئەو مەلایانەی كەهەن پەروەردەی قوتابخانەی ئیخوانیزمن، یان وەهابین یان مەرجەعی رۆشنبیریان هەمو شتێكە بەس كوردی نییە، سەرلەبەریشیان مەلایەكی خام وخاوو خەفێنراون، مەلای زیت وزرنگی كورد ئەوانەی دەرێی بازنە وەهابییەكەن، ئەوانەن بونەتە ئینسكلۆپیدیای ئازادی و فەرهەنگی و كۆمەڵایەتی كورد، وەك و شاعرانی كلاسیك چەندە كامڵن، گۆرانیبێژانی كلاسیك چەندە كامڵن، سەركردەی كلاسیكی كورد چەندە كامڵن و هەموو ئەوانە لەگەڵ ئەورۆ بەراورد كەن چەند ناكامڵن، بەو جۆرەیش ئایندارێ ئەم رەوتە ئیخوانی و وەهابییە هێندە ساختەوناكامڵن.



# مەتەڵێکی مردوو:
# پەیوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل

نوسینی: ئۆفرا بێنگیۆ*



وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: شیرا ڕۆستەمی

پاش گەیشتنی کوردانی جوو بۆ ئیسرائیلو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، ئیدی هەستی کوردان لەمەڕئەودەوڵەتە نوێیە جۆرێك لەدڵبەریو ئەوینی پێوەدیاربوو، بەجۆرێك وانیش بتوانن هەمان نەزمی کارکردنی ئیسرائیلییەکان لەدەوڵەتە نوێیەکەیان بگرنە بەر.

کوردەکان خواستیانە پێوەندییەکانیان بکەنە باوەڕێکی هاوبەشو تایبەتمەندیان کەن لەپێناو ئاکامێکی گرنگدا بۆ کاتەکانی ئێستایان. لەبەرامبەردا کوردانی جوو ئەوانەی لەچلەکانو

دەستپێکی پەنجاکاندا روویان کردبووە ئیسرائیل. ئەوانیش رۆڵێکی کارایان گێڕاو بوونە بڵندگۆی دەنگ و رەنگی کوردستان و شوێنی خۆیان لەبڵاوکردنەوەی ناساندنی دۆزی رەوای کورداندا بینی.

لەساڵی ١٩٦٦دا وەزیری بەرگری عێراق، عەبدولعەزیز العقیلی بەوە پلاری لەکوردانی عێراق گرت کە گەرەکیانە لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نیسرائیلی دووەم دابمەزرێنن. هەروەها ناوبراو ئەوەی دوپاتکردەوە کە هەریەك لەخۆرئاواو رۆژهەڵات کاردەکەن تا نیسرائیلێکی نوێ لەباکوری وڵاتەکەیدا دروستبکەن، دروست وەك ئەو وڵاتەی کە ساڵی ١٩٤٨ لەنیسرائیلدا دایانمەزران.

هەروەها وتیشی ئەمە دروست هەمان هەنگاوەکانی دووبارەبوونەوەی مێژووە لەنێوچەکەدا. هاوکات بێژەرێکی تەلەفزیۆنی عەرەب بەئاشکرا ئەوەی خستە روو کە گەر بێت و رووداوێکی لەم جۆرە بقەومێت ئەوا پاش دوو دەیە لەونەگبەتییەی فەلەستین کە رووبەڕووی عەرەب بوویەوە، دووەم نەگبەتی بەرۆکیان دەگرێت. هەموو ئەو مشتومڕانە لەکاتێکدا لەبارەی کوردانەوە دەهێنرێنە بەرباس کە چوار دەیە بەسەردروستبوونی دەوڵەتی عێراق تێپەڕیبوو. هاوکات عێراقییەکان ئیسرائیل وەك خێوێکی سەرەکی دژبەخۆیان وێنا دەکەن. ئەمەیش دروست وەك دەنگۆی هەموو ئەو تۆمەتانەیە کە ئەورۆ لەگەڵ لەمیدیا عەرەبییەکانەوە دەیانبیستین و ئاماژە بەوە دەکەن کە کوردستان و دەوڵەتی کوردی هەمان شوێن پێکانی نیسرائیلی لەتەك خۆدا هەڵگرتووەو بە یەهودستان و نیشتیمانی جوو وێنای دەکەن. هەربۆیە لەروانگەی ئەوانەوە هەموو ئەو پێوەندی و هاو چارەنوسییەی کوردو ئیسرائیل وەك دێوەزمەیەك پێناسە دەکرێت و مەبەستیانە پێوەندییەکانیان بە نا یاسایی و بوونیان بە ناڕەوا شرۆڤەبکەن.

دوواجارپرسیاری جەوهەری لەوەدایە ئەدی جۆری پەیوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل چین و لەچ چوارچێوەیەکدا شوێنیان دەبێتەوە. ئایا کوردەکان وەك مۆدێلێك دەڕواننە ئیسرائیل. ئایا ئاماژە هەرێمییەکان سەبارەت بە پێوەندییەکانی نیسرائیل و کورد چییان لێدەخوێنرێتەوە؟

پێوەندییەکانی کوردونیسرائیل پێوەندیگەلێکی ئاڵۆزن. بۆ هەڵدانەوەی ئەو پەیوەندیانە پێویستە جیاوازی لەنێوان چەند بوارێکی پەیوەندییەکان بکەین، پەیوەندی خەڵك و خەڵك پێچەوانەی جۆری پەیوەندییە فەرمییەکانە. هەروەك پێوەندی کوردی عێراق و تورکیا چۆن پێوەندی گەلێکی نهێنی و ئاشکران بەو جۆرە شرۆڤەیان بۆدەکرێت. دیارە بەبەراوردنی نێوان کوردو جووەکان گەلێ هاوشێوەیی نومایان دەبێت. تا ئەندازەیەك هەردوو لا نەتەوەیەکی بچوکن، جووەکان پازە ملیۆن و کوردیش ٣٠ ملیۆن دەبن. هەردوو لایش بەهۆی بندەستکردن و جەنگەکانەوە دوچاری گەلێ ناسۆری و گێرەو کێشە بوونەتەوە لەمێژوودا. هەردوو لا خەباتیان و نەبەردییەکانیان لەپێناو مانەوەی شوناسی تایبەتی نەتەوەییاندا بووەو هەردوولا بەردەوام لەمافی بوون بەدەوڵەت و بوونی کیانی سەربەخۆدا رێ و شوێنە یاسایی و نەریتییەکانی سەردەمیان لێداماڵراوە.

کوردو جووەکان لەرووی نەتەوەییەوە لەدراوسێکانیان لەوانە عەرەب و تورك و فارس جیاوازن، ئەو نەتەوانەی کە زۆرینەی خەڵکی ئاسیای نێوەڕاست پێکدەهێنن. شیاوی باسە لەم دواییانەدا کۆڵینەوەکان پێوەندی جێنەتیکی نێوان جووەکان و کوردیان بەجۆرێك خستە روو کە زۆر لەپێوەندی جێنەتیکی نێوان جووەکان و عەرەب روون و رەوان و نێزیکتر نومایان دەبوو. ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەفسانەیەکی نێوبانگی جارێکی تریادەوەری کردەوە. لەم سەرگوزەشتەیەدا سولەیمان پاشا، ئەوەی فەرمانردوایەتی فەوقولعادەی گێتی کردووە. داوای لەفریشتە بەردەستەکانی خۆی کردووە کە بەرەو ئەوروپا باڵبگرن و ٥٠٠ ژنی جوان لەتەك خۆیاندا بهێننەوە. ئیدی وەختێك فریشتەکان گەڕانەوە بۆیان روونبوویەوە کە پاشاکەیان کۆچی دووایی کردووە. وەلێ ئەوان خانمەکانیان لەلای خۆیان هێشتەوە. ئیتر

پاش ئەوە دەوترێت کوردەکان ئەو نەتەوەیەن کە لەو خانمانە کەوتوونەتەوە.

بەهەرشێوەیەك بووە لێکچوونەکان نێزیکییەکی فرەیان لەنێوان ئەم دووگەلەدا هێناوەتە گۆڕێ. لەرووی مێژوویەوە وادەوترێت کە جووەکان لەکوردستاندا ناوێتەی نەریتو تقوسە ئاینییەکانی جوو بوونو لێبووردەییان شان بەشان بووە لەتەك ئەو ستەمو نابەرابەریوتەنانەت قڕکردنەی کە لەهەندێ بارودۆخی دەگمەندا رووبەڕوویان بووەتەوە.

دیارە لەکاتەکانی سەرەتادا روانگەی کوردان بۆ جووەکان بەبەراورد بە مەسیحییەکانو موسڵمانان تا رادەیەك نامۆ بووە، وەلێ وەختێ دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا ئیتر ئەو هەستە بووە هەستێکی نێزیكو باوەڕێکی هاوبەش لەتەقلیدی بوون بەدەوڵەتو شوێن پێهەڵگرتنی پرۆسەی دەوڵەتداریی جووەکاندا.

بۆنموونە پاش ئەوەی رژێمی سەدام راپەڕینی ١٩٩١ی کوردانی عێراقی دامرکانەوە، کوردانی ئیسرائیل لەوکاتەدا بە ١٠٠٠٠٠ کورد دەخەملێنران، دەستیاندایە چالاکیگەلێکی فریاگوزاری بۆکوردانی عێراق. هاوکات دەستیاندایە خۆپیشانگەلێكو پەیامیان ئاراستەی سەرۆك وەزیرانی وڵاتەکەیان ئیسحاق شامیلکردو هاوکات داوایان لەحکومەتی ئەمەریکا کرد تا پشتیوانی گەلی کورد بکات لەباشووری کوردستان دژبە هەڕەشەو دەستدرێژییەکانی سەددام.

لەراستیدا لەمیانی کۆبوونەوە لەتەك وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا جیمس پیکەر، شامیل پێداگریی کرد کە پێویستە ئەمەریکا بەرگری لەکوردانی عێراق بکاتو بیانپارێزێت. بەماوەیەکی کەم پاش ئەوە ئیتر یەکێتی دۆستایەتی کوردو ئیسرائیل لەئۆرشەلیم دامەزرا. ئامانجی ئەم یەکێتییە برەودان بوو بەپێوەندییەکانی کوردو جولەکەو ئیسرائیل لەسەرانسەری جیهاندا. بەمجۆرە جولەکەکانی ئیسرائیل لەدەستپێکی نەوەدەکاندا زەمینە سازیان کرد بۆئیسرائیلییەکانی ترتا پردێکی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەسەربنەمای زمانو کلتووری هاوبەش دروستبکەن. بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی دەوترێت ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم ئاسانتر دەتوانێت لەمامەڵەدابێت لەتەك کوردانی جودا لەئیسرائیل، چونکە وا بانگەشە دەکەن کەوەك هاوڵاتییەکی عێراقی لەگەڵیاندا لەپێوەندیدان.

لەئاستێکی تردا دەکرێت بڵێین لەنەوەدەکانەوە پاش ئەوەی ئەنجومەنی کاروباری گشتی ئەمریکی ئیسرائیلیی بینیان کوردانی جوو لەئیسرائیل رۆڵیان بینی لەدەستگرۆی کوردانو چێکردنی پەیوەندیدا. ئیدی وانیش دەستیان کرد بە درێژەدان بەپەیوەندییەکانیان لەتەك بەرپرسانی کورددیدا. ئەوان لەسەرئەو بنەمایە کاریان دەکرد کە کوردان وەك نەتەوەیەکی گچکە لەخەباتدان بۆخۆپاراستنو دیاریکردنی مافی چارەنوسیان لەچنگی عەرەبە نەیارە دراوسێکانیاندا، ئەمەش دروست هەمان ئەو رەوشەبوو کە ئیسرائیل لەنێویدا لەگێژاودایە. هەربۆیە وابیریان دەکردەوە کە لەگەڵ کوردانداا دەکرێت بگەنە هاوپەیمانییەتێکی سروشتی.

بەگوێرەی بۆچوونی موسی ئەمیتای کە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری رێکخراوی ئەنجومەنی گشتی ئەمریکی ئیسرانیل بووە لەساڵانی ١٩٧٤ بۆ ١٩٨٠. ئەو پێی وایە کە هاوەڵەکانی ئیسرائیل هەمیشە دۆستایەتی کوردوئیسرائیل بەرز دەنرخێنن. هەروەها کوڕەکەی ئەمیتای بەنێوی مایك ئەمیتای کە ویش وەك بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پەیمانگای کوردی واشنتۆن لە١٩٩٦ بۆ٢٠٠٥ دەستبەکاربوو. ناوبراویش رۆڵی لەچێکردنی وتارێکدابووە کە گرفتی کوردانی تورکیاو ئێرانو عێراقو سوریا لەخۆیدا بەرجەستەبکات. هەربۆیە بەهەوڵەکانی ئەو و رێکخراوەکەی توانیان دەستبکەن بە خستنەکاری بەرنامەیەکی تەندروستیو کۆڵینەوەی مرۆیی بۆ کارکردن لەسەرئەو بوارانە لەباکوری عێراقدا کە کاریگەری چەکی کیمیایی درێژخایەنیان لەسەرە. هاوکات رێکخراوەکەیان هەستان لەبواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیو تەندروستی دا لەژێر

سەرپەرستی ژنگەلێکدا بۆ ئاواییە دوورە دەستەکانی هەرێمەکە بەرنامەی چڕوپڕیان داناو هۆشیاریو ئاگاییان لەو بوارانەدا چڕکردەوە.

باوەڕی هاوبەشو نێزیکیی هەردوو نەتەوەکە کاردانەوەکانی خۆیان لەسەر بوارەکانی ئەدەبو هونەریش بەجێهێشت. بۆنموونە لەرۆمانی ئایدای رۆمانووسی بەنێوبانگی ئیسرائیلی سامی میخائیلدا، ژنێکی کورد رۆ ڵی پاڵەوانی رۆمانەکە دەبینێت.

ئەو ژنە کوردە لەرۆمانەکەدا پەناگەیەك دەدۆزێتەوە تا لەترسو بیمی رژێمی سەدام قوتاربێت. ئەو پەناگەیە بریتییە لەخانووی یەکێ لەجووەکانی شاری بەغداد. هەروەها لەفلمێکی دۆکیۆمێنتاری بەنێوی بەغداد لەبیریکرد، کە لەئیسرائیلدا ساڵی ٢٠٠٢ بەرهەمهاتبوو، تێیدا هەستو هۆشو ئەوینی کوردانی ئیسرائیل بۆ وڵاتەکەیان کوردستان نومایانکرابوو . هەروەها هەمان هەستو ئەوینی نیشتیمان لەکتێبەکەی ئارێل سابردا نیشاندراوە کەتێیدا چیرۆکی بابی دەگێڕێتەوە ، ئەو لەزمانەوانی خۆیدا بە یۆنا سابر ناسراوە. لەو کتێبەدا باس لەسابر دەکرێت کە لەماوەکانی پێشوودا لەزاخۆدا هاتۆتە دوونیاوە، وەلێ لەدەستپێکی تەمەنیدا ئەوێی بەجێهێشتووە. ناوبراو لەکتێبەکەدا ئەوە دەخاتە روو کە چۆن ئێستایش وابەستەیە بەخاکەکەی خۆی و زێدی باپیرانی خۆیەوە کە کوردستانە.

لەروانگەی کوردانیشەوە هەمان تێگەیشتن هەیە، ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن داود باغستانییەوە گۆڤاری کوردو ئیسرائیل بڵاوکرایەوە. لەگۆڤارەکەدا ئەوە خرابوویە روو کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە خواستی پێوەندی نێزیکتر لەگۆڕێدا هەیە. هەرچەند کە گۆڤارەکە بۆ ماوەیەکی کەمیش بەردەوامبوو، وەلێ بەشێوەیەکی ئازاد توانی ئەوە بخاتە روو کە چ ئەوینو بڕوایەکیان بە ئیسرائیل هەیە لەنێزیکبوونەوەیان بە ئۆرشەلیمەوە.

لەلایەکیتریشەوە گروپێك لەقوتابیانی کورد لەزانکۆکانی کوردستان داوایانکرد کە پەیوەندی لەنێوان کوردستانو ئیسرائیلدا دابمەزرێت.

بەهەمانشیوە کوردان هیچ لەوەدا دوودڵنین کە ئیسرائیلی یاخۆ جووەکان بانگهێشتی کۆنفرانسەکان بکەن بۆ کوردستان یان بۆ هەرشوێنێك یاخۆ بۆ وەرگێڕانی کتێبەکانیان بۆ سەر زمانی کوردی. بۆنموونە ناتان شارانسکی، نەیاری پێشووی رووسو پاشتر سەرۆکی ئاژانسی جولەکە. لەئۆکتۆبەری ٢٠١٣ دا بانگهێشتی سێهەمین کۆنفرانسی کوردیی کرا لەستۆکۆڵم. هەروەها لەکۆتایی ٢٠١٣دا چەندین جو بانگهێشتی کوردستان کران بۆ بەشداربوون لەکۆنفرانسێکی تایبەت بەکەمایەتییەکان. بەهەمان شێوەیش لەنەوەدەکان بەدوواوە چەندین جولەکەی کوردو ناکورد هاموشۆی هەرێمی کوردستانیان کردووە.

## گۆشەی سیاسیی کوردانی عێراق:

چەندین باری سەرنجی گشتی لەسەر پێوەندییە سیاسییەکانی رژمێمەکە لەگۆڕێدایە. یەکەمیان ئەوەیە کە پێناسەیەکی گونجاو نە لەلایەن ئیسرائیلەوەدو نە لەلایەن کوردەکانەوە بۆ باری پێوەندیە سیاسیيەکانی نێوان هەردوو لا ناکرێتو دەستپێکی سیاسەتێکی تایبەت لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا سەرهەڵدەداتو تەنها وەك شەپۆلێکی کاتی سەرهەڵدەدات. دووەمیش ئەوەیە کە بابەتەکە بۆ هەردوو لا ئێجگار هەستیارە. کوردەکان ترسیان لەکاردانەوەی حکومەتی عێراقیو هاوڵاتیانی عێراقی هەیە.

کوردەکان دەترسن لەلایەن عێراقییەکانەوە تۆمەتی خیانەتیان بۆ بتاشرێتو ئیسرائیلیش لەوە بەئاگایە نەکا ئەوان توشی ئیحراجی بکات لەهەمبەر جۆری پێوەندییەکانی لەتەك کورد دا. بەمجۆرە هەردوولا ئامادەنین لەرووی پراکتیکییەوە دانبنێن بەبوونی هەرجۆرێك لەپەیوەندی لەتەك یەکتریدا. سێهەمیش بریتییە لەوەی کە جیاوازییەکی گەورە هەیە لەپێوەندییەکانی ئیسرائیل لەتەك رێبەرایەتی کورد لەکوردستانی عێراق وەك ئەوەی کە لەتورکیادا هەیانە.

دیارە ئەمەیش کاردانەوەی هۆکارگەلێکی سیاسیی و جیۆسیاسی و مێژوویی هەمەجۆرە. لەساڵی ١٩٦٤دا وەختێك شۆڕشی کوردیی لەرەوشێکی ناهەمواردا بوو، چالاکوانی کورد عیسمەت شەریف وانلی پێشنیازی کرد بۆ مەلا موستەفای بارزانی کە پێوەندی بکات بە ئۆرشەلیمەوە تا هاوکاری کوردان و شۆڕشەکەیان بکات. بەمجۆرە وانلی چووە ئیسرائیل و چاوی کەوت بەسەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لیڤی ئشکول و هەروەها شەمعون پێرێزی بینی. پاش ئەو سەردانە حکومەتی ئیسرائیل نوێنەرانی هەمیشەیی خۆی نارده کوردستان. هاوکات ئیسرائیلیەکان هەوڵیاندا کۆبونەوەو دیدارگەلێك لەنێوان وانلی و بەرپرسانی ئەمەریکیدا رێك بخەن. بەڵام دوواتر هەموو ئەوانە درانە دوواوە.

دەتوانین بڵێین ئەو روانگەو رێرەوەی کە لەپێوەندی نێوان ئیسرائیل و کوردا رۆڵی بینیوە بریتییە لەتێگەیشتنی ئەووتەیەی کە دەڵێ دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە. دیارە کە دوژمنی هاوبەشیان بریتییە لە حکومەتی بەغداد. ئەوەی بۆ هەردوولایش مەترسیدارترین بووە بریتیبووە لە حزبی بەعسی عێراق کە لەساڵی ١٩٦٨ بۆ ٢٠٠٣ حوکمی تاك رەوانەی عێراقی کردووە. بەڵام لەراستیدا پێوەندییەکان و وابەستەیی کوردو ئیسرائیل مێژووەکەی دێرینترە لەمێژووی دەسەڵاتی حزبی بەعسی عێراقی.

وابەستەییەکە دەگەڕێتەوە بۆ پەنجاکان و بۆ ئەو دەمەی کە ئیسرائیل دەستیدابوویە سیاسەتی ستراتیژیی دەرەکیی و خۆنزیککردنەوەو بەستنی هاوپەیمانێتی لەتەك دەوروبەردا. لێرەوە ئیسرائیل دەگەڕا بەشوێن هاوپەیمانییەتێکی ناعەرەبی و وابەستەییەك لەتەك کەمینەیەکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تا پێناوی خۆی لەبەرامبەر زۆرینەی عەرەبی نێوچەکەدا فراوانتربکات. لەم سۆنگەیەوە پێوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل بە ماوەیەکی کەم روویان لەگەشەسەندنکرد، بەتایبەت کاتێك کوردەکان لەپایزی ١٩٦١دا دەستیاندایە راپەڕین و یاخیبوون دژبە حکومەتی نێوەندی بەغداد. دیارە کە ئەوەی بەردەستکەوتووە ئەوەیە کە پێوەندییەکە بەدەستپێشخەری ئۆرشەلیم هاتووەتە گۆڕێ و دەستپێکی پێوەندییەکانیش لەلایەن رۆڤێن شیلۆوە دامەزراوە کە لەماوەکانی دوواتردا بووە بەرپرسی یەکەمی دەزگای هەواڵگری مۆسادی ئیسرائیلی و لەسییەکانیشدا وەك پەیامنێری یەکێ لەبڵاوکراوەکانی فەلەستین کاری رۆژنامەنووسی کردووە.



عیسمەت شەریف وانلی یەکێك بوو لەدانوستکارانی دەستپێکی پەیوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل. ناوبراو لەیاداشتەکانیدا باس لەوەدەکات پاش ئەوەی شۆڕشی کوردی دوچاری قەمتو قەڵسی ببوویەوە پێشنیازی کردووە بۆ مەلاموستەفای بارزان تا رێگەی پێبدات لەتەك ئیسرائیلییەکاندا دانوستان بکات و داوای هاریکاریان لێبکات. ئیتر دووابەدووای رازیبوونی بارزانی و بەهاریکاری دەزگای هەواڵگریی ئێرانییەکان عیسمەت شەریف دەچێتە ئۆرشەلیم و لەتەك سەرۆك وەزیران لیڤی ئشکۆك کۆدەبێتەوەو هەروەها چاوی بەسەرۆکی پارتی کارشەمعۆن پێرێزیش دەکەوێت. دروست پاش ئەو سەردانە ئیسرائیل نوێنەرگەلێکی هەمیشەیی خۆی دەنێرێتە کوردستان.

هەروەها ئیسرائیلییەکان هەوڵدەدەن کە دیدارو وتوێژ لەتەك ئەمریکییەکانیش لەمەڕپرسی کورد بهێننە گۆڕێ، وەلێ ئەو هەوڵانە درابوونە دوواوە. هەربەگوێرەی گێڕانەوەکانی عیسمەت شەریف وانلی، ئیبراهیم ئەحمەد کە دوواتر لەپارتەکەی بارزانی جودا بوویەوە، لەماوەکانی پێشووتردا بەشێوەیەکی نهێنی سەردانی ئیسرائیلی کردووە. دیارە ئەم ئاشکراکردنەی بۆبرایم ئەحمەد گرنگ بوو، چوون

لەماوەکانی دووا تردا ئیبراهیم ئەحمەد زانیارییەکانی لەبارەی پەیوەندی بارزانی و ئیسرائیل دزە پێدەکرد، دیارە کە ئەمەیش هەمووی لەپێناو قەڵسکردنی زێدەتری بارزانیدا بوو. بەگشتی پێوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل بەنهێنی لەلایەن هەردوولاوە هێڵرانەوە. پێوەندییەکان لەقۆناغی هەوڵی حزبی بەعسدا گەیشتنە لوتکە، واتە لەمیانی ١٩٦٨ بۆ ١٩٧٥ دا. هەرلەوقۆناغەدا بارزانی دووجار بەنهێنی سەردانی ئیسرائیلی کرد، واتە لەساڵەکانی ١٩٦٨ و ١٩٧٣ دا. بارزانی لەسەردانەکانیدا بەرپرسە باڵاکانی ئیسرائیلی بینی، لەوانە لەتەك سەرۆك وەزیراندا دیداری سازدا. هاوکات هەردوو کوڕانی مەلامستەفا، مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانیش سەردانی ئیسرائیلیان کرد. هەرسەبارەت بەم پرسە بەرپرسانی هەمەچەشنی ئیسرائیلیش هاموشۆی کوردستان و هەرێمەکەیان دەکرد.

ئەم پێوەندییانە بۆ هەردوو لا مایەی سودو بەرژەوەندی بوو، ئیسرائیلییەکان لەم پێناوەدا توانیان زانیاریگەلێکی هەواڵگری لەبارەی چەند هەزار جووێك بەدەستبهێنن و توانیان هەماهەنگی هەموو ئەو جووانە بکەن کە لەچنگی حزبی بەعس نیازی هەڵهاتنیان هەبوو. کوردەکانیش جگەلەدەستکەوتنی یارمەتی مرۆیی و ئاسایشیی، زەمینەیان بۆ رەخسا تا دەستیان بەدەرەوە بگات، بەتایبەتی لەو رێگەیەوە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نزیکبوونەوە. هەوڵ دانپێنانی فەرمی ئیسرائیل بەوەی کە هاریکاری کوردانی کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ ٢٩ سێپتەمبەری ١٩٨٠. ئەوەیش وەختێك بوو سەرۆك وەزیران مەناخیم بگین ئەوەی نەشاردەوە کە بەڵێ هاریکاریی کوردانیان کردووە لەجەنگی دژبە عێراقدا لەماوەی ساڵانی ١٩٦٥ بۆ١٩٧٥. ئەوەیشی وت ئەمەریکا ئاگاداری راستییەکی لەو جۆرە هەیە، هەروەها وتیشی ئەوان تەنها بەناردنی راوێژکاری سەربازی و راهێنەرو چەك و چۆڵ یارمەتی کوردانیان داوە نە بەناردنی یەکەی سەربازی ئیسرائیلی. یارمەتییەکانی ئیسرائیل لەسەرەتادا کورتکرابوونەوە لەهاریکاریی ئینسانیدا. بۆنموونە پێکەوەنانی خەستەخانە مەیدانییەکان لەساڵی ١٩٦٦دا. وەلێ وردە وردە ئەم کۆمەکانە زێدەتر ئاڕاستە دەکران تا کارگەیشتە رادەیەك ئیدی چەك و چۆڵ و جبەخانەو کۆگەی تۆکمە دەنێردرایە بەرەکانی جەنگی پێشمەرگەوە. پاشتریش پێویستییە جەنگییەکانی وەك دژە تانك و دژە فرۆکە بەردەستی پێشمەرگەکەوتن. هاوکات کوردانهەم لەئیسرائیل و هەمیش لەکوردستان راهێنان و مەشقی سەربازییان لەلایەن پسپۆڕانی ئیسرائیلییەوە پێدەکرا.

یەکێك لەسەرچاوە متمانە پێکراوەکان ئەوەی خستە روو کە تەواوی راهێنانی کوردەکان لەلایەن ئیسرانیلییەکانەوە بەڕێوە دەچوو. رفائیل نیتان، لەساڵی ١٩٦٩دا سەردانی کوردستانی کرد. ناوبراو پێش ئەوەی ببێتە سەرۆکی دەستەیەکی فەرمانبەری ئیسرائیلی وتبووی کە زۆرترینی راهێنەرەکانی ئیسرائیل بریتین لەپەرەشوتەوانەکان. هاوکات ئیسرائیلییەکان وەك راوێژکار لەمەیدانەکەدا ئامادەییان هەبوو. لەراستیدا سەردانی ئیتانیش هەرلەو چوارچێوەیەدا بوو کە وەك راوێژکارێك نێردرابوویە نێو شۆڕشی کوردەوە. بەڵام پێویستە ئەوەپشت راست بکرێتەوە کە ئیسرائیلییەکان بەهیچ جۆرێك بەشداری راستەوخۆی جەنگەکانیان نەدەکرد یاخۆ رۆڵی فەرماندە بگێڕن لەجەنگەکاندا. هاوکات ئەوان رۆڵیان دەبینی وەك راگەیاندنی کەمپین و پشتیوانی شۆڕش لەوڵاتانی ئەوروپاداو پروپاگەندەیان بۆشۆڕش دەکرد. هەروەها لەبوارەکانی کردنەوەی کۆرس بۆ پزیشکانی کوردو دابینکردنی پەرتوك بەزمانی کوردی لەقوتابخانەکان و گەلێ بواری لەوجۆرەدا ئیسرائیل هاتبووە پێشەوە. وەلێ هەموو ئەم دەستگرۆیی و کۆمەکانە لەپڕدا وەستان. دیارە ئەمەیش بەهۆی رێککەوتنی جەزائیری ئازاری ١٩٧٥ روویدا. ئەم رێکەوتنە لەنێوان شای ئێران و عێراقدا توانی سنوورێك بۆ یاخیبوونی کوردان دابنێت و شۆڕش کۆتایی پێهات. بەڵام پێوەندییەکان تەنێ بۆ ماوەیەکی کاتی وەستابوون ولێرەولەوێ لەکاتە جیاوازەکاندا درێژەیان هەبووەو بەنەزمی جیا سەریان هەڵداوەتەوە.



### گۆشەی سیاسیی پەکەکە:

ئەوەی کە دەوترێت لەسەر پەیوەندی ئیسرائیل بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، دروست پێچەوانەی ئەو نیازەیە کە ئیسرائیل لەتەك پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکەدا هەیەتی. ئەوەی لەگەڵ پەکەکەدا دەگوزەرێت ئەوەیە کە دەڵێت هاوڕێی دوژمنەکەم دوژمنمە. هاوڕێیانو دۆستانی پەکەکە بریتین لەسوریاو گروپە فەلەستینییە رادیکاڵەکان کە زەمەنێکە لەژێر تینو تاو و چاودێری سوریادا زیندو ڕاگیراون، هاوکات دۆستی ئیسرائیلیش لەم میانەدا بریتییە لەتورکیا. بەم شێوەیە پێوەندیەکان لەنێوان ئیسرائیلو ڕێبەرایەتی کوردی تورکیادا ئێجگار ئاڵۆزو دژو ارنومایان دەبن. پەکەکە بۆخۆی دژبە رەوتی زایۆنیستی لێدوانەکانی چڕکردووەتەوەو ئۆجەلان بۆخۆی وەك ڕێبەری پەکەکە لە٢٠٠٥دا لێدوان گەلێکی دژبە زایۆنیزمو ئیسرائیلو روانگەی سامیگەراکان خستەڕوو. ئەو لەلێدوانەکانیدا رایگەیاند: هەمان شێوەی زایۆنیزمی دووەم، هەرێمی کوردستان هەماهەنگی دەکرێت بۆ دەوڵەتدارێتی. دبارە کە دەوڵەتدارێتی نەتەوەگەرای کورد لەداهاتوودا دژ بە ئێرانو تورکیا بەکاردەهێنرێت، لەراستیدا من دژی ئەوەمو هەوڵدەدەم ئەو رەوشە بودەستێنم. ئێمە پیاوانێکی لاوازمان هەیە، بەهەمان شێوەی شتانێك کە لەفەلەستیندا ساڵی ١٩٤٨ رویاندابوو، ئاکامەکەی تەنها جەنگ گەلێکی شوموترسناك بوون. ئەوەی ئیسرائیل دەیهەوێت وەك دەڵێن زەمینەی شەڕە سەگوتێکبەردانی وەحشیگەرانەیە. ئەوجەنگەی ئیسرائیل دەیکات لەگەڵ عەرەبدا وێرانکارییە، ئەوە بەراورد بەوە ناکرێت کە ئێمە خواستی مافە سەرەتاییەکانی خۆمان هەیە، گەرئەو مافانەمان دەستەبەرکرد، ئێمەنامانەوێت بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردیی زایۆنیزمی دووەمی لێبکەوێتەوە. هەروەها ئۆجەلان پێداگریدەکردو دەیگوت:

نەخێر هەڵەبۆی نەچووم، من دژ بە جووەکان نیمو دژبە سامیزمی ئەورۆکەیش نیم، من لەگەڵ بەشداریی دیموکراسیانەی جووەکانم لەرۆژهەلاتی ناویندا، هەروەك چۆن دژی عەقڵیەتی زایۆنیزمن، عەقڵیەتێك کە هەمیشە رقو کینو کوشتن بەرهەم دەهێنێت. لەرووی پراکتیکیشەوە ئۆجەلان باش ئەوەی لەژێر سایەی رژێمی ئەسەدی سوریدا ساڵی ١٩٧٩ مافی پەنابەرێتی وەرگرت. ئیتر بوویە داردەستی سورییەکانو بووە هاوپەیمانی رێکخراوە ئازادیخوازەکانی عەرەبی فەلەستینی لەسوریادا، بەجۆرێك لەکۆتایی ١٩٧٩دا پەکەکە چەندەها یەکەی سەربازی گەریلایی لەتورکیاوە قوتاری سوریاکردو لەوێشەوە برانە کەمپەکانی لوبنانی ژێر قەڵەمرەوی سوریاو لەتەك رێکخراوە فەلەستینییەکان ئامادەی مەشقو راهێنانکرانو جارجاریش شان بەشانی وان رووبەرووی ئیسرائیل دەبوونەوەلەپێکدادانەکاندا. وەك چۆن دانێك پایپ تێبینی کردوومو وتوویەتی: ساڵی ١٩٨٢ چەکدارانی پەکەکە بەحەماسەتەوە دژبە ئیسرائیل جەنگانو دڵسۆزی خۆیان دوپاتکردەوە، هەربۆیە لەپاداشتی ئەو چالاکییانەدا سنووری راهێنانو مەشقیان لەشیوی بیقاعدا بۆ فراوانکراو زێدەتر جێگیربوون. بەجۆرێك ئەوێ بوویە بنکەی سەرکردایەتی گەریلاکانی پەکەکە.

دیارە لەئاکامی جەنگەکەدا بیست کەس لەمێزەکانی پەکەکە لەنێوکەمپەکانی لوبناندا کوژران. پاشتر سوریا رێگەی پێدان تالەژێرقەڵەمڕەوی خۆیدا مەشقەکانی پەکەکە زیاتر بکرێن. ئۆجەلان ساڵی ١٩٩١ بانگەشەی ئەوەی کرد کە سەدان بارەگایان لەلوبنان هەبووە. بەجۆرێك پەیامنێرەکان شاهێدی ئەوراستییەبوونورایاندەگەیاند کە تەنانەت گروپە فەلەستینییەکانو نەیارانی تورکیا سودیان لەتواناو دامەزراوەیی بارەگاکانی پەکەکە دەبینی.

بەم جۆرە پەیوەندییەکانی پەکەکە لەتەك ئیسرائیل بەشێوەیەکی گشتی رەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییەکانیان هەبووە لەگەڵ خۆرئاواداو بەشێوەیەکی تایبەتیش کاری کردۆتەسەر پێوەندییەکانیان لەتەك تورکیا دا. هەرپێیە لەسەر نەزمو رێو شوێنی وڵاتانی ئەوروپا دەبوو ئیسرائیلیش هەستیاربی رەوشی تورکیا بەهەند وەربگرێت. دیارە کە ئەنکەرە پەکەکەی بە دوژمنی باوە کوشتەی خۆیو نێوچەکە دەزانی. هەرپێیە ئیسرائیلیش دەبوو فرە هەستیاربێت لەنێزیکبوونەوەو پێوەندی لەگەڵ رێبەرانی کورد لەتورکیادا. هاوکات پەکەکەیش پێویستە پێوەندییە ستراتیژییەکانی تورکیا لەتەك ئیسرائیل رەچاوبکاتو دوژمنایەتی ئەو رەهەندە لەخۆی بەدوور بگرێت، بەتایبەت کاتێك کە پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل لەو نێوەندەدا گەیشتبوونە لوتکە. دیارە سەرەڕای ئەو هەموو فشارەی تورکیا کەلەسەرری و شوێنی پێوەندییەکانی ئیسرائیل هەیە لەگەڵ کوردانی تورکیا، هێشتا ئیسرائیل رازی نەبوودو رێگرە لەناساندنی تێرۆریزمی کوردان بەشێوەیەکی فەرمی. پاش سەردانی ئەحمەد چەتینی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆئۆزشەلیم لەساڵی ١٩٩٣ دا نەتوانرا و لەئیسرائیل بکرێت مل بدات بۆ ناساندنێکی لەو جۆرەی کوردان. هەروەها لەمانگی پێنجی ١٩٩٧ سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهۆ رایگەیاند ئیسرائیل پشتیوانی تورکیایە لەهەر رووبەڕووبوونەوەو جەنگێکیدا لەتەك پەکەکەدا. هەروەها بنیامین لەدرێژەی راپۆرتەکەیدا لەسەری رۆیشتو وتی ئەستەمە لەگەڵ سوریادا پرۆسەی ئاشتی سەربگرێت تاوەکو سوریا دەستبەرداری پشتیوانی لەپەکەکە نەبێت. یەکێکی ترلەخاڵە لاوازەکانی پێوەندی ئیسرائیلو پەکەکە لەپاش دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان رێبەری پەکەکەوە لەمانگی دووی ١٩٩٩ دا هاتە گۆڕێ. چونکە لەپرۆسەی قۆڵبەستکردنەکەدا تاڕادەیەك سوچی ئیسرائیل نومایان بووبوو.

هەرچەندە ئیسرائیل بەتوندی ئەوەی بەرپەرچ دەدایەوە کەدەستی لەو پرۆسەیەدا هەبێتو لەبەرامبەر ئەو خۆپیشاندانانە جەماوەرییانەی کورد کەلەبەردەم قونسوڵی ئیسرائیل لەبەرلین هوتافیان دەکێشا درشدۆنگی خۆی پیشاندەدا. بەشێوەیەك ٣ لەخۆپیشاندانە کوردەکانیان لەمەیدانەکەدا کوشتوکۆتاییان هێنا بە نارەزاییەکان. خۆشبەختانە تەنگژەکان ئاڵۆزی تریان بەدوادا نەهاتو دامرکانەوە. بەڵام لەدوایدا پەکەکە داوای لەئیسرائیلکرد داوای لێبوردن بکات لەسەر ئەو هەوڵانەی لەدەستگیرکردنی ئۆجەلاندا دەستی تێیاندا هەبووە. یەکێکی ترلەو خاڵە تەڵخانەی لەپێوەندی پەکەکەوئیسرائیلدا هەیە بریتییە لەفرۆشتنی ئەو ١٠ فرۆکە بێ فرۆکەوانەی ئیسرائیل بەتورکیا، چوون پەکەکە وا گومان دەبات کە بۆمەبەستی هەواڵگیری دژبە ئەو بەکاریدەهێنن.



### گۆڕانکاری ژینگەی جیۆسیاسی:

لەمانگی چواری ٢٠٠٨ دا جەلال تاڵەبانی هیچ دوودڵ نەبوو لەوەی کە لەکۆنفرانسی یۆناندا دەستبخاتە نێو دەستی یەهود باراکی وەزیری بەرگری ئیسرائیلەوە. ئەوە زۆر بەئاشکرابوو، لەکاتێکدا بوو مەحمود عەباسی سەرۆکی خۆبەڕێوەبەری فەلەستینی لێی دەڕوانین. هەرچەند کە چەند ئەندام پەرلەمانێکی عێراقی پلاریان لەو هەڵوێستە گرت. تاڵەبانی وتی دەستگوشینی وەزیری بەرگری ئیسرائیل وەك سکرتێری یەکێتی خۆی لێی بەرپرسەو وەك سەرۆکی عێراق ئەو کارەی نەکردووە.

دیارە زەمینەی جیۆسیاسی پێوەندییەکانی ئیسرائیل‌و کورد بەشێوەیەکی دراماتیکی لەم چەند ساڵەی دوواییدا گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە.

تاوەکو ئێستایش کرانەوەو نێزیکی کوردو ئیسرائیل پێچراوە لەپرسگەلێکی ئاسایشییەوەو چەندین تیۆری پلانگێڕیی تێیدا ڕۆڵدەبینێت. پاش جەنگی ۲۰۰۳و دامەزراندنی حکومەتێکی دیفاکتۆ لەهەرێمی کوردستاندا زەمینەو ژینگەی پێوەندییەکانی کوردو ئیسرائیلی پێشخست. لەلایەکەوە نیدی حکومەتی عێراقی وەك رابردوو رادیکاڵانە نەیدەروانییە ئیسرائیل‌و مژوڵی سەر ئێشەکانی خۆی بوو، لەلایەکیتریشەوە هەرێمی کوردستان لەم رەوشەدا زیاتربڕوای بەخۆی هەیەو دەتوانێت روانگەی خۆی روونترنومایان بکات، ئەو روانگانەی کە پێشووتر نەیدەتوانی خۆی لەقەرەیان بدات. بۆنموونە لەساڵی ۲۰۰۵ دا مەسعود بارزانی بەڕوونی رایگەیاند کە دامەزراندنی پێوەندی لەتەك ئیسرائیلدا هیچ تاوان نییە، هەروەك چۆن گەلێ لەوڵاتانی عەرەبیش پێوەندی فەرمییان لەگەڵ دەوڵەتی جولەکەدا هەیە. هەروەك چۆن لەساڵی ۲۰۰۸یشدا جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی بەئاشکرا لەکۆنفرانسێکی یۆناندا دەستی تەوقەی لەتەك وەزیری بەرگری ئیسرائیل یەهود باراك گوشی. لەم کاتەداولەوەڵامی پەرلەمانتارانی عەرەبی دا مام جەلال بەرروونی وتی تەوقەکردنەکە وەك سکرتێری یەکێتی بە رەوای خۆی دەزانێت‌و وەك سەرۆك کۆماری عێراق نەیکردووە. پێشتریش میدیای ئیسرائیلی تیشکیانخستە سەر دیداری نهێنیانەی نێوان مەسعود بارزانی‌و جەلال تاڵەبانی لە۲۰۰٤دا. هەمان سەرچاوەی ئیسرائیلی لەوبارەیشەوە هەواڵیاندا کە بنیامین ناتانیاهۆی سەرۆك وەزیران لەگەڵ نێچیرەڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیدارگەلێکی نهێنییان پێکەوە ئەنجامدابێت. دیارە کە لەم سۆنگەیەوە ئاسایشی شاراوەو وابەستەییەکی ئابووری برەوی پێدراوەو بەشێوەیەکی رەوانیش مەشقی سەربازیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردیی کراوە. بەگوێرەی هەندێك لەسەرچاوەی نائیسرائیلیی چالاکوانە ئیسرائیلییەکان لەهەرێمی کوردستاندا لەئاستێکی بەربڵاودا بوونیان هەیە. بۆنموونە رۆژنامەنوسی ئەمەریکی سیمۆن هێرش ئەوەی خستووەتەروو کە دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیلی‌و چالاکییە سەربازییەکانی فرە بە هێواشیی لەهەرێمی کوردستاندا مژوڵی کارەکانیانن. ئەوان کارەکانی مەشق‌و راهێنانی کۆماندۆزە کوردەکان ئەنجامدەدان‌وراهێنان لەنێوچە کوردییەکانی ئێران‌و سوریاشدا بەنهێنی بە کوردەکانی ئەوێ دەکەن .

> **ئیسرائیلییەکان هەوڵدەدەن کە دیدارو وتوێژلەتەك ئەمریکییەکانیش لەمەڕپرسی کورد بهێننە گۆڕێ**

هەروەها هەر بەگوێرەی ئەو رۆژنامەنووسە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلی ئارێل شارۆن لەپاش ۲۰۰۳ وە چالاکییەکانی ئیسرائیلی بۆ تۆکمەکردنی پێوەندیی لەتەك کوردانی هەرێمدا زیاتربرەو پێداوە. هۆکاری ئەوەیش زیادبوونی هەیمەنەی ئێرانی بووە لەنێو رەوشی ناهەمواری عێراقی پاش سەددامدا. دیارە کە هەموو ئەم بانگەشانە هێشتا پشتڕاست نەکراونەتەوە.

سەرچاوە ئیسرائیلییەکان لەلایەن خۆیانەوە ئاماژەیان بە گرفتگەلێك کردووە. رۆژنامەی یەدیعوت ئەحرونوت بەشێوەیەکی چڕو پڕلەبارەی مەشقی سەربازی ئیسرائیلییەکان بەپێشمەرگەی کوردو یەکە شێوە سەربازییەکانی کورد زانیاری بڵاودەکردەوە. هاوکات سەرچاوەیەکی تری ئیسرائیلی ئاماژەی دا بە رۆڵ‌و چالاکییەکانی کۆمپانیایەکی ئیسرائیل لەدروستکردن‌و بونیادنانی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا. هەمان سەرچاوە ئاماژەی بەوەدا کە ئەوکۆمپانیایە خاوەنەکەی سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگیریی ئیسرائیلی مۆساد دانی یاتوم‌و شلومی مایکلز بوو. هەر ئەو کۆمپانیایە لەتەك هەرێمی کوردستاندا لەبارەی

بازرگانیو رەوشی ئابووریو هاوکات راوێژی ستراتیژیی و نەمنییەوە رۆڵی کاریگەریی هەبووە. هاوکات بەهەزاران کیلۆپێداویستیوئامێری جۆراوجۆر لەوانە سیستەمی پەرەپێدانی کلاشینکۆفو گوللەنەبڕو تراکتۆرو ماتۆر سکلێتوتەنانەت سەگی پۆلیسی لەئیسرائیلەوە هاوتا لەگەڵ کەرەستەی فریاگوزاری سەرەتایی نێردراوەتە هەرێمی کوردستان.

زۆرترینی بەرهەمەکانی دروستکردنی کلێشەو مۆرو نەخش دروستکراوی ئیسرائیلن. جیا لەوەیش سەرچاوە عێراقییەکان بەتایبەت شیعەکان لیستێك ناوی ئەو کۆمپانیاو دامەزراوە ئیسرائیلیانەیان بڵاوکردوە کە لەناوچەکەدا مژوڵی کارو چالاکین. بەڵام تا ئێستایش لەسەرئاستی گشتیدا روانگەیەك لەوێنای کورداندا تێماوەو پێی وایە کە ئیسرائیل لەساڵی ١٩٧٥ دا بەشداربووە لەو خیانەتەی کە شای ئێران دەرهەق بەشۆڕشی کوردیی کردی.

ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئیسرائیلییەکان هاوپەیمانو دۆستی تورکیان لەرووبەڕووبوونەوەی پەکەکەدا. ئێستا هەموو ئەم روانگانە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، چوون تامەزرۆییەك لەنێو کورداندا هەستی پێدەکرێت بۆ هەماهەنگی لەتەك ئیسرائیلدا، بەلایەنی کەمەوە ئەم تامەزرۆییە لەنێو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا رەنگدانەوەی هەیە. لەئاکامی راپرسییەکدا کە ساڵی ٢٠٠٩ لەهەرێمی کوردستاندا بەڕێوەچوو، ٧١٪ دەنگدەران بڕوایان وابوو کە پێیان باشە پێوەندی دیپلۆماسیی لەتەك ئیسرائیل بکرێت. هاوکات ٦٧٪ پێیان وابوو کە ئەو پێوەندیانە هەنگاوێکی گرنگ دەبن بەرەو سەربەخۆبوونی کورد. لەراستیدا هەرپەیوەندییەکی کوردو بایەخێکی کورد بەئیسرائیل کاردانەوەی توندی دونیای عەرەب بەدووی خۆیدا دەهێنێت، بەتایبەت عێراق. لەم میانەدا میدیای عەرەبی کوردەکان تۆمەتباردەکات بە بەڕێوەبەری پرۆژەی ئیمپریالیستی بۆ دابەشبوونی عێراق.

چوون پێیان وایە ئەم پرۆژەی دەوڵەتدارییەی کورد شوناسی ئیسلامیو نەتەوەیی عەرەبی پێوەناڵکێتو کوردستان لەنیشتیمانی عەرەب دادەبڕێت.

خراپترین تۆمەتیش کەدەستی بۆدرێژدەکەن ئەوەیە کە کوردەکان بەکرێگیراوی ئۆرشەلیمنو لەهەوڵی دروستکردنی ئیسرائیلی دووەمدا لەناوچەکەدا. لەم میانەدا رۆژنامەنوسیی کورد دەستی تۆمەتی عەرەبەکان دەدەنە دوواوەو بەوە تۆمەتباریان دەکەن کە توشی گرێی کورد بوونو فۆبیای کوردان لەهەناویاندایەو قەڵەمەکان بەقەڵەمی نا واقعی دەشوبهێنن.

لەبەرامبەردا ئیسرائیل زۆر کەیفخۆشە بە نێزیکبوونەوەی کوردان، وەلێ تورکیا رێگرەو ئیسرائیل لەترسی تورکیادا نایهەوێت هەنگاوی بوێرانەوقسەی دڵی خۆی بکات. لەبەرامبەردا تورکیا سڵ لەدوژمنەکانی ئیسرائیل ناکاتەوەو بەروونو رەوانی پشتیوانی خۆی بۆ حەماس دەردەبڕێت کە سەر سەخترین دوژمنی ئیسرائیلە.

دیارە ئاڵۆزبوونی پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل لەم چەند ساڵەی دووایدا یاریدەی هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانو روانگەی ئیسرائیلی دا لەگەڵ رێبەرانی کورد لەتورکیا. هەربەگوێرەی سیمون هیرش پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل لەپاش ٢٠٠٣ جۆرێك دوچاری تەنگژەو ئاڵۆزی بوونەوە، دیارە ئەوەیش بەهۆی پێشینەو نێزیکی پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستانو ئیسرائیلەوە بوو.. هەر ئەو رۆژنامەنوسە دەڵێ: سەرچاوە تورکییەکان بەشێوەیەکی نهێنی لەوبارەوە هەواڵ دەزانن کە ئیسرائیلییەکان لەکوردستانن، هەربۆیە بەتەواوی نیگەرانی ئەو ردوشەنو ئاگاداری هەوڵو کۆمەکی ئیسرائیلییەکانن تا کوردان هانبدەن بەرەو پرسی سەربەخۆییو دەوڵەتی کوردیی. هاوکات ئیسرائیلییەکان دەزگای هەواڵگیریی خۆیان لەهەرێمی کوردستاندا فرەچالاكوپتەوەو بەبەربڵاوی لێنەویون بۆ کارەکانیانو ئاگاداری چالاکییەکانی ئێرانو ئیسرائیلنو دژ بەوان سەرگەرمی گردکردنەوەی زانیارییەکانن.

هاوکات پشتیوانی لەکوردانی ئێران و سوریادەکەن کە ئەوانیش نەیاری دەوڵەتی ناوەندی وڵاتەکانی خۆیانن. لەکوردستاندا پێوەندییە زێربەژێرییەکان لەتەك ئیسرائیلدا بەهێزوو نەفەس درێژبوون، هەموو ئەوانە لەترسی رەنجاندنی بەغداد بەتایبەتی تاران بەشاراوەیی مابونەوە، نەدەبوو ئەوانە لەهەرێمی کوردستان بدێوێنرێن. چوون خواستی هەرێمی کوردستان بۆ بەرقەراربوون و فراوانکردنی پردی بازرگانی و پەیوەستی بازاڕ لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەتی وڵاتانی کەنداوی فارس، ببوویە تەگەرەیەکی تری بەردەم بەرەوپێشچوونی ئاشکرای پەیوەندییەکانی هەرێم و ئیسرائیل. مەحمود عوسمان - سیاسەتمەدار لەم بارەیەوە وتوویەتی: پێویستمان بە پیەوەندی نییە لەتەك ئیسرائیل، ئێمە پێویستمان بە پەیوەندی لەتەك وڵاتانی عەرەبی و ئێراندایە، ئێمە پێویستمان بەتارانە و پێویستە لەتورکیا نزیك بینەوە.

هەروەها زەمینەی پێوەندییەکانی ئیسرائیل لەتەك پەکەکەیشدا گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. هەرچەند کە لێدووانەکانی ئۆجەلان لەبارەی دژایەتی یەهودییەکان بەردەوام بوونە، هەروەکچۆن لێدووانەکانی دوایی دژبوون بە لۆبی ئیسرائیلی و دۆستەکانی ئیسرائیل. وەلێ دەکرێت ئەو شەپۆلی تورشەییەی ئۆجەلان هەوڵێك بێت بۆنێزیککردنەوەی پەکەکە لەتورکیاو بەئامانجی رەچاوکردنی پرۆسەی ئاشتی کورد بێت لەدەوڵەتی تورکیادا. چوون بەردەوام هەوڵ گەلێك لەلایەن ئیسرائیلییەکان و پەکەکەوە هەیە بۆ سڕینەوەی ئەو تەم و مژانەو هیچ نەبێت بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی نێوانیان. لێرەدا ئەندامی پەکەکە سەرنجی کورد لەبارەی ئیسرائیلەوە بەراورد دەکات بە گەنجی ئاوایی یەك کە بەردەوام دەچێتە بەردەم ماڵی خۆشەویستەکەی، وەلێ لەترسی بابی خۆشەویستەکەی ناتوانێت بچێتە ژووری. لێرەشدا وادەبینرێ کە لەناو پەکەکەدا دوو ئۆردوگا هەیە. یەکێکیان موراد قەرەیلانە کە فرە کراوەیە بۆ هەر پێوەندییەك، لەبەرامبەردا جەمیل بایك هەیە کە گەلێ دڕدۆنگو داخراوە لەو پرسەدا.

سایەی رێکخراوەکە لەئەوروپا، ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە) وادیارە کە فرە بەتەوسە بۆ بەرەوپێشچوونی پێوەندییەکان.

لەئازاری ٢٠١٤داو لەدیداری جیروزالیم پۆستدا، زیبرئایداری ئەندامی دیاری کەنەکە بەڕەوانی ئەوەی خستەروو کە پێویستە ئەودیواری مەنگییە لەنێوان ئیسرائیل و پەکەکەدا تێکبشکێنرێت. لەلایەن ئیسرائیلییەکانیشەوە لێدوانی تەمومژاوی و راگەیەنراوی ناروون لەگۆڕێدا هەیە. وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل ئەفیغدۆر لیبەرمان لەلێدوانێکی رۆژنامەنوسیدا ئەوەی لێ هەڵهێنجرابوو کە دەکرێت پشتیوانی پەکەکە بکەن دژ بەدەوڵەتی تورکیا. هەرچەند لێدوانێکی لەو شێوەیە دوواتر نکولی لێکرا، وەلێ بەجۆرێك لەجۆرەکان تیۆرێکی تاکتیکی باش درا بەگوێی ئەنکەرەدا. بۆنموونە لەمانگی پێنجی ٢٠١٠دا پەکەکە هێرشێکی بۆنێوخۆی تورکیا ئەنجامداو ئامانجێکی دیاریکرد، ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ ئۆپەراسیۆنێکی ئیسرائیلی دژبە کەشتی مافی مەرمەرە کە لەرێدا بوو بەرەو غەزە. ئەم رەوشە ئەنکەرەی دڵگرمێ کرد، تورکیا گومانی هێرشی پەکەکەی لەدەستانی ئیسرائیلدا دەدییەوە. بەهەمان شێوە بەرپرسانی هەواڵگری تورکیا ئۆرشەلیمیان تاوانبار کرد بە کۆمەکیکردنی پەکەکە لەهەرێمەکانی هاتای و ئەدەنەدا لەرێگەی فرۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی ئیسرائیلەوە گوایا کاریان گردکردنەوەی زانیاریبە لەبەرژەوەندی پەکەکەدا.

هەرچەند هەردوو سەرچاوە ئیسرائیلییەکان و پەکەکە بانگەشەیەکی لەوجۆرەیان دایەدوواوەو نکولیانلێکرد. دیارەکە نێزیکبوونەوەی ئیسرائیل لەپەکەکە بۆ مەبەستی رەنجاندنی تورکیا نەبوون چوون تورکیا بۆخۆی سیاسەتی لەهەمبەرکوردا گۆڕانیبەسەردا هاتبوو. ئەمەیش لەبەرپێوەندییەکانی تورکیا نەبوو لەتەك هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو لەو پرۆسە ئاشتییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە لەبەهاری ٢٠١٣وە لەتەك دوژمنەکەیدا پەکەکە دەستپێکردبوو.

لەلایەکی تریشەوە ئاڵۆزیو هەڵایسانە چەکداریو جەماوەرییەکانی سوریا نێوی کوردانیشی هێناوەتە نێو ناوانەوەو لەمەیدانەکەدا بوونیان هەیە. ئەوان پێشووتر کیانێکی ونو نەناسراوبوون، بەرادەیەك ئیسرائیل هیچ نومێدێکی خۆی لەواندا نەدەبینییەوە. وەلێ لەم رەوشەدا ئیدی بۆ کوردانی سوریاو ئیسرائیل هەمان واقیعی دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە دێتەوە ئاراوە، چوون بۆ هەردووکیان هەمان دوژمن هەیە، هەردووك رووبەروون لەتەك گروپە ئیسلامییە توندرەوەکانی وەك بەرەی نەسرەو رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەشامو عێراق. دیارە رووداوەکان وادەخوازێت، هەرچەندە کە پێش ئەم رووداوەناوخۆییانەی سوریا، پێوەندییەکانی کوردو

**ئیسرائیل زۆر کەیفخۆشە بە نێزیکبوونەوەی کوردان، وەلێ تورکیا رێگرەو ئیسرائیل لەترسی تورکیادا نایەوێت هەنگاوی بوێرانەو قسەی دڵی خۆی بکات. لەبەرامبەردا تورکیا سڵ لە دوژمنەکانی ئیسرائیل ناکاتەوەو بەروونو رەوانی پشتیوانی خۆی بۆ حەماس دەردەبڕێت کە سەرسەخترین دوژمنی ئیسرائیلە**

ئیسرائیل بەجۆرێك لەجۆرەکان هاتبووە گۆرێ.

بە گوێرەی سیمن هیرش کە ساڵی ٢٠٠٤ لەیەکێك لەبابەتەکانیداو لەسەر زاری بەرپرسانی ئەڵمان گواستبوویەوە دەنوسێت: تۆری هەواڵگیری ئەڵمان بەڵگە گەلێکی لەلایە کە ئیسرائیل لەنێو کوردانی سوریاو ئێراندا مژولی چێکردنی پێوەندییە هەواڵگیرییەکانییەتیو بەشێوەیەکی بەربڵاو بۆ مەبەستی چالاکیو هەواڵگیری کەوتۆتە خۆ. هەمان رۆژنامەنوس لەزاری مشیل سەماحەی وەزیری هەواڵگری لوبنانییەوە هێناویەتی کە وتوویەتی وڵاتەکەی بەڵگەی تەواوی لەبەردەستایە کە ئیسرائیل لەئامادەکردنی کورداندایە بۆیاخی بوونیان دژ بە وڵاتانی سوریاو تورکیاو ئێران.

هەموو ئەوکوردانەلەئێستادا بەرنامەرێژیان بۆدەکرێت تا سازو ئامادەبن بۆ چالاکی خۆبەخشی دژ بەنەیارانیان. لەراستیدا بەڵگەیەك نییە بۆ پشتڕاستکردنەوەی رووداوێکی لەوجۆرە، بەڵام دەکرێت ئەمە ئەگەرێك بێتو هەریەك لەئیسرائیلییەکانو کوردانی سوریا سەریان بخورێت بۆ هەماهەنگی هاوبەش لەو پێناوەدا. چوون هەندێك لەگروپە کوردییەکانی سوریا بە روونو رەوانی هیوا دەخوازن پشتیوانی وڵاتێکی وەك ئیسرائیل لەخەباتەکەیاندا بەدەستبهێنن.

لەلایەکی ترەوە لەم دواییانەدا بەڵگە گەلێك خرانە رووکە ئیسرائیل لەتەك پارتی ژیانی ئازاد دا(پژاك ) دا پێوەندییەکانی پێشخستووە. دیارە کە ئەمەیش پارتێکی کوردیی ئێرانییەکانەو وابەستەیە بە پەکەکەوە. هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە ئیسرائیل مەشقوراهێنان بە گەریلاکانی پژاك دەکات لەنێو بنکەو بارەگاکانیاندا لەخاکی هەرێمی کوردستاندا.

هاوکات ئیسرائیلو ئەمریکا پێکەوە ئامادەکارییان کردووە بەپێدانی چەكو چۆڵو پوڵو پارەو پێدانی زانیاریی هەواڵگیری بەپژاك. وەلێ هەموو ئەم کۆمەکانە لەپرێکداو بەهاتنی ساڵی ٢٠١٣ وەستێنراون.

هەر لەم میانەدا لێکۆڵەری کوردی نیشتەجێ لەئەمریکا نادرئینتسارپێشنیاز دەکات کە ئیسرائیلو ئەمەریکا یاریدەی کوردانی ئێران لەوانە پژاكو گروپەکانی دی بدەن دژبە دەوڵەتی نێوەندیی. هەروەها ناوبراو باس لەوەدەکات کە سەرەرای ئەوەی کە ئەمەریکا پەکەکە بەرێکخراوێکی تێرۆریستی ناوزەد دەکات، بەڵام رێبەری پژاك رەحمان حاجی ئەحمەدی لەساڵی ٢٠٠٧ دا سەردانی واشنتۆنی کردووەو چاوی بە بەرپرسانی ئەمەریکیی کەوتووە.

**ئەنجامگیری:**

ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینو هامرا لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر نەخشەی جیۆ سیاسیی نێوچەکەدا هاتووە، بەشێوەیەکی تیۆریی ڕێگەی بۆ دوو گەلی دەربەدەرلەنێوچەکەدا کردووەتەوەو مەشروعیەتی کردوونەتە ئەمریی واقیعو مافی چارەی خۆنوسینی بۆ کردوونەتە پرسێکی زیندوو. ئەم گۆڕانکاری و ڕووداوانە زەمینەی پێوەندیی کراوەو ئاشکرای کوردانی لەتەك ئیسرائیل فەراهەم هێناوەو تەگەرەو گومانو تیۆری پلانگێڕی لەبەردەمیاندا بایەخێکی ئەوتۆی نەماوە. لەم زەمینەیەدا هەرچەندە هێشتا ئاستەنگو ڕێگرییەکان تارادەیەك لەبەردەم پەیوەندییەکاندا بوونیان هەیە. بۆنموونە بەنیسبەت کوردانەوە نەیارانی چوار پارچەی کوردستان سوورن لەسەرئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم پەیوەندییەکانی کوردو ئیسرائیلو ئەوە بۆکوردان بەزەحمەت دەشکێننەوە. چوون ترسی ڕەنجاندنی هەریەك لەو وڵاتانە باری سەرشانی چێکردنی پێوەندییەکی ڕوونو ڕەوان سەنگینتر دەکات. هەرێمی کوردستانیش دروستە کە پێوەندییە شاراوەکان بەهێزنو لەڕووی بازرگانیو گەلێ بواری ترەوە ئیسرائیلو کورد لەچالاکیدان، وەلێ بەرپرسانی کورد بەئاشکرا نایشارنەوە کە نایانەوێ لەبەر خاتری پەیوەندی لەتەك ئیسرائیل لەتمە لەپەیوەندییەکانیان بدەن لەگەڵ تارانو تورکیاداو بۆئەم مەبەستەیش مەحمود عوسمان – چاودێری سیاسی و سیاسەتمەدار ئەوەی خستۆتە ڕوو کە ئەوان وەك هەرێم پێویستیان بە پەیوەندییە لەگەڵ تارانو تورکیاو بەغدادو نایانەوێت بۆئیسرائیل پێوەندییەکانیان لەتەك وڵاتانی عەرەبیو وڵاتانی کەنداوی فارس لێکدابڕن. هاوکات ئیسرائیلیش خۆگیرییەکی هەیە لەبەرامبەرپێوەندییەکی کراوە لەتەك کوردانـدا. چوون لەلایەکەوە نایهەوێت دژبێت بەو ستراتیژەی ئەمریکا کە دەیهەوێت یەکێتی خاکی عێراق بپارێزێت، لەلایەکی تریشەوە نایهەوێت تورکیا وەك هاوپەیمانێکی لەمێژینەی لەخۆی بڕەنجێنێت. هاوکات حسابیش بۆ هەستیاریی ڕێبەرانی کورد دەکات و دەزانێت لەبەرامبەر ئەو پرسەدا دڕدۆنگو هەستیارن.

بەوردبوونەوە لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئەم پەیوەندییانە هەروا لەسێبەردا دەمێننەوە، وەلێ گەر پێویستی کرد کوردان سەربەخۆییان ڕاگەیاند، ئەو وەخت ڕەنگە وێنەی هەردوو لا لەنەزمی پەیوەندییەکاندا گۆڕانکاریان بەسەردا بێت. لەم نێوەندەدا



**هاوکات ئیسرائیلو ئەمریکا پێکەوە ئامادەکاریان کردووە بەپێدانی چەك و چۆڵو پوڵو پارەو پێدانی زانیاریی هەواڵگیریی بەپژاك. وەلێ هەموو ئەم کۆمەکانە لەپڕێکداو بەهاتنی ساڵی ٢٠١٣ وەستێنراون**

دەکرێت ئیسرائیل یەکەم وڵات بێت کە دانبنێت بەسەربەخۆیی کوردستاندا، هەروەك چۆن دانی نا بەباشووری سوداندا. دیارە کە بەرژەوەندیی هاوبەشی ئیسرائیلو دەوڵەتی داهاتووی کوردستان لەگەڵێ بواردا وادەکات کە پێویستی پەیوەندییەکان زیاتربێتو گەلێ لایەنی هاوبەش نزیکییەکانی نێوان هەردوولا زیاترو زیاتر بکات.

## سەرچاوە و پەڕاوێزەکان:


*ئۆفرا بێنگۆ کۆلەرێکی دیاری ئێوەندی موشیە دایانە بۆ کۆلینەوە لەرۆژهەڵاتی ناوین و ئەفریقا. لەزانکۆی تەلئەبیب. ناوبراو نوسەری کوردانی عێراقە بەنێوی بونیادنانی دەوڵەت لەنێو دەوڵەتدا کە چاپەمەنی لین راینەر ساڵی ٢٠١٢ بڵاوی کردووەتەوە. هاوکات بونیادی نەتەوە لەوڵاتێکی پەرتەوازەدا ساڵی ٢٠١٤ لەچاپەمەنی زانکۆی تەکساسدا بەچاپی گەیاندووە.

Mahmud al-Durra, al-Qadiya al-Kurdiya (Beirut: Manshurat Dar-at-Tali›a, 1966), p. 388.

Ibid., p. 387.

Kurdroj website, July 3, 2008.

Ariella Oppenheim, Hebrew University of Jerusalem, quoted in Sargis Mamikonian, «Israel and the Kurds,» Iran and the Caucasus, 2005, no. 2, p. 381.

Zorab Aloian, «The Kurds in Ottoman Hungary,» Transoxiana: Journal Libre de Estudios Orientales (Universidad del Salvador, Buenos Aires), Dec. 9, 2004.

Mordechai Zaken, Jewish Subjects and Their Tribal Chieftains in Kurdistan: A Study in Survival (Leiden: Brill, 2007), pp. 9-17.

Ibid., pp. 338-43; Lazer Berman, «The World›s Oldest Kurd: A Beloved Rabbi in the Heart of the Holy City,» Serbesti, Feb. 10, 2014.

Mamikonian, «Israel and the Kurds,» p. 398.

Jaques Neriah, «Kurdistan: The Next Flashpoint between Turkey, Iraq, and the Syrian Revolt,» Jerusalem Center for Public Affairs, Aug. 5, 2012.

Israeli-Kurdish Friendship League, Jerusalem, accessed Mar. 31, 2014.

The Forward (New York), Apr. 18, 2012.

«Mike Amitay: Senior Policy Analyst,» Washington Kurdish Institute, accessed Dec. 30, 2013.

Sami Michael, Aida (Tel Aviv: Kinneret Zmora Bitan, 2008).

Mamikonian, «Israel and the Kurds,» p. 389.

Ariel Sabar, My Father›s Paradise: A Son›s Search for His Family›s Past (New York: Algonquin Books of Chapel Hill, 2008).

Agence France-Presse, Aug. 11, 2009.

United with Israel, Bet Shemesh, accessed Mar. 31, 2014.

Point of No Return: Jewish Refugees from Arab Countries (blog), Dec. 10, 2013.

Ofra Bengio, The Turkish-Israeli Relationship: Changing Ties of Middle Eastern Outsiders (New York: Palgrave Macmillan, 2004), pp. 33–71.

] Israeli officials interviewed by the author, Israel, Mar. 13, 1982, July 28, 1985.

Tom Segev, 1949, Hayisraelim Harishonim (Jerusalem: Domino, 1984), p. 34.

Ismet Sherif Vanly, Min Mudhakkirat Ismet Sherif Vanly, pp. 38-40. This unpublished manuscript, found in the Zein Center in Sulaymaniya headed by Rafiq Salih, was provided by Bayar Dosky.

] Israeli officials interviewed by the author, Israel, Mar. 13, 1982, July 28, 1985.

Radio Israel, Sept. 29, 1980.

Sergey Minasian, «The Israeli-Kurdish Relations,» Noravank Foundation, Yerevan, p. 22.

Öcalan interview with his lawyers, Jan. 5, 2005. «Kürt Halk Önderi Abdullah ‹Öcalan›ın 2005-2006 Görüşme Notları, Stêrka Ciwan.» Quote provided by Ceng Sagnic.

Ibid.; Öcalan (under his pen names Ayden Safer and A. Inanc) has produced other anti-Semitic articles, for example, Ozgur Ulke, Aug. 28/29, 1994.

Ismet G. Imset, The PKK: A Report on Separatist Violence in Turkey (Istanbul: Turkish Daily News Publications, 1992), pp. 172-3.

Daniel Pipes, «Hafiz al-Asad Should Be Careful,» Turkish Times, Dec. 15, 1994.

Imset, The PKK, p. 172.

Pipes, «Hafiz al-Asad Should Be Careful.»

Ali Sarhan, «The Two Periods of the PKK Conflict: 1984-1999 and 2004-2010,» in Fevzi Bilgin and Ali Sarhan, Understanding Turkey›s Kurdish Question (Lanham: Lexington books, 2013), pp. 93-4.

Gregory A. Burris, «Turkey-Israel: Speed-Bumps,» Middle East Quarterly, Fall 2003, pp. 67-80.

Amikam Nachmani, «The Remarkable Turkish-Israeli Tie,» Middle East Quarterly, June 1998, pp. 19-29.

Owen Matthews, «Turkey›s Tricky Drone Diplomacy,» The Daily Beast (New York), Sept. 13, 2011.

YNet News (Tel Aviv), Sept. 21, 2005.

BBC News, July 1, 2008.

Neriah, «Kurdistan: The Next Flashpoint.»

Private communication with anonymous sources.

Seymour M. Hersh, «Plan B: The Kurdish Gambit,» The New Yorker, June 21, 2004.

Ibid.

Zadok Yehezkeli, Anat Tal-Shir, and Itamar Aichner, «Be›Oref Ha›Oyev,» Yedi›ot Aharonot (Tel Aviv), Dec. 2, 2005.

Neriah, «Kurdistan: The Next Flashpoint.»

Al-Wikala ash-Shi›iya (al-Shieeya News Agency, Beirut), Nov. 20, 2008.

The Kurdish Globe (Erbil), Nov. 15, 2009.

Al-Musawwar (Cairo), Sept. 8, 2006; al-Hawadith (Kuwait City), Sept. 15, 2006.

Al-Mujtama (Kuwait City), Aug. 20, 2005.

Al-Hayat (London), Oct. 15, 2006.

] Al-Ahali (Baghdad), June 7, 2006.

Hersh, «Plan B- The Kurdish Gambit.»

See, for example, Agos (Istanbul), Jan. 9, 2014.

The PKK member was quoted by a Kurdish activist during the author›s private communication with him, Israel, Mar. 10, 2014.

Private communication with leading KNK members, Brussels, Nov. 2012.

The Jerusalem Post, Mar. 6, 2014.

Today›s Zaman (Istanbul), Aug. 5, 2010.

Ynet News, Jan. 17, 2012.

Hersh, «Plan B- The Kurdish Gambit.»

Sedat Laciner, «Why Is Israel Watching the PKK?» al-Monitor (Washington, D.C.), Jan. 10, 2013.

Nader Entessar, Kurdish Politics in the Middle East (Lanham: Rowman & Littlefield, 2010), p. 205.

Agence France-Presse, Aug. 11, 2009.

Private communication with anonymous source.

# شیعەو سوننە
# لەدەروازەکانی ئەورپادا

عەدنان نیلوفەڕی. توێژەری سیاسی . نۆڕویژ

**پێشەکی:**

جیاوازییەکانی بیروباوەڕو ململانێ سیاسییەکانی شیعەو سوننە لەئەمڕۆی جهانی ئیسلامیدا شتێکی بەرچاوە، بە جۆرێك ناوچەکە بەرەو ئاڕاستەیەکی مەترسیدار ملپێوە دەنێن، ئەوان خاوەنی پێشینەیەکی قوڵن لەجیاوازی ئایدیۆلۆژی و رکابەریی سیاسیداو دەرهاویشتەکانیشیان بەسەرئارامی سیاسی سەردەمە مێژووییەکانەوە دیار بووە. لەم توێژینەوەیەدا رەهەندە مێژووییەکەی جیاوازییەکان و هەژموون و کارکردی سیاسیی شیعە وەك کەمینەیەکی موسڵماننشین لەئەوروپای رۆژهەڵات و خۆرئاوادا پێشچاو دەخەین، هەموو ئەو هەوڵانەو پاڵنەرەکانیان و خزمەتگوزارییەکانیان لەپێناو پرۆژەکانی وڵاتانی ئیسلامی شیعەو سوننە دەخەینە روو. پێمان وایە ئەم توێژینەوەیە بۆ خوێنەری کورد بایەخێکی ئەوتۆی هەیەو بەرچاو روونییەکە بۆ قوڵیی ئەو ململانێیەی ئەورۆکە چلۆن خزاوەتە ئەوروپاو چۆن لەوێیش خوی سیاسیی ئەم ئاینزایانە بوونەتە خۆرەی پەیام و پێناوە راستەقینەکەی ئیسلام و لەپێناو ئەجێندا سیاسییەکەدا باریدەهێنن.

**تەوەرەی یەکەم: دەروازەی ململانێ سیاسییەکان ئاینزای شیعەو سوننە لەئەمڕۆدا:**

ئەوململانێ ونا ئارامییەی ئەمڕۆ لەدنیای ئیسلامیدا دەگوزەرێ بەشێکی وابەستەیە بە ململانێی شیعە و سوننەوە، بۆنموونە چاودێران ریشەیەکی جەنگی سوریا وابەستە دەکەن بەو ململانێیەوە.تا ئەورۆ لەسوریادا ٢٥٠ هەزار هاوڵاتی کوژراون و ملیۆنێکیش داوای پەنابەرییان لەئەوروپا کردووەو نیوەی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەیش ئاوارەبوون. حوسیەکانیش لەیەمەن بە دەستگرۆیی ئێرانییەکان و حکومەتی یەمەنیش بە پشتیوانی سعودییە پێکرا رەنگدانەوەی شیعەو سوننە بە شوێنپێی رووداوەکانیانەوە دیارە. لەلوبنان و عێراق و بەحرەین و گەلێ وڵاتی تریش ئەم ململانێیە هەیەوتەنانەت بە جۆرێك لەجۆرەکان خزاوەتە نێو موسڵمانانی وڵاتانی ئەوروپایشەوە. ئەورۆ لەجهاندا موسڵمانەکان١,٦ ملیاردەبن. لەوانە ٢٥٠ ملیۆنیان شیعە مەزهەبن. لەخۆرئاوای عەرەبییەوە تا ئەندەنوسیا تێکڕای وڵاتان زۆرینەیان موسڵمانن، لەپاش کۆچی بەردەوامی موسڵمانانیش بۆ ئەوروپاو ئەمەریکا، ئێستە لەگەڵێ لەو وڵاتانەدا کۆمەڵگەی موسڵمان نشینی فرە بەرچاو دەکەون. ئێران گەورەترین



وڵاتی شیعە مەزهەبە کە ٨٣ ملیۆن شیعە دەبن، پاشان پاکستان و هندستان دێن کە هەریەکەیان نزیکەی ٣٠ ملیۆن شیعەی تێدایە١. لەئێستادا ئەوان ڕەوگەی ڕووداوەکان بەرەو جەنگێکی مەزهەبی زەق پەلکێش دەکەن.

دیارە ململانێی شیعەو سوننە شتێکی نامۆ نییەو ئاشنایە بە مێژوو. ململانێی ئەوان مۆرکی جەنگە نێوخۆیی و دەمارگیری و ئیتنییەکانی وەرگرتووە. لەلای ئەو مەزهەبانە دوو بنەمای باوەڕ و شوناس بوونی هەیە، ئەو بنەمایانە بونەتە مایەی ململانێکان. سەرەڕای بوونی قۆناغگەلێکی هەماهەنگی و پێکەوە ژیان بەڵام زیاترلەوە بوونەتە مایەی سەرئێشە بۆیەکتری و کەوتوونەتە وێزەی یەکترییەوە. ئەم ناکۆکیانەی ئەوان دێرینە، وەلێ هێشتا لەم سەردەمەدا بۆخۆمان شاهێدی ململانێکانی ئەوانین. لەئێستادا ململانێکانی ئەوان ململانێیەکی هەرێمی ونێونەتەوەییەوگەمەی ئەم مەزهەبانە سنوری وڵاتان و نەتەوەکانی تێپەڕاندووە. دروست ئەوەی دەگوزەرێت کۆنەقینێکەو جەنگەکەی لەئێستادا دەچنرێتەوە. هەروەك ئەکبەر ئەحمەد ئاماژە دەکات:» ئیسلام لەدوو ئایینزای سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش ئایینزای شیعەو سوننەن. لەئێستادا نزیکەی ٩٠٪ موسڵمانان سوننە مەزهەبن و ئەوانەی کە دەمێننەوە بە زۆری شیعەن». لەڕووی ئاینییەوە ئەم ئاینزایانە زۆر نزیکن، چوون هەردوو باوەڕیان بە یەك خوداو هەمان پێغەمبەر و قورئان وبەهای ئیسلامی هەیە. جیاوازییەکانیان وابەستەیە بە ئاستگەلێکی سیاسی و سۆسیۆلۆجییەوە٢. شیعەکان لەو پرسەوە دەستیان پێکرد کە ئەوەی دەبێتە جێنشینی پێغەمبەری خودا کێیە؟، واتە قسەیان لەسەر یەکەم خەلیفەی موسڵمانانان هەبوو. لەم میانەدا ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە زاواکەی پەیامبەرعەلی کوڕی ئەبوتالیب هەوڵ خەلیفەی ئیسلامەورەوایەتی لای ئەوەو هەوڵ مەردێکە کە باوەڕی بە پەیامەکەی پەیامبەر هانیوە. دیارە لەپاش پەیامبەر ئەبوبەکرو پاشان عومەرو عوسمان بونەتە خەلیفەی موسڵمانان٣. ئەم ناکۆکییە لەسەردەمی عومەردا تەنرایەوە، بەتایبەتی وەختێك ئیمپراتۆری فارس هاتنە نێو ئیسلامەوە، ئیدی فارسەکان گەلێ نەریت و خوی نوێیان هاوردو رۆحی شانازی نەتەوەییان لەنێو پێکهاتەکاندا زیندو راگرت. فارسەکان وەختێك کەوتنە ژێر فەرمانبەرداری عەرەبە موسڵمانەکانەوە ئیدی رۆحی تۆڵەو رۆحی دابڕینی تایبەتمەندی بۆخۆیان تا لەژێر هەژموون و هێزی سوننەتی عەرەبی ئیسلامیدا نەمردو وەهای لێکردن کە تایبەتمەندی بۆخۆیان داببڕن. بەدرێژایی تێپەڕبوونی کات جیاوازییە سۆسیۆلۆجییەکان بوونە جیاوازیگەلێکی مەزهەبی و هەریەکەیان ئاتاجی بە داڕنینی پیرۆزییەك هەبوو بۆ خۆی. پێکهاتەکان سەربە ئاینزای شیعەوسوننە بوون و لەئێران و نێوچە عەرەبییەکاندا دابەشبوون، بە تێپەڕبوونی کات سیاسەت و باوەڕو ئایینناسی ئەم ئایینزایانە ئاڵۆزتربوو. هەربۆیە لەئێستادا ململانێکانی شیعەو سوننە سەرنجی تەواوی دونیای بۆ خۆی راکێشاوە. بەجۆرێك ئەوان رۆڵی گرنگییان لەشێوەگیربوونی رۆژهەڵاتی ناویندا هەیە٤.

شۆڕشی ئیسلامی ١٩٧٩ ی ئێران، رۆڵێکی گرنگی لەچالاککردنی فاکتەری شیعە هەبوو لەسیاسەتی دەرەوەیی ئێراندا. شۆڕشی ئێرانی سەرلەنوێ بیری سیاسی شیعەو ناسنامەی شیعەکانی لەبەرامبەر ئەوانیتردا زیندو راگرت. لێرەدا سیاسەتی سەرکوتکەرانەی رژێمە عەرەبییەکان لەهەمبەر شیعە بووە تەگەرەیەکی سەرەکی لەبەرابەر سیاسەتە دەرەکییەکانی ئێراندا. ئیسلامییە رادیکاڵەکانی شیعەیش هاتنە نێو ململانێ ئایدیۆلۆژییەکەوە لەگەڵ

ئەریتخوازە سوننیەکاندا٥. بەمجۆرە شیعەو سونەکان کەوتنە رکابەریی یەکتریی لەسەر بەدەستهێنانی هێزو دەسەڵات و دوواتریش ئەم رکابەرییە گوێزرایەوە بۆ سەرلەبەری نێوچەکە. لێرەوە جیا لەعێراق کارەکتەری تر هاتنە ناوەوەو هەوڵیاندا ململانێکان زیاتر توندبکەنەوە. هەربۆیە سیاسەتی سونە و شیعە و گەمەی سیاسی ئەوان رۆڵی لەدارشتنی پێوەندییەکانی رۆژهەڵاتی ناوین و کۆمەڵی نێونەتەوەیدا جێهێلا. یەکێك لەدەرهاویشتەکانی ئەو ململانێ ئاییزانییەی رۆژهەڵات، لەئێرانەوە گوازرایەوە بۆ ئەوروپا.

**تەوەرەی دووەم: شیعە گەرایی وەك ئامرازێکی سیاسی لەسیاسەتی دەرەوەی ئێراندا:**

شۆرشی ئیسلامی ئێران ئیلهامبەخشی هەموو ئەو ئیسلامییە دژە ئەمریکاییانە بوو لەتەواوی جیهاندا. ئەم روانگەیە بەشێوەیەکی بەرینتر لێیتێدەگەین، بەتایبەتی لەپاش جەنگی ئەمریکاو عێراق لە٢٠٠٣دا. چوون شیعەگەراکان لەئێراندا هاتنەوە هۆش و تاران بووە هێزێکی هەرێمی لەنێوچەکەدا. هاوکات شیعە وەك زۆرینەیەك لەبەغدادا دەسەڵاتیان جێگیربوو. لەسعودییەو کووەیت و ئیمارات و بەحرەین و لوبناندا پێکهاتەی شیعە مەزهەب زیاتر لەجاران بەهێزتربوون. ئەم توانسازییەی شیعەکان دارای دوو رەهەندی واتادار بوو: سیاسەتی هەرێمی ئێران لەسەر بنەمای شیعەگەراییەو ئاوێتەی شیعەگەرایی وابەستەیە بە سیاسەتکردن لەتەك عێراقدا٦. راستە لەرووی ژمارەوە شیعەکان کەمترن، وەلێ لەرووی ئەو تۆرە نێونەتەوەییەوەو لەرووی ئەوەوابەستە بوونەوە شیعەکان زیاتر سودمەندن لەهەلومەرجەکەدا. ئەوان توانیویانە بیری هیلالی شیعی چێبکەن، کە عێراق و سوریاو لوبنان دەگرێتەوە، ئەو وڵاتانەی کە لەسیاسەتدا هان لەژێر هەژموون و هێزی ئێراندا٧. ئەم رەوشەیش ئامرازێکی سیاسیی لێهاتووەتە بەرهەم کە لەبەرژەوەندی نەتەوەیی ئێراندا شکاوەتەوە. لێرەوە ئاسنامەی شیعە گەرایی جۆرێك لەوابەستەبوونی بە ئاسنامەی نەتەوایەتی ئێرانییەوە پێدا کردووەو وەکو نێوەندی بازنە شیعییەکە دەردەکەون. هەربۆیە لەئێستادا شیعەکان لەبەهێزیدان، ئەوان هەمیشە رەخنەشیان لەنەزمی نەتەوایەتی عەرەبییە، چوون ناسیۆنالیزمی رژێمی بەعس لەپاش کەوتنی سەدام رۆژلەدووای رۆژ لەپاشەکشەدایە، بەتایبەتی لەپاش رووداوەکانی بەهاری عەرەبی نیدی دەرهاویشتەکان زاڵبوونی شیعەو متبوونی ناسیۆنالیزمی عەربی لێکەوتەوە کە سوننەی عەرەبی سەرمەشقایەتی دەکرد. بوژانەوەی شیعەگەرایی رۆڵی هەرێمی ئێرانی بەهێزکرد، بەڵام لەهەمانکاتدا بووە سەرەتایەکی نوێ بۆلەدایك بوونی کێبرکێیەکی نوێ لەنێو پێکهاتەی شیعە و سونە لەعێراق و ئێراندا. لە٢٠١٢ دا حکومەتەکەی مالیکی لەعێراقدا کەوتە خۆو هەژموونی شیعەکانی لەعێراقدا زیاتر چەسپاند. ئەم رەوشەیش جیاوازی نێوان شیعەو سوننەی لەنێو وڵاتانی دیکەدا بەئاگا هێنا.

**تەوەرەی سێهەم: شوێنی شیعەکان لەئەوروپادا و خزانیان بۆنێو کۆمەڵگەی مو سڵما ننشین :**

لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی کۆڵینەوەکانی ئەوروپییەکان پەیوەستە بە ئیسلامی سیاسیی سونی بەتایبەتی نمونەی ئیخوان موسلمین و لقەکانی لەئەوروپا پێشچاو دەخەن، هێشتا پرسی پێناوی شیعەکان نەبووەتە خاڵی جێبایەخی ئەوروپییەکان. لەگەڵ ئەوەیشدا کۆمەڵی شیعە نشین لەئەوروپادا بەجۆرێك لەجۆرەکان شوێنیان بەسەر سیاسەتی ئەوروپاوە هەیە لەرۆژهەڵاتی ناویندا. بۆنموونە یەکێتی جیهانی ئەهلی بەیت وەك رێکخراوێك رۆڵی گەورە

دەبینێت لەبەرژەوەندییەکانی ئێراندا لەئەوروپا. ئەوان لەوێدا هەڵدەستن بە چێکردنی مزگەوت و دامەزراوەی خزمەتگوزاری ووەشانی پەرتوك و بڵاوکراوە.

**شیعەگەراکان بەم ڕێوشوێنانەی خوارێ شۆڕبوونەتەوە بۆنێو کۆمەڵی ئەوروپی:**

لەئێراندا ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئێرانی گەلێ لەرەهەند لەخۆدەگرێت، ئەو ناردنە دەرەوەیە لەچەندین کەناڵەوە گەرەکییەتی هزری شۆڕشگێڕی شیعەکان بەرێتە دەرێ و ئەوروپایش یەکێکە لەشوێن ئامانجەکانی ئەم

> **ئەو ململانێ و نا ئارامییەی ئەمڕۆ لە دنیای ئیسلامیدا دەگوزەرێ بەشێکی وابەستەیە بە ململانێی شیعە و سوننەوە، بۆنموونە چاودێران ڕیشەیەکی جەنگی سوریا وابەستە دەکەن بەو ململانێیەوە،تا ئەوڕۆ لە سوریادا ٢٥٠ هەزار هاوڵاتی کوژراون و ملیۆنێکیش داوای پەنابەریان لە ئەوروپا کردووەو نیوەی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەیش ئاوارەبوون**

پێناوە. ئێران پێشەنگی ئەم پێناوەیەو لەدوای شۆڕشی ١٩٧٩ و پاش مەرگی ئیمام خومەینی خواستی ڕەنگ و رووی بیری سیاسی شیعە بۆ دوورترین سنورەکان خواستێکی زیندوو بووە و هەوڵێك بووە بۆپێدانی تایبەتمەندی بە کۆمەڵی شیعە نشین لەدەرێ. لەئەوروپادا بۆ هەوەڵجار یەکێتی جیهانی ئەهلی بەیت لەلەندەن دامەزرا، هاوکات گەلێ ڕێکخراوی تری وەك دامەزراوەی ئیمام خوئی، کە وەك ڕێکخراوێ لەئەمەریکاو ئەوروپادا کاردەکات، ئەوان مژوڵی پشتیوانی سیاسیین بۆ ئێران و هاوبەندەکانی لەدنیای ئیسلامیدا، جگە لەوەیش لەرووی میدیاوە بڵاوبوونەوەی هزری شیعەگەرایی لەئەوروپادا لەقۆناغێکی نوێدایە٨. یەکێتی جیهانی ئەهلی بەیت ئامانجی سەرەکی کارکردنە بۆ هێشتنەوەی پێوەندی ڕێکخراوەکانی سەر بەشیعە لەئەوروپادا، ئەوان مرۆکی شیعە بونیان هەیەو هەڵگری هەست و نیتیمای شیعەن، هەموو ئەوانە هەڵگری پەیامێکن بۆ شۆڕبوونەوەی پەیامی ئایدیۆلۆژی ئێران وەك مەرجەعی شیعەکان. بەردەوام پێگەی ئەلەکترۆنی ئەهلی بەیت لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە رەهەندی سیاسی ئێرانیش پەیوەست بە بەرنامە ناوەکییەکەی وەشاندەکات٩. بەمجۆرە جۆری یەکەمی شیعەگەرایی لەنەزمی پەیمانگاو دەزگای خێرخوازی و راگەیاندنەوە لەئەوروپادا دەستبەکارەو توانیویانە ٧٠ ناوەندی شیعەگەرایی چێبکەن.لێرەوە لەمیدیاکانیشەوە وابەستەیی شیعەی ئەوروپا بە شیعەکانی دنیای ئیسلامییەوە گرێدەدەن. تەنانەت فەتوای پیاوانی ئایینی شیعەوکەسانی دیاریان لەڕێی تۆڕی کۆمەڵایەتی و کاسێتەکانەوە وابەستەبوونی ئایینی شیعەکانی وئەوروپایان مسۆگەرکردوە١٠. هاوکات بڵاوبوونەوەی ئەدەبی شیعیش هەنگاوێکی کاریگەری ڕاکێشانی سۆزوعاتیفەوهێشتنەوەی شوناسی شیعەگەراکانە لەئەوروپا١١. هەنگاوێکی دی پەرژانی ئێرانە بۆسەرکۆمەڵی پەنابەری ئێرانی لەئەوروپا نەك هەر ئێرانییەکان بەڵکو پاکستانی و هندی و عەرەبییەکانیش لەلایەن ئێرانەوە بەسەردەکرێنەوە و بەم ڕێچکەیە کۆمەڵی سونی نشینەکانیش بەبەرنامە کاریان لەسەر دەکرێت. بەم بۆنەیشەوە ئەم ڕێکخراوانە یەکێك لەئەرکەکانیان کە لەنێو دەزگای خێرخوازی و بەهاناوەچوون وڕێکخستنی کۆمەڵگە موسڵمان نشینەکاندا کاریلەسەردەکەن شۆڕبوونەوەیە بۆ مەزهەبزای سوننەکان و کەمەندکێشکردنی موسڵمانە سوننە پەرتبووەکانەو بانگەوازیانە بۆ

چوونە نێو بازنەی بیرکردنەوەی خۆیان.

دیارە هەوەڵ شوێنی شیعەکان لەئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە. وەختێك کۆچەرانی شیعە چوونە ئەوروپاو مەبەستیان بوو لەوێ بخوێنن.هەرئەوانە بوون کە ڕۆڵیان لەدامەزراندنی دامەزراوە شیعییەکانی سەدەی بیستەمدا بینی، بۆنموونە کردنەوی مزگەوتی ئیمام عەلی لەهامبۆرگ، ئەم مزگەوتە بەراوێژی مەرجەعی ئایینی شیعەکان بروجەردی لەساڵی ١٩٥٣ دا کرایەوە. هاوکات ڕێکخراوی لاوانی عەرەبی ئیسلامی لەبەریتانیاو ئێرلەنداو جیهان دامەزرا، هاوکات باقر سەدر و غولبایغانی توانیان لەساڵی ١٩٦٧ دا ڕێکخراوی یەکێتی ئیسلامی دامەزرێنن. هەروەها دامەزراوەی خوجەی جیهانی بۆ شیعەی دوازدە ئیمامی دامەزرا، ئەم ڕێکخراوە لەلەندەندا ساڵی ١٩٧٦ دامەزرا. بەمجۆرەیش دەرچوانی حەوزە زانستییەکانی شیعە لەوێ شوێنیان دەبوویەوە، بەتایبەتی لەهەشتاکانەوە ئیدی لەسەرئاستێکی گەورەتر دەرکەوتن، لەهەشتاو نەوەدەکاندا بەتەواوی مۆرکی شیعەبوون وپەیامی سیاسی وابەستەبوونیان بە دنیای شیعەوە زەقبوویەوە، ئەم زەقبونەیەوە لەپاش ڕووخانی سەدام لە٢٠٠٣ دا بەتەواوی ڕوونبوویەوە کە دارای پەیامن و بەئاشکرا بانگەوازی شیعەگەرایی لەخۆرئاوادا ڕووی لەزیادبوون کرد١٢. لەحەفتاکانەوە کۆچی ئێرانیوهندی وپاکستانی و عێراقییەکان بۆئەوروپاوبەتایبەتی بەریتانیا بوویە مۆرکێکی زاڵ کەتایبەتمەندی دایە شوناسی شیعەکانی ئەوێ. بۆنموونە پاکستانییەکان چەند ئەنجومەنیان داناودامەزراوەی خاوەنی جەعفەرییان کردەوە. هاوکات دامەزراوەی خوئی و دامەزراوەی دارولئیسلام لەلەندەن و دامەزراوەی ئیمام عەلیش بونیان هەبو، لەکۆتایی هەشتاکانەوە تا ناوەندی نەوەدەکان سێ نوێنەرایەتی مەرجەعی شیعەکان بونیان هەبوو. لەوانە ئەبوقاسم خوئی و عەلی سیستانی و موحەمەد فەزوڵلا. بەشیوەیەك موسڵمانانی بەریتانیا ڕێژەی ١٠٪ شیعەن کە دەکەنە ٥٠٠ هەزرا کەس. بەجۆرێك مەرسەدی ئەزهەرئەوەی خستە رووکە ٧٠ ناوەندی شیعی لەبەریتانیا هەن. بەگوێرەی ئەو سەرژمێرییەی لە٢٠١١ داکراوە زۆرترینی موسڵمانانی بەریتانیا هەڵگری ڕەگەزنامەی پاکستانی و بەنگالین. شیعەکان لەوێ شیعەی دوازدەئیمامی وزەیدی و ئیسماعیلیین. گەورەترین ناوەندی ئیسلامی ئەوانیش ناوەندی ئیمام حوسەینی باستانمورە.

**شۆڕشی ئێرانی سەرلەنوێ بیری سیاسی شیعەوناسنامەی شیعەکانی لەبەرامبەرئەوانیتردا زیندوڕاگرت. لێرەدا سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕژێمە عەرەبییەکان لەهەمبەرشیعە بووە تەگەرەیەکی سەرەکی لەبەرابەرسیاسەتە دەرەکییەکانی ئێراندا**

لەهەمان کاتدا گەورەترین مزگەوتی ئەوانیشە. هاوکات حوسەینییەکانیان لەئێستادا ڕوولەزیاد بوونن بۆنموونە دارولئیسلام لەمانجستەر، لەوێ وتاری هەینی دەدرێت و کارلەسەر لاوان دەکەن لەرۆژانی شەممەدا وبۆنەی شینگێڕییان هەیەو لەجەژنەکاندا خۆ نومایان دەکەن. لەنێودندەکانی تر، ناوەندی ئەهلی بەیتی ڕۆشنبیری، ئەنجومەنی جیهانی بۆکاروباری پێشەوایەتی و دامەزراوەی ئەهلوبەیت بۆ زیندوبوونەوەی کەلتورو قوتابخانەی ئەهلی بەیت بۆ کچان و مەڵبەندی ئیمام خونی لەسوانزیو دامەزراوەی موسڵمان لەبراد فۆردو حسەینیەی ئیمام ئەعزەم و دائرەی مەعارفی حوسەینی کە پێنج سەد موجەلەدی لەبارەی ئیمام حوسەین نوسیوە. ناوەندی حەیدەری

ئیسلامی و دامەزراوەی رەفاهی عراقییەکان و دارو تەبلیغ. هاوکات لە١٠ی مانگی موحەرەمدا رێ رۆیشتن سازدەکەن لەلەندەندا. کە لەهاید پارکەوە دەستپێدەکات، جیا لەوەیش بەدەم شیعە پەنابەرەکانی عێراقییەوە دەچن. دامەزراوەی خوئی هەڵدەستێت بە بڵاوبوونەوەی شیعە لەئەوروپادا. لەلەندەن و نیویۆرکدا لقی هەیەو هەڵدەستێت بە بڵاوکردنەوەی تێکستە ئاینییەکان ووەریاندەگێڕێت بۆ ئینگلیزی .١٣ هاوکات لەفەرەنسا مەهدی رۆحانی بۆ ماوەی بیست ساڵە مژوڵی فەرهەنگی شیعەو بڵاوبوونەوەی هزری شیعەیە. لەوێ ناوەندی ئیسلامی ئێرانی لەپاریس بونیاد ناوەو ئایدیای کۆماری ئیسلامی بڵاودەکاتەوە، ناوەندی رۆشنبیری ئیسماعیلیش لەلەندەن و پاریسدا لەپەنجاکانەوە چالاکە. هەروەها لەهامبۆرگ ناوەندێکی ئیسلامی هەیەو نوێنەرایەتی بانگەوازی شیعە دەکا لەئەڵمانیاو هەژموون و هێزی ئایدیۆلۆژی ئێرانی برەو پێدەدا. لەراپۆرتی ٢٠٠٤دا هاتووە ئەوان خاڵی پەیوەندییان لەگەڵ خامنەیی هەیەو بوونەتە نێوەندی بڵاوبوونەوی شیعە لەئەوروپاولەبەرلین و هامبۆرگ و چەند شاری دی بنکەیان هەیە١٤. داری جەعفەری لەحەفتاکانەوە لەهۆڵەندا هەیە، ئەوانیش رێژەیان ١٢٠ هەزار دەبێت و لە١٩٧٦ یەکەمین حوسەینیەیان لەئەمستردام دامەزراندووە. هاوکات لەسویدیشدا چالاکییەکانیان رووی لەزیادی کردووەو کۆمەڵەی تایبەتیان هەیە. تەنها لە٢٠١٣ دا ٦٥ هەزار ئێرانی شیعە لەسویددا بون. یەکەمین حوسەینیەیان لەتورلهاتان بوو لە١٩٨٥ دا. لەبەلجیکاو نەرویج و ئیسپانیاشدا بەهەمان شێوە مۆرکی ئایدیۆلۆژی بە شوناسی شیعەکانەوە دیارە.

بەشێوەیەکی سەرەکی لەئەوروپای رۆژهەڵاتدا ئەم مۆرکە تۆختر دەبێتەوە. دەرکەوتنی ئێران لەهاوسەنگی ئاسایشی نیمچە دورگەی باڵکاندا. فاکتەرێکی کاریگەریی ناهێوری و پشێوی دەبێت. هەڕەشەی ئێران و بریکارەکان لەنیمچە دورگەی باڵکاندا ئاشکرایە. لەگەڵ گەشەی بزووتنەوە وەهابییەکانی کۆسۆڤۆ و مەکەدۆنیاو ئەلبانیاو بۆسنەو هەرێمی ساندزاکیشدا ئەم هەڕەشەیە چەند بەرابەر دەبێت. ئامادەیی ئێران لەنیمچە دورگەی باڵکاندا دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی یوگسلافیا. وەلێ کاریگەریەکانی هزرو ئەندێشەی خومەینی لەسەر دانیشتوانی موسڵمانی نیمچە دورگەکە، دارای پێشینەیەکی دیاریکراوە. لەساڵی ١٩٧٩ دا موسڵمانانی بۆسنە لەلایەن شۆڕشی ئێرانەوە جۆش و خرۆشیان کەوتە ناو١٥. لەساڵی ١٩٦٠ وە موسڵمانانی بۆسنە هان لەخەم و خولیای ناسنامەی نەتەوەییاندا. ساڵی ١٩٧٩ هاوکاتی زیندانیکردنی عەلی عیزەت بیگۆڤیج بوو، چوون لەو ساڵەدا لەبەر راگەیەنراوە ئیسلامییەکەی توندی زیندان کرا. عەلی عیزەت لەژێر کاریگەری شۆرششی ئێرانیدا بوو، شۆڕش ئەو هەستەی لەلای ئەو چاند کە وڵاتەکەیشی بەشێکە لەو جوڵانەوە نێونەتەوەییە. چەند هاوکاری و نێزیکێکی بیگۆڤیج لەمانگی یەکی ١٩٨٢ دا چوونە ئێران، ئەوان مەبەستیان بوو لەساڵیادی دامەزرانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەشداربکەن، لەوێدا کۆنگرەیەك بۆ یەکبوونی پێکهاتەی شیعەو سوننە سازدرا بوو، هەربۆیە هاوکارەکانی بیگۆڤیج بەشداربون لەو کۆنگرەیەدا. هاوکات بیگۆڤیج و رۆشنفکرانی دەوروبەری بانگەشەی یەکبوونێکی ئیسلامییان دەکرد و مۆدێلی ئیسلامخوازیی تورکیایان دەدایە دوواوەو پێیان وابوو بێ ئەندازە سیکۆلارن.١٦ هەربۆیە بیگۆڤیج فرە بە روون و رەوانی لەراگەیەنراوە ئیسلامییەکەیا خواستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی هاوشێوەی پاکستانی جەختکردەوە. توێژەری یوگسلافی پێریکا لە٢٠٠٢دا لەپەرتوکەکەیدا بەنێوی



ئایدۆڵ. ئەوەی خستەڕوو:کە چارەنوسی یوگسلافیا، هاوشێوەی پاکستانی پاش جودابوونەوە بوو لەهیند لە١٩٤٨ دا. لەساڵی ١٩٣٠.١٩٤٠ بیگۆڤیچ بازنەیەکی ئیسلامگەرای لەنێو ڕۆشنبیرو خوێندەواری وڵاتەکەیدا دروستکرد و بە لاوانی موسڵمان ناو دەبران. ئەو بازنەیە لەژێر کاریگەریی ئیخوانی میسردا بوون. لەوتەکانی بیگۆڤیجدا ئامانجەکانی لاوانی موسڵمان روونکراوەتەوە، ئامانجی ئەوان دروستکردنی دەوڵەتێکی مەزنە بۆ کۆمەڵگەی موسڵمان نشین کە بە ئیسلامستان ناویدەبرد. ئەو دەوڵەتە لەئامانجی ئەواندا نیمچە دورگەی باڵکان و باکوری ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتی ناوینی دەگرتەوە. بەڵام لەساڵی ١٩٤٦ دا ڕەوشێکی نوێ هاتە پێشێ، چوون ڕژێمی تیتۆی کۆمۆنیستی عەلی عیزەت بیگۆڤیچ وژمارەیەك زۆرلەئەندامانی لاوانی موسڵمانی قۆڵبەسکرد. هەموو ئەوانە هەواداری ڕژێمی ئایەتولاّیی بوون، ئەوەبوو پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانی بوونە لایەنگری ئەو ڕژێمە. بەجۆرێك تاوەکو ساڵی ١٩٨٣ نێزیکەی ٦٠٠ خوێنکاری بۆسنە لەقوتابخانەکانی ئێراندا نێردرابوونە بەرخوێندن١٧. هەرلەساڵی ١٩٨٣ دا هەموو ئەو چالاکوانانە جەختییان لەسەر ڕاگەیەنراوە ئیسلامییەکەی عەلی عیززەت کردەوە. ئەمە وایکرد کە عەلی عیززەت و چالاکوانە ئیسلامییەکان ڕووبەڕووی جارێکیتری زیندان بوونەوە. کاتێك لەساڵی ١٩٩٢ دا جەنگی ئێتنی نێوخۆیی لەبۆسنەو هەرزە گۆڤینگدا هەڵگیرسا. موسڵمانانی بۆسنە لەوکاتەدا بیریان لەهاوپەیمانێك کردەوە تاوەکو لەڕووی چەك و چۆڵی سەربازییەوە هاوکارییان بکات، چوون لەو قۆناغەدا گەمارۆیەکی نێونەتەوەییان لەسەر بوو. لێرەدا تاران ئەوهەلەی قۆستەوە تاوەکو هەژموونی جیۆسیاسیی خۆی لەئەوروپادا پەرە پێبدات، ئەوەبوو ئێران هاتە پێشەوەو لەجەنگی نێوخۆی یوگسلافیادا بە چەك و چۆڵی سەربازی دەستگرۆیی موسڵمانانی بۆسنەی کرد. هەربۆیە دەکرێت بڵێین لە١٩٩٢ وە ئێران دەستیدایە خۆسازدان لەنێو کۆماری یوگسلافیای پێشوودا. بۆ ئەم مەبەستەیش چەندین چالاکوانی سەربازی و دیپلۆماتکارو کەسیی ئایینی نێردرانە ئەوێ. دیارە لە١٩٩١دا کۆماری یوگسلافیا هەڵوەشایەوەو بۆسنییەکان ڕووبەڕووی جەنگێکی نێوخۆیی تاقەتپڕوکێن بوونەوە. ئیتر ئەوەبوو دەستیان دایە پێوەندیەکی تۆکمە لەتەك مەلاکاندا. سەرۆك کۆماری سربیا میلوراد دودیك لەساڵی ٢٠١٤ دا ڕایگەیاند:» بۆ بەرژەوەندی ئاژانسە هەواڵگیرییەکانی چەند دەوڵەتێك لەوانە ئێران خۆیان دابوو بە دەستەوە«. هەروەها وتی:» لەرابردوودا تەنها لەباڵوێزخانەی ئێران لەسەرایڤۆدا ٤٨٠ کارمەندی ئێرانی بونیان هەبوو«١٨. کرواتیا کە ناوەندی گواستنەوەی چەك بوو بۆ موسڵمانانی بۆسنە، وڵاتێك بوو فرە بێباك بوون لەوەدا کە بۆسنییەکان لەرەوشی گەشەو بەهێزیدا ببینن. ئێران یەکێك بوو لەو وڵاتانەی کە هەوڵی دەدا پشتیوانی لەرژێمەکەی عیزەبیگۆڤیچ بکات. هەرچەند لەسەرەتاوە هەوڵەکانی ئێران بە هۆی ئەوگەمارۆیەی کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی لەڕووی قەدەغەی چەك و چۆڵەوە سەپاندبووی ڕێگرلێکرا. بەڵام بە شێوەیەکی تاکتیکی ئێرانییەکان توانیان ملبدەن بە بەرێوەبەرایەتییەکەی کلینتۆن، تاوەکو پشتیوانی لۆجستیکی و هەواڵگیریی و سەربازی بەرفراوان بۆ موسڵمانانی بۆسنە دابین بکەن. هەربۆیە لەتەواوی ئەو قۆناغەدا ئێرانییەکان

برەویان دا بە تۆڕێکی بەرفراوانی کاری سیخوڕی لەسەرانسەری ئەو قەڵەمڕەوە سیاسییەی کە لەژێر هەژموونی رژێمەکەی عەلی عیزەت بیگۆڤیجدا بوو[١٩].

دیارە موسڵمانانی بۆسنە لەسەربنەمای کرۆکی سیاسەتەکانی بیگۆڤیج لەساڵی ١٩٩٠دا پارتی کاری دێموکراتییان دامەزراندبوو. لەساڵی ١٩٩٢دا یەکێك لەوان بەناوی عومەر بەهمەن راسپێردرا تا ببێتە هەوەڵ باڵوێزی رژێمەکەی عەلی عیزەتبیگۆڤیج لەتاراندا. یەکێکی تریان کە لەساڵی ١٩٨٣دا تۆمەتبارێکی دادگا بوو، ئەو لەنەوەدەکاندا کرایە بەرپرسی هەموو بریکارە ئێرانییەکان لەبۆسنەدا. هاوکات ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی و خوێندن لەنێوان دوو وڵاتدا زۆر برەوی پێدراو چەند سەد خوێنکارێکی موسڵمانی کۆماری پێشووی یوگسلافیا لەدامەزراوەو پەیمانگاکانی ئێراندا دەستیان دایە خوێندن. هیچ گومانێك لەلای رژێمەکەی بیگۆڤیج لەوەدا نەبوو، کە ئێرانییەکان مۆدیل و میراتێکی ئیسلامی تایبەتن لەوڵاتەکەیانداو نەلتەرناتیڤێکی دیکەی جیا لەرژێمی ئێران شك نابەن. ئێرانیش بەردەوامبوو لەپشتیوانی قەڵەمڕەوە موسڵماننشینەکە (سەرایبۆ، موستار، زینیتشا، بیهاتش، فیسوکو)، ئەم ناوچانە لەژێر هەژموونی رژێمەکەی عەلی عیزەت بیگۆڤیجدا بوون، لەپاش جەنگیش، کە لەرێکەوتنی دایتۆنی ١٩٩٥ کۆتایی بەجەنگ هات، هەموو ئەو ناوچانە لەقەڵەمڕەوی عەلی عیزەتدا مابوونەوە. ئەو رەوشەی بۆسنەوە هەژموونی ئێرانن سەرنجی کاراکتەری دیکەی بۆ خۆی راکێشا، لەوانە ئەمەریکا. بەگوێرەی سەرنجی سیس ویبیسی توێژەر، لەمیانی جەنگی نێوخۆی یوگسلافیای پێشوودا، هەریەك لەسعودییەو تورکیایش ئامادەبوون هاریکاری موسڵمانەکانی بۆسنە بکەن و چەکیان بۆ بنێرن، وەلێ عیزەتبیگۆڤیج زیاتر نیازی بەلای ئێرانییەکانەوە بوو. دەزگا هەواڵگیرییەکانی ئەمریکایش گەیشتوونەتە ئەم ئاکامە:» حکومەتی موسڵمانەکانی بۆسنە وەك کرێگرتەیەکی ئێرانییەکان نومایان دەبێت. ئەوان بژاردەی نێوان هەواڵگیرییەکانی ئەمریکاو ئێرانن. رۆژێك دێت کە هەمان نەزمی ئێرانییەکان دەگرنە بەر[٢٠]. بۆنموونە لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگ لەئاکامی راپرسییەکدا کە لەنێو موسڵمانانی بۆسنەدا کرابوو، دەرکەوت کە ٨٦٪ ی ئەوان هەڵوێستیان لەبەرامبەر ئێراندا هەڵوێستێکی فرە ئەرێنییە. بەمشێوەیە پاش واژۆکردنی رێکەوتننامەی دایتۆن لە١٩٩٥ دا، یەکێك لەئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەمریکا لەبۆسنەدا، بریتی بوو لەکەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئێران و ئەو هەموو جەنگاوەرە ئیسلامییە هەمە چەشنەی کە لەوێدا بوون. دیارە ئەم ئامانجەی ئەمریکا بۆ ئێرانییەکان دژوارە، چوون زۆرێك لەیەکە ئێرانییەکان زۆر بە تۆکمەیی وابەستە ببوون بە دامەزراوەکانی نێو موسڵمانانی بۆسنەوە. وەلێ لەئێستادا فاکتەری ئێرانی لەهەژماری ئاسایشیی بۆسنییەکاندا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. ئەوە راستییەکی جێ سەرنجە کە گەورەترین باڵوێزخانەی ئێرانییەکان لەئەوروپادا کەوتووەتە سەرایڤۆوە، لەبۆسنەدا چەندەها دیپلۆماتکارو رۆژنامەنوس و چالاکوانی ئێرانی هەن و ناوەندە کەلتورییەکانی ئێران ئاوەدانن. لەراستیدا بۆسنە وڵاتێکی سونی مەزهەبن وەلێ هەمیشە هەواداری شیعەی ئێران و شیعەکانن لەروانگەی سیاسییاندا[٢١].

لەپاش جەنگ ئێران بڕێکی زۆرلە پارەووزەی خۆی لەپێناو برەودان بە پێوەندییە ئەکادیمی و کەلتورییەکان لەناوچە جیاوازەکانی بۆسنەدا خستە گەڕ. پاش هەڵوەشاندنەوەی یوگسلافیان ئیدی باڵکان چووە دۆخێکی هێمنەوە. ئێرانیش بڕیاریدا زیاتر برەو بە هێزی نەرمی خۆی بدات لەناوچەکەدا. بۆنموونە ئەو دامەزراوە سەرەکیانەی ئێران لەبۆسنە بریتی بوون

لەناوەندی توێژینەوەی ئیبن سینا، دامەزراوەی مەلا سەدرا، زیفۆتی دوانزە ئیمامەکە، کۆلێژی فارسی .بۆسنە، ناوەندی کەلتوری باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لەسەرایڤۆ. لەراستیدا یەکێك لەئامانجە سەرەکییەکانی ئێران لەنێو موسڵمانانی بۆسنەدا برەودانی بە ئایدزای شیعە بوو لەنێویاندا. ئەم نەزمەی ئێران چۆن سەرکەوتوو بوو؟ دیارە سانا نییە بتوانین هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەرییەکانی ئەم هەڵمەت و هەژموونەی ئێران بکەین، چوون داتایەکی فەرمیمان لەبەردەستدا نییە کە ژمارەی شیعە موسڵمانەکان لەبۆسنەدا بخاتە روو. بە پێی رێکخراوی ناحکومی ئەنجومەنی جیهانی ئەهلی بەیت بێت، ٢٣٤٠٠ موسڵمانی شیعە، نزیکەی تێکڕای ٠,٥٪ی کۆی دانیشتوانیان پێکهانیوە، هەروەها بەگوێرەی مونتەدای پی ئی دەبلیو بۆ ئایین و ژیانی گشتی بێت، لە٢٠٠٩ دا شیعەکان نێزیکەی ١٥٢٠٠ کەس بوون لەکۆی ملیۆن و نیوێك موسڵمانی سونی مەزهەبی بۆسنەدا. جگە لەبۆسنە، ئەلبانیایش وڵاتێکی دیکەی بالکانە کە ئێران لەهەوڵدایە تا شوێن پێیەك بۆخۆی لەوێوە بۆ کیشوەری ئەوروپا دابنێت٢٢. وەك راستییەك کە لەسەرێ ئاماژەمان پێدا ئەلبانییەکان کۆمەڵگەیەکی فرە باوەڕن و بەوەیش ناسراون کە پابەندن بە لێبوردەیی ئاینییەوە. ئەلبانیەکان لەرووی مێژووییەوە وابەستەن بە خووی ئیسلامێکی سونی نەریتخواز و رەوگەی بەکتاشییەوە. ئەورۆکە ئەلبانیەکان شرۆڤەیەکی فرە رادیکاڵانەتر بۆ ئیسلام دەکەن بەتایبەتی لەلای ئەو لاوانەی کە لەدەرێ و لەنێو وڵاتە ئیسلامییەکانا مژوڵی خوێندنن. پاش هەڵوەشانەوەی کۆمۆنیزمی ئەلبانیا، خەڵکی پێشبینی دەستپێشخەرییەکی سەرمایەگوزاری بەرفراوانیان لەلایەن ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپییەوە دەکرد. بەڵام ئەمە روونەدا، هەربۆیە دیای ئەو وڵاتە گرتی بە دروشمێکی نوێوە کە بانگەشەی رووەو ئەوروپا یان ئیسلامیان دەکرد٢٣. ئەمەیش دەفەتێك بوو، تا ئەو وڵاتە ئیسلامییانە ئاوڕ لەئەلبانیا بدەنەوە. ئەمەیش وایکرد کە ئەرتەشی پاسەوانانی شۆرشگێری ئێرانی رووگەی خۆیان لەدەروازەی کیشوەری ئەوروپادا بدۆزنەوە، چوون ئەلبانیا بایەخێکی جوگرافی بۆ رژێمی فەرمانبەرداری مەلاکانی ئێران هەبوو. زۆرترینی خەڵکی موسڵمانی ئەوێش زەمینەیان بۆ پاسەوانانای شۆرشی ئیسلامی زیاتر دەرەخساند. دروست وەك بۆسنە، زۆرترینی نێوەندە کەلتوری و رۆشنبیرییەکانی ئێران لەئەلبانیاشدا وابەستە بوون بە وەزارەتی هەواڵگیری و ئەرتەشی پاسەوانانی شۆرشی ئیسلامییەوە. لەوێ لقێك هەبوو بەناوی رێکخراوی فەرهەنگی و پێوەندی ئیسلامی کە راستەوخۆ سەر بە پاسەوانانی شۆرشی ئیسلامییەوە بوو. ئەو رێکخراوە بایەخی بە باوەڕوبیری ئیسلامی دەدا لەنێو خەڵکیدا. ئەو رێکخراوە رۆڵی گەورەی لەبڵاوبوونەوەی پەرگیریی و هزری تێرۆردا هەبوو لەسەرانسەری ئەو وڵاتەدا. لەراستیدا دەسەڵاتدارانی ئەلبانیا بە ئاشکرا و بە فەرمی رێگەیان بە بڵاوبوونەوەی هەژموونی کۆماری ئیسلامی نەدەدا. هەربۆیە سوپای پاسەوانانی شۆرشی ئیسلامی هەوڵی دەدا لەنێو ماڵەکانداو بە شاراوەیی کاریکات بۆ بڵاوبوونەوەی ئەجێنداو ئامانجەکانی و هاوکات لەرێگەی دامەزراوە خێرخوازییەکانەوە کاریان دەکرد. ئەوان لەچوارچێوەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی سەعدی شیرازیدا دەهاتن ئەندێشەو هزری خومەینیشیان بڵاودەکردەوە. لەشۆرشی ١٩٧٩ وە رێکخراوێك کە ناودەبرا بە کۆمیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی، لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی خومەینیدا دامەزرابوو، ئەم کۆمیتەیە بۆ سەرنج راکێشانی لاوان بوو لەسەرانسەری وڵاتاندا تا هەماهەنگی سوپای پاسەوانانی شۆرشی ئیسلامی بن. ئەسغەر

ئولادی یەکێك بوو لەکاراترین کەسەکانی ئەم کۆمیتەیەو لەتەك رێبەرە ئاینییەکانی دونیا دادەنیشت تا بوار لەبەردەم سوپای پاسەوانانی شۆڕشدا وازبکات٢٤. دۆکیۆمێنتە بەدەستهاتووەکانی سەردەمی کابینەکەی ئەحمەدی نەژاد ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ١٩,٥ $ ملیۆن کۆی بەخشینی ئەو رێکخراوە بووە کە ١,٥$ ملیۆنی لەئەلبانیادا بەخشراوە. سەرەڕای ئەو هەوڵانەیش ئێران لەنێو پێڕی بژاردە یان خەڵکی گشتی ئەو وڵاتەدا هاوسۆزەکانی کەمن. بۆ نموونە سەرۆکی پێشووی ئەلبانیا. بۆنموونە سالی بریشا کە وتەبێژی کابینەکەی نەژاد بوو. بریشا لەمانگی هەشتدا بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەحمەدی نەژاد دەیسەلمێنێت کە ئایدیاو ئەندێشەکانی لەساتەوەختی چێکردنی هەڕەشەوگوڕەشەن بۆ سەررۆژهەڵاتی ناوین. چوون بانگەشەکانی نەژادو مۆرکی نازیبوونەکە وادەکات کە هێندەی پرۆگرامە ناوەکییەکی ئێران ترسناکن و هەڕەشەن بۆسەر هێوری و سڵامەتی ناوچەکەو جیهاد. لەپاش کەوتنی کۆمۆنیزم ڤاتیکان فرە بە چوستی بەدەم خواست و هاوکاریی ئەلبانیاوە هاتن هەروەها کەنیشەی ئەرسەدۆکسی یۆنانیش هەماهەنگی و هاوکاری بۆ ئەرسەدۆکسەکان خستە بواری بەڵێنەوە. کۆمەڵی بەکتاشی بەم شێوەیەی خوارێ رونیدەکاتەوە:» ئێمەی بەکتاشی ئێستەیشی لەگەڵ بێت لەلایەن ئێرانەوە پێشنیاری پارەمان بۆ دەکرێت، وەلێ هەرگیز پارەی ئێرانیەکان وەرناگرین و پێشنیارەکان پەسەند ناکەین». هەروەها دەڵێن:» ئێرانییەکان پێشنیازی هاریکاریمان دەکەن، بەتایبەتی لەسەرمایەگوزاریدا لەبواری چێکردنی قوتابخانەکان، هەرچەند کە وڵاتەکەمان ئاتاجی بە هاوکاری و پارەیە، بەڵام ئەو نیازەی ئێران هەرگیز پەسەند ناکەین و لەهیچ بناژۆو تێرۆریستێکیش هاوکاریمان ناوێ٢٥ «. دیارە ئەلبانییە بەکتاشییەکان راستەوخۆ لەژێر سەرپەرستیاریدان و گەرەکیانە بە ئەزمێکی شاراوەیش بێت برەوبە ئایدیای خۆیان بدەن٢٦. بەکتاشیەکان وزاناکانی ئیسلام لەئەلبانیادا دارای تایبەتمەندی خۆیانن. وەلێ هیچ کات نەیاری یەکتریی نەبوونە. نوێنەری رەوگەی سۆفیگەری بەکتاشی ئەربین سولێمانی ئەوەی روونکردۆتەوە کە لەکاتی سەرکوتی رەوگەکانی تەسەوف لەتورکیا لە١٩٢٥، ئەوەی وەك بەکتاشی بوونی خۆی هێڵایەوە بەتەنها ئەلبانییەکان

> سولەیمانی دەڵێ: «ئێمەی بەکتاشی موسڵمانین و سۆفین، نە عەرەبین و نە ئێرانی، بەڵکو مۆرکی کەلتورە ئیسلامییە دەرەکییەکان باشترلەنێو ئێمەی ئەلبانیدا شوێنی دەبێتەوە تا ئەوکەلتورانەی دوورن لە بەرامەی ئیسلامی»٢٧ . هەروەها وتی: «سۆفیزم لە ئەلبانیا هەستێکی رۆحی نێزیکتری لەتەك سۆفییەکانی عێراق و ئەڤغانستاندا هەیە» .

بوون. چون لەوکاتەوە بەکتاشییەکان ناوەندی سەرکردایەتی خۆیان لەتورکیاوە گواستەوە بۆ تیرانای پایتەختی ئەلبانیا. سولێمانی بە ئاشکرا هەوڵی ئەکادیمییەکانی خۆرئاوا دەداتە دوواوە کە گەرەکیانە گۆڕان لەئەزمی بەکتاشییەکاندا بکەن. سولەیمانی دەڵێ:» ئێمەی بەکتاشی موسڵمانین و سۆفین، نە عەرەبین و نە ئێرانی، بەڵکو مۆرکی کەلتورە ئیسلامییە دەرەکییەکان باشترلەنێو ئێمەی ئەلبانیدا شوێنی دەبێتەوە تا ئەو کەلتورانەی دوورن لەبەرامەی ئیسلامی»٢٧. هەروەها وتی: «سۆفیزم لەئەلبانیا هەستێکی رۆحی نێزیکتری لەتەك سۆفییەکانی عێراق و ئەڤغانستاندا هەیە».

لەئێستادا حکومەتی ئەلبانیا پشتیوانی خۆی بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەبەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەردەبڕێت. هەروەک چۆن بینیمان کە هێزە سەربازییەکانی ئەلبانیا بەشداربوون لەجەنگەکانی دژ بە ئەفغانستان و عێراق.

**تەوەرەی چوارەم: هەژموونی ئیسلامی سیاسیی سونی لەدەروازەکانی ئەوروپادا:**

دیارترین نمونەیەک کە بووەتە هەوێنی شوێنبوونەوەی ئیسلامی سیاسیی لەدەروازەی ئەوروپادا بەکتاشییەکانن. ئەوڕۆ بەکتاشییەکانی ئەلبانیا وەک کەمینەیەکی شیعی لەنێو دانیشتوانی سوننە مەزهەبی ئەلبانیدا دەناسرێنەوە، ئەوان وەک ڕەوگەیەکی تەسەوف و بزووتنەوەیەکی مەزهەبی ئەلبانیی هاتوونەتە بەرچاو. سەرەڕای بوونی مشتومڕێک لەسەر پرسەکە، وەلێ هەندێک توێژەر پێیان وایە کە بەکتاشییەکان ڕەوگەیەکی سۆفیگەر نیین. ئەوان ڕاستە بە رواڵەت و بەشێوەیەکی فەرمی لەسەر مەزهەبی سونیی هەژمارکراون، وەلێ لەبنچینەدا ئەوان شیعەن. دەکرێت بە تائیفەی بناژۆو پەرگیریی وەک غوڵات بەراورد بکرێن، ئەوانەی کە سەردەمانێکی پێشووترلەئەلبانیادا بڵاو ببوویەوە٢٨. لەرابردوودا بەکتاشییەت ببوویە یەکێک لەگرنگترین دامەزراوەکانی نێو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی. هەروەها ناوەندە ڕۆحییەکانی ئەوان بڵاوببوونەوە، بەجۆرێک لەشارەکانی قاهیرەوە بۆ باڵکان و لەئەنادۆڵەوە بۆ تورکمانستان سەهەندیان بەسەربیروباوەڕی خەڵکییەوە وەشانکرابوو. گرنگی ئەم ڕەوگەیە لەنێو فەرهەنگی تورکاندا، وەستابوو لەسەر ئەو سروشتی پێکەوە ژیانەی جیاوازییەکانی نێوان نەریتی شیعەو سوننە. هاوکات بەکتاشییەکان بوونە پیاوانی ئایینی لەنێو یەکە سەربازییە ئینکشارییەکاندا، ئەوانە ئەوسەربازە لاوانە بوون کە لەباوەڕی کریستیانەوە ببوونە موسڵمان و وەک سەربازرادەهێنران و گۆشدەکران، دیارە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە گەر بوترێت خودی بەکتاشییەکان بەبایەخەوە لەنەریتە ڕۆحییەکانی کریستیان و دیانەکان دەیانڕوانی. بەمەیش بەلکانییەکان بوونە هێزێکی فرە بەرچاو لەنێو باڵکاندا. لێرەوە ئاشنا بوون بە روانگەو ڕیشەی ئیسلامەتی و باوەڕی موسڵمانان. لەقۆناغی سەربەخۆیی ئەلبانیادا لە١٩١٢ دا زۆرێک لەرۆشنگەرو ڕۆشنبیرەکانی بزوێنەری سەربەخۆیی لەوانە شاعری نیشتیمانی ئەلبانیا نەعیم فراشێریی سەربەمەزهەبی بەکتاشی بوو. ساڵی ١٩٢٥ مستەفا کەمال ئەتاتورک بەتوندی ڕووبەڕووی تەواوی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان بوویەوەو تەواوی تەکێ و خانەقاکانی داخستن، هەربۆیە پێویستبوو بەکتاشییەکانیش سەرکردایەتییەکەیان بگوازنەوەو خۆیان قوتارکەنن بۆئەم مەبەستە تیرانا یان بە باشترین بژاردە زانی. ساڵی ١٩٢٩ سێهەم کۆنگرەی بەکتاشییەکان لەشاری کورکا گرێدرا. لەو کۆنگرەیەدا بڕیاردرا کە نێوەندی سەرکردایەتی بەکتاشییەکان ببرێتە تیرانا. دیارە ئەوە ڕوونە کە لەسەردەمی کۆمۆنیزمدا ولەسایەی حوکمی کۆمۆنیزمدا لەنێو ئەلبانیادا ئایین بە شێوەیەکی فرە تۆتالیتاری یاساغکرابوو. تەکێکانی بەکتاشییەکان لەبەر ئەوەی کەمتر بەرچاو بوونن لەچاو مزگەوتەکانی سونی مەزهەبەکاندا کەمتر ڕووبەڕووی داخستن و کوێربوونەوە بوونەوە. هاوکات وا پێشچاو دەکەوێت کە لەرووی زمانەوانیشەوە بەلکانییەکان مۆرکی سروشتی کۆمەڵایەتی بەکتاشییەکانیان وەرگرتبێت. لێرەوە بۆ نێزیکەی هەشتا ساڵ بەکتاشییەکان پشتبەستووبوون بە ڕەمزە نیشتیمانییەکانی ئەلبانەکان و زمانی ئەلبانی لەزانیارییە فرە تایبەتییەکانی پێڕێکی دیاریکراوی وان بەکاردەهات. دەتوانرێت بوترێت کە ئەوڕۆکە کۆمەڵی بەکتاشی لێوانلێون لەتایبەتمەندییەکانی

نەتەوەی ئەلبان. لەراستیدا کۆمەڵی بەکتاشی لەژێر سایەی فەرمانڕەوایەتی رژێمە کۆمۆنیستییەکەی ئەنوەر خواجەدا بندەست و چەوساوە بوو، وەلێ بە هەر نرخێك بێت توانی بەربەرێت و خۆی رابگرێت ٢٩. هەربۆیە ئەورۆ بەکتاشییەکان لەناوەندو باشووری ئەلبانیادا ئامادەییەکی بەرچاویان هەیەو رەوگەیەکی کاراو دامەزراون. بە پێچەوانەی ئەوانەوە ئیسلامە سونییەکان زێدەتر دەکەونە نێوچە شارییەکانی ئەلبانەوە، ئەوە بەجۆرێکە کە دەوترێت بەکتاشیزم بووەتە ئاینی خەڵکانی ئاوایی و دێهاتەکانی ئەلبانیا. ئەوان نومایانی پێوەستەگی و نزیکی خۆیان لەتەك کریستیانە ئەرسەدۆکسە ئەلبانییەکان ناشارنەوە. بەکتاشییەکان ژمارەیان زۆرەو بەشێوەیەکە کە لەم دوو اییانەدا بە نیوەی رێکی موسڵمانانی ئەلبانیا نەژمارکران. بە گوێرەی نوێترین سەرژمێری ئەلبانییەکان کە لە٢٠١١ دا لەلایەن پەیمانگای نیشتیمانی سەرژمێریی ئەلبانیاوە ئەنجامدراوە زۆترینی بەکتاشییەکان هەربەخانەوادە بەکتاشین و بۆخۆیان ئاشنا نیین بەوەی رێبازەکەیان چییە، تەنانەت بەشداری بۆنەو رێو رەسمەکانیشیان ناکەن. دیارە ئێستە لەنێو کۆمەڵی موسڵمانانی سونی مەزهەبدا دوو گروپی رکابەر بونیان هەیە. ئەوان لەساڵی ١٩٢٤ لەتیرانا خۆیان رێکخستووە. باڵێکییان سەلەفییەکانن کە برەو بە شرۆڤەی ترادیشناڵ و نەریتخوازی ئیسلام دەدەن و وابەستەن بە پێشینانی ئیسلامەوە لەباوەڕداریدا. ئەوان دژن بە رێچکانی حەنەفی و دژن بە قوتابخانە نوێخوازەکانی شرۆڤەی ئیسلام و دژن بە هەموو ئەو بەهایانەی کە رێ بەرەو کرانەوەی عەقڵ و رۆشنگەری خۆشدەکەن. بوونی ئەوان وەك کۆسپێك وابوو لەبەردەم بەکتاشییەکاندا، چوون بەکتاشییەکان دارای شرۆڤەیەکی نوێگەرو مۆدێرن بوون بۆ ئیسلام و زۆرلەبوارە باوەڕییە پێشینەکەدا رۆنەچووبوون، ئیدی ئەم دوو جەمسەرە زەمینەی پێکدادان و بگرەو بەردە لەنێویاندا هاتە پێشەوە ٣٠. هەربۆیە ریفۆرمخوازە ئیسلامییەکان هەمیشە گەرەکیان بووە بەکتاشییەکان لەژێر سایەو سەهەندی گروپێکی یەکگرتووی موسلمانانی ئەلباندا گردبکەنەوە، دیارە نەزمی ئەلبانچییەتی وەهای کرد کە بەربەست لەنێوان بەکتاشییە موسڵمانە نا ئەلبانەکان و ئەلبانییە بەکتاشییە موسڵمانەکان دروست ببێت ویەکگرتوو نەبن. ئەلبانییە موسڵمانەکان دارای تایبەتمەندی نەتەوەیی بەهێز بوون و ریشەی نەتەوەگەرایی لەناویاندا بەهێز بوو، ئەلبانییەکان بە هەموو باوەڕو ئاینەکەیانەوە وابەستە بوون بە نەتەوەگەراییەوە، ئیسلام لەنێو ئەلبانییەکاندا ئاینێکی هێنراو بوو، کاتی فرەی گەرەك بوو تا بتوانێت تەنگ بە نەتەودگەرایی و ناسیۆنالیزم هەڵبچنێت. لەبەر ئەوە لەئەلبانیادا یەکبوونی تەودیی ساناتربوو تا یەکبونێك لەسەربنەمای ئایین بوایە. رەگەزێکی دیکەی ئیتنیکی خەڵکی موسڵمان لەنیمچە دورگەی باڵکاندا برێتیین لەسلاڤییەکان. سلاڤییەکانی بالکان ٣,٥ ملیۆن دەبن، ئەوان نەوەی ئەو سلاڤییانەن کە لەمیانی فەرمانڕەوایەتی عوسمانییەکاندا بوونەتە موسڵمان. ئەوان لەروی کەلتوری و زمانەوانییەوە سەر بە گروپگەلێکی جودان. موسڵمانە سلاڤیەکان یان بوسنیاکسەکان ئەوانە دارای زمانی تایبەت بەخۆیانن وتێکڕا دانیشتوانی بۆسنەو هەرزەگۆڤین پێکدەهێنن. هاوکات ئەوان لەهەرێمی ساندزاکدا زۆرینەن، ئەو هەرێمەی کە سربییەکان دەسەڵاتیان بەسەریدا دەشکێ، لەنێو مەکەدۆنیاشدا کەمینەیەکی گرنگی ئەو وڵاتەن. هاوکات لەبولگاریاو بەشی باکوری یۆنانیشدا وەك بوماکس ناسراون. لەکۆسۆڤۆشدا وەکو غورانیس ناسراون.

دەروازەکانی ئەوروپا هەمیشە پردێك بوون بۆ پەڕینەوەی ئیسلام بۆ ئەوروپا،

بەتایبەتی لەسەردەمی عوسمانییەکاندا ئەم نەزمە روونتر دەرکەوت. وەلێ لەدووای چێبوونی ئیخوانەوە وەختێك کە ئیسلامی سیاسیی وەك رێکخراوێکی سیاسی لەئیخواندا خۆی بەرجەستە دەکات، ئیدی بەرە بەرە ئەم رێکخراوە دەبێتە رێکخراوێکی نێونەتەوەیی و دەخزێتە دەرەوەی سنورەکانی دنیای ئیسلامەوەو رەوت و ئایدیای لێك جودای لێدەبێتەوە. بەتایبەتی نیمچە دورگەی بالکان بەهۆی نا نارامی سیاسییەوە دەبێتە زەمینەیەکی لەبار بۆ ئیسلامی سیاسیی. لەپاش کەوتنی کۆمۆنیزم، ئەلبانیا وەك تەنها دەوڵەتێکی بێ باوەڕ لەبلۆکی کۆمۆنیزمدا دەرکەوت، لەوێدا پیاوانی ئایینی تا رادەیەك بونیان نەبوو، پێویستبوو ئەوەی نوێ پێشبخرێت. پاش ٢٣ ساڵ لەقەدەغەی ئایین، کۆمەڵی ئیسلامی ئەلبانیا دامەزرا، سەدان مزگەوت بونیادنران و نوێکرانەوە. لەوێدا بەکتاشییەکان زیاد لەرادە شوێنی خۆیان رێکخستەوە. چوون دووای ١٩٩٣ کۆمەڵگەی ئیسلامی لەیوگسلافیادا هەڵوەشابوویەوە. ئیدی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لێکدابڕان و لەوێدا هاتن کۆسۆڤۆیان دروستکرد( یەکێتی ئیسلامی کۆسۆڤۆ) لەمەکەدۆنیایش یەکێتی ئیسلامی ئاینییان دروستکرد. لەساڵی ١٩٩٢ دا لەکۆسۆڤۆدا فاکەڵتی زانستە ئیسلامییەکان لەکۆسۆڤۆدا دامەزرا، هاوکات لەساڵی ١٩٩٧ یشدا لەسکوپییشدا دامەزرا. هەروەها لە٢٠١١ دا زانکۆی ئیسلامی بیدەر لەئەلبانیادا دروستکرا. ئیسلام فرە بەرچاو نومایان دەبوو، مزگەوتی نوێ بونیاد دەنران و بۆنە ئیسلامییەکان بوژانەوەو بڵاوکراوەو نوسەری ئیسلامی بەرفراوان و گۆڤارە ئیسلامییەکان هاتنە وەشاندن. لەمەکەدۆنیادا قوتابخانە ئاینییەکان زیادیانکردو وانەی ئایین خزایە نێو میتۆدی قوتابخانەکان، وەلێ ئەمە لەکۆسۆڤۆ و ئەلبانیادا روویندەدا. لەم ساڵانەی بوژانەوەی ئیسلامیدا چەندەها رێکخراو

و دەزگای خێرخوازی لەوڵاتانی دیکەوە لەو ناوچانەدا دەستیان دایە پرۆژەکانیان. لەوانە لەتورکیاو ئێران و مالیزیاو سعودیەو کوەیت و قەتەرەوە. ئیدی بەرە بەرە چەمکەکانی وەهابی و رادیکاڵو سەلەفی و بناژۆو ئەم رەوتانە هاتنە نێو ناوانەوە تا ئەوکات ئەوان چشتێکیان لەبارەی وانەوە نەدەزانی و هەستیان بە جیاوازی و ئەجێندای وان نەدەکرد.

بەگوێرەی ناتالی کلای دەکرێت دەستەواژەی سەلەفییە نوێیەکان یاخۆ بناژۆخوازانی نوێ گونجاوترین دەستەواژە بێت کە تۆلیفەر روای جەختی لەبارەوە دەکاتەوە. چوون ئامادەیی وان لەبەرچاو گیراوەو نکولی ناکرێت و لەرەوش و شێوەی جیاجیاوە نومایان دەبن. لێرەدا رەوتەکانی وان خۆیان لەنەرم و نیانەکان و جیهادییەکان و هەروەها تەکفیرییەکان دەبیننەوە. تاکە جیاوازەکان و رێکخراوەکان هەموو ئەوانە دارای میتۆدو تەوژمی هزری خۆیانن و بەجۆرێك لەجۆرەکان لەتەك یەکتریدا خاڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە. ئەم رێکخراوو تەوژمانە بارگاوببوون بە دەزگا خێرخوازییەکان و هەموو ئەو سپۆنسەرە مادییانەی کە لەوڵاتانی جۆراو جۆرەوە سەرچاوەیانگرتبوو، ئەوان کاریان بونیادنانی مزگەوت و قوتابخانەو کۆمەکی خوێنکاران بوو بۆ خوێندن لەزانکۆکانی وڵاتانی عەرەبیدا. بەسەدان کوڕ بە تایبەتی لەدێهاتنشینەکانەوە بۆ مەبەستی خوێندن روویانکردە سعودیە کووەیت، تورکیا، لیبیا، لوبنان وسوریا، ئەوان وەختێك دەگەڕانەوە هەڵگری پۆشاك و دابونەریت وراڤە جیاوازەکانی ژینگەی ئەو وڵاتانە بوون.

لەراستیدا هیچ شتێکی نەرێنی نابینم لەو پێشەوایانەدا کە دەرچووی وڵاتە عەرەبییەکانن، ئەویش هۆیەکەی روونە، چوون عەرەبی زمانی قورئان و ئیسلام و پێغەمبەرمان موحەمەدە (د.خ). ئەمە خۆی لەخۆیدا واتایەکی زارەکی

لەسەرچاوە ئاینییەکاندا دەبەخشێت. بەڵام وابیریش دەکەمەوە کە شەڕو شەیتان لەم راستیانەدا دزەی کردووە. چوون لەکەلوتوری ئیسلامیدا وتراوە، خوێنەرانی تێکدەرو لایەنگرانێکی نەزان بەرهەم دەهێنێت. ئەمە سەرەتایەك دەبێت بۆ تێگەیشتنێکی هەڵە لەبارەی زانیارییەکانی ئیسلام لەو وڵاتانەدا.

**سەلەفیزم، ئەم نەزمە نوێیە بۆ نێو ئیسلامی حەنەفی تراديشناڵ لەنێو باڵکاندا لەلایەن رۆژنامەنوسو کۆڵەرانەوە خراوەتە بەر توانج و تۆمەت و تاوانبارکردن. ئەوان پێیان وایە تۆمەتباری سەرەکی لەم نەزمە نوێیەدا ئەو رادیکاڵییەت و پەرگیرە ئیسلامییەیە کە لەنێو واندا رەنگدانەوەی دەبینرێت**

پشتیوانییە داراییەکان لەوڵاتانی کەنداو و تورکیاو ئێران و وڵاتانی دیکەی ئیسلامییەوە تەنێ بۆ رێکخراوە ناحکومییەکان نەبوو، بەڵکو لەبواری سەرمایە گوزارییە دەوڵەتییەکانیشدا پەلیانکێشابوو. چوون نەوەی لەپشتیوانی سەرمایەگوزاری دەوڵەتەکانەوە دێت بە تەواوی لەپێشچاوەو وەك پشتیوانی رێکخراوە ناحکومییەکان نییە کە شاراوە بێت. لێرەوە بەشێوەیەکی ئۆتاماتیکی بەشێك لەو سەرمایەگوزارییە بە تەواوی لەبەرژەوەندی گروپەکانی نێزیك لەقاعیدەو نامانجە جیۆسیاسییەکانی شکاوەتەوە. بۆنموونە رێکخراوە ناحکومییەکانی (رێکخراوی فریاکەوتنی ئیسلامی نێونەتەوەیی، دامەزراوەکانی حەرەمەین، مووەفەق، وەقفی ئیسلامی هەموو ئەوانە پەنجەی تۆمەتیان بۆ درێژکرا بەوەی پشتیوانی لەچالاکییە تیرۆریستییەکانی هەردوو ئەلبانیاو مەکەدۆنیا دەکەن ٣١. لەئاکامی ئەمەدا فۆرمێکی نەناسراوی ئیسلام هاتە پێشێ.

سەلەفیزم، ئەم نەزمە نوێیە بۆ نێو ئیسلامی حەنەفی تراديشناڵ لەنێو باڵکاندا لەلایەن رۆژنامەنوسو کۆڵەرانەوە خراوەتە بەر توانج و تۆمەت و تاوانبارکردن. ئەوان پێیان وایە تۆمەتباری سەرەکی لەم نەزمە نوێیەدا ئەو رادیکاڵییەت و پەرگیرە ئیسلامییەیە کە لەنێو واندا رەنگدانەوەی دەبینرێت. ئەم تۆمەتانە نەتەواو دروستە نەیش تەواو هەڵە، لێرەوە بەرەنگاری ئاڵۆزییەك دەبینەوە لەدیاریکردنی شوناسی توندڕەوەکاندا. ئەلبانیا بووەتە ئەندامی رێکخراوی هەماهەنگی ئیسلامی، ئەمەیش بەبڕیاری سەرۆك کۆمار ساڵی بێریشای بوو لە١٩٩٢ دا. ئەمەیش بە دروستی بۆ کەمەندکێشکردنی هاوکاری و یارمەتییە داراییەکانی ئەو وڵاتانە بوو٣٢. لێرەوە ئەلبانیا بوویە خاڵی گواستنەوەی چەك و چوڵ بۆ موسڵمانانی بۆسنا. هاوکات هەندێك لەشەڕڤانە ئیسلامییەکان لەئەلبانیاوە قوتاری بۆسنە دەبوون. ئەوان مەبەستیان بوو ئەلبانیا بکەنە بنکەیەکی خۆیان لەئەوروپادا. ئەوانە ساڵانێك بوون کە تێیدا تەکفیری و جیهادییەکانی قاعیدەو جیهادی ئیسلامی دزەیان کرد بۆ نێو ئەلبانیا. هەربۆیە شانەکانی تیرانا یەکێك بوون لەگرنگترین شانەکانی جیهاد. ریشەی تەکفیریی سەلەفی بەرە بەرە هاتە ئەو وڵاتەوەو لەوڵاتێکی وەك میسردا ساڵی ١٩٩٨ بەتەواوی وابەستە بوون بەم وڵاتەوە دروست بوو٣٣. هەوڵی بزووتنەوەی رادیکاڵ لەمەکەدۆنیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٨٨ بۆ ١٩٨٩. تەبلیغ لەهەوەڵینی بانگخوازەکان بوو، ئیدی رەوتی سەلەفیزمی نوێ لەنەوەدەکانەوە بەنەزمێکی نوێ هاتە پێشەوە. دیسان لەم کاتەشدا نەزمی رادیکاڵی لەدەزگا خێرخوازییەکان و بڵاوکراوەو چاپەمەنی و ناردنی خوێنکاران بۆ وڵاتانی عەرەبی دەستی پێکردەوە. موجاهیدەکانی ئەوێ بۆ هەوەڵجار لەپێکدادانە چەکدارییەکانی ساڵی ٢٠٠١ دا

دەرکەوتن. تەکفیرییەکانیش لە٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ دا دەرکەوتن و بەشێوەیەکی فرە سەرکوتووانە دزەیان کردە نێو ناوچە هەژار نشینەکانەوە. بە کورتی هەموو ئەم رەوشە رادیکاڵییەیش لەکۆسۆڤۆدا لەساڵی ١٩٩٢ دا دەستیپێکرد. هەوەڵ پێشەوای ئەم نەزمە لەمیسرەوە پاش ئەوەی لەوێ خوێندبووی گەڕایەوە، ئەوکات تا ١٩٩٨ تەنێ گروپگەلێکی بچووك لەو وڵاتەدا هەبوون. لەبەرامبەردا لەبۆسنەو لەجەنگی کۆسۆڤۆدا هیچکام لەم شێوە موجاهیدانە نەبوون. لە٢٠٠١ دا سەلەفیزمی نوێ لەرێگەی رێکخراوە ناحکومییەکانەوە هاتە نێو کۆسۆڤۆوە. هەر لەماوەی ئەو ساڵانەدا تەکفیرییەکانیش دەرکەوتن. بەگوێرەی چاوکەوتنمان بە سەرچاوەکان لە٢٠٠٧ بۆ ٢٠٠٨ ئیدی بوونە پێکهاتەیەکی رێکخراوەیی. لەمیانی ئەم ساڵانەدا و بەم نەزمی کارەوە دامەزراوە ئیسلامییەکان متمانەیان لەنێو کۆمەڵگەی موسڵماندا لەدەستدا. چوون لەروانگەی ئەواندا ئیسلامییەکان گەندەڵنو توانایان بەسەر کاروبارە ئاینییەکاندا ناشکێو ئەوان زێدەتر بۆ دەسەڵات و هێز ملدەنێن و ناتوانن جڵەوی خۆیان بۆ پێشگرتن بە رادیکاڵبوون رابگرن٣٤.

لەناملیکەکەیدا بەنێوی (شوناسی ئەوروپیانەی ئەلبانییەکان)، دەستەواژەی ئیسلامۆفۆبیا بەواتای ترس لەئیسلام دێت. لەراستیدا ترس لەئیسلام نییە، بەڵکو ترسە لەئایینی موسڵمانان کە رۆڵی گەورە لەهاندانی توندوتیژی و جیاکاری و دەمارگیریدا دەگێڕێت. بەبەراورد بە وڵاتانێك کە زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانیان موسڵمانە ئەم رەوشە زێدەتر لەئەلبانیاو کۆسۆڤۆدا بەدیاردەکەوێت. هەرچەند ناتوانین بڵێین رەوشەکە لەمەکەدۆنیایش بەهەمان شێوەیە. چون لەوێدا کێشەکە لەبنچینەدا ئیتنیکی و نەتەوەییە. هەردوو وڵاتی ئەلبانیاو کۆسۆڤۆ دوو دەوڵەتی سیکیۆلارن. لەبەر ئەوە ترس لەئیسلام لەو وڵاتانەدا بە شێوەیەکی سەرەکی بارگاوییە بە توێژی رۆشنبیرو بێباوەڕو سیکۆلارو خۆرئاواگەراکان. لەدەستپێکی ساڵانی هەوەڵی پاش کەوتنی ئەمی کۆمۆنیزم، ئیسماعیل کاداری پێشنیازیکرد کە پێویستە مزگەوتەکان کڵۆمبدرێن. ئەم ئایدیایانە بەردەوامەو پێی وایە کردنەوەو زیادکردنی مزگەوتەکان فاکتەری زێدەبوونی رادیکاڵییەت و پەرگیرییە. ئەو لەناملیکەکەیدا باس دەکات کە ئیسلام بۆ ئەلبانییەکان کارەساتێکی مێوویی کوشندە دەبێت و رێگری سەرەکی دەبێت لەبەردەم ئاشنابوونەوەو پەیوەستبوونی ئەلبان بە ئەوروپی و خێزانی ئەوروپییەکانەوە. ئەم دەستەواژەیە هەمان بۆچوونی سەرۆکی پێشوو ئەلفرێد موجیسۆ یە، ئەو لەوتارێکیدا لەئینگلتەرا لە٢٠٠٥ داوتی ئەلبانەکان لەبنچینەدا کریستیانن و ئایینی ئیسلامیش ئایینێکی هێنراوە. بەگوێرەی زۆرێك ئیسلام ئاینێکی دوورە لەئەلبانەکانەوەو ناتوانێت تێکەڵ بە بەهاکانی خۆرئاوا بێت، چوون سروشتێکی سەرەتایی هەیەو کۆنخوازەو ئاینێکی پشتیوانی لەتێرۆرو توندوتیژی دەکات. ئامانج لەدژایەتیکردنی ئیسلام بۆئەوەیە موسڵمانەکان دەستهەڵبگرن لەخۆ خەریککردن بە شوناسی رەسەنایەتی ئیسلام لەو وڵاتەدا. لەو دوو وڵاتەدا ترس لەئیسلام دروست پەیوەستە بە ترس لەعوسمانییەکان، ترس لەکلتورو مێژووو توراسی عوسمانییەکان لەرابردووی ناوچەکەدا. لەم ساڵانەی دواییدا وەختێك تەوژم و فۆرمێکی نوێی ئیسلام هاتە ناوەوەو بووە بەشێك لەژیانی باوەڕداران. ئەمە بووە مایەی قسەو باس و دابەشبوونێکی نوێ لەنەزمی ئاینداری خەڵکی ئەوێدا. بەگوێرەی ئەم پرەنسیپەی ئیسلامی شلرەو یان میانەڕو، ئیسلامێکی نەبینراو هات، واتە ئیسلامێك کە حیجاب و رووسەری بۆ ژنان نەدەسەپان و پیاوان ریشیان نەدەهێشتەوەو ژن باڵاپۆش نەبوو، نوێژەکانیش لەشوێنە پەنهان

و داخراوەکان دەکران و بۆ پێشچاوی خەڵکی نەدەکرانە هێما. هەربۆیە ئەم نەزمە ئایندارییە لەهەمبەر کۆمەڵگەی ئەوێ شتێکی نوێ بوو. بەمشێوەیە ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لەنیمچە دورگەی باڵکاندا لەململانێکی سەختدان لەتەك هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە ئاینزاو بەرنامەی شیعەگەرایی دەیانجوڵێنێت. چوون هەرلەوێدا شیعەکانیش بونیان هەیە و بانگەوازەکانیان بۆسەر یەکتر چڕکردووەتەوە٣٥.

پەراوێزەکان:


https://ar.qantara.de/content/-التوتر-السني-الشيعي-مسلمون-ضد-مسلمين

Akbar Ahmed, Journey Into Islam: The Crisis of Globalization, Washington D. C.: Brooking Institution Press, 2008, p. 44

Ahmed, ibid. , p. 44.

Kayhan Barzegar, "The Shia Factor in Iran›s Foreign Policy" http://www.csr.ir/departments.aspx?lng=en&abtid=07&&depid=74&-semid=1421,01.05.2016

Kayhan Barzegar, "The Shia Factor in Iran›s Foreign Policy" http://www.csr.ir/departments.aspx?lng=en&abtid=07&&depid=74&-semid=1421,01.05.2016

Mehmet Seyfettin Erol, "11 Eylül Sonrası Türk Dış Politikasında Vizyon Arayışları ve 'Dört Tarz-ı Siyaset'", Gazi Akademik Bakış, Vol. 1, No. 1, 2007, p. 39.

Laurance Louër, Transnational Shia Politics: Religious and Political Networks in the Gulf, 2008, pp. 243-244

BIANKA SPELDIL: the Sunni shia clashes in western Europe, depence review, special issue 2016,p44.

http://almezmaah.com/2017/08/02/التشيع-والتغلغل-الإيراني-وتأثيره-في-ا/

Azim Nanji and Farhad Daftary: What is Shi'a Islam?, The Institute of Ismaili Studies / http://akdn2.stg.prod.acquia-sites.com/sites/default/files/What%20is%20Shia%20Islam_%20logo-1035125315.pdf

Azim Nanji and Farhad Daftary: What is Shi'a Islam

BIANKA SPELDIL: the Sunni shia clashes in western Europe, depence review, special issue 2016,p44.

BIANKA SPELDIL: the Sunni shia clashes in western Europe, depence review, special issue 2016,p44.

BIANKA SPELDIL: the Sunni shia clashes in western Europe, depence review, special issue 2016,p44.

Matteo Pugliese, "Iran in the Balkans", http://www.lowlandssolutions.com/downloads/Iran%20in%20the%20Balkans%20-%20Pugliese.pdf, 07.05.2016.

Matteo Pugliese, "Iran in the Balkans", http://www.lowlandssolutions.com/downloads/Iran%20in%20the%20Balkans%20-%20Pugliese.pdf, 07.05.2016.

Matteo Pugliese, "Iran in the Balkans", http://www.lowlandssolutions.com/downloads/Iran%20in%20the%20Balkans%20-%20Pugliese.pdf, 07.05.2016.

Muhammad Rizwan; From Rivalry to Nowhere: A Story of Iran-Saudi Ties / http://www.iosrjournals.org/iosr-jhss/papers/Vol19-issue9/Version-4/P0199491101.pdf

http://www.iosrjournals.org/iosr-jhss/papers/Vol19-issue9/Version-4/P0199491101.pdf

http://www.iosrjournals.org/iosr-jhss/papers/Vol19-issue9/Version-4/P0199491101.pdf

Vlado Azinović - Muhamed Jusić, "The Lure of the Syrian War: The Foreign Fighters' Bosnian Contingent", Atlantic Initiative, pp. 19-20, http://atlanticinitiative.org/images/THE_LURE_OF_THE_SYRIAN_WAR_THE_FOREIGN_FIGHTERS_BOSNIAN_CONTINGENT/The_Lure_of_the_Syrian_War_-_The_Foreign_Fighters_Bosnian_Contingent.pdf, 02.05.2016.

Reza Shafa, "Albania a Foothold For Iran's IRCG in Europe", http://www.ncr-iran.org/en/news/terrorism-fundamentalism/4920-albania-a-foothold-for-irans-irgc-in-europe-, 04.05.2016.

Adrian Brisku, Bittersweet Europe: Albanian and Georgian Discourses on Europe, 1878-2008, 2013, p. 157.

http://www.iosrjournals.org/iosr-jhss/papers/Vol19-issue9/Version-4/P0199491101.pdf

http://www.iosrjournals.org/iosr-jhss/papers/Vol19-issue9/Version-4/P0199491101.pdf

Albert Doja, Bektashism in Albania: Political History of a Religious Movement, Tirana, Albanian Institute for International Studies, 2008, p. 15.

Stephen Schwartz, "Arabs, Iranians, and Turks vs. Balkan Muslims", http://www.islamicpluralism.org/2033/arabs-iranians-and-turks-vs-balkan-muslims, 02.05.2016.

Stephen Schwartz, "The Heritage of Ottoman Islam in the Balkans", http://www.islamicpluralism.org/1663/the-heritage-of-ottoman-islam-in-the-balkans#_edn3, 28.04.2016

Stephen Schwartz, "The Heritage of Ottoman Islam in the Balkans", http://www.islamicpluralism.org/1663/the-heritage-of-ottoman-islam-in-the-balkans#_edn3, 28.04.2016

Stephen Schwartz, "The Heritage of Ottoman Islam in the Balkans", http://www.islamicpluralism.org/1663/the-heritage-of-ottoman-islam-in-the-balkans#_edn3, 28.04.2016

Stephen Schwartz, "The Heritage of Ottoman Islam in the Balkans", http://www.islamicpluralism.org/1663/the-heritage-of-ottoman-islam-in-the-balkans#_edn3, 28.04.2016

Stephen Schwartz, "The Heritage of Ottoman Islam in the Balkans", http://www.islamicpluralism.org/1663/the-heritage-of-ottoman-islam-in-the-balkans#_edn3, 28.04.2016

Stephen Schwartz, "The Heritage of Ottoman Islam in the Balkans", http://www.islamicpluralism.org/1663/the-heritage-of-ottoman-islam-in-the-balkans#_edn3, 28.04.2016

"Islamophobia: The Right Word for a Real Problem" (26 April 2016), Bridge Initiative Team at http://bridge.georgetown.edu/islamophobia-the-right-word-for-a-real-problem/ (accessed 8 November 2016

Stephen Schwartz, "The Heritage of Ottoman Islam in the Balkans", http://www.islamicpluralism.org/1663/the-heritage-of-ottoman-islam-in-the-balkans#_edn3, 28.04.2016




# ستەمی یاسا نێونەتەوەییەکان دەرهەق بە کوردو شیعەی رۆژهەڵات

## توێژینەوەیەکی شیکاری و بەراوردکارییە



ماجید خەلیل. سەرۆکی بەشی مێژوو . زانکۆی سلێمانی ..........................................

### پێشەکی:

نابەرابەریی لەهەمبەر بڕیارە نێونەتەوەییەکانی پەیوەست بە مافی چارەی خۆنوسین بەشێوەیەکی بەرچاو جیاکاری لەمافی کەمینە ئیتنی و مەزهەبیەکانی رۆژهەڵاتدا کردووە. بە جۆرێك زۆرینەیەك نەك وەکو کەمینە نیشان نەدراوەو بێماف کراوە، بەڵکو وەك کەمینەیش نەناسێنراوە. کوردو شیعە لەوڵاتانی عەرەبیدا هەمان مامەڵەیان لەگەڵدا کراوەو لەسەد ساڵی رابردوودا شوێنیان لەجاڕنامەکانی مافی مرۆڤ و بڕیارەکانی مافی چارەی خۆنوسین نەکراوەتەوە. لەبەرامبەردا کەمینەگەلی دی هەن یاسا نێونەتەوەییەکان بوونەتە سوپەر و قەڵغانی پاراستن و بەدەستهێنانی مافەکانیان.

**تەوەرەی یەکەم: جاڕنامە جیهانییەکان لەکەیەوە دەستیان وەردایە مافی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکانی رۆژهەڵات:**

مافی چارەی خۆنوسین خودانی سەرگوزەشتەیەکی دوورو درێژی نەتەوە باڵادەستەکانەو هیچکات نکولییان لەنەزم و نواڕینی مرۆڤانەی نەتەوەو کەمینە نەتەوەییەکان نەکردووە، بەڵکو لەجاڕنامە جیهانییەکانیانەوە پێشبڕکێ وپێناوی خستنەرووی ئەوپرسە هەبوون، وەلێ لەسەر زەمینەی واقیعدا مەهزەلەشیان پێناگات و مۆرانەیەکی خراپی وردو خاشکردنی خەونی نەتەوەو کەمینە نەتەوەییە بندەستەکان بوون.

لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمەوە پرسی مافی نەتەوەکان بەفەرمی لەراگەیەنراوی سەربەخۆیی ئەمەریکادا ساڵی ١٧٧٦ راگەیەنرا، دوواتریش لەبەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤی فەرەنسیدا بەشێوەیەکی سەرڕاسترو پێشکەتووتر لەساڵی ١٧٨٩ دا دوپاتکرایەوەو برەوی زیاتری پێدرا. ئەو جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ لەفەرەنسا بۆیەکەمجاربوویە شۆکێك و لەنێونەتەوە بندەستەکانی ئەمەریکای باشوردا رەواجی پێدرا، ئەوان لەوکاتەدا بندەستی ئیستیعماری پورتوگالی و ئیسپانی بوون. هەربۆیە ئەو جاڕنامەیەی ئەمەریکاو فەرەنسا زەمینەی سەربەخۆبوونی گەلێ لەونەتەوانەی لەچارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا رەخساند. پاشتر لەساڵی ١٨٢٣ دا سەرۆکی ئەمەریکی جیمس مۆنرۆ (١٧٢٨-١٨٣١) مەبدەئی مۆنرۆی بڵاوکردەوە، ئەم مەبدەئە لەڕووی مافی نەتەوەکاندا بایەخی مێژوویی هەیە، چوون ئاڕاستەی کۆنگرێسی ئەمریکی دەکات ولەوێدا پەسەندی دەکەن، نیازو ناوەرۆکی مەبدەئەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەوڵەکانی خۆرئاوا بۆ بەداگیرگەکردنی نیوەگۆی خۆرئاوا رابگرێت. لەڕاستیدا رەنگرێژکردنی مافەکانی مرۆڤ زیاترلەسەدەی بیستەمدا دەنگدانەوەی دەبێت، هەروەك چۆن لەهەمان سەدەیشدا زۆرترین قەمت وقورسایی دەکەوێتە سەرشانی نەتەوە بندەستەکان. دەستپێکی ستایشکردنی مافی مرۆڤ و پیاهەڵدانی مرۆڤسالاری لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستیدا لەروسیای قەیسەری لەساڵی ١٩١٧دا دەستپێدەکات. راستەوخۆ دەسەڵاتدارێتی نوێی سۆڤییەت مەبدەئی مافی بڕیاردانی چارەنوسی نەتەوەکان لە١٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٧دا بڵاودەکاتەوە. لەراگەیەنراوەکەدا هاتووەك راگەیاندنی مافەکانی گەلانی روسیا، مافی دیاریکردنی چارەنوسی لەخۆگرتووە، بەشێوەیەك مافی سەربەخۆژیان و دەوڵەتی سەربەخۆیشی لەخۆدا بەرجەستەکرد. خودی لینین (١٧٨٠-١٩٢٤) لێنەوی تاوەکو لەهەوەڵین دەستوری بڕیارلێدراودا ١٩١٨ شوێنی ئەوراگەیەنراوەی کردەوە. ئەوان لەم پرەنسیپەدا پشتبەستوو بوون بە کۆنگرەی لەندەنی ١٨٩٦ کە پێشترئومەمییەتی کۆمۆنیزمیان تێدا چەسپاندبوو، لەوێوە بناغەیەکیان بۆ بڕیاردان لەمافی چارەی خۆنوسین دانابوو. لێرەداو لەروانگەی لینیندا بڕیاردان لەمافی چارەنوسی گەلان بەواتای مافی نەتەوەکان دەهات بۆ

سەربەخۆیی. ئەوە لەرووە سیاسییەکەوە، واتە مافی جودابوونەوەی نەتەوەیەکی بندەست، نەتەوەیەك کە لەسایەی نەتەوەیەکی باڵادەستدا دوچاری پلیشانەوەو پوکانەوە دێت. ئیدی ئەوە باوەڕێك بوو دەبوو هەموو پارتە کۆمۆنیست و کرێکارییەکان پێوەی پابەندبن، هەموو ئەو پارتانەی کە نەیاری چەوسانەوەو ئیستیعمارن و باوەڕیان بە ئومەمییەت هەیە. وەختێك لەجەنگی جهانی یەکەمدا (١٩١٤-١٩١٨) وڵاتانی ئیمپریالیزم سەرکەوتن بەسەرقەڵەمڕەوی سیاسی عوسمانی و نەمساوییەکاندا. ئەویّ دەمێ سەرۆکی ئەمەریکا ودرۆ وڵسن (١٨٥٦-١٩٢٤) راگەیەنراوێکی

> **مەزهەبی پرۆتستانەکانی بەریتانیای گەورە رۆڵی مەزنی بینی لە پێشینەی نێزیکی و هاوسۆزییان بۆ چێبوونی کیانێکی سیاسیی بۆ جووەکان لە فەلەستیندا**

دەرکرد. ئەوراگەیەنراوە بەڵگەنامەیەکی ١٤ خاڵی بوون ولەخاڵی دەیەمدا بەئاشکرا بڕیاردانی مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوە بندەستەکانی خستبووە روو، هاوکات ئەو بەندانەی رەوانەی کۆمەڵەی نەتەوەکان کردو جەختی لەبارەی بەڕێوە چوونی کردەوە. دیارە هەرلەدەستپێکدا خودی کۆمەڵەی نەتەوەکان پێشێلی ئەو بەندانەی کردن چون لەهەمان کاتدا رەزامەندییان لەسەر ئینتیدابی ئەو نەتەوانە نیشاندا بەتایبەتی ئەونەتەوانەی کە لەرەوشی پێگەیشتن ولەسەرپێخۆراوەستاندا بوون.

پاشان ساڵی ١٩٤١ رێکەوتننامەی ئەتلەسی پەیوەست بە مافی گەلان لەدیاریکردنی چارەنوسیاندا راگەیەنرا، دواتر شاندێکی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕەوی پێداو لە١٩٤٨دا، راگەیەنراوی جهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوکرایەوە.

پێشینەی ئەوجارنامەیە لەلای وڵاتانی زلهێز بۆراستکردنەوەی ئەو هاوکێشە خوارو خێچەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بوو کە لەپاش جەنگی جهانی دووەم (١٩٣٩-١٩٤٥) کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی پێکهاتبوو. لەبەڵگەنامەی دەستەی گشتییدا هاتبوو جەخت لەسەر بڕیاردانی مافی چارەی خۆنوسینی گەلان دەکەینەوە. بۆنموونە لەبەندی دووەمی مادەی یەکەمدا بەم شێوەیە هاتبوو:

پێوەندی دۆستایەتی نێوان نەتەوەکان لەسەر بنەمای رێزگرتن لەپڕەنسیپێکە کە بەشێوەیەکی یەکسان لەمافی گەلان دەڕوانێت، بەجۆرێك هەموو نەتەوەکان بۆیان هەیە بڕیار لەدیاریکردنی مافی چارەنوسی خۆیان بدەن. هاوکات رێوشوێنی دیکە دەگیرێتە بەربۆبرەودان بە ئاشتییەکی سەرتاسەریی. لەبڕیاری ژمارە ٥٤٥ کە لەشوباتی ١٩٥٢ دەرچوێنرا، لەگەڵ بڕیاری ١٦ کانونی یەکەمی هەمان ساڵ ودواتریش کۆمەڵەی گشتی بڕیاری ژمارە ٢٧٨٧ی لەکانونی دووەمی ١٩٧٢ وبەدرێژایی حەفتاکان مافی چارەیخۆنوسین بووە پرسێکی جێگیر لەیاسای نێونەتەوەییدا.

هەموو ئەویاسا نێو نەتەوەییانە بو کە هانی گەلانی بندەستی دا کەراپەڕن وداوای مافی چارەو مافی ئازاد ژیان بکەن وئیدی وردەوردە جوڵانەوەی رزگاریخوازی تاوی سەند. بزووتنەوەی وڵاتانی بێ لایەن لەکۆنگرەی باندونغی ئەندەنوسیا لەساڵی ١٩٥٥ پێکهات، ئەم جوڵانەوەیە لەدەرەوەی جەمسەری رۆژهەڵات بەرێبەرایەتی سۆڤیەت و جەمسەری خۆرئاوا بەرێبەرایەتی ئەمەریکا بوو. بە فەرمی لەبەلەگرادی پایتەختی یوگسلافیا لە١٩٦١ راگەیەنرا. دواتریش لەقاهیرەدا دەستپێکی جوڵانەوەکە دەستبەکار بوو. لێرەدا باس وخواسی پێکەوە ژیان و پشتیوانی جوڵانەوە رزگاریخوازییەکان هاتە ئاراوەو پێویستبوو

هیچکام لەو وڵاتانە ڕێنەدەن بنکەی سەربازی ئەو جەمسەرانە لەوڵاتانیان بن و ببنە مەیدانی گۆڕەپانی ململانێیەکان.

ئەم جوڵانەوەیە لەکۆنگرەی بەلەگرادا ٢١ ئەندامی هەبوو، لەهاڤانای کوبا ئەندامەکانی بوونە ٩٠ ئەندام لە١٩٧٩دا. ئەفریقییەکان زۆرترین بوون لەنێویاندا.

**چۆنییەتی پراکتیکی یاساکان:**

مافی بڕیاردانی چارەنوس وەك بیروباوەڕێکی بنچینەیی لەیاسای نێونەتەوەیی نوێدا چەسپاوە، لێرەوە چەندین شێوازی ڕەواو یاسایی بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافە شوێنی بووەتەوە، ئەم شێوازانە مافی گەلانی بندەستی ئیستیعمارو داگیرکراوەکانن، مافی ئەوانەن کە جیاوازی ڕەگەزی و زەوتکردنی تایبەتکاریی نەتەوەییان دەرهەق دەکرێت، لەنێویاساکاندا شێوازی ئاشتی بەڕەوا بینراوە، بۆ نموونە ڕاپرسی، پاشتریش شێوازی خەباتی چەکداریی بژاردەی دووەمی پاش شکستهێنانی چارەسەریی ئاشتی بەڕەوا دەبینرێت. بەڵگەنامەی مافی بڕیاردانی چارەنوس لەکارنامەی زۆرێك لەو ڕێکخراو و کۆمەڵە هەرێمی و نێونەتەوەییانەدا شوێنی کراوەتەوە، بۆ نموونە بەڵگەنامەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان، بۆنموونە لەمادەی ٢٠ بەڵگەنامەکەدا هاتووە هەموگەلێکی بندەستی مافی ڕەوای خۆیەتی هەرشێوازێك بگرێتەبەربەرو سەربەخۆیی و ڕزگاریی. هەروەها مافیانە هانا بۆ وڵاتانی دەرێ و گشت کۆمەك و پشتیوانییەك بەرن. ئەم بەڵگەنامەیە لەساڵی ١٩٨١ لەنیرۆبی پێتەختی کینیا واژۆ کرا. هاوکات لەمادەی ١٩ دا هاتووە کە بۆهیچ نەتەوەیەك هیچ پاساوێك نییە تا هەژموونی بەسەرنەتەوەیەکی تردا بسەپێنێت. هەروەها لەبەڵگەنامەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبیشدا سەرنج لەمافی بڕیاردانی چارەنوسی نەتەوەکان دراوە، بەڵام لەچاو بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەفریقیدا لاوازە، چوون هەلومەرجی ئەوان لەکاتێکدا بووە کە بۆخۆیان لەڕەوشێکی ناهەمواردا بون، ئەوان داکۆکیان لەوە کردووەتەوە کەنابێت دژ بەسیستەمی فەرمانڕەوایی وڵاتانی عەرەبی هەڵوێست وەربگیرێت، بەڕوونی مافی بڕیاردان وەختێك لەبڕیاری ٥٠٣٦ دا دراوە، وەختێك کۆبوونەوەی نائاسایی کۆمەڵەکە لە١٩٩٠ دا گرێدرا پەیوەست بە داگیرکردنی کووەیت لەلایەن ئێراقەوە، لەوێدا کۆمەڵەکە داگیرکردنی ئێراقی بەوە دایە دوواوە کە لەگەڵ مافی بڕیاردانی چارەنوسی نەتەوەکان یەکناگرێتەوە. دوواتریش وەختێك لەدەستپێکی نەوەدەکاندا یەمەنەکان یەکیانگرت، ئیدی لە١٩٩٤ دا خەباتی چەکداری بۆ جودابوونەوەی باشور لەباکور دەستی پێکرد، بەڵام کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی پاراستنی یەکپارچەیی یەمەنیان بەهەند وەرگرت و توخنی مافی بڕیاردانی چارەنوسی ئەوخەڵکەی یەمەن نەکەوتن.

نەتەوەیەکگرتووەکان ووڵاتانی زلهێزو خودی کۆمەڵەو ڕێکخراوە هەرێمییەکان لەهەندێك پرسی تایبەتدا ڕۆڵیان بینیوە کە مافی بڕیاردانی نەتەوەکان مسۆگەربکەن بۆنموونە کۆمەڵەی نەتەوەکان تەیموری ڕۆژهەڵاتیان لەداگیرکاریی ئەندەنوسیا هێنایە دەرێ، ئەوان لەساڵی ١٩٧٥ وە جەنگی چەکدارییان دەکرد، لە٢٢ی دێسەمبەری ١٩٧٦ دا ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری داگەڵ تەیمور مافی بڕیاردانی چارەنوسی هەیەو بڕیاری ٣٨٤ دەرکرد و داوای پاشەکشەی هێزە ئەندەنوسییەکانیانکردو داوایانکرد پورتوگاڵ هاوکارییان بکات بۆئەوپرسە. ئەم ڕێو شوێنانە بەردەوام بوون تا لە٢٠٠٢ دا توانیان سەربەخۆیی بەدەستهێنن. لەهەرێمی کۆسۆڤۆش بەهەمان شێوە نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەبوو تا لە٢٠٠٨ دا گەیشتن بە ئەنجام. لەم ڕەهەندەوە تێدەگەین کە بەندوباوە نێونەتەوەییەکان گەلێ پرسی هەستیاری نەتەوەیی و مافی ڕەوای لەپێناو ڕەوایەتی

بەرژەوەندخوازیی خۆیانا پشتگوێخستووەو لەنوێترین یاسا نێونەتەوەییەکانی جیهانیشدا شوێنیان ناکەنەوە. بۆنموونە پرسی نەتەوەو کەمینە ئاینییە موسڵمانەکانی رۆژهەلاتی ناوین. لەگەڵ بانگەشەی بەدیموکراتیزەکردنی نێوچەکەدا هێشتا پایماڵە، گرنگترینی ئەو پرسانەیش بریتین لەپرسی نەتەوەی کوردو ئایزاکانی ناوچەکەوناهاوسەنگی لەدەسەلاتداریی کەمینەیەك بەسەرزۆرینەیەکدا وەك لەسوریاو بەحرەین، یاخۆ چەوسانەوی کەمینەکان وەك لەسعودیەو هتد.

**تەوەرەی دووەم: ئایایاسا نێونەتەوەییەکان توخنی تەڤگەرەئازادیخوازەکان کەوتوون؟**

بەدڵنیاییەوە دەستێوەردانێکی جدی نابینرێت.ئەوەتا دووالیزمەی کارنامە نێونەتەوەییەکان سەبارەت بەمافی بڕیاردانی چارەنوسی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان دەخەینە روو، بۆئەومەبەستەیش چوارپێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی دەرهەق بەو پرسە بەنموونە وەردەگرین، ئەوانیش کوردو ئەرمەن لەلایەك وەك دوو پێکهاتەی نەتەوەیی، کەمینەی شیعەی ولاتانی عەرەبی و کەمینەی جووی ولاتانی عەرەبی وەك دوو پێکهاتەی ئایینی، دەبینین لەماوەی سەدەی پێشووەوە تاوەکو ئێستە کارنامەی یاسا نێونەتەوەییەکان دەرهەق بەو پێکهاتانە رووبەرووی دوو رووپی و سیاسەتی تەفرەدان بونەتەوەو بەهەمان بالۆرەی ئیستیعماری کۆن، نەزمێکی ئیستیعماری نوێیان وەشانکردووە.

ئەو کەمینەی کە کۆمەڵی نێونەتەوەیی دەیپەرژایە سەریی جووەکان لەجەرگەی ئەوروپاوە لەهەوڵی رازیکردنی ولاتانی ئیمپریالیزم بوون بۆ ئەوەی لەفەلەستیندا کیانێکی سیاسیی و نەتەوەیی و ئایینی دابمەزرێنن. سەرەتا بە نێزیکبوونەوەیان لەئەڵمانیا، چونکە پێیان وابوو پێوەندییەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ رۆژهەلاتو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەهێزنو زەمینەی دەوڵەتدارییان لەفەلەستیندا زێدەتر دەبێت. هەربۆیە بەگوێرەی نەخشەی هرتزل دەبوو دامەزراندنی هەوەڵ کۆنگرەی زایۆنییەکان (١٨٩٧)ز لەمیونخ بێت، لەبەر ئەوە ئەڵمانیا لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا بۆ جووەکان هیچی کەمتر نەبوو لەوپشتیوانییەی بەریتانیا کە بۆ جووەکان ئەنجامیدا. پێمان وایە بەسەرکەوتنی ئەڵمانیایش هەمان نەخشی ئایینی رۆڵی لەدابەشکاریی ولاتی عوسمانیدا دەبوو.

پێشینەی خواستی بەریتانیا بۆپشتیوانی لەرەوەندی جوو لەفەلەستیندا دەگەڕێتەوە بۆ(١٨٤٠)ز، ئەوکات لەنامەیەکی تایبەتی سەرۆك وەزیران (بالمرستۆن) بۆ نوێنەری ولاتەکەی لەئەستەمبوڵ، تێیدا سودەکانی کۆچی جووەکانی بۆ فەلەستین بۆ هەریەك لەبەریتانیاو عوسمانی روون کردبوویەوەو داوای دامەزراندنی نیشتمانێکی دەکرد بۆجووەکان لەفەلەستیندا.

هاوکات دیسان مەزهەبی پرۆتستانەکانی بەریتانیای گەورە رۆڵی مەزنی بینی لەپێشینەی نێزیکیو هاوسۆزییان بۆ چێبوونی کیانێکی سیاسیی بۆ جووەکان لەفەلەستیندا.

ولاتانی هاوپەیمان سەرقاڵی رێکەوتنە نهێنییەکان بوون، (حایم وایزمان) بەفەرمی داوای لەبەریتانیا کرد، کە بەڵێنی دەوڵەتێکی جوویان پێبدات لەفەلەستین، ئەودەم (لوید جۆرج)ی سەرۆك وەزیران، (ئەرسەر بەلفۆر)ی جووی کردە وەزیری دەرێ، کە دۆستی نێزیکی زایۆنییەکان بوو. دوواجارلە(نۆڤەمبەری ١٩١٧)زدا (ئەرسەر بەلفۆر) وەکوبەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتیی بەڵێنی (بەلفۆر)ی دایە جووەکانو دڵنیایکردنەوە کە نیازی بەریتانیا دروستکردنی کیانێکە بۆجووەکانی دنیا لەفەلەستیندا. لەو مێژووە بەدواوە بوونی جووەکان لەبڕیارەکانی یاسا نێونەتەوەییەکاندا سەنگی گەورەی هەبووەو بەیاسای نێونەتەوەیی، ئەمڕۆیشی لەگەڵ بێت بەبڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی نەك هەر پشتیوانییان

کراوە، بەڵکو پشتیوانییان کراوە لەبندەستکردنی ئەوانی تردا.

**چارەی شیعەکانی وڵاتانی عەرەبی لەکوێی یاسا نێونەتەوەییەکاندایە؟**

دیارە بنەماڵەی سعود لەگەڵ بەریتانییەکان پێوەندییان هەر لەسەرەتاوە باش بوو، لەکۆتایی (١٩١٥)ز دا لەلایەن (هێنری مەکماهۆن)ی نوێنەری باڵای ئینگلیز لەمیسر پێوەندیی و ئاڵوگۆڕی تۆکمەی بە خاندانی سعودەوە هەبوو. لەو پەیوەندییانەدا بەڵێنی دابوو پێیان، بە رزگاربوونیان لەدەسەڵاتی عوسمانی دەوڵەتێکی عەرەبییان بۆ دادەمەزرێنێت.

لەمبارەیەوە (حایم وایزمان) وتوویەتی: «کیانی بنەماڵەی سعود پرۆژەی بەریتانیای مەزن بوو، ئێمە بە پێوەندیی بەو هەوڵەوە توانیمان دەوڵەتی (ئیسرائیل) دابمەزرێنین». لەبەرامبەردا (شەریف حسێنی کوڕی عەلی) شەریفی مەکەی پیرۆزکە گەورەی خانەوادەی هاشمییەکان بوو، لەکۆبوونەوەیەکی نهێنیدا لەگەڵ بەریتانییەکان لەقاهیرەو لەکۆتایی (١٩١٦)زدا بەڵێنی دەوڵەتی گەورەی عەرەبیی پێدرابوو، هەربۆیە لە(١٩١٧)ز دا بەپشتیوانی بەریتانییەکان بانگی شۆڕشی مەزنی عەرەبییەکانی داو خۆی بەپاشای عەرەب ناوزەد کرد. لەبەرئەوە سەرچاوەکان پێیان وایە ئینگلیز تا رێگری بکات لەتەشەنەی بیری نەتەوایەتی (شەریف حسێن)، هاتوەهابییەکانی لەبەرامبەردا زیندو راگرت، کەواتە ئینگلیز پرۆژەی وەهابییەکانی لە(حیجاز) لەبەرامبەر بیری نەتەوەیی (شەریف حسێن) دا برەو پێدا، بەمەیش لەنێو خودی عەرەبەکاندا پرۆژەی وەهابیزم، (عەبدولعەزیز سعود)ی لەبەرامبەر پرۆژەی نەتەوەیی (شەریف حوسێن) دا هاوسەنگ کرد.

بەتایبەتی کاتێك کە ساڵی ١٩٣٨ لەکیشوەری سعودیەدا نەوت دۆزرایەوە، هاوکات لەژێر خاوەندارێتی کۆمپانیایەکی ئەمەریکی بەنێوی ئارامکۆ ساڵی ١٩٤٦ پرۆسەی ناردنە دەرەوەی نەوت دەستیپێکرد. لەوکاتەوە ئارامکۆ کۆمپانیای دەگمەنی بواری ناردنە دەرەوەو بەرهەم و بەگەرخستنی کارمەندو فەرمانبەرانییەتی.

بوونی ئارامکۆ رووداوێکی مەزن بوو بۆ شیعەکانی سعودییە، چوون زۆرترینی شیعە نشینەکان لەناوچە زەنگین بەنەتەوەکانی پارێزگاکانی رۆژهەڵاتدا بوون. ئەوان نەیاری خاندانی سعود بوون چون ناوچەکەیان بەپیتی رووپێنابوو لەهەمانکاتدا سیاسەتە ئیستیعماریەکە ئەوانی فەرامۆشکردبوو.



**حایم وایزمان وتوویەتی: «کیانی بنەماڵەی سعود پرۆژەی بەریتانیای مەزن بوو، ئێمە بە پێوەندیی بەو هەوڵەوە توانیمان دەوڵەتی (ئیسرائیل) دابمەزرێنین»**

لەهەرێمەکانی رۆژهەڵاتدا گروپگەلێکی نهێنی دەرکەوتن کە لەژێر هەژموونی ئایدیای کۆمۆنیزم و بەکارهێنانی بانگەشەو پروپاگەندەی کۆمۆنیستەکاندا بوون. ئەوانە وەك کۆمەڵگەی مەعریفی بۆ خەبات وەهابوون. کە لەکۆتایی چلەکاندا لەلایەن ژمارەیەك لەکەسایەتییە فێرکارەکانی شیعەوە دامەزرابوو. لێرەوە گۆڤارە نهێنییەکان لەسەراسەری وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتداوەشاندەکران، دیارە بابەتەکان لەکرێکارانی



ئارامکۆی سعودییەوە ئاراستە دەکران. هەموو ئەو بابەتانە کاردانەوەی لەسەرهەستی نیشتیمانی چێکردو ئەو باوەڕەی چاند کە رژێمی پاشایەتی و سونەگەرای سعودیە نەیارە بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەو لەو نێوەندەدا بەرژەوەندیی نیشتیمانی لەپێشچاوناگرێت. هاوکات کۆمپانیای ئارامککۆ وەك هێمای ئەمەریکاو ئیمپریالیزم دەبینراو کرێکارەکان پێیان وابوو هۆیەکە بۆ مانەوەی خانەوادەی سعود بەسەر فەرمانڕەوایەتی کیشوەرەکەدا. ئەوە لەکاتێکبوو کە شارۆچکە شیعە نشینەکان لەدەرەوەی پلانی میریدا بوون بۆ ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی وڵات. ئەو شارۆچکانە خزمەتگوزارە سەرەتاییە گشتییەکان نەیدەگرتنەوە وەك خەستەخانەو قوتابخانەو چەوڕێژی رێگەوبانەکان و هتد. دیارە پێش گۆڕانکارییەکان و بەپیشەسازیکردنی کایەکانی وڵات، سعودیە پشتی بە کشتوکاڵ دەبەست کە لەئاستێکی بەراییدا بوو، بە شکستی ئەم نەزمە زێدەتر شیعەکانی ئەو وڵاتە پڕبوون لەنەزمی دەسەڵاتی پاشایەتی. دیارە ئارامکۆژنگەیەکی نوێی هێنابوویە گۆڕێ، بەجۆرێك رەوشی بازاڕو شمەکی نوێ گۆڕانی دروستکردو شوێنی بە بەرهەمە کلاسیکییەکان گرتەوە. لەگەڵ ئەوەی کە ئارامکۆ بواری کاری نوێ‌و زەمینەی پێشخستنی ئابووری ناوچە شیعییەکانی رەخساندبوو، وەلێ بەهۆی نەزمی پادشایەتییەوە هیچ کام لەشیعەکان لەپلەی باڵاو پۆستە بەڕێوبەرایەتییەکاندا نەبوون، تاوای لێهات ژمارەیەکی بەرچاولەکرێکارانی شیعەی سعودی لەئارامکۆدا دەرکران، کە زۆربەی ئەوانە لەشیعە مەزهەبەکان بوون. لێرەوەدولەم گۆڕانکارییە نوێیەدا، بۆ شیعەکان ئەو گومانە هاتە پێشێ کە دەوڵەت دەرهەق بەوان دڵسۆزی نانوێنێت، لەودەمەدا ئەوان دارای دەرفەتگەڵکی ئابووری کەم بوون. هاوکات شیعەکان لەزۆرێك لەپێگە هەستیارەکانی دەوڵەت دوورخرابوونەوە، لەوانە لەسوپاولەنێوپاسەوانانی نیشتیمانیی پێگە

**بونی ئارامکۆ رووداوێکی مەزن بوو بۆ شیعەکانی سعودییە، چوون زۆرترینی شیعە نشینەکان لە ناوچە زەنگین بەنەتەوەکانی پارێزگاکانی رۆژهەڵاتدا بوون. ئەوان نەیاری خاندانی سعود بوون چون ناوچەکەیان بەپیتی رووپلێنابوو لەهەمانکاتدا سیاسەتە ئیستیعماریەکە ئەوانی فەرامۆشکردبوو**

باڵاکانی سوپادا، ئیدی بەتەواوی هەستیان بە نەزمێکی شمولی دەکرد دەرهەق بەشوناسە ئاینی ونەتەوەییەکەیان، لێرەوە تێدەگەین کە کەمینەی ئایینی شیعە لەسعودییە لەسایەی هەژموونی بەریتانیاو ئەمریکاو پشتیوانی لەدەسەڵاتی سوننەگەرای سعودییەدا چەوسانەوە، تاوەکو ئەورۆ ئەو چەوسانەوەیە بەردەوامە. کاری سیاسی ئەوان ومافی ئەوان لەسعودییەدا لەهیچ بەندوباوێکی جیهانیدا ئاماژەی بۆنەکراوەن ناچار ئەوان پەنایان بردە بەرئێران وئێستەیشی لەگەڵ بێت تۆمەتبارن بە دەستکیسەی دەرەکی ویاسا نێونەتەوەییە جیهانییەکان پشتیوانییان لێناکات.

هەرِبۆیە هیچکات جوڵانەوە سیاسییەکەی ئەوان نە یاساکانی مافی مرۆڤی جەمسەری رۆژهەڵات پشتیوانی کراوە نە جەمسەری خۆرئاوا بەرابەرایەتی ئەمەریکا. لەعەرەبستانی سعودیدا، تەڤگەری شیرازی سەرمەشقی هەستان و خۆسازدانی شیعەکان بوو. سەرکردەی رۆحی ئەوان ئایەتوڵا موحەمەد شیرازی بوو. ئەوخواستی بەخۆداچوونەوەی هەبوو، هۆشداری دەدایە لاوان و پێناوەکانی ئەو نەزمە بێدەنگەی زانایانی شیعەی پەسەند نەدەکرد. بزووتنەوەکەی

شیرازی هەرچەندە کە لەسەر بنەماو تێگەیشتنی ئایینی هاتبووە گۆڕێ، وەلێ ڕێکخراوێکی سیاسی جودا بوو کە نێو دەبران بە بزووتنەوەی بانگخوازانی سەرمەشق.

بزووتنەوەکە لەساڵی ١٩٦٨ دا لەدایك بوو، کە یازدە ساڵ پێش شۆڕشی ئێرانی ١٩٧٩ دەستپێکرد. موحەمەد تەقی مودەریسی کە برازای شیرازی بوو ڕێبەرایەتی جوڵانەوەکەی لەئەستۆدا بوو. جوڵانەوەکە لەژێر چاودێری حەوزەی کووەیتدا بوو، لەوێوە خوێنکاران گۆشدەکران بە بیروباوەڕو جیهانبینی شیرازی. زیاتر لەو باوەڕانە راهێنانو باوەڕێکی سیاسی بوو کە لەو حەوزەیەدا خوێنکارانی تێدا تێدەگەیەنرا. لەم بارەیەوە ماسیسین (٢٠١٥) دەڵێت:

خانەی یەکەمی حەوزەکە تایبەتکرابوو بۆ وانە ئایینییەکان، لەکاتێکدا خانەی دووەمی حەوزەکە لەلایەن موحەمەد تەقی مودەریسەوە تەرخانکرابوو بۆ پەروەردەی سیاسیی. دروست لەنیازی حەوزەدا شتێك دەخوێنرایەوە کە بۆن و بەرامەی شۆڕشی هەڵگرتبوو. بزووتنەوەکە لەنێویدا چەند لقێك هەبوون، هەرلقێکیان خۆی یەکلاکردبوویەوە بۆ وڵاتێکی دیاریکراو، لقی پەیوەست بە عەرەبستانی سعودییە ناودەبرا بە ڕێکخراوێك بۆ شۆڕشی ئیسلامی لەنیمچە دورگەی عەرەبیدا. سەرەتا خوێنکارەکان لەحەوزەدا راهێنان و مەشقی سیاسیی و ئاینییان دەبینی و پاشان دەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان بۆ پراکتیزەو درێژەدان بە باوەڕەکانی تەڤگەرەکە. لەسعودییەدا چالاکییەکانی بزووتنەوەکە بەچەند ساڵێك پێش شۆڕشی ئێران دەستپێکرد. زۆرێك لەو تاکتیکانەی کە لەشۆڕشی ئێراندا روویاندا، پێشتر لەسعودییەدا ئەزموونکرابوون. پێشئەوەی وتارە تۆمارکراوەکانی خومەینی، لەفەرەنساوە بە نهێنی و قاچاغی بهێنرێنەوە ئێران و لەوێندەرەوەشانبکرێن. لەکووەیتەوە ئەدەبیات و تۆمارکراوەکانی جوڵانەوەکە دەبرانە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبستانی سعودیی. ئێستەیشی لەگەڵ بێت هەموو پاساوێکی ماف و ئازادی بەو شیعانە دەدرێت بەڵام دیماگۆجییەتی یاسا نێونەتەوەییەکان سونەی سعودییەی باڵادەستکردووەو لەئاست مافی ئەو کەمینە ئایینییە بندەستەدا بێدەنگیان هەڵبژاردووە. تەنانەت لەئێستەدا کە حەوت ملیۆن لەخەڵکی یەمەن، ئەوانەی هەڵگری شوناسی نەزمێکی شیعەن بەچەکی بەریتانی و ئەمەریکی لەلایەن سعودییەوە دەچەوسێنەوە، وەلێ هەریەك لەبەریتانیاو ئەمەریکا لەململانێدان تاوەکو پشکەکانی کۆمپانیای ئەمەریکی لەساڵی ئایندەدا لەبۆرسەکانی خۆیاندا تۆماربکرێن.

**بندەستکردنی کورد و سەردەستکردنی ئەرمەن:**

لەجەنگی جیهانی یەکەمدا هاوپەیمانان دژی تورکیا لەجەنگدا بوون، ئەوان لەرەفتاری عوسمانییەکان دژ بە ئەرمەنو یۆنانییەکانو کەمایەتییە ئاینییەکان نیگەران بوون. ئەوەبوو لەپاش جەنگ بوونە پشتیوانی ئەرمەنیو یۆنانییەکانو نەتەوەی کوردیش لەوابەستە بوونیان بە ئاینەوە سزادران. دوواجار چارەنوسی ئەرمەنو کورد وەك دوو نەتەوەی زیانباری دووای جەنگ تەنها ئایین و بەرژەوەندیی زلهێزان یەکلایی دەکردەوە. ئەرمەنەکان لەرووی نەتەوەییەوە سەر بە گروپی هیندۆ ئەوروپی بوونولەرووی ئاینییەوە لەسەردەمی تیرادای سێهەمی پاشای ئەرمەنستان ساڵی (٣٠١)ز ئاینی مەسیحیان کردە ئاینی فەرمی وڵات.ئەرمەنییەکانی قەڵەمڕەوی عوسمانی زێدەتر لەم شەش ویلایەتەدا دەژیان وان، بەتلیس، ئەرزرۆم، دیاربەکر، سیواس، خاربوت، بەگوێرەی هەندێك ئامار لەساڵی(١٨٧٨) ز دا ٣ ملیۆن ئەرمەنی لەکیشوەری عوسمانییەکاندا هەبوون. هەم لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدو هەمیش لەسەردەمی ئیتحادییەکان بەتایبەتی ساڵی(١٩١٥)ز فەرمانی کوشتنو وەدەرنانی ئەرمەنییەکان دراو ئەرمەنیەکان ئەرمینیای

رۆژئاوایان لەدەستداو ٣٥٠ هەزار ئەرمەنی بەرەو ئەرمینیای رۆژهەڵاتو قەوقاز دەرکران. لەپاش جەنگیش کەمالییەکان پەلاماری ئەرمینیای رۆژهەڵاتیان داو جارێکی ترپاکسازییان ئەنجامدا. ئەرمەنییەکان بەپشتیوانی هاوپەیمانان لە(٢٨ی مانگی ٥ی ١٩١٨ )ز ئەنجومەنی نەتەوەییان هەبوو. لە٢٠ی یەنایەردا کۆماری ئەرمینیا بوو بە ئەمری واقیعو بە فەرمی ناسێنرا. لە(١٠ی مانگی هەشتی ١٩٢٠)ز لەپەیمانی سیڤەردا ولەمادەی ٨٨ دا دان بەسەربەخۆیی ئەرمینیادا نرا.

بەگشتی هاوپەیمانەکان لەمەتەرێزدابوون بۆ لەشکری حەمیدییەوهۆکارەکەیشی دژایەتی ئەوانە بوو بۆ ئەرمەنەکان. بەمجۆرە فاکتەری ئایینی چارەنوسی ئەرمەنوکوردی لێك جودا کردەوەو لەو کاتەدا کە ویڵسۆن هەوڵی جوداکردنەوەی سنورێکی سەربەخۆی بۆئەرمەن دەدا، کوردەکان سوربوون بە برایەتی تورکو کوردەوەو نامەیان بۆ ویڵسۆن دەنوسی کە دەوڵەتی سەربەخۆیان ناوێت. لەبەرامبەردا ولەپاش جەنگی جیهانی نەتەوەی کورد پەرتکراو سیاسەتی ئیمپریالیستی کوردی لەئەرمەن جودا کردەوە. لەساڵی ١٩٢٣ دا پاش وتووێژێکی زۆر پەیماننامەی لۆزان بەستراوبەپێی ئەوپەیماننامەیە هەموو بڕیارەکانی سیڤەر هەڵوەشایەوە کە مافی خۆبەڕێوەبەری و پاشان سەربەخۆیی بە کورد ڕەوا بینیبوو. لەوێدا کورد نرخی بەڵێن وپەیمانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی بۆدەرکەوت لەسەرووی هەموویانەوە بەهای بەریتانیای زانی کە چەندە دژە بە بەهاکانی مرۆڤی کورد. نەتەوەی کورد نەك ئەزموونی ئیمپریالیزمی خۆرئاوا بەڵکو لەدەستپێکی چێبوونی جەمسەرە نەیارەکەی ئەوانیش پەیامی خۆی گەیاندە کۆمۆنیزم وپێشەنگی پاڵەوکرێکاران و چەوساوەکانی جیهان، نامەکانی شێخ مەحموود بۆ لینین، بەتایبەتی نامە بەناوبانگەکەی بۆکونسوڵی روسیا لەتەورێز ئەو راستیەمان بۆ دوپاتدەکاتەوە کە سۆڤیەت قۆناغێکی تری بندەستکردنی کورد بوو، لەبەرامبەردا دەستێکی بنباڵی ئەرمەنەکان بوو. شێخ مەحمود لەنامەکەیدا دەنوسێ:» ساڵی ١٩١٧ دنیا دەنگی ئازادی راستەقینەی گوێ لێبوو. زانی گەلەکەتان لەچنگی تاوانباران رزگاری بووە، هەموو گەلان و نەتەوەکان شادمان بوون». هەروەها دەنوسێ:»ئەمڕۆ گەلی کوردستان دەستی یارمەتی بۆلای ئێوە درێژدەکاتو ئاواتە خوازە لەگەڵتان دۆستایەتی بکا. لانی کەم هیوامان هەیە کە گەلی کورد بە مافە رەواکانی دەگات». هەروەها دەنوسێ:» ئێوە دەزانن گەلی کورد لەباشوور لەکێ راپەڕیوە، دەزانن هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ بەرامبەربەم چەشنە مەسەلانە چیە، بڕوامان وایە ئێوە پشتیوانی ئێمەن وگەلی کورد پێی وایە روسیا رۆژهەڵات رزگار دەکات». بەڵام هیچکام لەونامانەی شێخ مەحمود وەڵامیان نەبوو. بەمجۆرە روونددەبێتەوە هەرلەدەستپێکی بەندوباوە یاساییە نێونەتەوەییەکانەوەو لەنێو دروشمی باوی ئایدیۆلۆژیای نان وئازادی سۆڤیەت و دیموکراسی خۆرئاوادا مافی نەتەوەو کەمینە ئاینییەکان بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان شوێنیان کراوەتەوە، ئەوەتا زیاد لەسەدەیەکە ئەو چوار نموونەی رۆژهەڵاتی ناوین کە برێتین لەکوردو ئەرمەن وەکو نەتەوە، شیعەی وڵاتانی عەرەبی و جووەکانی جەرگەی وڵاتانی عەرەبی وەك کەمینەی ئایینی جیاوازی لەمافەکان و بڕیاردانی مافی چارەنوسیان دەکرێت. ئەوەتا ئەرمەنەکان لە٢٠١٥ پرسی چەوسانەوەو قڕکردنی سەد ساڵی رابردوویان دەخرێتە کارنامەی یاسای نێونەتەوەییەوەو کوردیش لە٢٠١٧ ئەنجومەنی ئاسایش مافی راپرسیی لێدەستێنێتەوە، لەکاتێکدا لەیەك قۆناغی مێژوویدا پێکەوە قڕکراون. لەبەرامبەردا ئیسرائیل لەئێستادا دیارترین کارەکتەرە بۆ هەژموونخوازی سەرنەتەوەکانی ترو ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە کە نەتەوەیەکی بندەستی نێورووداوەکانی هۆڵەکۆست بێت، بەڵام شیعەکان لەسعودییەدا دەبینرێت چۆن بوونەتە قوربانی پێوەندییە مادی وسەربازی و سیاسییەکانی خاندانی سعودیەو ئەمەریکا.

ژێدەروپەراوێزەکان:

Maya Abdullah: THE RIGHT TO SELF-DE- (1) TERMINATION IN INTERNATIONAL LAW, University of (2) .Göteborg,006,p42

Gerard Chaliand: REVOLUTION IN THE (3) THIRD WORLD,p100-110./ http://www.cronistas.org/wp-content/uploads/2014/04/Revolution-in-the-Third-World-Gerard-Chaliand.pdf

(٤). فراراجی جوبلە: مبدأ حق الشعوب فی تقریر مصیرها بین النظریە والتطبیق/ www.bejaiadroit. droit-penal-international-٣/.../net

(٥). تیۆدۆر هرتزل (١٨٦٠ ١٩٠٤) رۆژنامەنوسێکی جووی نەمساوی بوو، ئەو بەبابی رۆحی جوولەکان و بەدامەزرێنەری بزووتنەوەی سەهیۆنی جهانی دادەنرێت و هەوڵێن بیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی جوی لەفەلەستیندا گەڵاڵەکرد.

Theodor Herzl Biography: Journalist, Ac- (6) tivist, Playwright (1860–1904)/ http://www.biography.com/people/theodor-herzl-9337320

(٧). هەوەڵ کۆنگرەی زایۆنییەکان لەشاری بازلی سویسرا بەسترا لەساڵی ١٨٩٧دا، تێیدا تەواوی ڕێکخراوەکانی جوو بەشدارییان کردو بڕیاری دامەزراندن و هەوڵدان بۆ نەخشەی دروستبوونی کیانێکی جوویان لەفەلەستین دا.

(٨). اسامە محمد ابونحل: یهودیە دولە اسرائیل، مجلەجامعە قدس المفتوحە للدراسات والابحاث، عدد ٢٣، حزیران ٢٠١١، ص ٢٩٨)

(٩). عبدالوهاب المسیری: تاریخ الصهیونیە فی ألمانیا / http://www.elmessiri.com/encyclopedia/ JEWISH/ENCYCLOPID/MG6/GZ2/BA01/MD10.HTM

(١٠). بیان نویهچ الحوت: فلسطین القضیە، الشعب الحضارە التاریخ السیاسی من عهد الکنعانیین حتی القرن عشرین ١٩١٧، دار الاستقلال للدراسات والنشر، بیروت، ١٩٩١، ص٢٩٧.

(١١). د.اسامە محمد ابونحل:م.س،ص ٢٩٧.

(١٢). حایم وایزمان (١٨٧٤ ١٩٥٢) گرنگترین کەسایەتی و پیاوی جوولەکان بوو لەپاش تیۆدۆر هرتزل، رۆڵی گەورەی بینی لەدەرکردنی بەڵێنی بەلفۆردا لەنۆفەمبەری ١٩١٧، هاوکات ساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٤٦ سەرۆکی ڕێکخراوی سەهیۆنیزمی جهانی بوو، ١٩٤٩ تاوەکو ١٩٥٢ بووە سەرۆکی ئیسرائیل.)

Chaim Weizmann-A Brief Biography &.(13) Quotes / http://www.palestineremembered.com/Acre/Famous-Zionist-Quotes/Story645.htm

(١٤). عصام ارشیدات واخرون: م، س، ص٣٣.

(١٥). سێر هێنری مەکماهۆن (١٨٦٢ ١٩٤٩) نوێنەری باڵای بەریتانیا بوو لەمیسر بە ئاڵو گۆڕی پەیامەکانی لەگەڵ شەریف حسێنی مەکە بەنێوبانگە لەساڵانی ١٩١٥ و ١٩١٦ دا، نامەکان لەبارەی ئایندەی سیاسی عەرەب بوو لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەو بوو عەرەبە سوننییەکانی هاندا دژ بە ئینگلیز شۆڕش بەرپا بکەن و لەئاسیادا دەوڵەتێکی عەرەبییان بۆ دروست بکەن. (د.نچال داود محمد المومنی: الشریف حسین بن علی بین الصهیونیین والفلسکینیین، مجلەالعلوم الاسلامیە، عدد ٢٣،٢٠١٤،ص ٣١٤).

(١٦). ئەو نەبارییەتییەی عوسمانییەکان لەکاتێکدابوو، کە لەسەرەتای جەنگەوەو لەکاتێکدا کە عوسمانییەکان بانگی جهادی گەورەیان دا دژبە ئینگلیز، شەریف حسێن یەکەم کەس بوو کە دەستی دایە چەك دژ بە ئینگلیزەکان.( عسام واخرون:م.س،ص١٦٤.

(١٧). من مؤکرات حاییم وایزمان أول رئیس للکیان الصهیونی فی فلسطین//http://www.azahera.net showthread.php?t١٦٦٧

(١٨). محمد سعید احمد حمدان: العلاقات العراقە السعودیە مابین ١٩١٤ ١٩٥٣،ط١،داریافا،٢٠١٣،ص٨٥.

(١٩). ایهاب الغربی: لماذا ناصر الغرب الوهابیە والإخوان؟ /https://nawaat.org/portail/2013/05/24/

William J. Spencer, Saudi Arabia Country Report, p. 148

Laurence Louer, Transnational Shia Pol- .(20) itics. Religious and Political Networks in the Gulf, p. 40

.Ibid

Laurence Louer, Transnational Shia Politics. Religious and Political Networks in the Gulf, p. 40

Graham E. Fuller and Rend Rahim Francke, The Arab Shia. The Forgotten Muslims, p. 185

Jacob Goldberg, The Shii Minority in Saudi Arabia, p. 237

Toby Matthiesen, The Other Saudis. Shiism, Dissent and Sectarianism, p. 97

Ibid., p. 100

(٢١). کەمال بورکای: کوردو کوردستان،و: عەلی فەتحی، چ١، چاپخانەی منارە،هەولێر،٢٠٠٨،ل ٥٣٩،٥٤٠.

(٢٢). هویان اندرانیل: ایرانیان ارمن، دفتر بژوهشهای فرهنگی، تهران،١٣٨١، ل٣٢.

(٢٣). احمد نوری زادە: تاریخ و فرهنگ ارمنستان،نشر چشمە، تهران، ١٣٧٦،ص٧٥. هـ. س، ص ٨٩.

(٢٤). کامەران جەمال بابان زادە: چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، چاپخانەی دێکان، سلێمانی،٢٠٠٥،ل١٨٧.

(٢٥). جەمال نەبەز: س،پ،ل٧١.

(٢٦). د. عبدالرحمان قاسملوو: کوردستان و کورد، و: عبدالله حسن زادە،چاپخانەی رۆژهەڵات، سلێمانی،٢٠٠٦، ل٧٤.



# تارمای و تیرۆری دادگاکانی پشکنین لەئەوروپادا



د. سامان حسێن ئەحمەد. مامۆستای بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان . زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی:**

یەکێك لەخەسڵەتە مێژووییە هەرە دیارەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا، ئەو توندوتیژییە بوو کە کڵێسای کاتۆلیکی لەدوادادییەکانی تەمەنی خۆیدا بۆ مانەوەی دەسەڵاتو نفوزی خۆی پیادەی دەکرد، کە دادگاکانی پشکنین دیارترین دیاردەی ئەم سەردەمە مێژووییەیەو توانیویانە ببنە بەشێکی گرنگی ئەو سەردەمە مێژوویەی ئەوروپا کە لەسەردەمی پەڕینەوە لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ سەدە نوێیەکان دادەنرێت، بە جۆرێك ڕەنگە دەگمەن سەرچاوەیەك هەبێت لەبارەی ئەو سەردەمەوە ئاماژەی بەم دیاردەیە نەکردبێت، کە ئەم دیاردەیە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە بەو مەبەستەی ئەم دیاردە بایەخدارە لەڕووی مێژووییەوە زەقتربکەینەوەو لەهەندێك لەنهێنییەکانی باشترئاگادارببین، کە لەدوو باسی سەرەکیدا هەوڵمانداوە باس لەدەرکەوتن و

هەنگاوەکانیو سزاکانیو ئەندامەکانیو ناکامەکانی ئەم دادگابیانە بکەین.

**باسی یەکەم: دەرکەوتنی دادگاکانی پشکنین**

**١. دەسەڵاتی کڵێسای کاتۆلیکی:**

لەسەدەی یەکەمی زایینیدا، ئایینی مەسیحی لەسەردەستی عیسای کوڕی مەریەم لەناوچەی فەلەستین کە ئەوکات سەر بە ئیمپراتۆریای ڕۆمانی بوو دەرکەوت، ئەگەرچی لەسەرەتادا ئەم ئایینە وەك هەوڵێکی چاکسازی خوازانە لەئایینی یەهودییەوە سەری هەڵدا، بەڵام دواتر وەك ئایینێکی سەربەخۆ دەرکەوت و هێدی هێدی لەتەشەنەکردندا بوو(١)، بە تایبەت دوای ئەوەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی فیکری ڕۆما روو لەشکستی بەردەوام بوو و وردە وردە بۆشاییەکی ڕۆحی لێدەکەوتەوە، کە سەرەنجام ئایینی مەسیحی وەك یەکێك لەئایینە ڕۆژهەڵاتییەکانی تر بەرەو ناوچەکانی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی دزەی کردو هێدی هێدی لایەنگرانی زیاتر دەبوون بە جۆرێك لەسەرەتای سەدەی چواردا هەوادارانی لەسەرجەم ئایینەکانی تری ئیمپراتۆریا زیاتر بوون(٢)و ئیدی دوای زنجیرەیەکی درێژخایەنو دژوار لەململانێو خۆڕاگری ئەم ئایینە توانی شوێنی خۆی لەکۆمەڵگادا بکاتەوەو سەرەنجام لەساڵی (٣١٣) دا ئیمپراتۆر قوستەنتین بە پێی مەرسومی میلان وەك یەکێك لەئایینەکانی تری وڵات دانی پێداناو دوا جاریش لەسەردەمی ئیمپراتۆر تیۆدۆسیس (٣٧٨ – ٣٩٥ز) بوو بە تاکە ئایینی فەرمی لەئیمپراتۆریا(٣).

کڵێسای ڕۆما کە یەکێك بوو لەکڵێسا دێرینەکانو بەو بیانووەی کە لەلایەن سانت پوترسەوە دامەزراوەو ئەسقوفەکانی شوێنگرەوەی ئەونو نوێنەری مەسیحن لەسەرزەوی هەرزوو پێگەیەکی ڕۆحی گەورەی پەیداکردو ئیدی سەرۆکایەتی کڵێساکانی ڕۆژئاوای کەوتە ئەستۆو وردە وردە لەڕووی ئابوورییەوە دەستڕۆو کارا دەبوو لەلایەکی تریشەوە ئیمپراتۆرەکان هەوڵیان دەدا سوود لەپێگە ڕۆحییەکەی وەربگرن بۆ پشتیوانی دەسەڵاتی سیاسییانو جگە لەوەی کە دوای رووخانی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی لە(٤٧٦ز) داو تێکشکانی سەرلەبەری پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو ئیداریو فیکری ئیمپراتۆریای ڕۆمانی ئیدی کڵێسا ڕۆژلەدوای ڕۆژ دەبوو بە پڕکەرەوەی ئەم بۆشاییانە تا سەرەنجام بوو بە توخمی سەرەکی لەپێکهاتەی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی سەدەکانی ناوەڕاستو بۆخۆی بوو بە لەئامێزگری تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو ئابووریو فیکری ئەو کۆمەڵگایە(٤) بە تایبەت دوای ئەوەی لەساڵی ١٠٥٤(٥)دا بە یەکجار لەکڵێسای ڕۆژهەڵاتی جیابووەوەو بوو بە کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆمانی لاتینی. ئیدی ئەم کڵێسایە بوو بە گەورەترین دەزگای سەردەمی خۆیو خاوەن هێزو سوپاو دارایی و بەڕێوەبردنی تایبەت بە خۆیو بە تەواوی لەشێوە ئایینیەکە چووەدەر.

**٢. هۆکارەکانی دامەزراندنی دادگای پشکنین :**

دوای ئەوەی کڵێسا بەم ئاستە گەیشت و بوو بە خاوەن سەروەتو سامانی زۆرو دارایی گەورە ئیدی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دیاردەی گەندەڵی لەنێو کڵێسادا دەرکەوتو پیاوانی ئایینی دەکەوتنە هەڵپەی کۆکردنەوەی سەروەتو سامانو ڕابواردنی دونیاییو لەم پێناوەشدا بە دەیان شێوازی نوێی کۆکردنەوەی باجو سەرانەو فرۆشتنی پلەو پایەی ئایینییان داهێناو بەمەش تا دەهات لەبنەماو پرەنسیپەکانی سەرەتای ئایینی مەسیحی دوور دەکەوتنەوەو خەسڵەتە ئایینییەکانیان لەدەست دەداو کڵێسا وەك دەزگایەکی دونیایی گەورە خۆی دەنواند(٦).

بۆیە هەرزوو بەشێك لەم گەندەڵیانەی کڵێسا بەر ڕەخنەی بە پەرۆشانی ئایینی مەسیحی

کەوتن، تایبەت دیاردەی مامەڵەکردن بە پۆستە ئایینییەکان کە هەر لەسەردەمی پاپا گریگۆری دووەمەوە (٦٦٩ – ٧٣١ز) بوون بە جێی قسەو باس و تانەلێدان(٧)، بەڵام لەسەرەتای سەدەی یازدە بە دواوەو دوای ئەو پێشکەوتنانەی کە ناوچەکانی رۆژئاواو ناوەڕاستی ئەوروپای گرتەوەوە لەڕووی ئابوورییەوەو گەشەکردنی بازرگانی و پیشەگەری و نشونما کردنی شار وەك ناوەندێکی نوێی لەخۆگرتنی چین و توێژاڵی نوێ و بیرکردنەوەو بەرژەوەندی نوێ کە جیاواز بوون لەسەدەکانی ناوەڕاستو ئابووری کشتوکاڵی و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و پێشکەوتنی فیکرو دەرکەوتنی ململانێی نوێ، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریش ئاشنا بوونی ئەوروپییەکان بە بیروباوەڕی رۆژهەڵاتی تایبەت دوای گەڕانەوەی خاچدروشمانو بڵاوبوونەوەی بیرو باوەڕی وەك مانەویو مەزدەکیو هتد و پەڕینەوەی باوەڕی دژە کاتۆلیکی لەناوچەکانی باڵکان وە بەرەو ئیتاڵیا، ئیدی کڵێسای کاتۆلیکی رۆژ لەدوای رۆژ لەگەڵ رەوتی گەشە سەندنەکاندا نەدەهاتەوەو گەندەڵییەکانی زەقترو دیارتر دەبوونو تا دەهات کۆمەڵگا لەمە وریا دەبووەوەو پەنجەی بۆ ئەم گەندەڵییانە درێژدەکردو رەخنەیان ئاراستەی پیاوانی ئایینی دەکردو سەرەتای هەوڵی بەرەنگار بوونەوەی کڵێسا لەبرەو دابوون و دەبوونە مایەی دڵە راوکێی کڵێسا کە بە( هەرتیك) ناوزەدی کردن، واتا دەرچوان لەباوەڕ کە ئەم بزووتنەوانە هەر لەکۆتایی سەدەی دەیەمی زایینییەوە لەئیتاڵیا دەرکەوتنو دواتر لەدەوروبەری ساڵی ١٠٠٠دا ناوچەکانی فەرەنسای گرتەوەو لەزیادبوونی بەردەوامدا بوون بە رادەیەك لەناوەڕاستی سەدەی دوازدەدا رۆژئاوای ئەوروپا پڕ بوو لەم گروپانەوتەنانەت لەساڵی ١١٩٠دا ئەسقوفێك ئاماژە بەوە دەکات کە شارەکان پڕ بوون لەدرۆزنەکانو بە پێی هەندێك سەرچاوەش تەنها لەشاری میلاندا ١٧ گروپی لەمجۆرەی تێدا بووە(٨).

بڵاوبوونەوەی بەردەوامی ئەم گروپانە تا دەهات ترسی زیاتری بۆ کڵێسا دروست دەکرد، بۆیە کڵێسا دوای ئەوەی کە پێشتر بە بڕیاری بێ بەریبوون لەکڵێسا (التحریم الکنسی)و کۆبوونەوە گشتگیرەکان رووبەڕووی کێشەی لەم چەشنە دەبۆوە، کەچی لێرەوە ئیدی کڵێساش وەك تەواوی دەسەڵاتەکانی مێژوو، لەبری ئەوەی هەوڵی دۆزینەوەی پاڵنەرە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی ئەم کێشانە بدات بە پێچەوانەوە دەستی دایە ستەمکاری و توندوتیژی بۆ سەرکوت کردنەوەیان و هەرتیکی وەك دوژمنی کۆمەڵگا تەماشا دەکران تایبەت دوای ئەوەی کە ئەلیجنسییەکان(٩) و والدینیەکان(١٠) بە رادەیەك بوونە مایەی ترس و دڵە راوکێی کڵێسا، کە لەساڵی (١١٩٨)دا پاپا (ئەنسوسنت) بڕیاری هێرشی خاچیانەی بۆ سەریان دەرکردو بڕیاری دا دەست بە سەر ماڵو موڵکیاندا بگرێتو لەوڵات دەربکرێن(١١).

دوای ئەوەی بە تەواوی ئەم رەوتانە تەنگیان بە کڵێسا هەڵچنی، ئیدی کڵێسا بۆ خۆپاراستن پەنای بۆ هەموو شێوازەکانی خۆ پاراستن برد، کە یەکێك لەم شێوازانە گرتنە بەری توندوتیژی و ستەمکارییە، لێرەوە دەرکەوتنی دەزگایەکی سیخوڕی و سەرکوتکارانەی وەك دادگای پشکنین بوون بە پێویستی کڵێساو هێدی هێدی دەستیان پێکرد، هەر بۆیە ناتوانرێت ساڵێکی دیاریکراو بە ساڵی دامەزراندنی ئەم دادگایە دابنرێت، چونکە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی بەر لەشەڕی ئەلبیجینسیەکان دوای ئەوەی لەساڵی ١١٧٩داو لەکۆبوونەوەی (لاتران)دا پاپا ئەلکساندەری سێیەم فەرمانی دا کە پێویستە بە زەبری هێز بەرەنگای هەرتیکی ببنەوە، لێرەوە دادگای ئەسکوفی دامەزرا لەتشرینی دووەم ساڵی ١١٨٧ەوە دەستوورێکی پاپایی دەرچوو، تیایدا

هاتبوو بۆ ڕاوەدوونانی هەرتیکیو تیادا جەخت لەسەربەشداری دەسەڵاتی دونیاو کۆمەڵگاش کرابووەوە. ئەوەبوو ئەسکوفەکان بۆخۆیان ساڵانە سەردانی تاکە تاکە کڵێساکانیان دەکرد لەو ناوچانەی کە گومانی هەرتیکی لێ بکرایە کە سەرەتا لەئیتاڵیا بوو دواتر ناوچەکانی باشووری فەرەنساشی گرتەوە. لەوێدا فەرمانیان دەدا ئەوەی هەرتیکی یا پەشیمان ببنەوەو ئەوەی ئەویش نییە یا ناوی هەرتیکییەکان بهێنن، ئەگەر هەرتیکی یەکە لەماوەی مانگێکدا دانی پێدانابا ئەوا دەبەخشراو ئەگەر نا بە زەبرو زەنگو شێوازی تر دانی پێدابنایە توشی سزای زۆر توند دەبۆوە کە لەسێدارەدانو زیندانی تا هەتایی بوون کە دواتر ئەمانە بوون بە ماکی دەرکەوتنی دادگای پشکنین(١٢). تایبەت دوای ئەوەی کە ڕەوتە دژە کاتۆلیکەکان بە بەرفراوانی بڵاوبوونەوەو بەشێکی زۆری ناوچەکانی فەرەنساو ئیتاڵیاو ئیسپانیای گرتەوەو ئیدی ئەم دادگایانە ڕوویانکردە ئەم ناوچانەش بۆیە کۆنترۆڵ کردنی لەتوانای ئەم دادگایانەدا نەما چونکە لەلایەك ئەم ئەسکوفانە تەنها سنووری خۆیان دەکرد لەلایەکی تر ئەم ئەسکوفانە دەبوو لەگەڕانی بەردەوامدا بنو لەکارو ئایینیەکانی تر دوور دەکەوتنەوە، هەربۆیە پێ بە پێ پاپاکان بەرەو جێگیرکردنی دادگایەك دەچوون تا دواجار لەساڵی (١٢٣٣)دا پاپا گریگۆری نۆیەم تەواو جێگیری کرد، بەوەی کە یاساکانی ئیمپراتۆر فردریکی دووەمی خستە چوارچێوەی یاساکانی کڵێساوە بەوەی هەر هەرتیکییەك پەشیمان نەبێتەوە بە خاین لەقەڵەم دەدرێت دەبێت بە لەسێدارەدان سزا بدرێت، ئیمپراتۆر داوای لەپاپا کرد بۆ پشتگیری کردن(١٣)، بەمەش بە فەرمی دادگای پشکنین دامەزرا لەژێر دەسەڵاتی پاپاو بە یارمەتی دەسەڵاتی دونیایی ولەتەواوی دونیای کاتۆلیکی ئەوروپادا بڵاوبووەوەو دواتریش لەساڵی ١٢٥٢داولەسەردەمی پاپا ئەنسۆسنتی چوارەمدا دادگای پشکنینی بە تەواوی کرد بە بەشێکی سەرەکی لەسەرجەم شارو وڵاتەکاندا(١٤).

**باسی دووەم: پرۆسەی دادگاییکردنو سزادان:**

دادگاکانی پشکنین بەو پێیەی بەشێکی دانەبڕاوو گرنگی کڵێسای کاتۆلیکی بوو، بۆیە بەشێکی زۆری کردارەکانی، بە سوود وەرگرتن لەبڕیارە پاپاییەکانو کۆمەڵێك دەق پیادە دەکرد کە لەئەنجومەنە ئەسکوپیەکانەوە دەردەچوون، وەك دەقەکانی ئەنجومەنی ((ناربۆن-Narbonne)) ساڵی ١٢٣٥و دەقەکانی ئەنجومەنی ((بیزییە-Beziers))ی ساڵی ١٢٤٦، کە دواتر ئەمانەولەگەڵ بەشێك لەئەزموونی دادوەرە گەورەکانی ئەم دادگاییانە تێکەڵ بوونوبوون بە بناغەیەك بۆکردارەکانی دادگای پشکنین، هەرچۆنێك بێت پرۆسەی دەستگیر کردنو دادگایی کردنوسزادان لەم دادگاییانەدا بە چەند هەنگاوێکدا تێپەڕ دەبوون کە لەم باسەدا باسیان دەکەین:

**١-هەنگاوەکانی دادگاییکردن:**

**أ- ماوەی بەخشین:**

ئەگەرچی لەسەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم دادگاییانەدا وەك پێشتریش باسمان کردووە، کارەکان بەو جۆرە دەستی پێدەکرد کە چەند دادوەرێك یان ڕەبەنێك دەچوونە ناوچەکانو خەڵکەکەیان لەکڵێسادا کۆ دەکردەوەو گوتارێکیان بۆ دەدان، لەو گوتارەدا داوایان لەخەڵکی دەکرد کە یارمەتی دەریان بن بۆ دۆزینەوەی هەرتیکییەکانو هاوکاتیش داوایان لەتۆمەتباران دەکرد پەشیمان ببنەوە، بەڵام لەساڵی ١٢٤٤ بەدواوەو دوای فراوانبوونی کارەکانی ئەم دادگاییانە ئەم جۆرە دەرچوونەی دادوەران کەمبوونەوە، ئەوە بوو پاپا ئەنسۆسنتی چوارەم ڕێیدا بە پشکێنەران کە تۆمەتباران بانگێشتی دادگاکان بکەن تا لەناوچەکانی خۆیان دوورکەونەوە.

دوای ئەوەی گومان دەکەوتە سەر هەر کەسێك زۆر بە خێرایی بانگێشتی دادگا دەکرا هەندێك لەم بانگێشتە بە شێوەی زارەکی دەبوو. هەندێ جاریش بە نووسراو، لەکاتی ئامادە نەبوونیشیدا بە نەهاتوویی سزا دەدرا. دوای دەستگیر کردنی تۆمەتبارەکان لەدادگاییەکاندا کۆدەکرانەوە. بە هەمان شێوە گوتارێکیان بۆ دادەدان داوای دانپێدانانو پەشیمان بوونەوەیان لێ دەکردن.

سەرەتا ماوەیەکیان بۆ دادەنرا لەنێوان ١٥ – ٤٠ رۆژ، کە تیایدا دان بە تاوانەکەیاندا بنێنو پەشیمان ببنەوە، ئەگەرلەم ماوەیەدا پەشیمان بوونەوەیان رابگەیێندایە، ئەوا یان دەبەخشران یان بە سزایەکی سوك ئازاد دەکران، ئەوسزایەش بە ویستی دادوەرەکە دەبوو، کە هەندێك جار زیندانیکردنی کاتی و ماوە کورت بوو، هەندێك جاریش سزای ماڵی بەرانبەربڕێك پارە یان سامان یان خێرو سەدەقەو حەجکردن بوو، ئەمانەی لەم ماوەیەدا دانیان بە تاوانەکەیاندا بنایە لەسزای سوتاندنو لەسێدارەدانو زیندانی تا هەتایی رزگاریان دەبوو(١٥).

**ب-ماوەی بە دواداچوون (تحقيق)**

دەسگیر کراو دوای ئەوەی لەماوەی بەخشیندا دانی بە تاوانەکەیدا نەدەنا، ئەوکات قۆناغی لێپێچینەوەو بە دواداچوون دەستی پێدەکرد، لەم قۆناغەدا تۆمەتبارەکان یەك لەدوای یەك پەلکێشی بەردەم دادوەر دەکران، کە هاوکات پیاوێکی ئایینیش ئامادە دەبوو بۆ تۆمارکردنی مەحزەرەکە، ئەوسا بەر لەهەموو شتێك، تۆمەتبار دەبوو دەست بە ئینجیلدا بدات کە ئەوەی دەیڵێت ڕاستە، دوای ئەمەش سەرجەم تاوانەکانی بۆ دەخوێندرایەوەو ئەوکاتیش تۆمەتباردەبوو وەڵامی دادگا بداتەوەو وردەکارییەکان بڵێت، زۆر جار لەم کاتەدا دادوەرەکان پەنایان دەبردە بەر سیاسەتی فرو فێڵولەخشتە بردن، بەوەی بەڵێنی سزای سوك و

> **ژووری ئینفیرادیو برسی کردنو بێ هێزکردنو ئەشکەنجەی دەروونی –وەك هەڕەشەی کوشتن، یان رووتکردنەوەی تۆمەتبار پێش ئەشکەنجەدان بەرانبەر بە ئامێرەکانی ئەشکەنجە، لە جۆرە باوەکانی ئەشکەنجە بوون لەم دادگاییانەدا**

ئازادکردنیان بە تۆمەتبارەکە دەدا لەبەرامبەر ئەوەی دان بە تاوانەکەیدا بنێت(١٦).

تۆمەتبارەکە ئەگەرتوانیبای لەم کاتەدا بێ تاوانی خۆی بسەلمێنێت ئەوا ئازاد دەکرا، ئەگەر دانیشی بە تاوانەکەیدا بنایا، ئەوکات دەبوو بە کرنوش بردنەوە لەبەردەم دادوەردا دەست بە ئینجیلدا بدات، ئەوسا سزا دەدرا، کە سزای ئەمجۆرە دانپێدانانە چەند جۆرێك بوو، لەوانە دەستبەسەرکردنی سەروەتو سامانو زیندانی تاهەتایی کە هەندێ جار ئەمجۆرە زیندانی کردنە ئاسانکاری تێدا دەکرا وەك سەردان کردنو گەڕان...هتد، بەڵام ئەگەر تۆمەتبار لەم قۆناغەدا نەیتوانیایە بێ تاوانی خۆی بسەلمێنێت یان دانی بە تاوانەکەیدا نەنایا، ئەوکاتە هەنگاوی ئەشکەنجەدان دەستی پێ دەکرد(١٧).

**ج- قۆناغی ئەشکەنجەدان**

هەرچەندە لەبیست ساڵی سەرەتای دەرکەوتنی دادگای پشکنیندا کەمتر پەنایان دەبردە بەر شێوازی ئەشکەنجەدان، بەڵام دوای بەردەوامی هەوڵە دژە کڵێساییەکانو زۆربوونی رێژەی هەرتیکییەکان، کڵێسا ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر ئەشکەنجەدان پشت بەست بە یاسا رۆمانیە کۆنەکان کە رێ پێدراوی کردبوو، ئەوەبوو لەسەردەمی پاپا ئەنسۆسنتی چوارەمدا بڕیاریدا ئەشکەنجەدان بەکاربێتو دواتر هەریەك لەئەلکساندەری چوارەمو کلیمنتی

پێنجەمی دوای ئەو بەمە ڕازی بوونو ئیدی وردە وردە ئەشکەنجەدان بوو بە شێوازی باو لەم دادگاییانەدا. بەڵام سەرەتا پاپاکان ڕایانگەیاند کە ئەشکەنجەدان دوایین ڕێگا بێتو پێویستە لەهەر دادگاییکردنێکیشدا یەکجار بەکاربێتو جەختیشیان لەسەر ئەوە کردەوە کە نابێت لەکاتی ئەنجامدانی ئەشکەنجەدانەکە تۆمەتبار ئەندامی جەستەی لەدەست بدات یان گیان لەدەست بدات، بەڵام دواتر ئەمانە پشتگوێ خرانو دادوەرەکان بە نارەزوو و ویستی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردو بە پێی بەرژەوەندی خۆیان راڤەیان دەکردن(١٨).

ژووری ئینفیرادیو برسی کردنو بێ هێز کردنو ئەشکەنجەی دەروونی –وەك هەڕەشەی کوشتن، یان رووتکردنەوەی تۆمەتبار پێش ئەشکەنجەدان بەرانبەر بە ئامێرەکانی ئەشکەنجە، لەجۆرە باوەکانی ئەشکەنجە بوون لەم دادگاییانەدا. ژووری ئەشکەنجەدانەکەش ژوورێکی تاریك بوو کە دیوارەکانی ڕەنگیان ڕەش بوو و مێخ لەدیوارەکانیەوە هاتبوونە دەرو دەرگایەکی ئاسنی ئەستوری هەبوو، لەسەر زەویەکەش چەند زنجیرێك هەبوون بۆ بەستنەوەی تۆمەتبارەکە لەکاتی ئەشکەنجەداندا لەم دادگاییانەدا چەند ئامێرێکی ئەشکەنجەدان هەبوو، وەك جەڵدەی سەربە مزو کوتەکی سەربە مێخ، پلایسی ئاسنو ئامێری زمان بڕینو دان هەڵکێشان، پێڵاوی لەئاسن دروستکراو کە گەرم دەکراو پێڵاوی پڕ لەمێخ، و پەتی هەڵواسین، و دەیانی تری لەمانە دڕندانەتر تایبەت لەدادگاییەکانی فەرەنساو ئیسپانیا(١٩).

دوای ئەوەی تۆمەتبارەکە دەبرایە ژووری ئەشکەنجەدانەوەکەوە، جارێکی تر لەلایەن دادوەرەوە داوای دان پێدانانی لێ دەکرایەوە، دوای ڕەتکردنەوەی، ئەوکات رووت دەکرایەوە، بەر لەئەشکەنجەدان ئامێرەکانیان پێ پیشان دەدا بۆ ترساندنو دادوەرەکە جارێکی تر داوای دانپێدانانی لێدەکردەوەو ئەگەر هەر نکوڵی بکردایە. ئەوکاتە جەللادەکە لەسوکترین ئەشکەنجەوە دەستی پێدەکرد کە لەجەڵدە لێدانەوە بوو دواتریش جۆرەکانی تری وەك بە قۆڵ هەڵواسین لەپشتەوەو لێدانی بە کوتەك، ڕێ پێ کردنی بە نێو ژێلەمۆدا بەپێ خواسی، ئەمانەو دەیان جۆری تر لەئەشکەنجەدان کە لەمانە زۆر قورستر بوون(٢٠).

لەکاتی ئەشکەنجەدانەکەشدا پیاوێکی ئایینی ئامادە دەبوو بۆتۆمارکردنی دانپێدانانەکە، زۆر جاریش پشویان بە تۆمەتبارەکە دەداولەو ماوەیەشدا پرسیاریان لێ دەکرد(٢١).

**٢-راگەیاندنی سزاو جۆرەکانی**

دوای تەواو بوونی سەرجەم هەنگاوەکانی دادگایی کردنو وەرگرتنی دانپێدانانەکان، ئەوکاتە قۆناغی راگەیاندنی سزاکان دەهات، کە لەڕێگای وەعزێکی گشتیەوە – Grand Sermo دەبوو و زۆربەی جارەکانیش لەڕۆژی یەك شەممەدا دەبوو، دوای ئەوەی کە پیاوانی ئایینیو خەڵکی ئیماندارو دادوەرەکان لەگۆڕەپانێك یان لەبەردەم کڵێسادا کۆ دەکرانەوەو تۆمەتبارانیش لەسەر سەکۆیەکی بەرز دادەنران بۆ ئەوەی لەخەڵکەکەوە دیار بن، لەم مەراسیمەدا دادوەرەکە دەستی بە خوێندنەوەی گوتار دەکرد، دوای تەواو بوونی گوتارەکە هەڵدەستا بە خوێندنەوەی ناوی ئەوانەی کە بڕیاری بەخشینیان لێ درابوو و دواتریش دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی ناوی سزا دراوەکان کە لەسزا سوکەکانەوە دەستی پێ دەکرد بۆ سزا قورسەکان(٢٢).

یەکێك لەسزاکان کە سزایەکی ئاسان بوو جەڵد لێدان بوو، تۆمەتبارەکە بە پێ خواسی بەرەو کڵێسا بەڕێدەکەوتو کوتەکێکی بە دەستەوە بوو، دوای تەواوبوونی گوتارەکە، کوتەکەکەی دەدایە دەست یەکێك لەپیاوانی

ئاینیوئەویش دەستی بە لێدانی دەکرد، دوای ماوەیەك لێدان دەخرایە نێو ڕەوڕەوەیەك و بە شاردا دەگێڕدرا، دوای ئەوەی دەگەیشتەوە هەمان شوێن جارێکی تر دەست بە لێدانی دەکرایەوە، دوای تەواو بوونیش دەبوو سزادراو بە بەرچاوی خەڵکەوە بیگوتایە ئەو شایستەی ئەو سزایە بووە، بەرانبەر ئەوهەڵانەی بەرانبەر کڵێسا کردوو یەتی(٢٣).

سزایەکی تریان بریتی بوو لەزیندانی کردن، ئەم سزایەش بە پێی تاوانەکان دەگۆڕاو دادوەرەکە دیاری دەکرد، جۆرێکیان زیندانی کاتیو کورت خایەن بوون، ئەمیش بۆ ئەو کەسانەی کە لەماوەی بەخشیندا دانیان دەنا بە تاواندا، بەڵام ئەوانی کە لەژێر ئەشکەنجەدا دانیان دەنا، زۆربەی جاربە زیندانی تا هەتایی سزا دەدران، کە ئەمیش دوو جۆری هەبوو، جۆرێکیان زیندانی دیواری بەرتەسك بوو و زیندانییەکە دەخرایە ژوورێکی بەرتەسکی تاریکەوەو زۆر جار بە دیواری زیندانیەکەوە دەبەسترایەوە، ئەمجۆرە زیندانیەش بۆ ئەو کەسانە بوو کە دانیان بە تەواوی راستیەکاندا نەنابوو یان هەوڵی هەڵهاتنیان دابوو، کە ئەمانە سەردانیشیان نەبوو، جۆرەکەی تریش زیندانی فراوان بوو، کەزیندانییەکە خاوەن ئازادییەکی زیاتر بوو کە وەرزشو گەڕانی دەکردو پەیوەندی بە دەرەوە دەکرد، هەندێك جار بۆ ماوەیەکی کاتیش مۆڵەتی دەرچوونی پێدەدرا، بۆ چاودێری خێزانکەی یان ئەو ئافرەتانەی لەسەرمنداڵبوون بوو نایە(٢٤).

جۆرێکی تری سزاکان لەئاگردا سوتاندن بوو و سزایەکی تریشیان لەسێدارەدان بوو کە پرۆسەی سوتاندنەکە بە زیندوویی بوو لەئاگرداو لەسێدارەدانەکەش زۆر لەسەر خۆ ئەنجام دەدرا، بەڵام بەرلەئەنجامدانی سزاکە، سزادراو بۆی هەبوو لەبۆچوونەکانی پاشگەز ببێتەوەودوای ئەوەی دادوەرو پیاوانی ئایینی لەڕاستی پاشگەز بوونەکەی دڵنیا بوونایە سزاکەی بۆ سوك دەکرا بۆ زیندانی(٢٥).

یەکێکی تر لەسزاکان دەسبەسەرکردنی سەروەتو سامان بوو کە سەرجەم ئەو شتانەی هی تۆمەتبارەکە بوو دەسبەسەردەکرا هەرلەبە بەهاترین شتەوە بگرە تا دەگەیشتە کەم بایەخترینیان تەنانەت بە جلو بەرگو پۆشاکەکانیشەوە کە هاوکات هی سەرجەم خێزانەکەی دەگرتەوە، جگە لەوەی کە خێزانەکە لەماڵەکە دەردەکران، کە زۆرجارئەم دەسبەسەر کردنە هەر لەگەڵ دەسگیرکردنی تۆمەتبارەکە دەستی پێدەکرد بەرلەوەی دادگایی بکرێت، ئەم سزایە دواجار مردووەکانیشی گرتەوە، ئەوەبوو زۆرجاربە تەماعی سەروەتو سامانەکەی مردووەکانیش دادگایی دەکران دوای ئەوەی چەند ساڵ بوو لەژیاندا نەمابوون و دوای یەکلایی کردنەوەی هەرتیکی بوونی، گۆڕەکەی هەڵدەکۆڵدرایەوەو ئێسكو پروسکەکەی دەهێنرایەوە دەرو دەسوتێنرا، و سەرجەم خاو خێزانەکەی لەسەروەتو سامانەکەی بێ بەش دەکران(٢٦). گیراردۆفلورەنس یەکێك بوو لەو کەسانە کە لەساڵی ١٢٥٠دا مردووەو دواتر لەساڵی ١٣١٣ دادگایی کراوەو بە هەرتیکی لەقەڵەمدراوەو تەواوی سەروەتو سامانی خێزانەکەی دەسبەسەر کراوە کە چوار کوڕو حەوت نەوەی هەبووە جگە لەوەی سزای تریشیان بەسەردا سەپاندوون(٢٧).

ئەم سامانە دابەش دەکرا بەسەرکڵێساو دەسەڵاتی دونیاییو سیخوڕەکانی دادگای پشکنین، کە لەهەندێ شوێن دەکرا بە دوو بەشی یەکسان لەنێوان دەوڵەتو کڵێساداو لەهەندێ شوێنی تریشدا وەك ئیسپانیاو فرنسا سەرجەمی دەدرا بە دەوڵەت، بەڵام لەئیتاڵیا سێیەکی دەدرا بەو سیخوڕانەی هەواڵدەریان دەکرد(٢٨).

یەکێکی تر لەکارەکانی ئەم دادگاییانە

خانوو کاولکردن بوو. کە لەساڵی ١٢٢٦ پاپا ئەنسۆسنتی سێیەم فەرمانی دا هەرماڵێك هەرتیکی رووی تێکرد برووخێندرێت هاوکات ئەوانی دەورو پشتیشی ئەگەر مۆڵکی هەمان کەس بوون کاولبکرێن، بەڵام دوای دەرکەوتنی سزای دەسبەرسەرکردنی سەروەتو سامان ئەم بڕیارە ئاسانتر بۆوە بەوەی تەنها ئەو ماڵانە بگرێتەوە کە هەرتیکی کۆبوونەوەی تێدا دەکات(٢٩).

هێمای شەرمەزاریش یەکێك بوو لەکارەکانی ئەم دادگاییانە، کە بریتی بوو لەهێمایەك بە هەرتیکی ئازاد کراوەکاندا هەڵدەواسرا کە لەقوماشی جیاجیاو بە قەبارەو رەنگی جیا دروست دەکران کە هەریەك ئاماژەی خۆی هەبوو بۆ جیاکردنەوەی ئەو کەسانەی کە سزای دادگای پشکنینیان وەرگرتووە(٣٠).

**٣- سیخوڕو شایەت:**

لەگەڵ ئەم دادوەرانەدا تۆڕێك سیخوڕ هەبوون کە زۆربەیان لەرەبەنەکانو قەشە بچوکەکان تایبەت (رەبەنە دۆمەنیکەکان)(٣١) بوون، ئەمانە بە هاوشێوەی هەرتیکییەکان رەفتاریان دەکرد بۆ ئەوەی هەرتیکی ئاشکرا بکەنو کڵێساو دادگاکانی لێ ئاگادار بکەنەوە، بۆیە لەلایەن کڵێساوە ئەمانە لەهەموو هەڵسوکەوتو کردارێکی نا شەرعی بەخشرابوون، کە لەڕاستیدا ئەم دیاردەی سیخوڕیەی دادگاکانی پشکنین لەو سەردەمەدا بووە هۆی بڵاوبوونەوەی بێ متمانەییەکی کەم وێنە لەکۆمەڵگای کاتۆلیکی، کە متمانە لەنێوان خودی ئەندامانی یەك خێزانیشدا نەمابوو وبرا بوو بە جێی گومانی براو پیاو متمانەی بە ژنو منداڵی خۆی نەمابوو(٣٢).

سەبارەت بە شایەت، ئەوا لەم دادگاییانەدا تەنها شەیەتیان بە مەبەستی تۆمەتبارکردن قبوڵ بوو، واتا بۆ ئەوەی تۆمەتەکەی پێ پشت ڕاست بکەن، کە زۆر



**کڵێسای کاتۆلیکی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بوو بە توخمی سەرەکی لە پێکهاتەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەوروپی، هاوکات بیروڕاکانیش بوون بە ستراکتۆری ئەوکاتەو هەر خۆیشی بوو بە ڕاڤەکەری وردو درشتی ژیان و سەرجەم کایە مەعریفی و زانستو فیکرییەکانی لە ئامێزگرت**

جار شایەتەکانیش دووچاری ئەشکەنجەدان دەهاتن بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن شایەتی بۆ پشت ڕاسکردنەوەی تۆمەتەکە بدەن، بەڵام تۆمەتبارەکان مافی داواکردنی شایەتیان نەبوو بۆ پشت ڕاستکردنی قسەکانی خۆیان(٣٣).

**٤-ئەندامانی دادگاکانی پشکنین:**

ئەم دادگاییانە زۆر جار لەچەند ئەندامێك پێکدەهاتن کە ژمارەیان لەنێوان ٢ تا ٢٠ ئەندام دەبوونو ئەنجومەنێکیشیان هەبوو نزیکەی چل کەس بوون کە ئەمانە لەپیاوی ئایینیو دونیایی بوون، دادگا وەك یارمەتی دەر داوای دەکردن(٣٤). ئەندامانی ئەم دادگاییە دەبوو سوێند لەسەر دڵسۆزی نواندن بخۆن، بە پێی ئەو کتێبەی کە لەلایەن برنارد جۆیەوە نووسراوەتەوە، ئەم کابرایە رەبەنێکی دۆمەنیکانی بووەو بۆخۆی لەنێوان ساڵەکانی ١٣٠٧-١٣٤٢دا لەم دادگاییانە کاری کردووە، لەبارەی خەسڵەتەکانی ئەندامانی ئەم دادگاییانەوە باس لەوە دەکات کە، دەبوو زۆر دڵسۆزی کاتۆلیکی بوونایەو دڵپڕبوونایە لەهەرتیکی، جگە لەوەی خەڵکی خۆڕاگرو ئارامگر بنو دڵڕەقو توندوتیژ بن، هەروەها بتوانن خۆ لەبەرانبەر

پاڕانەوەو نزای هەرتیکییەکان بگرن و خۆش باوەڕ نەبن (٣٥).

**٥- دادگاکانی پشکنین و فیکرو زانست:**

هەروەکو لەباسەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد، کڵێسای کاتۆلیکی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بوو بە توخمی سەرەکی لەپێکهاتەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەورووپی، هاوکات بیروڕاکانیش بوون بە ستراکتۆری ئەوکاتەو هەر خۆیشی بوو بە ڕاڤەکەری وردو درشتی ژیان و سەرجەم کایە مەعریفی و زانست و فیکرییەکانی لەئامێز گرت، هەروەك پێشتریش باسمان کرد کە دەرکەوتنی دادگاکانی پشکنین لەبنەڕەتدا هەوڵی کڵێسا بوو بۆ پاراستنی دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆی بەسەر سەرجەم لایەنەکانی ژیاندا، چونکە ئەوگەشەسەندنانەی ئەوکات ڕۆژبەڕۆژ تەنگیان بە کڵێسا هەڵدەچنی، بۆیە کڵێسا لەوکاتەدا وەك هێزێکی ترادسیۆنی و پارێزگار لەستراکتۆری فیکری سەدەکانی ناوەڕاست خۆی بە بەرپرسی دژایەتی کەری بیروڕا نوێکان دەزانی، هەرلەم سۆنگەیەشەوە ڕاوەدوونان و قەڵاچۆکردنی خاوەن فیکرو بیروڕای نوێ بوونە یەکێك لەئامانجە سەرەکییەکانی دادگای پشکنین، بۆیە وشەی هەرتیکیان کردە چەکێکی کاراو بە پێی بەرژەوندییەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنا بەرانبەر بەو کەسانەی کە تاکە وشەیەکیان دژ بە کڵێسا بدرکاندایە.

ئەوەتا (أ.س. تۆبرڤیل A.S.Tuberville) دەڵێت: «هزرڤانە بوێرەکان بەردەوام لەبەردەم ترسی بانگێشت کردندا بوون بۆ بەردەم دادگاکانی پشکنین، بە هۆی ئەو بیروڕایانەیانەوە کە عەقڵە دواکەوتووە ترادسیۆنەکانی بریندار دەکرد» (٣٦). هەربۆیە ئەگەر چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژووی ئەورووپای سەردەمی دادگاکانی پشکنیندا بکەین، ئەوا دەیان ناوی گەورەی فیکرو زانست بەدی دەکەین کە پەلکێشی بەردەم ئەم دادگاییانە کراون و دووچاری سزا جۆراوجۆرەکانیان بوونەتەوە.

دیارترین ئەو کەسانە گیرۆدانو برۆنۆی Giorodano Bruno – (١٥٤٨-١٦٠٠)ی فەیلەسوفی ئیتاڵیە، ئەمە ڕەبەنێکی دۆمەنیکانی بوو، بەڵام کەوتە ژێر کاریگەری بیردۆزەکەی کۆپەرنیکۆسەوە، بۆیە ناچاربوو وڵات جێبهێڵێت و لەوڵاتاندا بگەڕێت لەنێوان فەرەنساو سویسراو ئینگلتراو ئەڵمانیا، دواتریش بە ناچاری بگەڕێتەوە بۆ ئیتاڵیاو لەوێ بدرێتە دەست



**کۆپەرنیکۆسی پۆڵەندی (١٤٧٣-١٥٤٣) کە خاوەن ئەو بیردۆزە فەلەکیە بوو دەیگوت کە خۆر چەقی گەردوونە نەك زەوی، نەیتوانی تا لە ژیاندا بوو بۆ بۆچوونەکانی ئاشکرا بکات، بۆیە دوای مردنی ئەویش بەرنەفرەتی کڵێسا کەوت و کتێبەکانیشی قەدەغەکران**

دادگاکانی ڤاتیکانەوە، دوای حەوت ساڵ زیندانی زمانی ببڕن و لەئاگردا بیسوتێنن (٣٧)، هەروەها گالیلۆش (١٥٦٤-١٦٤٢) کە زانایەکی بەناوبانگ بوو بە هەمان شێوە پەلکێشی بەردەم دادگا کراو ئەشکەنجەیەکی زۆردراو ئەگەرلەبەرانبەر پاپادا لەبیروڕاکانی پاشگەزنەبوایەتەوە هەمان چارەنووسی برۆنۆی دەبوو (٣٨).

کۆپەرنیکۆسی پۆڵەندی (١٤٧٣-١٥٤٣) کە خاوەن ئەو بیردۆزە فەلەکیە بوو دەیگوت

کە خۆر چەقی گەردوونە نەك زەوی، نەیتوانی تا لەژیاندا بوو بۆ چوونەکانی ئاشکرا بکات، بۆیە دوای مردنی ئەویش بەرنەفرەتی کڵێسا کەوت و کتێبەکانیشی قەدەغەکران(٣٩). ئەمە وێڕای ئەوەی کە مێژوونووسی ئیسپانی (خوان ئەنگونیۆ لورنتی) تەنها لەئیسپانیا ناوی ١١٨ ئەدیبی تۆمار کردووە کە بەر دادگا کەوتوون(٤٠).

ئەمە جگە لەوەی کە پیاوانی ئایینی و ریفۆرمخوازانیش لەم سزایانە بێبەش نەبوون، بۆ نمونە ریفۆرمخوازی گەورەی بەریتانی جۆن ویکلف (١٣٢٤-١٣٨٤) کە مامۆستای زانکۆش بوو لەئۆکسفۆرد، لەسەر بیروڕا دژە کڵێساییەکانی لەساڵی ١٣٨٤دا بانگێشتی دادگا کرا بۆ رۆما، بەڵام نەیتوانی ئامادە بێت و دوای مردنی کتێبەکانی قەدەغەکران(٤١)، هەروەها جۆن هس (١٣٦٩-١٤١٥)ی بۆهیمی پیاوی ئایینی و مامۆستای زانکۆی پراگ و ریفۆرمخواز لەساڵی ١٤١٤ دەسگیر کراو لە٦ی تەمموزی ١٤١٥ بە هەرتیکی لەقەڵەمدراو لەئاگردا سوتێنراو بەرهەمەکانی قەدەغەکران(٤٢). جیرۆم سافونا رۆلای (١٤٥٢ – ١٤٩٨) پیاوی ئایینی زۆرکاریگەری ئیتاڵیا هەر لەسەر بیروڕاکانی لەساڵی ١٤٩٨دا سوتێنرا(٤٣).

ئەمانەو دەیان بیریارو هزرڤانی تریش هەمان چارەنووسیان بوو لەسەر دەستی دادگاکانی پشکنین کە بە ڕادەیەکی زۆر ئەم دادگاییانە خەفەکەری فیکری ئەوروپی بوون لەو کاتەدا، بەڵام سەرەنجام نەیانتوانی بەربە تەوژمی پێشکەوتنی فیکرو زانست بگرن.

**٦- قوربانیەکانی دادگاکانی پشکنین:**

رەنگە بەدەستەوەدانی ئامارێکی تەواوی قوربانیانی ئەم دادگاییانە ئاسان نەبێت، لەلایەك لەبەر ئەوەی ئەم ئامارە کارێکی نهێنی بووەو تەنها خەڵکی زۆر نزیکی ناو دادگاکان دەیانزانی، لەلایەکی تریشەوە لەبەرپەرش و بڵاوی کارەکان و دادگاکان و لەناوچوونی بەشێکی زۆری بەڵگەنامەکان، بۆیە ئێمە دەتوانین تەنها بە ئاماژەکردن بە هەندێك بەڵگەو سەرچاوە، تەنها وێنایەکی نزیکی ئەو ئامارانە بخەینە بەردەست و بتوانین برێك لەتوندوتیژی و دڵڕەقی ئەم دادگاییانە بخەینە بەرچاو، بۆ نمونە مێژوونووسی ئیسپانی لورنتی کە خۆی سکرتێری دیوانی بە دوادا چوون بووەو بەشێکی لەتۆمارە نهێنییەکانی ئەم دادگاییانە لەبەردەستا بوون و هەندێك زانیاری لەمبارەیەوە داوە کە رەنگە هەندێکیان زێدەڕۆیی تێدابێت، ئەو دەڵێت تەنها دادگاکانی ئیسپانیا پتر لە٣١ هەزار کەسی لەئاگردا سوتاندووەو زیاتر لە٢٩٠٠٠٠ کەسی بە سزاکانی ترسزا داوە، ئەم ئامارە دادگا ئیسپانییەکانی ناوچەکانی ئەمریکای باشوورو قرتاجەو سەردینیای نەگرتۆتەوە(٤٤).

بە پێی ئامارێکی تریش تەنها لەنێوان ساڵانی (١٤٨٣-١٤٩٨)دا لەئیسپانیا نزیکەی ٢٠٠٠ کەس لەئاگردا سوتاون و دەیان هەزار کەسی بە سزاکانی ترسزا دروان(٤٥). هاوکات سەرچاوەیەکی تر ئاماژە بەوە دەکات کە تەنها لە١٨ ساڵی نێوان (١٤٨١-١٤٩٩)دا نزیکەی ١٢٤٠ کەس لەئاگردا سوتاون و نزیکەی ٦٨٦٠ کەسیش لەسێدارە دراون و ٧٩٢٠ کەسیش بە سزاکانی ترسزا دراون(٤٦). لەکاتێکدا کە مێژوو نووسی کۆن برنالتز دەڵێت لەنێوان (١٤٨٢-١٤٨٩)دا تەنها لەئەشبیلیە نزیکەی ٧٠٠ کەس لەئاگردا سوتاون و بە پێی ئامارێکی تریش تەنها لەسەردەمی چارلسی پێنجەمی ئیمپراتۆردا نزیکەی ٥٠٠٠ کەس لەزەوییە نزمەکاندا لەسێدارە دراون(٤٧).

ئەگەرچی رەنگە دەیان ئاماری تر هەبن کە ئێستا لەبەردەستدا نین، هاوکات پێدەچێت هەندێك لەم ئامارانەورد نەبن، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەم ژمارانە تەواو ئەوە دەردەخەن کە لەئەوروپا لەسەردەمی دووسەد ساڵەی ئەم دادگاییانەدان بە هەزاران کەس دووچاری جەورستەمی ئەم دادگاییانە بوونەتەوەو بوون

بە قوربانی هەوڵە کۆنەپارێزییەکانی کڵێسای کاتۆلیکی.

**ئەنجام:**

وەك ئاکامگیرییەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەوە گەیشتین کە دادگاکانی پشکنین وەك دیاردەیەکی مێژوویی رەنگدانەوەی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی ئەوروپاو کڵێسای کاتۆلیکی بووە لەکاتێکدا کە گۆڕانکارە مێژووییەکان هێدی هێدی بناغەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیان لەبەریەك هەڵوەشاندەوەو دواجار دەسەڵاتو نفوزی کڵێسایانە بەرەو لاوازی بردووە، بۆیە ئەم دادگاییانە هەوڵێکی گەورەی کڵێسا بووە بۆ خۆ پاراستن، جگە لەوەی ئەوەمان بۆ روونبۆوە کە کردارەکانی ئەم دادگاییانە دواتر بوونە یەکێك لەبناغەکانی سیستەمی دادگایی کردنو ئەشکەنجەدان لەدەسەڵاتداریەتیە ستەمکارەکان دوای خۆی کە دەکرێت دیراسەیەکی بەراوردکاریانەش لەمبارەیەوە بکرێت، هەروەها ئەو ئەنجامەشمان لا دەسگیر بوو کە ئەم دادگاییانە بەرادەیەکی زۆر تەنگو چەڵەمەیان بۆ رەوتی گەشەکردنی فیکرو زانست دروست کراووە لەئەوروپا.

**پەراوێزەکان:**

(١) بڕوانە: احمد شلبی. مقارنة الادیان. المسیحیة، الجزء الثاني، الطبعة العاشرة، مكتبه النهظة المصرية، القاهرة، ١٩٩٨، ص٩٤؛ نورالدين حاطوم، تاريخ العصر الوسيط فى اوروبه، الجزء الاول، دار الفكر، دمشق، ١٩٦٧، ص٦٢-٦٣.

(٢) هـ سانت موس. ميلاد العصور الوسطى، ترجمة: عبدالعزيز توفيق جاويد، مراجعه د. السيد بازالعريني، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهره، ١٩٩٨، ص١٥-٢٦؛ منصور المخلصى، الكنيسه عبر التاريخ، كلية الفلسفة واللاهوت، بغداد، ١٩٩٧، ص١١٣؛ احمد شلبی، المصدر السابق، ص٩٥.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: توفيق الطويل. قصة الاضطهاد الدينى فى المسيحية والاسلامية، القاهرة، ١٩٩١، ص٤٧-٥٧؛ موسوعة الاديان فى العالم المسيحية، داركريبس انترناشيونال، ٢٠٠٠، ص٢٦-٣٢.

(٤) بڕوانە: جهينه سلطان العيسى واخرون، موجز تاريخ الفكر الاجتماعى، الكتاب الثانى، دمشق، ٢٠٠١، ص٨٢-٩٠.

(٥) لەم ساڵەدا بەیەکجاری هەردوو کڵێسای ڕۆژئاوایی بەناوی کاتۆلیك Katholikos کە وشەیەکی گریکیەو بەمانای جیهانی دێت وە کڵێسای ڕۆژهەڵاتی ئەرتۆدۆکسی کە مانای بێگەردی دەبەخشێت لێکجیابوونەوە. بڕوانە: سعد رستم، الفرق والمذاهب المسيحية منذ ظهور الاسلام حتى اليوم. دراسة تاريخية دينية سياسية اجتماعية. دمشق، ٢٠٠٤، ص٤٤.

(٦) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: سامان حسین ئەحمەد، رەهەندەکانی ریفۆرمی ئایینی لەئەوروپا (ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیی)، موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧، ٤١-٤٩.

(٧) بڕوانە: رمسيس عوض، الهرطقة فى الغرب، القاهرة- بيروت، ١٩٩٧، ص١١٩.

(٨) لەوشەی (heresy) گریکییەوە هاتووە، مانای دەرڤ.

(٩) بڕوانە: المصدر نفسه، ص١١٩.

(١٠) ئەلبیجینسیەکان (Albigenes) رەوتێکی رادیکاڵی دژە کڵێسایی بوو هەر لەسەدەی یازدەوە لەناوچەکانی باشووری فەرەنسا دەرکەوتنو رەخنەیان لەبەشی زۆری پەیڕەوەکانی کڵێسای کاتۆلیکی دەگرت پەیڕەونکی ئایینی تایبەتیان هەبوو. بڕوانە: Wallace K. Ferguson and Geoffrey Bruun, A Survey of European Civilization, ٣rd edition, new York, ١٩٦٢, p٢٥٨.

(١١) والدینەکان (Waldenses) لەسەردەستی پیتەروالدۆ – Peter Waldo دامەزرا لەباشووری فەرەنسا کە بانگەشەی بۆ ژیانی هەژاری دەکرد، ئەگەرچی سەرەتا لەلایەن پاپاوە مۆڵەتی هەبوو، بەڵام دواتر کەوتنە ژێر کاریگەری ئەلبیجینسیەکانو بە توندی هێرشیان کردە سەرکڵێسای کاتۆلیك بڕوانە: Ferguson and Bruun, op. Cit, p ٢٥٨.

(١٢) محمد العزب موسى، حريه الفكر، بيروت، ١٩٧٩، ص٦٣.

(١٣) غى تستاس وجان تستاس، محاكم التفتيش، ترجمه: د. ميساوالسيوفى، مراجعه د. جمال شحيد، دمشق، ٢٠٠٥، ص٧-١١.

(١٤) محمد العزب موسى، المصدر السابق، ص٦٣؛ توفيق الطويل، المصدر السابق، ص٨٠.

(١٥) ول ديورانت، قصه الحضارة، عصر الايمان، الجزء الخامس من مجلد الرابع، ترجمة محمد بدران، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٦٥، ص٩٥-٩٦؛ توفيق الطويل، المصدر السابق، ص٨٠.

(١٦) غى تستاس وجان تستاس، المصدر السابق، ص٤٠-٤١؛ ويل ديورانت، المصدر السابق، ص٩٩.

(١٧) غى تستاس وجان تستاس، المصدر السابق، ص٤٢.

(١٨) ويل ديورانت، المصدر السابق، ص١٠١.

(١٩) د. عبدالقادر احمد اليوسف، العصور الوسطى الاوروبية (٤٧٦-١٥٠٠)، المكتبه العصريه، بيروت، ١٩٦٧، ص٢٥٥؛ ويل ديورانت، المصدر السابق، ص١٠١؛ غى تستاس وجان تستاس، المصدر السابق، ص٤٤.

(٢٠) بڕوانە: سليمان مظهر، قصه الديانات، الطبعة الثانية، مكتبة مدبولى، القاهرة، ٢٠٠٢، ص٤٤٤-٤٤٥.

(٢١) بڕوانە: اسماعيل مظهر، المصدر السابق، ٤٤٠-٤٤٤؛ ويل ديورانت، المصدر السابق، ص١٠١؛ محمد العزب موسى، المصدر السابق، ٢٦٨؛ غى تستاس وجان تستاس،

المصدر السابق، ص٤٥.

(٢٢) غي تستاس وجان تستاس، المصدر السابق، ص٤٥.

(٢٣) المصدرنفسه، ص٤٨.

(٢٤) المصدرنفسه، ص٥١.

(٢٥) المصدرنفسه، ص٤٩-٥١.

(٢٦) توفيق الطويل، المصدرالسابق، ص٨٤؛ غي تستاس وجان تستاس، المصدرالسابق، ص٤٩.

(٢٧) محمد العزب موسى، المصدرالسابق، ص٦٨-٦٩.

(٢٨) المصدرنفسه، ص٦٩.

(٢٩) د. عبدالقادر احمد اليوسف، المصدر السابق، ص ٢٥٣.

(٣٠) غي تستاس وجان تستاس، المصدرالسابق، ص٥٢-٥٣.

(٣١) المصدرنفسه، ص٥١.

(٣٢) ئەم رەوتە لەلایەن دومەنیك (١١٧٠-١٢٢١)ەوە دامەزراوە كە بە رەچەڵەك خەڵكی كاستل بوو لەساڵی ١٢١٦ مۆڵەتی كاری لەپاپا وەرگرت. زۆردژی دژە كڵێسایییەكان بوو و رۆڵێكی گەورەیان هەبوو لەدادگاكانی پشكنین وەك دادوەرو سیخوڕ كە خۆیان بە سەگی خودا ناوزەد دەكرد. بڕوانە: Emma Peter Smith and others, world History, ١٩٤٦, p٢٤٧-٢٤٨.

(٣٣) بڕوانە: سليمان مظهر، المصدر السابق، ص٤٣٩.

(٣٤) بڕوانە: ول ديورانت، المصدر السابق، ص٩٩؛ غي تستاس وجان تستاس، المصدرالسابق، ص٤٣.

(٣٥) غي تستاس وجان تستاس، المصدرالسابق، ص٤٧-٤٨.

(٣٦) ول ديورانت، المصدر السابق، ص١٠١.

(٣٧) غي تستاس وجان تستاس، المصدر السابق، ص ١١٠.

(٣٨) محمد محمد صالح، تاريخ اوروبا من عصرالنهظه وحتى الثورة الفرنسية (١٥٠٠-١٧٨٩)، بغداد، ١٩٨٢، ص١١٦-١١٧.

(٣٩) د. عبدالله المشوخي، موقف الاسلام والكنسية من العلم، مكتبه المنار، الاردن، ١٩٨٢، ص١٣٩؛ محمد محمد صالح، المصدرالسابق، ص١٤٠.

(٤٠) د. عبدالله المشوخي، المصدرالسابق، ص١٤٠.

(٤١) غي تستاس وجان تستاس، المصدر السابق، ص ١١٠.

(٤٢) C. Robertson, Sketches of Church History, New York, ٢٠٠٢, P.٢٢٤.

(٤٣) R. Lodge, The Close of the middle Age (١٢٧٣-١٤٩٤), London, ١٩٣٥, PP.٢١٦-٢١٧.

(٤٤) The New Cambridge Modern History, Vol. ١, P١٤٨-١٤٩.

(٤٥) د. عبدالله المشوخي، المصدر السابق، ص١٣٩؛ توفيق الگويل، المصدر السابق، ص٨٧.

(٤٦) Ferdinand Schevill A History of Europe from the Reformation to the Present Day, New York, ١٩٤٦, P.٧٦.

(٤٧) د. عبدالله المشوخي، المصدرالسابق، ص١٣٨.

(٤٨) توفيق الگويل، المصدر السابق، ص٨٨.

**لیستی سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی:**


١. احمد شلبي، مقارنه الاديان. المسيحيه، الجزء الثانى. الطبعة العاشرة. مكتبه النهظه المصرية. القاهره. ١٩٩٨.

٢. توفيق الطويل، قصه الاضطهاد الدينى فى المسيحية والاسلامية، القاهرة، ١٩٩١.

٣. جهينة سلطان العيسى واخرون، موجز تاريخ الفكر الاجتماعى، الكتاب الثانى، دمشق، ٢٠٠١.

٤. رمسيس عوض، الهرطقه فى الغرب، القاهره-بيروت، ١٩٩٧.

٥. سعد رستم، الفرق والمذاهب المسيحيه منذ ظهور الاسلام حتى اليوم. دراسة تاريخية دينية سياسية اجتماعية، دمشق، ٢٠٠٤.

٦. سليمان مظهر، قصة الديانات، الطبعة الثانية، مكتبة مدبولى. القاهرة، ٢٠٠٢.

٧. د. عبدالله المشوخي، موقف الاسلام والكنسية من العلم، مكتبه المنار، الاردن، ١٩٨٢.

٨. د. عبدالقادر احمد اليوسف، العصور الوسطى الاوروبية (٤٧٦-١٥٠٠)، المكتبة العصرية، بيروت، ١٩٦٧.

٩. غي تستاس وجان تستاس، محاكم التفتيش، ترجمه: د. ميساء السيوفى، مراجعه د. جمال شحيد، دمشق، ٢٠٠٥.

١٠. محمد العزب موسى، حريه الفكر، بيروت، ١٩٧٩.

١١. محمد محمد صالح، تاريخ اوروبا من عصرالنهظة وحتى الثوره الفرنسيه (١٥٠٠-١٧٨٩)، بغداد، ١٩٨٢.

١٢. منصور المخلصى، الكنيسه عبر التاريخ، كلية الفلسفة والاهوت، بغداد، ١٩٩٧.

١٣. موسوعة الاديان فى العالم. المسيحيه، داركريبس انترناشيونال، ٢٠٠٠.

١٤. نورالدين حاطوم، تاريخ العصر الوسيط فى اوروبه، الجزء الاول، دارالفكر، دمشق، ١٩٦٧.

١٥. هـ سانت موس، ميلاد العصور الوسطى، ترجمه: عبدالعزيز توفيق جاويد، مراجعه د. السيد بازالعرينى، الهيئه المصريه العامه للكتاب. القاهره، ١٩٩٨.

١٦. ول ديورانت، قصه الحضاره، عصر الايمان، الجزء الخامس من مجلد الرابع، ترجمه: محمد بدران، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٦٥.


**سەرچاوە ئینگلیزییەكان:**


17. Emma Peter Smith and others, world History, 1946.

18. Ferdinand Schevill A History of Europe from the Reformation to the Present Day, New York. 1946.

19. R. Lodge, The Close of the middle Age (1273-1494), London, 1935.

20. The New Cambridge Modern History, Vol. 1.

21. Wallace K. Ferguson and Geoffrey Bruun, A Survey of European Civilization, 3rd edition, new York, 1962.



# ئیقباڵی لاهوری؛ مارتن لۆسەری ڕۆژهەڵات

## بەرزترین لوتکەی خەیاڵ لە جیهانی ڕۆژهەڵاتدا



ڕەوشت محەمەد. نووسەرو وەرگێڕ. سلێمانی

پێشەکی:

ئیقباڵ ناوێکی درەوشاوەی نێو ئەدەب و سیاسەتو فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ئەو لەدونیای هیندو ئێراندا هاتە پێشەوەو لەقۆناغێکی دیاریکراودا دنیابینی ونوسین و شیعری خۆی بوویە دەرهاویشتەیەکی زیندوو، کە کاریگەری بەرچاو بەسەر بیریارانی خۆرئاواوە دابنێت.

«ئیقباڵ گەورەترین بیریارە، کە جیهانی ئیسلامی لەدرێژایی هەزار ساڵی ڕابردوودا دروستیکردووە» دەمەوێ بەووتەیەی «شەکیب ئەرسەلان» نووسەری بەناوبانگی عەرەب بچمە نێو باسو خواسی ناوێکی «لەڕاستیا گەورە» بەڵام لای ئێمە فەرامۆشکراو.

ئامادەنەبوونی ئەم ناوە «موحەممەد ئیقباڵی لاهوری» لەنێو فەرهەنگو کتێبخانەی کوردیدا شەرمێکە، بەڵام کەم لەقەڵەمەکان شەرمەندەی ئەبن، کە دەڵێم شەرمە: چونکە ئێمە وەکو کورد

زیاتر لەفیکرو ڕۆحی ئەوەوە نزیکین تا (دایشتۆ ڕۆسۆو دکتۆر فیشەر، مامۆستا لەزانکۆی لایپزگ و فەیلەسوفی ئەڵمانی هانس) کەئەم ناوانە بەویەڕی شانازییەوە عەقڵو بەرهەمەکانی ئیقباڵییان تەرجەمەی زمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزیو فەرەنسی کردووە و بەراوردیانکردووە لەگەڵ عەقڵی «گۆتەو نیچە» و تەنانەت لەوڵاتێکی وەکو ئەڵمان دەزگای تایبەت بەناوی «ئیقباڵ»ە وە بۆ وەرگێرانی بەرهەمەکانی ئەو دامەزراوە.

بۆیە من لێرەدا ئەپرسم: تۆ بڵێی ئێمەی کورد لە«ئەسکار باگی ئیتاڵیو ماکنزی ئەمریکیو نیکلسۆن و براونی بەریتانی و دکتۆر عەبدولوەهاب و نەجیب گەیلانی» بێنیازترین بەرانبەر ئەو عەقڵە کە ئەوان بەشانازییەوە ئیقباڵییان تەرجەمەی زمانەکانی خۆیان کردووە.

لەڕاستیدا «ئیقبال» لەزۆر ڕووەوە بۆئێمە لەپێشترە کە بەکوردی پێشکەشبکرێ، لەزۆر ناویتر کە کتێب و کتێبخانەکانمان لێپڕکردوون.

تاوەکو ئەم ڕاو بۆچوونەی من نەچێتە قاڵبی تەنیا قسەکردنو لاواندنەوەوە، باشوایە لەدوو خاڵدا زیاتر گرنگی بەکوردیکردنی ئیقباڵ ڕوون بکەمەوە:

*لاهوری لەڕووی گرنگیو گرانییەوە لەزۆرێك لەبیریارو ئەدیبە ڕۆژئاواییەکان کەمترنییە، ئەوانەی کەزۆرلەنووسەرەکان تەنیا بە بەکارهێنانی ناوەکانیان دەیانەوێ نووسینەکانیانی پێ سەرنجڕاکێش بکەن، دیارە گرنگی «ئیقباڵ»یش بەخوێندنەوەو دیراسەکردنی نووسین وشیعرەکانی دەرئەکەوێ نەك بەڕای من، ئەخوازم هەرکەس ئەیەوێ ڕاستی یان ناڕاستی ئەم ڕایە بزانێت با «ئیقباڵ» بخوێنێتەوە.

* نزیکی «ئیقباڵ» لەئێمەوە، مەبەستم لەنزیکی لەڕووی ڕوحیو جوگرافیشەوە، کە ئەڵێم نزیکی جوگرافی، ئێمە وەك کورد لەسەرزەمینێکین ناوی «ڕۆژ هەڵات»ە، جیهانیش بە دابەشبوونە فراوانەکەی، دابەشی دوو بەرەیە «ڕۆژ ئاوا»ش بەشەکی تر، ئەم دابەشبوونە تا ئەو ئەندازەیە ڕیشەدارە کە دەتوانم بڵێم: لەسەرو عەقڵ و ئیرادەی مرۆڤەکانەوە بڕیاری لێدرابێ، بەشێوەیەك دابەشبوونی ڕوحی وکەلتوریشی بەدواداهاتووە. ئێمە دەبینین: چی ئاینی ئاسمانییە لەسەر زەمینی «ڕۆژهەڵات» پەیدابوون و هاتوونەتە خوارەوە. بۆیە ڕۆژهەڵات بە«سەرزەمینی ئاینەکان» ناسراوە، بۆیە پەیدابوونی هەموو ئاینە ئاسمانییەکان لێرە، جۆرێك لەجۆرەکان داننانە بەم دابەشبوونەدا، بەبڕوای من ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە تەنیا لە«ڕۆژهەڵات» ئامادە نییە، بەڵکو «ڕۆژ ناوا»ش «ڕۆژ هەڵات» بە بەشێك لەدەرەوی خۆی ئەزانێ. بۆیە پێویستی بە کۆمەڵێك مرۆڤی تایبەتمەند هەیە ئەو بەشەی تری پێبناسێنیت کە ئەوانیش «ڕۆژهەڵاتناس»ەکانن. بۆیە بەڕای من دەبوو ئێستا «ئیقباڵ» لای خوێندەوارانی کورد ناوێکی ئاشنا بوایە، بەڵام بە پێچەوانەوە «موحەممەد ئیقباڵ لاهوری» لەفەرامۆشییەکی قوڵدایەو خوێنەوارانمان لێی بێئاگان.

من وەختێ بڕیاری نووسینی ئەم باسەمدا ترسێك لەبەردەمما بوو، ترسی ئەوەی من لەسەرەتای کارێکام کە «ناساندن»ە.

بۆ ئەمەش دەبوو سەرەتا باس لەژیانو ناساندنی ئەو بکەم: نەك قسەکردن لەبیرکردنەوە ئەدەبییو مەعریفییەکانی، ئەوەش تارادەیەکی زۆر من بەکۆمەڵێك پتەوە دەبەستێتەوەو باسەکە سنووردار دەکات، چونکە ناکرێ بەرلەوەی بزانین ئیقباڵی لاهوری کێیە باس لەتێڕوانین وفیکرو خەیاڵی ئەوبکەین بۆ بابەتەکان، لەکاتێکا ئیقباڵ توانیویەتی لەزۆرێك لەکایە مەعریفییەکاندا خاوەنی ڕای خۆی بێت. بۆیە لێرەدا هەوڵئەدەم بە چەند بەش «پاژ» ێك باسەکە دابڕێژم بەم شێوەیە:

.لەدایکبوون.
.خوێندن و گەڕان بەدووی خوێندن.
.ئیقباڵی شیعرو خەیاڵ.
.ئیقباڵ و کایەی سیاسەت.
.شتێك لەبارەی بابەتی «خود» لەبیری ئیقباڵدا.
.شیعرێك بەرلەمردن.

**یەکەم: لەدایکبوون:**

باپیرانی «ئیقباڵ» لەبەهرەمەندە باڵاکان و زانایانی ئاینیی «بوزی» بوون، نزیکەی «٥٠٠» ساڵ بەر لەدایکبوونی «ئیقباڵ» بە ئیسلام ئاشنابوون، «موحەممەد رەفیقی» باپیری ئیقباڵ خۆی نیشتەجێی هەرێمی کشمیر بوو، لەبەرگرانی باری ژیان وگەڕان بەدوای کاردادەچێت بۆناوچەی «سیالکوت» لەهەرێمی «پەنجاب». «موحەممەد رەفیقی» خاوەنی کوڕێك بوو بەناوی «موحەممەد نور» دواتردەبێتە باوکی «ئیقباڵ»، دەربارەی ڕۆژی لەدایکبوونی «موحەممەد ئیقباڵ لاهوری» لەکتێبەکاندا زیاد لەمێژوویەك تۆمارکراوە، ئەوەیان زیاتر جێگای متمانەیە دەڵێ:

ڕۆژی هەینی ٢٤/ زی لحەججەی ١٢٨٩ی کۆچی. ٢٢/ ٢/ ١٨٧٣ی زاینی، لەشاری سیالکوتی ناوچەی پەنجاب لەدایکبووە، ئەو ڕۆژگارانە ئەو وڵاتەی ئێستا ناوی پاکستانە، بەشێك بوو لەخاکی هیندستان، سیالکوتی زێدی ئیقباڵیش دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی پاکستانی ئەمڕۆ.

**دووەم: خوێندن وگەڕان بەدووی خوێندندا:**

ئەو بەرلەوەی بچێتە خوێندنگەی سەرەتایی لەیەکێك لەمزگەوتەکانی سیلکوتدا ئاشنای خوێندنەوە دەبێت، پاشان لەخوێندنگەی «ئەسکوتی» خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی دەخوێنێ، دواتر لەزانکۆی «پەنجاب» بەشی فەلسەفە تەواودەکات، لەسەردەمی خوێندنی زانکۆدا مامۆستاکانی چەندین دەرگای مەعریفیو زانستی بەڕووی ئیقباڵ واڵا دەکەن، لەم قۆناغەدا ئیقباڵ کە زمانی پەنجابی بوو، زمانەکانی فارسی و عەرەبیش شارەزا دەبێت، لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا بەکالۆریۆس بەپلەی مومتاز لەزانکۆی پەنجاب بەدەستدەهێنێ، ئەو ئارەزوویەکی زۆری بۆ خوێندن هەبوو ئەوسەرکەوتنە هێندەی تر هانیدا تا بچێتە لاهورو لەزانستگەی میری لەخوێندن بەردەوامبێ.

پرۆفیسۆر «سیر تۆماس ئارنولد» یەکێك بوو لەمامۆستاکانی ئیقباڵ، زۆر هۆگری ئەو قوتابییەی خۆی دەبێت، تا ئەوئەندازەیەی لەیەکێك لەوتەکانیدا دەربارەی ئیقباڵ دەڵێت: «این دانیشجو استاد را محقق و محقق را محقق تر میسازد» لەتەمەنی بیستودوو ساڵیدا دەبێتە مامۆستای زمانی عەرەبیو ڕشتەی فەلسەفە.

ئیقباڵ لەتەمەنی بیستوهەشت ساڵیدا حەزی سەفەرو حاڵیبوون لەدنیای دەوروبەرو خوێندن تێیدا گەشەدەکات، بۆیە سەفەری ئەوروپا دەکات، لەماوەی سێ ساڵدا ئەو سەرگەرمی خوێندنو خۆدەوڵەمەندکردن دەبێت بەزانستو بەتیۆرەکانی ئەوکات لەئەوروپا لەبرەودابوون، سەرەتا لەبەشی فەلسەفەی زانکۆی «کامبریج» وەردەگیرێ، هاوکات لەگەڵ خوێندن ئاشنایەتی لەگەڵ چەند بیرمەندی ئەوروپی پەیدادەکات وەك: «تك گرت» مامۆستای بەناوبانگی فەلسەفەو یەکێك لەپەیڕەوانی هێگڵ، پرۆفیسۆر «ڕینۆڵد ئەلین نیکلس»ی ڕۆژهەڵاتناس، لەم قۆناغەی ژیانیدا ئیقباڵ گەیشتە ئەوەی بیرکردنەوەکانی شکڵو شێوەی تایبەت بەخۆی بگرنو ئیقباڵ وەك خۆی ببینێو بیریکاتەوە لەبابەتە گرنگەکانی وەك : مرۆڤو سەربەخۆییو ئاینو ئەدەب...هتد، بیرکردنەوەیەك بە دوور لەتوانەوە لەنێو کەلتوری ڕۆژئاوادا، لەکاتێدا ئیقباڵی لاو لەنێو قوڵایی ڕۆژئاوادا سەرگەرمی خوێندنو خۆ پێگەیاندنە، هەرئاگای لەوەیە ئەوکوری ڕۆژهەڵاتە، دەبێ ئەوەی دەیڵێو بەرهەمیدێنێت بەسروشتی سەرزەمینەکی خۆی گونجاو بێت.

دوای تەواوکردنی ڕشتەی فەلسەفەی ئەخلاق لەزانکۆی کمبریج، ئیقباڵ سەفەری ئەڵمانیا دەکاتو نامەیەك بەناوی «سیر فلسفە در ایران» پێشکەش بە زانکۆی میونخ دەکاتوپلەی دکتۆرا بەدەستدەهێنێ، پاش کۆششێکی زۆر ئیقباڵی تەمەن سیو یەك ساڵە دەگەڕێتەوە بۆ لاهورو دەبێتە سەرۆکی بەشی فەلسەفە لەزانکۆی لاهور، پاش ماوەیەك ئیقباڵ بیرلەوەدەکاتەوەوازلەوانەوتنەوەکانی بهێنێتوکاتەکانی تەرخانبکات بۆنووسینی شاکارە بەنرخەکانی لەبواری فەلسەفەو ئەدەب و زانستەکانی تریش، ناوبانگو پلەی زانستیی ئیقباڵ لەم کاتەدا دەگاتە ئاستێك کە

زانکۆکانی «علیطره» و «ئەلّائاباد» بڕوانامەی دکتۆرا دەبەخشنە ئەم کەسایەتییە زانستییە.

سێیەم: ئیقباڵی شیعرو خەیاڵ:

سەرەتای ئاشنابوونی ئیقباڵ بەهەستی شیعری دەگەڕێتەوە بۆتەمەنی هەژدەساڵی، یەکەمین شیعری لەگۆڤاری «محزن»دا بەناوی «همالایا» بڵاوکرایەوە. ئەوکات ئیقباڵ خوێندکاری زانکۆ بوو لەسیالکوت، مامۆستایەکی ئیقباڵ بەناوی «سەید میر حەسەن» هەستی بە بەهرەی شیعری ئەوکرد، سەید میر حەسەن وەك ئەزمونی فراوانی خۆی لەبواری ئەدەبدا دەیزانی زۆربەی لاوان حەزێکی کورتخایەنیان بۆ نووسینی شیعر هەیە، بۆیە زۆرجار ئامۆژگاری لاوانی دەکرد کە خۆیان بە نووسینی شیعرەوە سەرقاڵ نەکەن، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو عادەتەوە، مامۆستا «میرحەسەن» ڕێنموونی زۆری ئیقباڵی ئەکرد کە پەرە بە بەهرەی شیعری خۆی بدات. سەرەتا ئیقباڵ شیعری بەزمانی «ئوردوو» دەنووسی، بەڵام وەختێ خەیاڵی شیعری فراواندەبێ هەستدەکات ئەم خەیاڵە ناتوانێ بە پەروباڵی زمانێکی ناوچەیی بفڕێ، ئیقباڵ هەست بە تەنگژەو پەنگخواردنەوەیەکی ڕۆحی ئەکات لەنێو خۆیدا، بۆیەبۆ کردنەوەی فەزایەکی فراوانتربۆ خەیاڵی شیعری خۆی زمانی فارسی هەڵدەبژێرێ، هەروەك لەم شیعرەی خوارەوەدا هەست بەو بارە دەروونییەی ئیقباڵ دەکەین کە وەختێ بڕیار دەدا باڵندەی شیعرەکانی خۆی بخاتە ئاسمانێکی تروەکە زمانی فارسییە:

هیندیم ازپــارسی بیگانه ام
ماه نوباشم تهی پیمانــه ام
گرچه هندی درعذوبت شکراست
گــرز گفتاردری شیرینتراست
فکرمن ازجلوه است مسحور گشت
خامه من شاخ نخل گـور گشت
پـارسی ازرفعت انـدیشه ام
درخـورد با فکرت انـدیشه ام
خرده برمینـا مگیرای هوشمند
دل به ژوق خرده مینــا ببند.

هەرلەبەرئەم هۆکارەشە ڕەخنەگرانی فارس هەندێکجار باس لەکەمتوانایی دەسەڵاتی ئیقباڵ دەکەن بەسەر دووراییەکانی زمانی فارسیدا، چونکە ئەو لەڕێگەی خوێندنەوەوە ئاشنای زمانی فارسی بووە، نووسینی شیعریش زیاد لەسنوور پێویستی بە زاڵبوون بەسەر ئەو زمانەدا هەیە کە پێی دەنوسرێ، چونکە زۆرجارشیعر بە شکاندنویاریکردن بە زمان دەتوانێ جوانیو ئەفسونی خۆی پەیدا بکات.

بە پێچەوانەوە هەندێکی تر لەڕەخنەگران ئەو گومانە دەڕەوێننەوەو پێیانوایە ئەوەی ئەوان بە گرفتی زمان وکەمتوانایی زمان ناویدەبەن، پەیوەندی بەلاوازی زمانی شیعری ئیقباڵەوە نییە، ئەوەندەی پەیوەندی بەجیاوازی شێوەی زمانی فارسییەوە هەیە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی، بەڵکو ئەم بەشە لەڕەخنەگران سەرسامی خۆیان دەردەبڕن بەرانبەر بەتوانای شیعری ئیقباڵ لەکاتێکدا فارسی زمانی دایکی ئەو نییە، کەچی دەتوانێ بەو شێوە هونەرییە باڵایە خەیاڵو شیعرەکانی خۆی پێ بنووسێتەوە.

بەوردبوونەوە لەبۆ چوونەکانی ئیقباڵو خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەگەینە ئەو ڕایەی لەمەجالی شیعرو هونەریشدا خاوەنی قسەی خۆیەتی، بەشێوەیەکی تر بڵێم: ئیقباڵ وەکو زۆربەی شاعیرەکانی ئەو سەردەمە تەنیا دەقی شیعری لەدوا بەجێنەماوە، بەڵکو ئەوخاوەنی بیروڕای تایبەتیشە لەبارەی هونەر بەگشتی، بەڕای ئیقباڵ وەك چۆن ئامانجی زانست ڕوونو دیارە کە دۆزینەوەو پەیبردنەبەڕاستییەکان، هەرواش دەبێ ئامانجوپەیامی هونەریش روونبێ، بەلای ئیقباڵەوە بەرجەستەکردنی ڕاستییەکانە، واتە زانست دۆزینەوەی ڕاستییەکان و هونەریش بەرجەستەکردنیان.

ئەمەش بۆ خۆی قسەیەکی جیاوازە لەسەر ئەدەب، وەختێ لەو سەردەمەدا لەئەنجامی کاریگەرییە خراپەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی بەسەر ژیانی مرۆڤایەتییەوە، تەوژمی هیچگەرایی «عەبەسی» زیاتر بەسەرئەدەبدا زاڵبوو، کە بەپێی ئەم تەوژمە فەلسەفییە، ئەدەب مەبەستێکی

ڕوونو ڕاستیخوازانەی نییە. بەنموونە بزووتنەوەی «دادایزم» کە هەموو ڕێگاکانییان دەبردەوە سەر «هیچ» بەبڕوای ئەوان «نابێ هونەرهیچ ئامانجێکی هەبێت « هانزئارب» پەیڕەوکاری ئەم بیرکردنەوەیە بە ئاشکرا داوای هونەرێکی بێمانای دەکرد. داداییەکان ئەم جۆرە بیرکردنەوەیان بەرزدەکردەوە:

دادایــزم هیچە هیــچ
وەکوهیواکانــتـان هیچە
وەکوبەهەشتەکەتان هیچـە
وەکوسیاسییەکانتان هیچـە
وەکوپاڵەوانەکانتان هیچـە
وەکـوهونەرەکانتان هیچـە
وەکـوئاینەکـانتان هیچە.

ئیقبـاڵ تـەواو پێچەوانـەی ئـەو ڕوانینەبـوو، بـەڕای ئـەو هونـەرنەتوانێ دنیـای مـرۆڤ ڕازاوە بـکات وپڕی بکات لەمانا، زیاد لەمەش ئیقبـاڵ چاوەڕوانی ئـەوەی لـەهونـەر دەکـرد کـە «پـەرجـوو» موعجیزە بخولقێنێ، چونکـە ئـەو ڕای وابـوو گـەر هونەرێك تایبەتمەندێتی گۆچانەکـەی «موسـا»ی تێدا نەبێت توانای نییە هونەربێت، بەمانا ڕاستەقینەکەی خۆی.

وەنەبێ ئیقبـاڵ لـەبـەر مەبەسـتـو ئامانجی هونەردەستی بە ستاتیکاو جوانی نەگەشتبێ، بەڵکو بەخوێندنـەوەی شـیعرەکانی ئـەو، هەسـتدەکەی دوو چەمکی «جوانیـو ئەڤین» بەشێکی فراوانی خەیاڵی شیعری ئیقبـاڵ پێکدەهێنن، جوانیـو ئەڤین هەمیشـە لەشـیعرەکانی ئیقبـاڵدا ئامادەییان هەیە، ئەو لەشتەکاندا بـەدووی جوانیـدا دەگەڕێت، بـەڵام باڵاترینی جوانـی بـەلای ئیقباڵـەوە ئەوەیـە مـرۆڤ دەگاتـە کەماڵی مـرۆڤ بوونی خـۆی.

**فۆرمی شیعری ئیقباڵ:**

شیعری غەزەل لەجوانترین شیعرەکانی ئیقباڵن، غەزەلەکانی ئەو هێندە بەرزن بە شێوەیەك لەئاستی چامەی شاعیرە بەرزەکانی فارسدان، ئقبـاڵ بـە زۆری لەقاڵبوو کێشـەکانی شیعری ئەوکاتە شیعری نووسیوە وەکو: دوو بەیتی، ترجیع بند، ترکیب بند، موسمگ، مستزادو...هتد، هەروەها ئیقباڵی لاهوری لەوڕووەوە کە



**ئیقبال ئاشنایەتی لەگەڵ چەند بیرمەندی ئەوروپی پەیدا دەکات وەك: «تلك گرت» مامۆستای بەنێو بانگی فەلسەفەو یەکێك لە پەیڕەوانی هێگڵ، پرۆفیسۆر « ڕینۆڵد ئەلین نیکلس»ی ڕۆژهەلاتناس، لەم قۆناغەی ژیانیدا ئیقباڵ گەیشتە ئەوەی بیرکردنەوەکانی شکڵ و شێوەی تایبەت بە خۆی بگرن و ئیقباڵ وەك خۆی ببینێو بیربکاتەوە**

ئاشنایی لەگەڵ شیعری هاوچەرخی ئەوروپیدا هەبووە، بەدەرلەوقاڵبوو کێشانەی سەروەش بەفۆرمی تریش شیعری نووسیوە کە دەکرێت بەشەقڵی تایبەتی شێوەی شیعری خۆی ناویبەرین.

**چوارەم: ئیقباڵ، سیاسییەك لەپێناو ئازادیدا:**

لەبەرئەوەی سەردەمی لاوێتی ئیقبـاڵ هـاوکات بـوو لەگـەڵ پەنگخواردنـەوەی گـڕی ئازادیخوازانـەی خەڵکی هیندسـتان لـەدژی داگیرکاری ئینگلیز، هەسـتی ژێـر دەسـتبوون لای ئیقبـاڵ ڕاسـتەوخۆ کاردانەوەی هەبوو بۆڕاکێشـانی ئەوبەلای جموجوڵی شۆڕشـگێڕانەدا، بـۆ نموونـە لەهـەردوو کۆمەڵـە شـیعری «کوهسـتان همالایـا» و «ترانـە هنـد»دا ئـەو هەستە شۆڕشـگێڕانەیەی ئیقبـاڵ دەبینرێت، ئیقبـاڵ داوای تـەقینـەوەو خرۆشـان ئـەکات، لەناوونیشـانی دیوانێکیـدا بـەنـاوی «دەبێ چیبکـەین ئـەی گـەلانی ڕۆژهـەڵات» تـەنیـا لـەو دێڕەدا هەسـتدەکەیت

شۆڕشێك لەناخی ئەوا نەخشەی بۆ كێشراوە، یاخود لەدێڕەشیعرێكی ئەوا بەسەر زمانی «شەپۆل»ە وە دەڵێ: من كاتێك هەست بەبوونی خۆم ئەكەم كە نەجوڵێم، كە وەستام: نیم.

هستم اگربروم

گرنروم نیستم

جموجوڵی سیاسی ئیقباڵ كە یەكسانە بەجموجوڵێكی ئازادیخوازانەی ڕاستگۆ، زۆرفراوان و بەربڵاوە، لێرەدا ناتوانم لەبەشێكی كورتی ئەم باسەدا كە لەڕاستیدا بۆ ئیقباڵی ئەدیب و بیریارتەرخانكراوە، حەقی ئەم بەشە بدەم، بۆیە بە ڕووداوێكی گرنگی سیاسی لەژیانی ئیقباڵدا كۆتایی بەم بەشەش دێنم.

لەساڵی(١٩٣٠) ئیقباڵ دەبێتە سەرۆكی «پارتی پەیوەندی ئیسلامی»، لەبۆنەیەكی حیزبەكەیدا «لاهوری» وتارێك دەخوێنێتەوەو تیایدا پێشنیاری دروستكردنی دەوڵەتێك دەكات بەناوی «پاكستان» كە لەبەشێكی وتارەكەیدا دەڵێت:

«ئەو گەلەی خاكێكی دیاریكراوی نەبێت ئەوە نەئەتوانێت گەلێكی دیندارێت نە ئەتوانێت ببێتە خاوەنی شارستانییەت، بۆیە تەنیا دەوڵەتێكی سەربەخۆ ئەم ئەركە گرنگانە وەدی دەهێنێت، بۆیە ڕێگا چارەی ئێمە ئەوەیە هەوڵی دروستكردنی دەوڵەتێك بدەین بەناوی «پاكستان» ئەوەبوو لە١٩٤٧/٨/١٥ دا پاش نزیكەی دەساڵ بەسەركۆچی دوایی ئیقباڵدا، ئەو خەونەی دێتە دی و دەوڵەتی پاكستان دروست دەبێت، ئێستا زۆرجار لاهوری بە دامەزرێنەری دوڵەتی پاكستان ناو دەبرێت.

**پێنجەم: شتێك لەبارەی بابەتی «خود» لەبیری ئیقباڵدا:**

لای زۆربەی بیریارو فەیلەسوفانی دنیا وایە، كە بەشی زۆری فیكری ئەوان لەسەربابەتێك بنە دەگرێ و دواتریش ئەو بابەتە دەبێتە تیۆر یاخود فەلسەفەی ئەو، بەنمونە ..

.دیكارتی... كارو دژە كار

.سارتەری... هەبونخواز

.ئەرستۆی... ژیربێژو بینەری ئەودیوو شتەكان

.داگۆستای... هۆشبەند

.فارابی... كتێبی گەورەی مۆسیقا

.كامۆی... سیزیف

.هێگڵی... دارێژەری بنەمای مێژوو

گردبوونەوەی فیكری ئیقباڵیش كە ئەتوانین بە پوختەی فیكرو فەلسەفەی ئەو ناوی بەرین بابەتی «خود»ە یان ئەتوانین بە (ئیقباڵی خودشناس) ناوی بەرین، بۆیە لەم بەشەی باسەكەدا هەوڵئەدەم بە پێی توانا بابەتی «خود» لەلای ئەو ڕوون بكەمەوە.

بەرلەهەرشتێك پێویستە ئەوە بڵێم كە بابەتی «خود» لەلای ئیقباڵ زیاتر لەشیعرەكانیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو دوو لەدیوانەكانی خۆی بەناوی (اسرار خودی )و (رموز بیخودی ) ناو ناوە، بێجگە لەوەی لەكۆی دیوانەكانی تریشدا زۆرجار گەڕاوەتەوە سەر ئەم بابەتەو تێیدا قوڵبوەتەوە، بابەتی «خود» لای ئیقباڵ زیاد لەڕوویەكەوە قسەی لەسەركراوە (خود) لای ئەو ، بووە بە قەزیەیێكی فرە ڕەهەند،

.(خودی) حقیقی

.سەفەركردن بە (خود) دا

.گەورەیی (خود)

.تواناكانی (خود)

.(خود)و خودا

.(خود) لەبیركردنو ئەوپەرستن.

.ئاستەكانی (خود)

دیارە زۆری ئەوێ تا بۆ هەربەك لەم لایەنانە نمونە لەشیعری ئیقبالا بدۆزینەوەو باسی بكەین، كەمن باوەڕم وایە ئەو كارە لەتوانای منیش زیاترەو لەقەرەی بابەتەكەش نایەت. هەرچەندە زانستی (خود) بابەتێكی گرنگو بنچینەیی زانستە مرۆڤایەتییەكانە (علوم الانسانیه) لەهەمانكاتدا ئامانجی هەرە گەورەی ئایینە ئاسمانییەكانیش ئاشكراكردنی نهێنییەكانی (خود)ە و بەرزكردنەوەی مرۆڤەكانە بۆ مەقامی باڵای خۆیان.

**«خود» ی حەقیقی:**

بەڕای ئیقباڵ بەختەوەری و بەدبەختی تاكو كۆمەڵگە ڕاستەو خۆ یان ناڕاستەو خۆ پەیوەندی

بە خود ناسیو خود نەناسییەوە هەیە، ناسینی نهێنییەکانی خود دواجار تێکەڵ بە دەرك کردنی نهێنییەکانی خودا وەندیش دەبێ، کە ئینسان خۆی نهێنییەکی گەورەی خودایە، بەلای ئیقباڵەوە مرۆڤەکان بە ئەندازەی دەرك کردن بە خۆیان ڕاوەستاو تردەبن، نە تەنیا مرۆڤ، بەڵکو سەرجەم بوونەوەر ئەم ڕاستییە ئەیانگرێتەوە، شتەکانی تریش بە ئەندازەی خۆ دانە پاڵ خۆیان ڕاوەستاو تر ئەبن، تۆ دەبینی چرایەك بەهۆی خۆدانە پاڵ خۆی ڕۆشنو ڕووناك دەبێتەوە، یاخود گیاو گوڵ لەو ڕێیەو باڵا دەکەن و ئەگەشێنەوە کە سەربەخۆنو لەسەر خۆیان ڕاوەستاون، هیچ گوڵ و سەوزاییەك ناتوانێ بە کۆمەکی قەدو ڕیشەی یەکێکی تر بگەشێتەوەو پێبکەنێ، گەر چاوەڕوانی ئەوەبێ ئەوا پەژمودەو سیس دەبێت، بوونەوەرهەموی بەهۆی پشت بە خۆ بەستنەوە لەجوڵەو بەردەوامیدایە:

سبزه چون تاب دمید از خویش یافت
همت او سینه گلشن شکافت
شمع هم خود را به خود زنجیر کرد
خویش را ازذرها تعمیر کرد.

ئەگەر مرۆڤ خۆی بە ڕووی خۆیا واڵاکرد ئەوە بەجوانییەکانی خۆی ئاشنائەبێت و دەبێتە عاشقی خۆی، ئەوانەی بەدبین ورەشبینن، ئەوە توانای خۆبینینەوەیان نییە، بۆیە ئەوان چەمەن و گوڵزاری نێو خۆیان نابینن، بەداخەوە ئەوانە پەی بەچێژو جوانییەکانی نێوخۆیان نابەن، بۆ کەسانێکی وا پێویستە «خودناسێك»ی وەکو ئیقباڵ پەیدابێت و ئاوێنەیەك بەرانبەر ئەو جۆرە مرۆڤانە ڕابگرێ و هاواربکا:

(وەرن لەخۆتان ڕامێنن)
میل گل ازهم شکافم سینه را
پیش تو اویزم این آینه را
تا نیگاهی افکنی برروی خویش
می شوی زنجیر گیسوی خویش
بازخوانم قصه پارینه ات
تازه سازم داغ های سینه ات.

بە بڕوای ئیقباڵ ئەو مرۆڤەی توانی خۆی بناسێ هیچ کات پەستو بێزار نابێت، ئەوانەش پەستو بێزارن تەنیا ڕێگەی خۆناسین بەپایەی بەرزی خۆیان دەگەن، بەڵام بۆئەم کارە پێویستییان بە دەسەڵات هەیە، دەسەڵات بەسەر خۆیانا، بە بڕوای ئەو هەرکەس دەسەڵاتی بەسەر خۆیا شکا ئەوە بەسەر شتەکانی تریشا دەسەڵاتدار ئەبێت:

اگر زیری زخود گیری زبر شود
خدا خاهی به خود نزکیکتر شود
به تسخیری خود افتادی اگر کاق
ترا اسان شود تسخیر افاق.

ئیقباڵ دەڵێت: گەربەرلەهەرکەسێکی تر خۆت فەرمانڕەوایی خۆت نەکەیت، ئەوەلەدەرەوەی خۆتەوە فەرمانت بەسەردا دەدرێت، لەهەرکەسێکیش زیاتر خۆت شایەنتری بەوەی کە فەرمانڕەوای خۆت بیت.

هرکه بر خود نیست فرمانش روان
می شود فرمانپزیر از دیگران.

سەفەربەنێو «خود»دا.لەدایکبوونی دووەم:

بەڕای ئیقباڵ یەکێك لەکارە گرنگەکانی مرۆڤ، سەفەرکردنە بەنێو (خود)دا، ئەو پێی وایە، گەرتۆلەئەنجامی زۆرگەڕانا گەیشتی بەخۆت، ئەوە لەواقیعدا گەیشتوویت بەهەموو شتەکان..

بەخود رس ازسرهنگامه برخیز
توخود را درچمیر خود فرو ریز

بەمانای:

بەنێو خۆتا بڕۆو هەنگاو هەڵێنە
لەنێوویژدانی خۆتا خۆت بڕژێنە

ئیقباڵا دەڵێ: مرۆڤ دەبێ دووجار لەدایکبێت، جاری یەکەم لەدایکبوونی جەستەییە، ئەمەیان بە ئیختیار نییەو گرنگی و ئازایەتی لەدایکبوونی یەکەم بۆ مرۆڤ خۆی ناگەڕێتەوە، بەڵام لەدایکبوونی دووەم؛ گەڕانو دەسپێکردنی سەفەرە بەنێو خۆتاو خۆدۆزینەوەیە، ئەمەیان بەڕای ئیقباڵ لەئەنجامی هەوڵو کۆششی مرۆڤەکە خۆیەوەدێ، چونکە هەموو گیاندارەکان لەدایکبوونی یەکەم لەدایکدەبن، بەڵام زۆربەیان ناتوانن بۆ دووەمجار



**ئەگەر مرۆڤ خۆی بە ڕووی خۆیا واڵاکرد ئەوە بە جوانییەکانی خۆی ئاشنا ئەبێت و دەبێتە عاشقی خۆی، ئەوانەی کە بەدبین و ڕەشبینن، ئەوە توانای خۆ بینینەوەیان نییە، بۆیە ئەوان چەمەن و گوڵزاری نێو خۆیان نابینن**

لەدایکبینەوە. بەلای ئیقباڵەوە لەدایکبوونی دووەم، واتە ئەم سەفەرە کۆتایی نییە. تا هەناسە بێتو بچێ، ئەوکەسەش لەو سەفەرەدا دێتو دەچێ، بەڵکو مرۆڤ تا ئەوکاتە زیندوی ڕاستەقینەیە کە لەوسەفەرەدایە، مردنی ڕاستەقینەش واتە کۆتایی هاتن بەم گەشتە، واتە لەدەستدانی ئەو قاچانەی ئەتگەڕێنن بە نێو خۆتا، واتە بێئاگابوون لەخۆت، یانی مەرگی ڕاستەقینە.

ئەوەی لەگەشەتایە بەنێو خۆیا، ئەوە بینەری «سروشت» و «بان سورشت»ە، بینەری «شوێن» و «بان شوێن»ە، وەك شیعرەکەی ئیقباڵ دەڵێ:

کمال زندگی دیدارذات است
گریقش رستن ازبند جهات است
چنان با ذات حق خلوت گزینی
ترا اوبیندو اورا توبینی

**گەورەیی (خود):**

مرۆڤ کۆکەرەوەیەکی گەورەی دژەکانە لەنێو خۆیا، بەشێوەیەکی تر: مرۆڤ لەنێو خۆیا کۆ کەرەوەی دوالیزمەکانە، بەوێنە: (ڕوناکیو تاریکی، تورەییو نەرمونیانی، شەیتانو فریشتە، وەستانو جوڵە، ئەمرۆیی بوونو سبەینێیی بوون، ئاشکراو نهێنی) مرۆڤ لەنێو خۆیا جیهانێك بەو گەورەییە کۆئەکاتەوە، مرۆڤ بەو حوکمەی مایەی مانەوەی ژیانە لەسەر زەمین، دەتوانێ (دەردو دەرمانەکان) پەیداکا، هەر مرۆڤە لە لەحزەیەکا دەتوانێ دڕەندەکەی نێو خۆی بەرەڵابکاو شمشێر لەدڵی ملیۆنان کەس بکێشێ، ببێتە سەرچاوەی ئاشوب، بەم کارانە مرۆڤ خۆی لەبەرزترین مەخلوقەوە ئەباتەوە خواری خوارەوەی پلەکان. ئیقباڵ لەشیعرێکیدا گوزارشت لەو فراوانیو هەمەکییەی مرۆڤ دەکاو دەڵێ:

جنگیزیو تیموری مشتی زغیاری من
هنگامه ئافرنگی یك جسته شرارمن
انسان جهان أو ازنقشونگارمن
خون جگرمردان سامان بهارمن
من ئاتش سوزانم، من روچه رچوانم

یەکێك لەنهێنییەکانی (خود) لەلای ئیقباڵ توانای کۆکردنەوەی ئەو هەموو دوالیزمانەیە، کە لەیەك کاتا مرۆڤ ئاگرێکی سوتێنەرەو باخچەیەکی پرگوڵیش. بەڕای ئەو مرۆڤێ کە بەخۆی ئاشنایە، لەم جهانەمانە مادییە گەورەو فراوانترە، جهانێك کە لەچوارلاوە.

سنوردارە بە (ڕاستو چەپو سەرو خوار) ناتوانێ مرۆڤی (خودشناس) سنووردار بکات.

نك نجد ئانکه گفت الله هو
درو حدود این نظام چارسو.

توانا و دەسەڵاتی «خود»:

بە هاو نرخی بوون، ژیانە لەگەڵ «خود»دا، مرۆڤ و کۆمەڵ بە ئەندازەی خۆناسینیان دەتوانن کاریگەری لەسەر جهان و دەوروبەر دابنێن، جهانی هەر مرۆڤێك لەگەڵ ئەوی دی زۆر لێك جیان، جهانەکان بە ئەندازەی تەنگیو گوشادی مرۆڤەکان دەکرێنەوەو دادەخرێن. مرۆڤ هەیە جهانەکەی هێندەی ماڵەکەی خۆیەتی چونکە ئەوتەنیا دەتوانێ لەسنووری ماڵەکەی خۆی تێبگاو کاریگەری لەسەر

دابنێ. بەم شێوەیە جیهانەکان ئەگۆڕێن. مرۆڤ هەیە شارەکەی لێ دەژی دەبێتە جیهانی ئەو، جیهانی مرۆڤێکی دی دەشێ ولاتەکەی خۆی بێت. دەگونجێ مرۆڤیش هەبێ جیهانی ئەو هەموو دنیابێ.

بەدیدی ئیقبال کاریگەری هەرکەس لەسەر دەوروبەری خۆی بە ئەندازەی خۆ ئاوەدانکردنەوەیە بەخۆناسین. چونکە مرۆڤی ئازادو ئاوەدان دەتوانێ جیهانێکی ئازادو ئاوەدان بسازێنێ، ئەم مرۆڤانە ئەگەر زنجیرو کۆتیش بن هەر ئازادن وەك چۆن ئەگەر ببنە پادشاش هەر ئازاد دەبن. بەڵام مرۆڤی خۆنەناس، کە ژێر دەستە ئازاد نییەو دەبێتە کۆیلەی دوژمن. هەر وەك چۆن وەختێ دەبێتە پادشاو فەرمانڕەواش هەر کۆیلەیە، بەڵام کۆیلەی تەختو تاجو خۆشی دنیا، کەسێك کەلەخۆی وونەو هێشتا خۆی نەدۆزیوەتەوە بەردەوام یان کۆیلەیە یان دەکاتە کۆیلە. کەسی بەنمونەی «یوسف پێغەمبەر» هەمیشە ئازادە، کاتێ کە لەنێو بیردا بێت، یان لەزینداندا، یان لەنێو کۆشکی پادشاییدا.

هرکه دانای مقامات خود است
فچل حق دانت اگر دشمن قوی است
درخودی کن صورت یوسف مقام
ازاسیری تا شهنشاهی خرام
ازخودی اندش و مرد کارشو
مرد حق شو حاصل اسرارشو
خویش را چون ازخودی محکم کنی
تواگرخواهی جهان برهم کنی
گرفنا خواهی زخود ازاد شو
گربقا خواهی بخود اباد شو

ڕاستی بابەتی «خود» لەبیرو ئەندێشەی لاهوری دا زۆر فراوانە، بۆیە بۆئەم باسە بە هێندە دەست پێوە دەگرین، لەمەجالی تردا زیاتر لەم بارەیەوە دەنووسین.

**پاژی شەشەم: دیوان ونووسینەکانی:**

موحەممەد ئیقبال لاهوری خاوەنی چەندین دیوانی شیعریو کتێبی زانستی بایەخدارە، کەوەك پێشتر باسمانکرد ئەو بەرهەمانە بۆ زۆرێك لەزمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون، گرنگترین ئەو شاکارانەش:

**دیوانی شیعر:**

. اسرار خودی، بە زمانی فارسی ساڵی ١٩١٥ لەلاهور چاپکراوە، کە ئەم دیوانە ساڵی ١٩٢٠ پرۆفیسۆر نکلسن وەریگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزیو لەلەندەن چاپکرا.

. رموز بیخودی، بەزمانی فارسی ساڵی ١٩١٨ لەلاهور چاپکراوە.

. پیام مشرق، بەزمانی فارسی ساڵی ١٩٢٣ لەلاهور چاپکراوە، ئیقبال شیعرەکانی ئەم دیوانەی لەوەڵامی «گۆتە»دا نووسی، کە دواتر دکتۆر «هانس مائنگی» بە شێك لەو شیعرانەی وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانیو بەشێکی تری ئەم دیوانەش بەناوی «لالەگور» پرۆفیسۆر «ابری» مامۆستای زانکۆی کمبرج وەریگێڕانە سەر زمانی ئینگلیزی.

. بانگ درا، بەزمانی ئوردو، ساڵی ١٩٢٤ لەلاهور چاپکراوە.

. زبور عجم، بەزمانی ئوردو، ساڵی ١٩٢٧ لەلاهور چاپکراوە.

. جاوید نامە، بەزمانی فارسی، ساڵی ١٩٣٢ لەلاهور چاپکراوە.

.مسافر، بەزمانی فارسی، ساڵی ١٩٣٤ لەلاهور چاپکراوە.

. بال جبریل، بەزمانی فارسی، ساڵی ١٩٣٥ لەلاهور چاپکراوە.

. چرب کلیم، بەزمانی ئوردو ساڵی ١٩٣٦ لەلاهور چاپکراوە.

. پس چە باید کرد ای اقوام شرق، بەزمانی فارسی ساڵی ١٩٣٦ لەلاهور چاپکراوە.

**کتێبەکان:**

. علم اقتصاد، بەزمانی ئوردو ساڵی ١٩٠٣ لەلاهور چاپکراوە.

. سیرفلسفە درایران، کە نامەی دکتۆراکەی بوو، بەزمانی ئینگلیزی ساڵی ١٩٠٨ لەلەندەن چاپکراوە، کە دواتر بۆ زمانی فارسیش وەرگێڕدرا.

. تاریخ هند، بەزمانی ئوردو لەساڵی ١٩١٣ لەپەنجاب چاپکراوە، کە ئەم کتێبە دواتر دەبێتە پرۆگرامی خوێندنی دواناوەندی لەخوێندنگاکانی پەنجاب.

. احیای فکر دینی در اسلام، کە بریتییە لەکۆمەڵە وتارێك بەزمانی ئینگلیزی، ساڵی ١٩٣٠ لەلاهور چاپکراوە.

ئەمانەو چەندین بەرهەمی چاپکراوی تر.

**پاژی حەوتەم: شیعرێك بەرلەمەرگ:**

بە داخەوە ئیقباڵی لاهوری لەسەردەمی خۆیدا، وەك ئەوەی هەبوو نەناسرا، ئەولەسەردەمی خۆیدا غەریب بوو، بەتایبەت «ئیقباڵی ئەدیب و بیریار»، ئیقباڵ خۆیشی هەستی بەو غەریبییەی خۆی ئەکرد، هەستی ئەکرد ئەوەی ئەو ئەیڵێ کەم کەس لێی حاڵی ئەبێت، هەربۆیە لەیەکێك لەشیعرە بەرزەکانیدا ئەم هەستە دەرئەبڕێت وباس لەو شاعیرە ئەکات پاش مەرگی خۆی لەدایك ئەبێ، کەچی ئەو کەسە ئیقباڵ خۆی بوو، هەروەها لەشیعرەکەدا باس لەگوڵێك ئەکات لەسەرخاکی گۆڕەکەی خۆی ئەڕوێتەوە، تومەز ئەو گوڵەش هەرخۆی بوو، لەڕاستیدا ئەم ئیقباڵەی ئەمڕۆ دوای مەرگی خۆیولەلای خەڵکی دوای خۆی لەدایکبوو، هەروەك لەشیعرەکەیدا کە بەرلەمەرگ دەینووسێ، ئەو چاوەڕوانییە دەکێشێو ئەڵێ:

من چاوەڕوانی بە یانی خۆم ئەکەم
من دەنگو ئاوازی شاعیرێکی سبەینێم
لەسەردەمی منا نهێنییەکان ناکرێنەوە
یوسفی من بەهرەی ئەم بازاڕەی نییە
ئەم زەنگەی من
زەنگی قافڵەیەکی ترە، کە دواتر دێ.

ئەمەش بەشێکە لەشیعرەکە:

انتظارصبح خیزان میکشم
ای خوشا زردشتیان اتشم
نغمه‌ام اززخم بی پرواستم
من نوای شاعرفرداستم
عصرمن داننده اسرارنیست
یوسف من بهران بازارنیست
نا امید استم زیاران قدیم
گورمن سوزد که می اید کلیم
نغمه من ازجهان دیگراست
این جرس راکاروان دیگراست
ای بسا شاعرکه بعد ازمرگ زاد
چشم خود بربست و چشم ما گشاد
رخت نازازنیستی بیرون کشید
چون گل ازخاك مزارخود دمید.

ئیقباڵ دوای «٦٧» ساڵ ژیان و هەوڵ و کۆشش، تووشی نە خۆشیی دەبێت، هەرچەند دەقیقەیەکیش بەر لەمەرگ، ئەو خەیاڵە جوانە، ئەو شیعرە بەرزە ئەنووسێتەوە کە باس لە(هاتن یا نەهاتنەوەی نە سیمی ڕۆیشتووی خۆی ئەکا، باس لەهاتن یا نەهاتنی نهێنی زانێکی ترئەکا) دوای نووسینی ئەم شیعرە ئیتر قەڵەمەکەی ئیقباڵ لەنووسین ئەکەوێ، بەڵام شیعرەکانی نا.

شیعرەکەش ئەڵێ:

سرود رفت بازاید، که ناید
نسیم ازحیجازاید، که ناید
سرامد روزگاراین فقیری
دگرداناى رازاید، که ناید.

ژیاننامەیی: بۆ دواجارڕۆژی ١٩٣٨/٤/٢١ پاش (٦٧) ساڵ ژیان، سەفەری نەگەڕانەوەی دەست دایێ وڕۆژهەڵاتی بە جێهێشت.

سەرچاوەکان:

١. گزیده شیعرهای اقبال لاهوری/ شهرام رجب زاد – چاپ سوم، موسسه انتشارات قدیانی

٢. اسرارخودی دراندیشە ئیقباڵ لاهوری/ قادرفاچلی.

٣. پێگەی ئینتەرنێتی (پرسش بلاگ)

٤. ایدولوژی شیطانی: د. عبدالکریم سروش.

٥. موحەممەد ئیقباڵ لاهوری فەیلەسوف و ئەدیبی شۆڕشگێڕ: موحەممەدملا صالح شارەزوری.

تێبینی: ڕاستە ئیقباڵ لەئێران لەدایکنەبووە، بەڵام ئەمڕۆ ئیقباڵ ناوێکە لەنێو بازنەی کلتوری ئێراندایە.



# کەرتی نەوتی کوردستان؛ ئایندەیەکی نادیار

## کوردستان؛ کۆتا ناوچەی جیهانە نەوت تێیدا کۆتایی دێت

## چۆن دەتوانین کەرتی نەوتی هەرێم لەقەیران ڕزگاربکەین؟



وریا هەورامی. بەڕێوەبەری ڕێکخراوی دۆر بۆزانیاری نەوتی کوردستان ..........................

کاتێك ئەم شیکردنەوەیە دەنوسم نزیکەی ١٥ ساڵ بەسەرهەناردەکردنی یەکەم قەترە نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەرەی جیهانی تورکی تێپدەپەڕێت، ئەم پرۆسەیە لەماوەیەدا جگە لە شەڕی ناوخۆ زۆترین مللانێی بەسەرهەرێمی کوردستان هێنا بەجۆرێك کوردستانی کرد بەدووبەشەوە لایەنگرانی کە زیاترلەچینی دەسەڵاتداران بوون بە پرۆسەیەکی مێژوویان وەسفدەکرد، ئۆپۆزسیۆن و خەڵکی شەقامیش «جگە لە پرۆسەیەکی پرسەرئێشە ودەردی سەربڕوایان وابوو، هیچی لەدۆخی خەڵکی نەگۆڕی»، بەڵام ڕای سێهەمیش هەیە

بڕوایان وایە «ئەگەر کەرتەکە وەکو خۆی بەشێوە دروستەکە بەکاربهێنرێت ئەوا نەك سەرئێشە نیە، بەڵکو نیعمەتێکی هەمیشەییە».

ساڵی ٢٠٠٩ ڕێك لە ٢٠٠٩/٥/٢٧ کاتژمێر ١٢:١٠ خولەکی نیوەڕۆ تیمێکی کۆمپانیای نەوتی باکور بەهاوبەشی تیمێکی کۆمپانیای (دی ئێن ئۆی) نەرویجی یەکەم قەترە نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەی دەرەوە دەکەن، پاش ئەوە هەریەکە لە مام جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماری پێشوی عێراق و مەسعود بارزانی سەرۆکی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان لە ٦/١دا بەفەرمی ڕای دەگەیەنن کە یەکەم بارەنەوتی هەرێمی کوردستان بەرەوە تورکیا و لەوێشەوە بۆبازاڕەکانی جیهان ڕەوانەکرا، ئەمە دەبێتە ڕۆژێکی مێژویی لە ئابوری هەرێمی کوردستان.

ئەمە سەرەتای قۆناغێکی گەورەبوو بۆ کەرتی ووزەی هەرێمی کوردستان کە سەرەتاکەی بۆ ساڵی ١٩٩٦ دەگەڕێتەوە کاتێك یەکەم بیرە نەوت بەناوی «شیواشۆك» لە سنوری زۆنی سلێمانی دۆزرایەوە، چونکە پیش ئەم دۆخە هاوڵاتیانی کوردستان ئەوانەی لەلادێکانبوون لەسەر شێوازی کۆن و باوی باوباپیرانمان دارو خەڵوزیان بەکاردەهێنا بۆ خۆ گەرم کردنەوە لەناو شارەکانیش نەوت بەئەستەم دەستدەکەوت بۆ هاوڵاتیان، بەڵام ئێستا نەك هەر ئەو دۆخە تێپەڕیوە بەڵکو هەرێمی کوردستان کەرتی وزەی سەرپی کەوتووە و گەیشتووەتە دۆخێك «خاوی کوردستان» لەبازاڕەکانی جهان وەکو هەر خاوێکی دیکە مامەڵەی پێوەدەکرێت، هەرئەوەشنا بەڵکو کوردستان دەستی بۆ سامانە سروشتیەکانی تری خۆی بردوو سەرقاڵی هەنگاوانە لەوەبەرهێنان تێیاندا لەوانە (غازی سروشتی) کە چاوی تورکیاو جهانی لەسەرە.

پرسیارە گرنگەکە بۆ من خوێنەری ئەم شیکردنەوەیە ئەوەیە ئایا کوردستان لەم هەنگاوەدا سەرکەوتووبوو بۆ ستراتیژی ئایندەی چیە بۆ کەرتی وزە و ڕێگا دروستەکە کامەیە؟

کوردستان ئێستا خاوەنی ٤٣ ملیار یەدەگی دڵنیایی نەوت و هاوکات ٥,٧ ترلیۆن پێ سێجا غازی سروشتیە، ئەم یەدەگە نەك لەڕووی قەبارەوە سەرنجڕاکێشە بەڵکو لەڕووی کوالێیشەوە سەرنجڕاکێشی خۆیی هەیە چونکە نەوتی کوردستان بەگوێرەی ئامارەکان کۆتا ناوچەی جهانە نەوت تێیدا کۆتایی دێت پاشان دەرهێنانی نەوت لەکوردستان زۆر ئاسانە و لەگەڵ ئەوەش نەوتەکەی خاوەنی کوالێتیەکی بەرزە کە هاوتایە بە نەوتی خاوی برێنت.

لەڕووی هەناردەکردنەوە هەرێمی کوردستان ئێستا توانای هەناردەکردنی سەرو ٤٠٠ هەزاربەرمیل نەوتی هەیە بەبێ کێڵگەکانی نەوتی باکور لەکەرکوك لەسەرو ئەوانەوەشەوە. هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین کێڵگەکەی گرنگی غازی سروشتی و دوو گرێبەستی گەورەیە لەگەڵ کۆمپانیا بەناوبانگەکانی (گنەڵ ئینێرجی، کۆنستریۆنی داناغاز).

پلانو ستراتیژی حکومەتی هەرێمی لەسەرەتاوە ئێستا روون نیە، بەڵام هەنگاوە مێژوویەکانی ئەم پرۆسەیە زۆرئامارە پیشان دەدەن، یەکێك لەوانە ئەم پرۆسەیە وەکو هەر پرۆسەیەکی تری ئابوری سەرەتا بۆ پڕکردنەوەی پیویستی ناوخۆیە پاشان بۆ هەناردەکردن، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەنگە هیچ کات پێشبینی نەکردبێت بۆدۆخێکی گەورەی لەم جۆرە چونکە کاتێك سەیرەی قۆناغەکانی سەرەتا دەکەیت هەرێمی کوردستان لەسەرەتاوە بەهۆی ناجێگری قەوارەکەی و پاشان خراپی ئیدارەدان ناتوانرێت بوترێت کەرتی نەوت بەدۆخێکی پلان بۆ دارێژکراو «ستراتیژیانەدا» ڕۆشتووە بەوجۆرەی لەسەرەتای پرۆسەکەوە کۆتایی پرۆسەکە وێنا بکرێت وەکو ئەوەی کە وڵاتێك کارێکی لەم جۆرە دەکات، چونکە تا ساڵی ٢٠١٤ هیچ پلانێکی درێژخایەنی نوسراوبونی نەبووە کە بی سەلمێنێت حکومەتی هەرێم خاوەنی پلانێکی درێژخایەنە بەڵام لە مانگی ئاداری ٢١٠٤ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان خۆشبەختانە یەك پلانی درێژخایەن دادەڕێژێت بۆ هەناردەی نەوت کە ماوەکەی بۆ دووساڵ دەبێت.

چیرۆکی ژمارەکانی نەوت چیرۆکی سەیرو

سەمەرەن، چونکە ئەگەر وردبێتەوە لە ڕەشایی دۆسیەکانی کەرتی نەوت زۆر شتت بۆ دەردەکەوێت کە دەریدەخات ئەم کەرتە توشی گلان هاتووە بەڵام بێ چیرۆکی سەرکەوتن نیە، چونکە هەر بۆخۆی هەناردەکردنی نەوت بەشێوەی سەربەخۆ یەکەم هەنگاوبوو ڕوودوکرانەوە بەڕووی جیهاندا، بەڵام ئەمە دڵخوازی ناوچەکە نەبوو.

بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی نەوت بەچەند قۆناغێك تێدەپەڕێت (گرێبەست، پشنین ودەرهێنان، هەناردەکردن و فرۆشتن) ئەم قۆناغانە هەریەکە و دەیان لق و پۆپی لێدەبێتەوە، بە مەبدەئی دەسەڵات هەرێمی کوردستان لەهەموو قۆناغەکاندا چیرۆکی سەرکەوتنی زۆری تۆمارکردووە بەڵام هەندێك لە قۆناغەکانیش شکستی هەیە، بەڵام بەمەبدەئی ئۆپزسیۆنیش ڕەشایی نەوت بەهیچ شتێك پاك نابێتەوە.

ئەگەر سەیری وێنا گشتیە بکەیت دەتوانیت هەڵئینجانێکی دروست لەم نێوەندەدا بەرهەمبهێنی کە نزیك بێت لەوێنا ڕاستیەکەوە، چونکە ئەگەر سەیری پرۆسەکان بکەین نکۆڵی ناکرێت لەوەی ئێستا هەرێمی کوردستان خاوەنی پترلە ٥٠ گرێبەستی نەوتە.

بەگوێرەی پلانێکی نوسراوی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کە وردەکاری زۆری لەبارەی داهات و هەناردەی نەوت و بەرهەمهێنانەوە هەیە کۆی پرۆسەکانی دیکەوە هەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی دانابوو تا ساڵی ٢٠١٦ هەناردەی بۆ بازارەکانی جیهان بکاتە (یەك ملیۆن و ٦٠ هەزاربەرمیل نەوت) ئاستی بەرهەمی نا پوختی (یەك ملیۆن و ٢٤٠ هەزار بەرمیل نەوت) بەڵام ئێستا ساڵی ٢٠١٩ یە ئاستی بەرهەمی نەوت لەهەرێمی کوردستان هێشتا لە ٤٠٠ هەزار بەرمیلدایە، ئەمە ڕوونی دەکاتەوە هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە سەرکەوتووبێت لەجێبەجێکردنی پلانەکانی لەئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەنکردن، ئەمە ڕاستەوخۆ کارێگەری لەسەر ڕێڕەوی داهاتیش هەبووە، چونکە کاتێك پلانی هەناردە وەکو خۆی نەچووەتە پێشەوە داهاتی پێشبینی کراویش وەکوخۆی نەچووەتە پێشەوە.

بەگوێرەی چاوپێکەوتنێکی د.ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان کە لەگەڵ ساڵنامەی (تۆگی) ئەنجامی داوە کە تایبەتە زانیاری گاز و نەوتی هەرێمی کوردستان وەزیری سامانە سروشتیەکان بەڕوونی دەڵێت «ئێمە ساڵی ٢٠١٧ غازی سروشتی هەناردەی دەرەوە دەکەین پاش ئەوەی ناوخۆیی خۆمان و بازاڕی تورکیامان غەنی کرد، بەڵام ئەم پلانەش ٥ ساڵ دواکەوت بۆ ٢٠٢٠، سەرباری ئەوەش هەرێمی کوردستان بەهۆی بوونی کێشەی لەگەڵ (کۆنسترپۆمی دانەغازتوشی کێشەی گەورەهات و ٢ ملیار دۆلار قەرەبووی کەوتە سەرشان، هاوکاتی ئەوەش بەرهەمهێنانی غازی سروشتی لە کێڵگەی کۆرمۆر وەستا، ئەمە جگە لەوەی کە گنەڵ ئینێرجی تورکیش نەیتوانی گەشەی بەردەوام بکات لە ساڵانی ٢٠١٥ بۆ ٢٠١٨.

لەڕووی گرێبەستەوە ئێستا هەرێمی کوردستان توشی کۆمەڵێك پابەندی هاتووە کە زەحمەتە لێیان ڕزگاربێت، یەکێك لەوانە گرێبەستەکەی (ڕوسنەفت)ی ڕوسیە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوەرگرتنی پێشەکی ٣ ملیار دۆلار گرێبەستەکەی کردووە لەبەرامبەر پێدانی ڕۆژانە ٧٥٠ هەزاربەرمیل نەوت بەڵام ئێستا نە پارە دیارە و نە نەوتیش ڕادەستکراوە، جگە لەوەش ڕوسنەفت بە پشکی گەورە ٦٨٪ لەگەڵ کۆمپانیای کارکاردەکات لە ژێرخانی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان.

سەرباری هەموو ئەو گرێوگۆڵانەی بەسەر کەرتی نەوتی هەرێم هات بەتایبەت ساڵی ٢٠١٧ کە بووە هۆی لەدەستدانی زیاترلە ٥٠٠ بیری نەوت و هەردوو کێڵگەی (بای حەسەن و هاڤانا) هەناردەی نەوت بەردەوامی هەیە بەڵام بەردەوامیەکی ناجێگیر چونکە بە ئێستاشەوە کە نێوانی هەولێرو بەغداد ئاسایی بووەتەوە تێڕوانینی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان نەبووەتە تێڕوانینێکی دۆستانە و هەمیشە هەڵێك دەدۆزنەوە تاوەکو

دۆخەکە لەهەرێم تێکبدەن. بۆیە ئێستا هەرێمی کوردستان ناچارە پارەیەکی زۆرکە مانگانە کەمتر نیە ٪۲ ی هەموو داهاتی نەوت بۆ دەڵاڵەکانی نەوت دەڕوات سەرباری ئەوەش کەمتر لە ۱۰ $ نەوت رادەستی کڕیارەکان دەکات.

بەکورتی دەتوانرێت ئەوەبوترێت، سەرباری ململانێیەکی تاقەت پڕوکێن هەرێمی کوردستان، سەرکەوتووبو لەوەی نەوتی خۆی رادەستی کڕیارە نێودەوڵەتیەکانی بکات لەدەرەوەی سنوری خۆیی، بەڵام ئەمە کۆتاییە خۆشەکە نیە، چونکە لەم نێوەندەدا هەرێمی کوردستان باجی زۆر قورسی سیاسی وئابوری داوە کەیەکێك لەوانە سەروەریەتی

**کوردستان ئێستا خاوەنی ٤٣ ملیاریەدەگی دڵنیایی نەوت و هاوکات ٥,٧ ترلیۆن پێ سێجا غازی سروشتیە، ئەم یەدەگە نەك لەڕووی قەبارەوە سەرنجڕاکێشە بەڵکو لەڕووی کوالێیشەوە سەرنجڕاکێشی خۆیی هەیە چونکە نەوتی کوردستان بەگوێرەی ئامارەکان کۆتا ناوچەی جیهانە نەوت تێیدا کۆتایی دێت**

لەئایندەدا زۆر گرفتی دێتە بەردەم بەهۆی ئەو سازشانەی کردویەتی لە پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت کردوبەتی، وە بۆ غازی سروشتی دەیکات.

**گرێبەستەکانی نەوت، شەرە شارەوەکە:**

هەرێمی کوردستان خاوەنی ٥٧ گرێبەستە لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت لەسەرتاسەری جیهان ئەنجامی داوە، گرێبەستەکان بەگوێرەی راپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەسەر بنەمای «گرێبەستی هاوبەش کراون» واتە لەباری گونجاودا لەسەر بنەمای ٪۹ بۆ کۆمپانیا و ٪۸۹ ی بۆ هەرێم بەڵام لەڕاستیدا ئەم گرێبەستانە کە یەکەم گرێبەستی لەگەڵ (دی ئێن ئۆی) نەرویجی بوو تا کۆتا گرێبەست کە (ڕوس نەفتی) ڕوسی بووە پەنهانێکی زۆریان لەخۆیان هەڵگرتووە، چونکە نە عێراق نە پەرلەمانی کوردستان تا ئێستاش نازانن حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن سەرنجی گەورە کۆمپانیاکانی ڕاکێشاوە، بەوپێەیی حکومەت نایەوێت کێشە لەسەر گرێبەستەکان دروست بێت و نەزانرێت چی لەناو گرێبەستەکاندا هەیە.

یەکێك لەخاڵە ناکۆکەکانی نێوان هەولێر و بەغداد «گرێبەستەکانی نەوت»ن کەوایکردووە تائێستاش حکومەتی عێراقی دان بە گرێبەستەکاندا نانێت بەفەرمی وە خاڵی ناکۆکی نێوان هەولێر و بەغدادە تا ئێستاش بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، چونکە بەگوێرەی قسەی میدیا عێراقیەکان دوای ١٦ ی ئۆکتۆبەر «تیمی هونەری وەزارەتی نەوتی عێراق کاتێك پشنینیان بۆچەند گرێبەستێکی نەوتی کردووە زۆرلایەنی شارەوایان بۆدەرکەوتووە، هاوکات حکومەتی تورکیان لەکاتی ریفراندۆمەکەدا چەند زانیارییەکی تایبەتی گرێبەستی ٥٠ ساڵەی داوە بە عێراق، کە زیاتر مرۆکی دەسەڵاتدارانی پارتی و تورکیا بەم گرێبەستەوە دیارە.

ئێستا دۆخەکە بەهیچ شێوەیەك ناگۆڕێت واتە سروشتی گرێبەستەکان و مەرجی کۆمپانیاکان تا کۆتایی گرێبەستەکان گۆرانکاری بەسەرنایەت، ئەوەی دەبێت بگۆڕێت شێوزای گونجاندنی گرێبەستەکانە لەگەڵ حکومەتی عێراق واتە هەرێمی کوردستان دەبێت بەهەرجۆرێك بێت حکومەتی عێراق لەبارەی گرێبەستەکانەوە بهێنێت سەرڕێگایەك گرێبەستەکان قبوڵ بکات، بەداخەوە ستڕتیژێك لەم رووە بەدی ناکرێت، لەبەردوو هۆکار:

- گرێبەستەکان پاشکۆیان لەگەڵدایە: واتە تەنها گرێبەستێکی ئابوری گرێنەدراوە بەڵکو پاشکۆی گرێبەستەکان مەرجی سیاسی هەواڵگریان لەگەڵدایە، ئەمەش وا یکردووە پارتی دەسەڵات راستر حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستگەرم نەبێت لەئاشکراکردنی تەواوەتی گرێبەستەکان بۆ عێراق چونکە مەرجەکان هەندێکیان (حەسانەی) حیزبین بۆ پارتێکی دیاریکراو دابین کردووە.

- مەرجی قورسی ناو گرێبەستەکان لەتوانای دەوڵەت گەورەترن، واتە ئەو مەرجانەی لە گرێبەستەکان جێگەیان کراوەتەوە بەجۆرێکە کە ستانداردی قازانجی نەوتی تێپەڕدەکات و دەچێتە خانەی بەهەدەردانەوە، ئەوەش وا لەعێراق دەکات نەیەتە پێشەوە چونکە عێراق هەرچی بێت لەم ڕووە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوێك لەپێشترە نەگەرچی گەندەڵیەکی بێشومار لەنەوتی عێراق دەکرێت. بەڵام لەکۆتایدا ڕەنگە هەرڕێگا دروستەکە نەوەبێت کە هەرێم هەموارێکی گونجاو بدۆزێتەوە بتوانێت قورسایی گرێبەستەکان بخاتە سەرشانی عێراق و نەوت بخاتەوە ناو شارێگای بۆری نەوتی عێراق «سۆمۆ» لەوێوە دەست بەرێگانوێکە بکاتەوە.

**غازی سروشتی، بۆمبێکی چالاك**

غازی سروشتی دۆسیەیەکی گەرمە لەساڵی ۲۰۱۳وە کاتێك وەزارەتی سامانە سروشتیەکان سامانە سروشتیەکان بەگرێبەستێك لەگەڵ (گنەڵ ئینێرجی) تورکی هەردوو کێڵگەی (میران و بنەباوی) یەکلایی کردەوە ئیتر ئەم دۆسیەیە لەناوەندە هەواڵگری و ناوەندەکانی وزە بایەخی گەورەی هەیە لەئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، بەتایبەت پرسی گەرمی (ڕوسیا، عێراق، تورکیا) تەنانەت (ئێران) ە، بەڵام لەعێراق هێشتا دۆسیەکە کەس نایەوێت بیوروژێنێت.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان ساڵی ۲۰۲۰ حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکەم برە غازی سروشتی خۆیی رادەستی تورکیا و پاشان بازاری ئەوروپا دەکات، ئەمەش لەژێر چاودێری روسەکاندایە راستەوخۆ سەرپەرشتی دەکەن، هەر لەئێستاوە (لەئاستی ناوخۆ کۆنستریۆمی دانەغەزی ئیماراتی سەرقاڵی پرکردنەوەی پێداویستی ناوخۆییە بەجۆرێك ٪۸۰ پێداویستی وێستگەکانی کارەبای پرکردووەتەوە) هاوکات (کۆمپانیای گنەڵ ئینیرژی تورکیش سەرقاڵی وەبەرهێنانە لەکێڵگەی میران و بنەباوی کە بۆ ۲۰۲۰ غازی سروشتی بە پێوەری نێودەوڵەتی چاکدەکات و ئامادەی دەکات بۆ هەناردەکردن).

ئەم پێشوەچونانە لە دۆسیەی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان تائێستا لای عێراق نەوروژاون بەڵام بێ چاودێری نین و جێگەی نیگەرانن، هەروەکو چۆن عێراق بەنیگەرانیەوە لەدۆسیەی نەوت دەڕوانێت زیاتر لەغازی سروشتی چونکە ڕەهەندەکانی پشت هەناردەکردنی غازی سروشتی زۆر لەڕەهەندەکانی پشت نەوت ئاڵۆزترن، بۆیە پێشبینی دەکرێت ڕێگریەکانی بەردەم هەناردەی غازی سروشتی زۆرترین تا نەوت.

هەرێمی کوردستان ستراتیژێکی سەبارەت بە گرفتەکانی بەردەم هەناردەی غازی سروشتی نیە،

> **لەڕووی گرێبەستەوە ئێستا هەرێمی کوردستان توشی کۆمەڵێك پابەندی هاتووە کە زەحمەتە لێیان رزگاربێت، یەکێك لەوانە گرێبەستەکەی (ڕوسنەفت)ی ڕوسیە**

بۆیە پێشبینی کراوە عێراق ڕێگری یاسایی و دەستوری دابنێت، چونکە نەعێراق نە ئێران پشکیان نیە لە هەناردەکردنی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان تەنانەت زیانیان پێدەگات، چونکە هەناردەکردنی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان واتە کەمکردنەوەی بایەخی غازی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێنگردتنەوەی غازی سروشتی ئێران و وڵاتانی ناوچەیی بۆ تورکیا و بۆ ئەوروپا، بۆیە لەکۆتایدا کێشەکە هەر بەرۆکی کوردستان دەگرێت.

گرنگە هەرێمی کوردستان لەئاستی دەوڵەتیدا پێش ئەوەی بۆمبەکە بتەقێتەوە و کێشە دروستبێت بۆمبکە پوچەڵ بکاتەوە، ئەوەش بەچی دەبێت؟ بەوە دەبێت هەرێم کوردستان پێشوەختە رێکەوتنێکی هاوسەنگ لەگەڵ عێراق بکات سەبارەت بەوپرسە رێکارەکانی هەناردەکردنی بەیاسایی بکات، بەپێچەوانەوە تەقینەوەی بۆمبە چالاکەکە وەکو چۆن کابینەی ۸می توشی قەیرانی

تاقەت پڕووکێن کرد کابینەی ٩ یەمیش توشی قەیرانی دیکە دەکات.

**یاسای نەوت وغازی، تەنها چارەسەرە**

هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق پێش هەموو شتێك کێشەی ناروونی گرێبەستەکانی هەیە واتە هەرێم ئەو گرێبەستانەی کردویەتی لەگەڵ کۆمپانیاکان نەك بەدڵی عێراق نیە بەڵکو عێراق بڕوای وایە پێچەوانەیە لەگەڵ بنەماکانی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ گرێبەستکردن، چونکە کۆمەڵێك مەرج سەپاوە بەسەر هەرێمی کوردستان عێراق وەکو دەوڵەت ناتوانێت قبوڵیان بکات تەنانەت بڕوای وایە سیادەی عێراق توشی کێشە دەکات، بۆیە پێشبینی کراوە عێراق و هەرێم نەگەنە ڕێکەوتن لەسەرئەم پرسە، چونکە نەعێراق ڕازییە بڕواتە ژێرباری مەرج و قەرزی گرێبەستەکان، نەهەرێمیش ئامادەیە گرێبەستەکانی ڕادەست بکات.

**بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چی چارەسەری کێشەکان دەکات؟**

بڕوایەکی بەهێز هەیە چۆن ئێستا دەستور گونجانی دروستکردووە لەنێوان پێکهاتەکان، ئەوا یاسا دەتوانێت دۆخێکی دادپەروەرانە دروست بکات بۆ سود وەرگرتنی گەلانی عێراق لە سامانە سروشتیەکانی خۆیان لەناویشیدا کوردستان، چونکە لەساڵە ٢٠٠٦ وە کاتێك نەوتی کوردستان سەربەخۆ هەناردەکرا لەیەکەم چرکەساتەوە کێشەو ملانێی وردو گەورە هەبووە تائێستا. چونکە هەرێمی کوردستان بەسود وەرگرتن لەدەقە مەتاتیەکانی دەستور و یاساکارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان لەپرسی هەناردەکردنی نەوت کاریکردووە، عێراقیش پێی وایە «یاسایەکی کۆنکرێتی نیە ڕێگە بەهەرێم بدات بەم شێوەیە سود لەسەرچاوە مرۆییەکانی خۆیی وەربگرێت». بۆیە ئێستا تاکە دەرچەیەکی گرنگ بتوانێت لەخاڵێکدا هەرێم و عێراق پێکەوە گرێبدات، ئەوەیە ئەم دوولایە پێویستە کارەکانیان بەیاسا ڕێکخرێت وە لەناویشدا زۆر گرنگە سیستمی لامەرکەزی لەسود وەرگرتن لەسەرچاوە سروشتیەکانی عێراق بچەسپێنرێت. زۆرێك لە شیکەراوانی ئەم بوارە بڕوایان وایە «جگە لەم پرسە هەرچارەسەرێکی دیکە نە بۆ هەرێم دڵخوازە نەبۆ عێراقیش، ناتوانێت سەرنجیان بخاتە سەر چارەسەرە گرنگەکە».

بۆیە گرنگە ئەم پرسە لەم خاڵەدا کۆتایی پێبهێنرێت، چونکە بەردەوامی عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەرئەم دۆخە زیانی بۆهەمووو لایەك دەبێت و نائارامی بەردەوام بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

> **سالی ٢٠٢٠ حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکەم بڕە غازی سروشتی خۆیی ڕادەستی تورکیا وپاشان بازاڕی ئەوروپا دەکات، ئەمەش لەژێر چاودێری ڕوسەکاندایە ڕاستەوخۆسەرپەرشتی دەکەن**

**کۆتایی:**

من بڕوام بەوەهەیە تا چارەکەسەدەیەکی دیکەش هەرێمی کوردستان لە کۆت و بەندی گرێبەستە نەوتییەکانی ڕزگاری نابێت، چونکە کاتێك گرێبەستەکانی کردووە ڕوانگەیەکی ئایندەی لەپشت گرێبەستەکانیەوە نەبووە تەنانەت ئەو کەسانەی گرێبەستەکانیان کردووە قوڵاییەکی ستراتیژیان لەبوارەکەدا نەبووە، ڕاستر ئەوەندەی بەلایانەوە گرنگ بووە نەوت هەناردە بکەن استغنا بن بە داهات ولێکەوتە سیاسی و دبلۆماسیەکانی ئەوەندە بەلایانەوە گرنگ نەبووە ئایندەی ئەم کەرتە چۆن دەبێت؟

بەداخەوە تائێستا ستراتیژێکی ڕوون لەبارەی ئایندەی کەرتەوە بەدی ناکرێت ئایا چۆن و بەچ شێوەیەك ئەم کەرتە لەڕووی یاسایی و سیاسیەوە لەکەرتێکی نانیشتمانیەوە دەکرێت بەکەرتێکی نیشتمانی، بۆیە ئێستا بەبڕوای ئێمە کاتی بنیاتنەوەی یاسایی وئەم کەرتەیە، لەعێراق وهەرێمی کوردستان چیدی درەنگکەوتن لەزیانی هەرێمی کوردستان و گەلی عێراقە.




# ئیسلام لە دەمارەکانی ناسیۆنالیزمی تورکدا

## مێژووی بەگەڕخستنی پرۆژەی ئیسلامگەرایی لە تورکیای نوێدا


نوسینی: ئەنگڵ راباسا

لەئینگلیزییەوە ناوەندی توێژینەوەی هزری ژیان

لەبڵاوکراوەکانی پەیمانگای توێژینەوەو بەرگریی نەتەوەیی (RAND)

(بەشی یەکەم)


**رەنگی ئایین لە میتۆدی سیاسەتی تورکیادا:**

ئاین لەتەواری سیاسی تورکیادا هەمیشە رەنگدانەوەی بەرینی بەسەر بۆهێڵەکانی گەشەی سیاسی تورکیادا جێهێشتووە .تورکیا وەك وڵاتێکی زۆرینە موسڵمان، لەهەمانکاتدا دەوڵەتێکی دیموکراتی عەلمانیی و ئەندامی ناتۆو هاوپەیمانی لەمێژینەی ئەمەریکا. هەمیشە جێبایەخی رامیاریی و ستراتیژیی ئەمەریکا بووە بۆ شێوەگیربوونی ژینگەی

ئاسایشـی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت. لەگەڵ ئەوەشـدا لـەم چەنـد دەیـەی کۆتاییـدا تورکیـا هیـچ لارییەکی لەهەمبـەرگۆڕانکاریی پانۆراما ئاینیی سیاسـییەکانی جیهانی ئیسـلامییدا نەنوانـدووە، لەکاتێکـدا کـە گۆڕانکارییـەکان زێدەبوونی ئاینداریی‌و سـۆزی ناگەهانیـان لـەگوزارشـتی سیاسـیی ئیسـلامدا لەهەگبەدابوو. لەراستیدا هۆکار گەلێکی جۆربەجـۆر ئاراسـتەی ئـەم جیهانبینییـەی تورکیـای بەرهەمهێنابـوو، لەوانـە: دەرکەوتنی کەرتی پرۆژەی بازرگانیی ئاینیی‌و دەرکەوتنی پارتی باڵادەستی سیاسیی بەباکگراوندی ئیسلامییەوەلەحوکمڕانییدا، هاوکات زێدەتـر بوونـی مشـتومڕو بگرەوبـەردە لەسـەر پرسـی کەمالیزم‌و پەیوەسـتیی بـە کۆمەڵگـەی هاوچەرخی تورکییـەوە، هـاوکات ئاریشـەی سیاسـیی لەمەڕ دیاریکردنـی سـەرۆکی نوێـی وڵات لـەبەهارو هاوینی ٢٠٠٧دا. تورکیای هاوچـەرخ کلیلی ئەزموونێك بـوو لەرۆڵی گوتاری ئیسـلام لەرامیارییـداو کاریگەریی ئـەو ئەزموونەیـش بـوو لەرامیاریی دەرەوەییـدا. ئـەم ڕەوشـەیش لەچەند بوارێکدا دەکرێت بێ هاوتابێت‌و خاڵی تایبەتمەندیی خـۆی هەبێـت. پارتی دادو گەشـەپێدان (ئەکەپـە) بەسـەرۆکایەتی ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان وەك حکومەتـی زۆرینـەی بەهێز فەرمانڕەوایەتی دەکات. ئـەم پارتـە پـاش بردنـەوەی لەتـەواوی کێبەرکێکارانـی لەهەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبـەری ٢٠٠٢دا، بـە ئەنجامـە بەهێزەکانی هەڵبژاردنـی شـارەوانییەکانی ٢٠٠٤ یـش پێگەیەکی فراوانتری مسـۆگەرکرد. هەروەهـا ئەکەپـە توانی لەهەڵبژاردنـی جـولای ٢٠٠٧دا ٤٦,٦٪ دەنگـدەران بەدەستبهێنت، بەمەش توانی دوازدە لەسـەدی دەنگی دەنگـدەران لەچاو هەڵبژاردنی ٢٠٠٢دا زێدەتـربکات. هەرچەنـد بەهـۆی نەزمـی ماتماتیکیی دابەشـبوونی کورسـییەکانی پەرلەمـان، ڕێـژەی ئـەو کورسـییانەی ئەکەپە گرتبوونـی، لـە٣٦٢ کورسـییەوە دابـەزی بـۆ ٣٤٠ کورسـیی پەرلەمـان. لەرەوشـێکی وەهاشـدا دوو لەسـەرسێی کورسییەکان پێویسـتبوو تـا دەسـتووری بنچینەیی وڵات سـەرلەنوێ چاکسـازیی تێدا بکرێت

١ . تەنانـەت پێش سـەرکەوتنی ئەکەپـە لەهەڵبژاردنـە گشـتییەکانی ٢٠٠٢دا، رەگەزێکی ئاینیی بەرچـاو لەسیاسـەتی تورکیـادا ئامادەیی هەبـوو. پارتـە نێوەندییـە راسـتڕەوەکان لەهەشـتاکان‌و سـەرەتای نەوەدەکاندا. لەوانە ، پارتی ڕێگەی راسـت‌و پارتی دایك هەمیشـەرەوتگەلێکی کۆنەخوازی کۆمەڵایەتیی بەرچاو تێیانـدا ئامادەیی هەبـوو. نەجمەدیـن ئەربەکانیـش لـە٣٠ سـاڵی رابـردوودا زنجیرەیـەك پارتی ئیسـلامیی دامەزراندبـوو. هەروەهـا ئەربـەکان لـەحەفتاکانـدا وەك جێگـری سـەرۆك وەزیـران‌و لەقۆناغێکی کورتی نەوەدەکاندا وەك سـەرۆك وەزیران پێگەیەکی ئێجگار کاریگەرو کارای هەبوو. لەراستیدا پێش سـەرهەڵدانی پلورالیزمی پارتایەتی لەپەنجاکاندا. ئیسلامگەرایی هیچ گوزارشـتێکی لەسیسـتەمی سیاسـیی تورکیادا نەبوو ، سیسـتەمی سیاسی تەنها لەقەڵەمڕەوی پارتی فـەرمیی کەمالیی (پارتـی گەلی کۆماریی)دا گەمارۆدرابـوو. حکومەتی ئەکەپەش سـەرەڕای ئەوەی باکگراوندێکی ئیسـلامخوازیی هەیـە، بەدوواداچوونـی لەمەڕ هیـچ ئەجێندایەکی روونی ئیسلامیی نەکردووە. هەرچەنـدە ڕەخنـەکان پەنجـەی تۆمەت رادەکێشـن بـۆ ئەکەپـە ، چونکـە لەهەوڵی ئەوەدایـە ئیسـلامییەکان بخزێنێتـە نێـو دامەزراوەکانـی بیۆکراسـییەتی مەدەنییـەوەو هـاوکات چاوی لەهەمبـەر دیاردەی بەئیسـلامی کـردن لەسـەرئاستی نێوخـۆدا نوقانـدووە. هـەرلەسـەرەتاوە حکومەتـی ئەردۆغـان هەربـەك لەپرسـەکانی ئەندامییەتی لەیەکییەتی ئەوروپا، جێگیربوونی باری ئابووریی، ریفۆرم لەسیسـتەمی یاسـایی لەئەولەویاتی کارەکانیدابـوو. هەمـوو ئـەو ریفۆرمانەیـش داننـان بـە ڕێککـەوتنـە نێونەتەوەییەکانی مافەکانی مرۆڤ و پەخشی فـەرمیی رادیۆو تەلەفزیۆنەکانی سـەربەمیریی لەوانـە تی ئارتی بەزمانی کوردی‌و هـاوکات هەڵگرتنی سـزای لەسێدارەدانی هاوڵاتیـان لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشـیی نەتەوەیی تورکیا لەخۆگرتبوو٢. لەلایەکی تـرەوە حکومەتـی ئەردۆغـان کەمتر خـۆی لەقـەرەی ئـەو بابەتـە ئالۆزانـەی مادەی ٣٠١ی دەسـتووری بنچینەیی تورکیـا دەدا کـە زۆرێك هیـوادار بـوون

ئەو مادەیە بسڕێتەوە یاخود چاکسازییان تێدا بکرێت، ئەو بابەتانەی کە هەموو سوکایەتییەکیان بە تورك بە پێی یاسا بە تاوان دادەنا. ئۆپۆزسیۆن لەهەردوو کەمالییەکانو نەتەوەییەکاندا لەگەڵ ئەوەی کە بوونی نەتەوەگەرایەکی کۆنخواز هەبوو لەنێو ڕیزەکانیاندا ئەوانە شانبەشان لەتەك گەشەی ڕەوشی ناسیۆنالیزمییاندا. لەپێگەو پێوانەی بەرتەسکی ئەکەپە بۆناسیۆنالیزم دوردەکەوتنەوەو خۆیان بۆ سازدانی مانۆڕو خۆسازدان لەگۆڕەپانی ئەوکاتەدا ڕێکدەخست. تەنانەت ئێستایش بەردەوام مشتومڕێك هەیە دەربارەی سروشتی ڕاستەقینەی ئەجێندای ئەکەپەو بەدوواداچوونی وردی گەواهیی نامەکانی وەك پارتێکی دیموکراتی کۆنخواز لەخۆ ڕاگەیاندن دا. لەو بەڵگەنامانەدا ئەردۆغان بانگەشە دەکات تا ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی دیموکراتی موسڵمانان بگرتێتە ئەستۆ، دیارە کە ئەمەیش بەنەزمی بزووتنەوەی کریستیانە دیموکراتەکانی خۆرئاوای ئەورووپا نییە، کە لەبری پارتێکی چالاکی ئەجێندا سیاسیی، لەنێو ئەکەپەدا زانیارییەکانی ئایین پێشینەی کلتوورین. لەڕاستیدا بیروڕاکان دابەشکراون بۆئەوەی ئایا ئەم ڕێبازە گوزارشتێکی دروست لەتەرکیبی نوێی سیاسەتی تورکیادا پیشاندەدا، یاخود تاکتیکێکە بۆ ئەوەی عەلمانییە نەلەخشاوو بەباوەڕەکانی تورکیا لەخۆبگرێت لەوانە سوپا (وکۆتوبەندەکانی دەستووری بنچینەیی دژبە سیاسەتی ئایینی) لەبەشێکی سەربەخۆدا. چونکە لەپێکهێنەرە نێوخۆییەکانی ئەکەپەداو لەنێو پارتە ئاینییەکانی نێزیك بەراستڕەوی ئەکەپە، بەدڵنیاییەوە دەکرێ ئەوە بخوازرێ تا فشار لەسەر ئەجێندای کۆمەڵایەتی ئیسلامیی دروستبکرێت.

لەلایەکی ترەوە بە شێوەیەکی ڕەها ڕۆچونی سیاسەتی ئاینیی تورکیا لەگەڵ ئاییندا لەجیاتی ئامادەیی بەشێکی بەرچاوی ئەو سیاسەتە لەگوتاری سیاسییدا، دەتوانین بڵێین ئەم نەریتە سەرچاوەیەکی جیاکەرەوەی تورکیایە٣. ئەمەیش کارکردێکی فۆرمی سیکۆلاریستی تورکیایە کە لەسەربنەمای



**ئەردۆغان بانگەشە دەکات تا ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی دیموکراتی موسڵمانان بگرتێتە ئەستۆ، دیارە کە ئەمەیش بەنەزمی بزووتنەوەی کریستیانە دیموکراتەکانی خۆرئاوای ئەورووپا نییە، کە لەبری پارتێکی چالاکی ئەجێندا سیاسیی، لەنێو ئەکەپەدا زانیارییەکانی ئایین پێشینەی کلتوورین**

مۆدیلی عەلمانی فەرەنسییە، وەلێ لەپەیوەندییەکانی ئایینو دەوڵەتدا دیسانەوە پێوەندیدار دەبینەوە بە نەریتی عوسمانییەوە، کە لەوێ ئاینیی ژێردەستەکان بریتییە لەدەسەڵاتی دەوڵەت. لەچەندین شوێندا دەستوری بنچینەیی تورکیا فرە بە جێگیریی و فرە بە ئاشکرا دەستەواژەگەلێکی پەیوەست بەزانیارییەکانی ئیسلامی سیاسیی دیاریدەکات. لەکاتێکدا کە کۆمەڵە ئاینییەکان لەوانە ڕێبازە سۆفییەکان ناتوانن بەنەزمێکی یاسایی کارەکانیان ڕاپەڕێنن. بۆ زێدەتر دڵنیابوون عەلمانییەتی تورکیی لەمۆدێلی کەمالیزمدا لەڕەوشی پەرەسەندندایە لەژێر فشارو کاریگەریی زیادیی مشتومڕی هزرڤانیی نێونەتەوەیی دا. ئەوڕۆکە پراکتیکی تایبەتیی ئایین زۆربە فراوانی پەسەندکراوە، تەنانەت لەنێو چوارچێوەی بازنەی عەلمانییەتیشدا. لەبەر ئەوە بەدڵنیاییەوە عەلمانییەکان گەرەکیانە ڕۆڵو ڕەونەقی ئایین لەرامیاریی تورکیادا دیاریبکەن. وەلێ لەئێستادا رایەڵەیەکی ئۆتۆماتیکی ئاییندارانە لەگەڵ دەرهاویشتەکانی پێشیندا لەئاسۆکانی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا زۆرکەم باوە. خاڵی هاوبەشی عەلمانییەکانی تورکیا پێش هەموو شتێکە، کە ئارەزووی ڕێگە گرتنیان هەیە لەداماڵینییان

لەنەزمیی خۆرئاوایبوون لەژیاندا. وەلێ زۆرینەی چینی نێوەندی شارنشینیە عەلمانییەکان لەرێگەی چاوپلکەی چەمکەکانی کاریگەریی ئیسلامییەوە دەڕوانینە نەزم‌ونەریتی ژیان. نیگەرانییەکان دەربارەی ئیسلامیی سیاسیی خۆی لەخۆیدا یاخۆ ئاراستەیەکی ستراتیژیی فرە کاریگەریی رووەورۆژهەلاتە لەنێو چینی بازرگان‌و رۆشنبیرو توێژی عەلمانییە سیاسییەکاندا. سەرچاوەیەکی تری جیاکەرەوەی تورکیا بریتییە لەمێژوو. تونژەری تورك شەریف مێردین لەبارەی ئەوەی تایبەتمەندییەکان چین؟ ئەو رەوشە ئێو دەنێت:» ئیستەسناگەرایی تورکیا». ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامیی کورسی خەلافەتی هەبوو، بەم پێیە نێوەندی هێزی سیاسیی موسڵمان‌و ئامادەبوون لەپێوەندییە نێونەتەوەییەکان لەدەسپێکی سالانی سەدەی بیستەمدا ئێجگار بەرچاو بوو. شۆڕشی عەلمانیی ئەتاتورك تورکیای بەرەودنیای خۆرئاواو نەزمی مۆدێرنەگەرایی بردو بوویە خاڵی سەرنج‌و چاوپیاخشانەوەکان لەوکیشوەرەدا. وەلێ تەنانەت پاش ٨٥ ساڵ ئاکامەکانی ئەم ئەزموونە مشتومڕی لەبارەوەدەکرێت. بۆیە تورکیادەمێنێتەوەو بەتەواوی شوێنی جیاوازییە هەرێمیو کلتوریی‌و چینایەتییەکانە، هەموو ئەمانەیش ئاڵۆزییە چارەنەکراوەکانن‌و لەدیمەنی سیاسیی تورکیای هاوچەرخ دانەبڕاون. سەرکەوتنی ئەکەپە لەئاستێکی بەریندا لەرێگایەکەوە دەتوانرێت رونبکرێتەوە کە بزووتنەوەیەکە زاڵبووە بە سەر هەست‌و سۆزی خەڵکی نارازیی‌و بێزاریی تورك‌و هەڵبژاردەگەلێکی سیاسیی دامەزراودا. پرسیاری جەوهەریی لەوەدایە، ئایا ئەکەپە لەقۆناغی ئێستایدا دەمێنێتەوە یا بەندووباوی دامەزراوەیی بەسەردەچێت، یاخۆ فشاری زێدەتری رەگەزە رادیکاڵەکانی نێوخۆی دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەشێوەیەکی روون‌و ڕەوان‌و زێدەترئامێزبۆ ئەجێندای ئایینی بکاتەوە. هۆکاری سەرەکی شێوەگیربوونی پەرەسەندنی تورکیا لەپرۆسەی بەئەندامبوونیدایە بۆ نێو یەکێتی ئەورووپا. ئەگەرچی زۆرێکیش لەو وڵاتانە لەهەوڵی کەنارگیربوونی تورکیادان. پرۆژەی یەکێتی ئەورووپا خاڵی کۆکەرەوەی ئامانجە ستراتیژییە نێوخۆیی‌و نێونەتەوەییەکانی ئەکەپە دەخاتە روو. ئەکەپە مافەکانی مرۆڤ‌و دێموکراسیی نەشاردەوە. ئەمەیش بە ئامانج‌و مەبەستی پاراستنی خودی خۆی بوو لەدەسەلاتدارانی کەمالیستیی تورکیا. ئەکەپە لەسوودەکانی دووان بەزمانی دێموکراسی تێگەیشت‌و پەی بەو راستییەش برد کە پارتێك دەتوانێت پەیوەندیبکات بەدنیای خۆرئاواوەو هەموو ئەووڵاتە ئەورووپیانەو ئەوانی تر دڵنیابکاتەوەو دەمکوتیان بکات کە وا گوماندەبەن ئەکەپە لەپەناو پێچی ئەجێندای ئیسلامیدا ئەوکارانە دەکات. ئەردۆغانیش لێدوانی داوە لەنەزمیی بازاڕی تورکیاوە و بەرگریکردووە لەئایدیای بەجیهانیبوونی ئابووری تورکیا، هەرێوە لەبەرامبەردا خۆرئاوایش وەك هاوپەیمانێکی ئەکەپە خۆی نومایانکردووە.٥

**سەرەتاکانی بە ئامرازکردنی ئیسلام لەسیاسەتی تورکیادا:**

تورکیا خاوەنی نەریتێکی زەنگینی مەزهەبیی تێکپرژاوو مەنگۆڵ‌و سەیرە، کە درێژبوونەوەی رەفت‌و رەفتارەکانی پێش ئیسلامە بۆرەوتی سەرەکیی ئیسلامیی سونیی لەگروپێکی گچکەی کەمینەی مەسیحییە ئەرسەدۆکسەکانەوە. هەروەك چۆن جولەکەکانیش لەتەوەرەی عەلەوییە شیعەکان‌و پێڕ و گروپەکانی تردا دەسوڕێنەوە. بەدڵنیاییەوە تورکیا زۆرینەی زۆریی کۆمەڵگەیەکی موسڵمانە. چونکە ٨٠ ساڵ لەکۆمارێکی عەلمانیی فرە توندوتۆکمەدا، ئایین کۆڵی نەداو شوێنی دانا لەبواری بەندایەتی‌و مومارەسەی تایبەت بۆ زۆرترینی تورکەکان. دەرکەوتنی ئایندارییەکی فرە رەوان لەسەر واقیعی تورکیا بەتایبەتی لەدەساڵی رابردوودا بەرهەمی چەندیین کاریگەرییە. لەوانە، لاوازبوونی توراس‌و توانای کەمالیزم‌و سەرلەنوێ زیندووبوونەوەی داب‌و نەریتە میللی‌و مەزهەبییەکان‌و فراوانبوونی تۆڕی بازنەی قوتابخانە ئاینییەکان‌و پەیمانگاکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی‌وهەروەها پرۆسەی بەدێموکراتیزەکردن‌و گەشەی ئاشکراو بەرچاوی چینی نێوەندیی

مەزهەبگەرا. لەلایەکی ترەوە کۆچی بەربڵاوی دێهاتییەکان لەگوندەوە بۆ شارەکان ئەنجامێکی ترە بۆ گەشەی رابوونی ئیسلامی لەچەند دەیەی رابردوودا. لەوێ لەگەڵ بزووتنەوەیەکی ئاکامبەخشی سوننەتی ترو خەڵکێکی بە رواڵەت مەزهەبی تری تورکیای مۆدێرن و خەڵکی شارنشینی خۆرئاوا ئاوێتەبوون. رۆڵی ئیسلام لەرێبەرایەتی سیاسیی تورکیادا دۆزێکی ئاڵۆزو جێ مشتومڕبوو تەنانەت لەسەردەمی سەلجوقی و عوسمانییەکانەوە ئەم گرێ کوێرە نەکراوەتەوە. بەم پێیە زیاد رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی نێوان ئیسلام و سیکۆلاریزم لەتورکیای کۆمارییدا دارای ریشەیەکی مێژووییە٢. لەکۆتایی سەدەی ١٧ بەدوواوەو لەگەڵ کرمێبوونی هێزوو هەرەکەتی سوڵتان، رێبەرە مەزهەبییەکان(زانایانی ئایینی) بەکاوەخۆ بوون بە ژمارەی کاراو کاریگەرو موفتییە پلەباڵاکانیش بوون بە گەمەچی سەرەکی لەکاروباری دەرێ و سیاسەتی نێوخۆی عوسمانییدا٣. دیسانەوە لەکۆتایی ساڵانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییدا باڵانسی سیاسیی و دەسڵاتی مەزهەبیی گۆڕانکاریبەسەردا هات. ئیتر دانیشتووانی عەرەب لەدەرێی ئەنادۆڵدا بۆ میریی رام نەدەبوون، ئەوان خەلیفەیان وەك رێبەری کیشوەرێکی کۆلۆنیکاردەبینی. هەروەها رژێمی عوسمانیی و ریفۆرمخوازە لیبراڵەکان تورکیایان بەرەو وڵاتێکی مۆدێرنی خۆرئاواگەرا بردو عەلمانییەتی لەواقیعدا بەرجەستەکرد. خودی ئەتاتورك خەلافەتی دایە دوواوەو زنجیرەیەك رێوشوێنی پێویستی گرتە بەر لەدانانی یاساو رێساکاندان بەمەش وڵاتی کەمەند کێشکرد بەرەو روانگەیەکی عەلمانیی، کە ریشەی ئەو رێسایانە زۆر لەمێژبوو ئامادەییان هەبوون لەگەڵ ئەوەشدا ورتە ورتی عەلمانییەت و ئایین لەکۆمەڵگەی تورکیدا هەرمایەوەو تۆردمەی نەبرایەوە٤. زۆرجارشیکەرەوانی ئیسلامی سیاسیی لەتورکیای عوسمانیی و دووای ئیمپرائۆری عوسمانییدا گەواهی دەدەن بۆ گوێڕایەڵی گشتیی مەزهەب بۆ دەسەڵاتدارێتی سیاسیی، ئەوەش وەك مشتومڕێك بۆ ئەگەری سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی ئایینی لەتورکیای مۆدێرنداە٥.

لەم چەند دەیەی دووایدا. بیرکردنەوەی ریفۆرمخوازەکان لەهەوڵی بەدەستهێنانی زەمینەیەکدان بۆ تیۆریستەکانی تورکیا. لێرە لەتورکیا مشتومر و بگرەو بەردەیەك هەیە کە گلۆبالیزەیشن و رۆشنگەریی بەرهەمهێناوە، دواجار ئەویش خواستێکە بۆ ئیسلامێکی مۆدێرن لەوڵاتدا. سەرەتا لەتەك بزووتنەوەی نوورو قوتابخانە ئاینییەکاندا ئەم رێچکەیە دەرکەوتووە، کە لەنێوان هۆکارو شۆڕشدا پێکدادانێك نابینن و چەمکەکانیان لەدێموکراسیی سیاسی و سنگفراوانیی ئاینیی و سەروەریی حوکمی یاساو ئازادی بازاڕی ئازاد هەڵکێشاوە. هەروەها ئەم جیهانبینییە تورکیای لەتەواوی وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوین جودا کردووە. لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا راڤەکانی رۆشنگەریی و مۆدێرنێتەی ئیسلام بەجۆرێك راڤەکراوە، کە هەر رووبەڕووبوونەوەیەکی بنەما نەلەخشاوەکانی کۆنخوازیی کارێکی ئەستەم و ئاڵۆزە

## ئایین لەداوی ناسۆنالیزمی تورکدا:

ئایین و سیاسەت لەتورکیا لەلایەن بارودۆخی دیمۆگرافی و رەگەزیی وڵاتەوە کاریلەسەر دەکرێت. بەدرێژایی عەیامی عوسمانییەکان رێك هەتاوەکو کۆتایی بیستەکان، ولات تێکەڵ و پێکەڵ و جەستەیەکی پینەکراوبوو بە چەندین نەتەوەو کۆمەڵگەی ئاینیی جۆراوجۆر. لەهەوەڵ پەرلەمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییدا، کە لەماوەی فەرمانرەوایی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا گردبوونەوە. ئەنجومەنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو ٦٩ ئەندامی موسڵمان و ٤٦ ئەندامی ناموسڵمانی تێدابوو. هەر بۆیە بەم پێوەرە بێت تورکیای مۆدێرنی کۆمارییەکان زۆرتر هاورەگەزو یەکجۆریی نەتەوەیی پێوە دیارە تا پلورالیزم و نێونەتەوەیی بوونەکەی ئیمپریالیزمیی پێشوییان. جولەکەو مەسیحییە ئەرسەدۆکسەکان و ناموسڵمانە دییان و گاورەکانی دی لەرەوشی بچوکبوونەوەدان وەك کەمینەیەك لەتورکیای

ئەورۆکەدا. دەوترێت سروشتی عەلمانییەتی تورکیا وایە، ئەگەر هەندێکجار گڵۆڵەی رەوشەکە بکەوێتە لێژی. ئەوا دەوڵەت بوارێکی چاکسازیی لەبەرامبەر ئەوانەدا دەکاتەوە. ئەگەرێی بەردەوامبوونی کێشەی کەمینەکان وەك خاڵێکی هەستیارو گەرمو گوڕ بۆ هەستو سۆزی ناسیۆنالیستیو مەزهەبیی بەشێوەیەکی دراماتیکی جەختی لەبارەوە کرایەوە٦، ئەمەیش زیاتر کاتێك بوو کە هرانت دینکس رۆژنامونووس وبیرمەندی دیاری ئەرمەنیی لە٢٠٠٧دا لەئەستەمبوڵ کوژرا. کوژرانی ئەورۆژنامەنووسە ناو زەنگی هەیەجانێکی مەزنی هەستو سۆزی لەنێو تورکە میانڕەوەکانەوە لێکەوتەوە. ئەوانە وایان

## لە پەیوەندییەکانی ئایینو دەوڵەتدا دیسانەوە پێوەندیدار دەبینەوە بە نەریتی عوسمانییەوە

دەبینی ئەورەفتارانە هۆکاریی ئەفرینونێوزراندنی تورکیایە لەنێو غەوارەو ئەوروپییەکاندا. رۆژنامەی ڤاتانی رایگەیاند:»بانگەشەی ئەوە کراوە، کە هێرشکارێك هاواری کرد، من ئەرمەنییەکەم کوشت، لەکاتێکدا لەشوێنی رووداوەکە هەڵدەهات٧». لەکاردانەوەی ئەوەدا ٥٠٠٠ خۆپیشاندەرلەگۆڕەپانی تاکسیمەوە بەرەو شوێنی کوشتنەکە رێپێوانییانکرد و هوتافیان دەکێشا:» ئێمە هەموومان هرانت دینکس ین، ئێمە هەموومان ئەرمەنیین». هەرچەندە تورکەکان زۆرینەی گەلی تورکیایان پێکدەهێنا، وەلێ تورکیا کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوە بوو. نەتەوەی کورد نوێنەرایەتی یەك لەسەر پێنجی دانیشتوانی تورکیا دەکات. دۆزی لکاندنی کورد بە تورکیاوە، وەك کێشەیەکی نێوخۆیی‌و کۆمەڵایەتی‌و هێمنایەتی وا لەمەتەرێزی تورکیادا. کورد لەباشوری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا زاڵو کاریگەرن، هاوکات کۆمەڵگەیەکی گەورەو زیندووی دانیشتوانی باکوری ئێراقو ئێرانو سوریا پێکدەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینە کوردی

تورکیا لەئێستادا لەدەرەوەی زادگای راستەقینەی خۆیاندا ژیان دەگوزەرێنن. ئەوەیش لەناکامی رەوی بەرێڵاویان لەم چەند دەیەی دوواییدا بەرەو شارە گەورەکانی خۆرئاوای تورکیا. لەراستیدا ئەم ئەزمی ئاڵوگۆڕییە لەدیمۆگرافیای نێوچەکەدا بە هۆی کێشمەکێش‌و بگرەو بەردەی پازدە ساڵی نێوان شۆڕش‌و دژە شۆرش لەنێوچە کوردییەکانی باشووری رۆژهەڵاتدا هاتووەتە ئاراوە. لەپشت شوناسی نەتەوەییەوە، زۆربەی تورکەکان توانییان شوێن پای رەسەنەکانیان لەئاسیای نێوەراست‌و باڵکان‌و رۆژهەڵاتی دەریای نێوەڕاست بدۆزنەوە. هەموو ئەو ئەوین‌و عیشقەی ئەوان کە لەم چەن دەیەی دواییدا هاتووەتە گۆڕێ، رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لەسیاسەتی تورکیاو سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەداو بووەتە کۆمەڵەیەکی فشارلەچیچان‌و بۆسنەو ئازەربایجان‌و رەوشی تورکمان لەئێراق٨. ئایدیۆلۆژیای کەمالیستەکان جودا لەوەی فرە بە توندی دروشمی عەلمانییەتی بەرز راگرتبوو، وەلێ شوێنێکی کەمی بۆ هەموو ئەو شوناسە ئیتنییانە هێشتبوویەوە. لەلای ئەتاتورك بۆشوناسی تورك پرسیارەکە لەسەرشوێن بوو لەجیاتی ئەوەی لەسەر رەگەزو نەژادبێت. تورکەکان ئەوانەی لەچوارچێوەی تورکیادا ژیاندەگوزەرێنن، ئەوان بەتورك نێودەبران، وەلێ جیهانبینی گشتیو باوهێڵی نێوان ناسیۆنالیزمی تورکی‌و شوناسی مەزهەبو رەگەززۆرجار تاریك‌و تار دەبینێت. نێوچەگەرێتی، رەگەز، سیاسەتی مەزهەبیی لەچەند رێگەیەکەوە لەتورکیای هاوچەرخدا کارلێك لەتەك یەکتریدا دەکەن. زیاتر نەریت‌و بەندوباوی ئیسلامی لەنێوچە فەقیرنشین‌ودێهاتییەکانی تورکیادا بەدیدەکرێت بەتایبەتی لەباشورو رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا٩. کۆچ‌و رەوی هاوڵاتییان بەرەو شارەکان، گۆرانکاریهێناوە بەسەرپێکهاتەی شارنشینەکاندا، ئێستەکانێ رێژەیەکی بەرچاوی خەڵکی هەژارو بێ دەرەتان‌و بە باوەڕی سوننەتیی لەنێو شارەکانی خۆرئاوادا داکەوتوون‌و بە رەوشەکە ساچاون. پارتە ئاینییەکان فرەخاس لەنێو کۆچەرانی رووەو

شارەکان لەباشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا ئەرکی خۆیان ئەنجامداوە، بەجۆرێك کە زۆرجار کێبەرکێی پارتە ناسیۆنالیستە کوردییەکان دەکەن.بەدڵنیاییەوە ئەوە فاکتەرێکی سەرەکی سەرکەوتنی پارتی رەفای ئیسلامی بوو لە١٩٩٥دا. ئەودەم پارتەکە ٢١,٥٪ دەنگەکانی بەدەستهێناو پاشان توانی هاوپەیمانییەك دروستبکات، دوواتر جێگرەوەکەی ئەم پارتە پارتی فەزیلەت بوو، لەم ساڵانەی دووایشدا ئەکەپە شوێنی ئەوانی گرتەوە. هاوکات حزبوڵلا لەئێستادا ڕەوتێکی فرە رادیکاڵو توند رەون لەمەیدانی سیاسیی تورکیاداو لەنێو شارنشینەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا شوێن پایان قایمکردووە. ئەم پارتە زۆرجار بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە لەلایەن ئەکەپەوە دەستگرۆیان دەکرێت ولەئەوەدەکانەوە ستراتیژی دژەشۆڕشی پارتی کرێکارانی کوردستان یەکەکە یان لەهەگبەدایە. وەلێ پەکەکەو هەموو بزووتنەوەیەکی جوداخوازی تری کوردیی بە شێوەیەکی گشتی ئاراستەیەکی عەلمانی چەپرەویان هەیە، لەبریی ئەوەی ڕەوتو رێبازی راسترەوی مەزهەبیی هەڵبژێرن. زیادەڕەوی ئایینی هەرگیزلەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردییدا گەرموگوڕو گونجاو نەبووە. لەلایەکی ترەوە، هەرچەندە هەستی پەرێزخستنو نامۆبوون لەنێو زۆرێك لەکورداندا، بەتایبەتی کوردانی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکییەو ئەوانەی لەم دووایپانەدا لەزێدی خۆیان هەڵکەنرابوون بۆ شارەگەورەکانی تورکیا، ژمارەیەکی بەرچاولەکوردانی ناچارکرد وەك ئەلتەرناتیڤێکی سیاسیی رووبکەنە بزووتنەوە ئایینییەکان. لەتەقینەوەکانی نۆڤەمبەری ٢٠٠٣ی شاری ئەستەمبوڵدا، کوردەکان پشکی گەورەیان بەرکەوت لەنێو ئەو کەسانەی کە بەتۆمەتی پشێوی نانەوە لەتورکیادا دەستگیرکران. هەروەها نێوچەگەلێکی دیاریکراو لەکەناری باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا خاوەنی نێوبانگێکە بۆ کۆنخوازیی ئایینی. لەوانە نێوچەی قۆنییە، وەك یەکێك لەنێوەندەکانی رێبازی سۆفیگەرێتیو چالاکییەکانی ئەو رێبازە نموونەیەکی بەرجەستەیە.

> **تورکیا خاوەنی نەریتێکی زەنگینی مەزهەبیی تێکپرژاوو مەنگۆڵو سەیرە، کە درێژبوونەوەی رەفتو رەفتارەکانی پێش ئیسلامە بۆ رەوتی سەرەکیی ئیسلامیی سونیی لە گروپێکی گچکەی کەمینەی مەسیحییە ئەرسەدۆکسەکانەوە. هەروەك چۆن جولەکەکانیش لە تەوەرەی عەلەوییە شیعەکانو پێرو گروپەکانی تردا دەسوڕێنەوە**

### میکانیزمی بەڕێوەبردن لەئیسلامداو ئەزمی مامەڵەی تورکیا:

عەلمانییەت لەتورکیادا وەك ئەوەی لەکۆمەڵگەکانی خوارئاوادا هەیە، تەنها جوداکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت نییە. دەوڵەتی کەمالیی پێداگیر بوو لەسەر چەسپاندنی مۆدیلی عەلمانیی فەرەنسا لەوڵاتداو توانی ئایین لەلایەن دامەزراوە دەوڵەتییەکانەوە کۆنترۆڵبکاتو هەموو مومارەسەیەکی سەردەمی عوسمانییەکان بڕەوێنێتەوە. بەمجۆرە کۆماری تورکیا توراسی چاودێری کردنو رێکخستنی ئایینی هێشتەوە، کە پێشترلەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دامەزرێنرابوو. رێگەی رێکخستنی ئیسلام لەدەستپێکی کۆماری تورکیادا بریتی بوو لەبەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئایینی، ئەم دەزگایە راپۆرت بەرزدەکاتەوە بۆ سەرۆك وەزیرانو بودجەیەکی زەبەلاحی زیاد لەبودجەی تەواوی وەزارەتەکانی تر بۆ تەرخانکرابوو. لەوێدا دەزگای دیانەت رێکخراوێکی جێگرەوەبوو بۆ دەزگای عوسمانیی شێخولئیسلام»ئەم دەزگایە ساڵی ١٩٢٤ وەك دەزگایەکی فەرمیی لەپاش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت دامەزرا، کە تەواوی دەسەڵاتە ئاینییەکان لەژێر رکێفیدا بوون»(وەرگێڕ). وەلێ لەوەدا جیاوازە کە بەڕێوەبردنی ئەوقافی ئایینی جیاکرابوویەوە لەلایەن وەزارەتی کاروباری ئاینییەوە کەدامەزرابوو

لەلایەن هەوەڵین پەرلەمانی کۆمارەوە، ئەم پەرلەمانە بەرپرسیارێتی جیاکردنەوەی رێکخستن و بەڕێوبەرایەتی گشتی لەژێر فەرمانی سەرۆکوەزیراندا ئەنجامدا. ئەوەیش جێگەی بایەخە کە تێبینی ئەوە دەکرێت، دەزگای دیانەت تەنها کاروباری لقی سونی ئیسلامی لەرکێفدایەو ئاین و ئاینزاکانی تر کەلەتورکیادا هەن، لەلایەن ئەم دەزگایەوە ناڕاستە ناکرێن.هەرچەندە عەلمانییەت بەیەك چاو تەماشای هەموو ئاینەکان دەکات، وەلێ دییان و گاورەکان لەلایەن لقێکی تەرخانکراوی میرییەوە هەروەك لقی دییانەت بەڕێوەنەدەبرا. ئەو رێچکانەی دییان و جووەکان لەتورکیادا خود موختارن، وەلێ گەردەن کەچ و گوێبەرداری یاساو رێساکانی تورکییان بەتایبەت ئەو یاسایانەی کە گرێدراون لەکەمینەکانەوە. بەکورتی دییانەت دوو ئەرکی لەئەستۆدایە: بەڕێوەبردنی ٧٧ هەزار مزگەوتی تورکیاو پاراستن و بەرەودان بە مەعریفەی ئایینی و راڤەکردنی زانیارییەکانی ئیسلام بە جوانترین ئەزموونەریت وەك ئەوەی کە دامەزراوەی دییانەت بۆی داناوە. هاوکات دییانەت سەرپەرشتی موفتی و توێژەرە ئاینییەکان دەکات، ئەوانەی کە بیروبۆچونی رێپێدراو دەبەخشن. هەرچەندە دامەزراوە ئاینییەکان ئەودیان بەسەردا نەسەپابوو تا خۆیان لەکاروباری سیاسی تێوەبگلێنن، یاخۆ خۆیان لەقەرەی ئەوبیرو بۆچونانە بدەن کە بەناچاری جێگەی مشتومڕو بگرەوبەردەی بەرچاون، بۆ نموونە بەکارهێنانی حیجابی ئافرەتان یەکێك بوو لەو گرفتە باوانە. بەڵام شوێنی دییانەت ئەوەیە، کە خواستێکی ئایینی هەیە بۆ داواکردن لەژنانی موسڵمان تاخۆیان پۆشتەو پەرداخت بکەن. بەتایبەتی لەبەندایەتییەکانیاندا. لەراستیدا ئەوە ئەولەویەتێکی باڵای لەرەوشی ئەرکە ئاینییەکاندا نییە ١٠. لەهەریەك لە١٨ ویلایەت و ٩٠٠ ناحیەی تورکیادا موفتییەك هەیە، هەموو موفتی و پێشنوێژخوێن و تارپێژەکان کارمەندی میریین. هەموو ئەوانەلەپەیمانگای فێرکردنی ئایینی میرییەوە یا خۆلەو بیست فاکۆڵتییەی ئایین ناسیی و کۆلێژانەی مەعاریفی ئیسلامیی نێو وڵاتەوە فێردەکران. هەموو مانگێك لەسەرئاستی پارێزگاکان تەواوی ئامۆژگارو وتارخوێن و موفتییەکان گرد دەبنەوە تا گفتوگۆو مشتومڕبکەن و ئامادەکاری بۆوتارەکانی رۆژانی هەینیی بکەن، وەلێ بۆ هەرئیمامێکیش هەبوو کە بۆ خۆی وتاری هەینی ئامادە بکات، ئەگەر هاتوو ئارەزووی لێبوایە. لەنێو دەزگای دییانەتدا، ئەنجومەنی باڵای کاروباری ئایینی تەواوی بڕیارە سەرەکییەکان دەردەکات. ئەندامانی ئەنجومەنەکە لەلایەن گروپێك لەشارەزایان و موفتی و سەرۆکەکانی بەشی دیانەت و مامۆستایانی مەعاریفی ئیسلامییەوە دیاریدەکرێن. هەروەها دییانەت بەشدارییەکی نێونەتەوەیی کارای هەیە، کە ئامانج لێی خزمەتکرن و بەدەمەوەچوونی پێداویستییە مەزهەبییەکانی تورکەکانی تاراوگەو تەرای تورکیا بوو. بۆ نموونە لە٢٠٠٧دا ٥٢٨ وتارخوێن لەئەڵمانیاو ٩٠ ی تر لەفەرەنسا هەبوون، هەموو ئەمانە بە پێوەندی لەتەك دەسەڵاتدارانی ئەڵمان و فەرەنسە لەلایەن دەزگای دییانەتەوە دیاریی و ئامادەکران( ئامادەسازییەکە فێرکردن و ئاشنابوونی کلتوروزمانی وڵاتی میوانی لەخۆدەگرت). دەزگای دییانەت بەتێکڕا بۆ ٣٤ وڵاتی سەرتاسەری دونیا لەوانە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو کەنەداو ئوستراليا وتارخوێن و بانگخوازی ئیسلامی دیاریکردو پێگەیاند ١١.

**ئیسلامی میللی و تەسەوف لەئاوێتەبوونی دامەزراوەی میریدا:**

رێبازە سۆفیگەرییەکان وەك بەکتاشی و سەفەوییەکان لەیەك کاتدا رووبەرووی عوسمانییەکان بوونەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسیی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. دوواجار بەکتاشییەکان بوونە رێبازێکی فەرمیی نێو ئینکشارییەکان. هەرچەندە لێکچونییەکی لەتەك رەوتی سوننیی مەزهەبدا هەبوو، وەلێ لەسەر درێژەدان بە باوەڕە پوچ و گومڕاکانی شیعە هەربەردەوامبوو. لەم کەینو بەینەدا رەوتی سونی تەندروستتر وەك تۆڕێکی کۆمەڵایەتی و ئاینیی گرنگ لەتورکیای مۆدێرندا مابوویەوە ،



**نەقشبەندییەکان بەسنگفراوانیو لێبوردەییو نەرمڕەوییان ناسراون. ئەندامەکانیان ژیانیان دابەشکردووە بۆ دوو قۆناغ: تایبەتیو ئایینی**

سەرەرای ئەوەی کە وەك هێزێکی قەدەغەکراوو بندەستکراولەتورکیای کۆماریدا مامەڵەیان لەتەکدا دەکراو بەنهێنی مابوونەوە، کەچی دوو رەوتی مەزنی قادریو نەقشبەندیی وەك دیمەنێکی ئیسلامی فرە چالاكو زیندوو لەتورکیا نومایانبوون. ئەوان لقەکانیان شۆرشببویەوە بۆنێو تۆڕە سیاسییو ئابورییەکان. سەرۆكو سەرۆك وەزیرانی کۆچگردوو تورکوت ئۆزال یەکێك بوو لەرێبەرە سەرخەرەکانی ئەسکەندەر پاشای رێبەری نەقشبەندییەکان بوو لەرێبازە سۆفیگەرییەکەیدا، ئەو گەورە بازرگانە رەسەنەکانی ئەناتۆلیای هاندەدا ئەوانەی بە نێزیکی گرێدرابوون لەتەك ئەوبازنەوبارودۆخەی ئیسلامیی سونییدا١٢. هەرلەپەنجاکانەوە رێبازو رێچکەکان بەشێوەیەکی تۆکمە سەرلەنوێ چالاکییەکانیان زیندوو راگرتووە لەوانە لەهەوڵی بونیادنانەوەی رێبازێکی نوێدان لەچالاکیداو هەندێکیشیان بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ مژوڵی دەستەو پەنجە نەرمکردندان لەتەك سیاسەتدا. دوبارە دەرکەوتنەوەی رێبازە سۆفیگەرییەکان پەیوەستکرا بۆ گۆڕانکاریی لەرێبەرایەتی سیاسیی وڵاتداو دوواجار لەساڵی ١٩٥٠دا بووە هۆی گواستنەوەی دەسەڵات لەپارتی گەلی کۆمارییەوە بۆ پارتێکی دێموکراتی کۆنخوازلەژێرسایەی رێبەرایەتی عەدنان مەندەریسدا. لەسیستەمی سۆفیگەریی تورکیادا. لەراستیدا رێبازی نەقشبەندی زۆرترین پێوەندیی لەتەك رێبەرە سیاسییەکانی تورکدا هەبووە هەر لەتورکوت ئۆزالەوە تاوەکو ئەردۆغان، هەموو ئەوانە بەجۆرێك لەجۆرەکان سەرو سەودایان لەتەك بزووتنەوکەدا هەبووە. لەبەرئەوە لەتورکیادا زیاد لەهێماو ئاماژەیەك بۆ گروپی نەقشبەندییەکان ئامادەیی هەیەو هەریەك لەشێخەکانیشیان رێبەری بێچەندوچونی گروپێکی تایبەتبەخۆیانن. لەسایەی عوسمانییەکانیشدا رێبازە سۆفیگەرییەکانیش چەترێکی رێکخراوەییان هەبوو. لەوێ ئەنجومەنی شورا لەلایەن میرییەوە دەستی بەسەردا گیرابوو. وەلێ ئەم رێکخستنە پێکەوە لەتەك رێبازە ئاینییەکاندا لەلایەن کۆماری نوێی تورکیاوە هەڵوەشێنرایەوە١٣. نەقشبەندییەکان بە سنگفراوانیو لێبوردەییو نەرمڕەوییان ناسراون. ئەندامەکانیان ژیانیان دابەشکردووە بۆ دوو قۆناغ: تایبەتییو ئایینیی. بەمەش بوارێك دەکەنەوە بۆ چێژوەرگرتنو رابواردن لەژیاندا. هەندێك لەئەندامەکانیان بەوە ناسراون کە لەژیانی تایبەتدا لاریان نییە، ئەگەرزیادەرەوی نەکرێ لەخواردنەوەی مادە کحولییەکاندا. بۆنموونە ئۆزال لەیەکێك لەئێوارە خوانە فەرمییەکاندا، کە بە خواردنەوەی کحولی رازابوویەوە، بە ئاشکرا دەیخواردەوە. هەروەها ئەوەیش گوزارشکراوە کە ئەردۆغان لەلایەن دەستەی ئیسماعیل ئاغای نەقشبەندییەوە پێوەندی پێوەکراوە.( دامەرزێنەری مزگەوتێکی گەورەیە لەئەستەمبوڵ، کە بە هەمان نێوی خۆیەوەیەتی) ئەم لقەی ئیسماعیل ئاغا لەوانی ترتوندو پێداگرترە لەبنەما ئاینییەکاندا. وەلێ هەندێك کەسی نێزیك لەئەردۆغانەوە حاشا لەوە دەکەن کە ئەردۆغان بە هەر رێگایەك لکابێت بەو گروپەوە . بە دڵنیاییەوە رێبازیی سۆفیگەریی لەتورکیادا رێگە پێنەدراوە. پێویستە بگوترێت عەبدوڵلا گوڵو وتە پێژی پێشووی پەرلەمان بوڵند ئەریکیش بە هەمان شێوە باکگراوندێکی نەقشبەندییان تێدا ئامادەیی هەیە. رێبازی نەقشبەندی ریشەیەکی لەنێو ئیسلامیی سیاسیی تورکیادا بوو. هەوەڵین پارتە ئیسلامییە سیاسییەکانی تورك. هەردوو پارتی سیستەمی نەتەوەییو پارتی رزگاریی نەتەوەیی نەجمەدین ئەربەکان لەرێگەی هاندانو پشتیوانی شێخ موحەمەد زاهید کۆکتو دامەزران. کۆکتو سەرۆکی رێبازیی خالیدیی نەقشبەندییە، ئەو شوێنی سەرەکی

مزگەوتی ئیسماعیل ئاغایە لەئەستەمبوڵ. پاش مردنی کۆکتو لەساڵی ١٩٨٠ ڕێبازەکەی لەلایەن زاواکەیەوە ئەسەد کۆشان سەرکەوتوو بوو. ئەو لەبەرنامەکەیدا پێداگریکرد لەسەر هێزی ئیسلام وەك فەرهەنگو کلتوور. لەجەختکردنەوە سەر کەلتوری ئیسلام. سیاسەتی ئۆجەلان لەئەربەکان جیاواز دەبێت. بەتێڕوانینی کۆشان ئەربەکان زێدەڕەوییەکی فرەی لەسیاسیکردنی ئاییندا گرتبووە بەر١٤. لەهەشتاکاندا زۆرینەی نەقشبەندییەکان هاتنە نێو ریزەکانی پارتی نیشتیمانی دایك ی ئۆزالەوە. براکەی ئۆزالیش کۆرکوت ئۆزال، ڕێکخراوێکی سیاسی دروستکردبوو، کە هەردوو هێزەئاینییەکانو کۆنخوازەکانی لەدەورو خولی خۆیدا کۆکردبوەوە بەنێوی بونیادی یەکبوون.دوو اتر ئەم پێوەندییانە دەخزێنە نێو بونیادی ئەکەپە وە. هەرلەسەرەتاوە رەجەب تەیب ئەردۆغان لەکۆڕو گردبونەوەکانی شێخ کۆتکو ئامادە دەبوو، کاتێك کە لەمزگەوتی ئەسکەندەر پاشا دەیگرتنو سەرنجەکانی بە داگیرکران بە بازنەوبابەتەکانی کۆتکو جێگرەوەکەی کۆشان. گرنگی سیاسی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان، بەگوێرەی بیرو راکانی شەریف مێردین شۆڕبووەتەوە بۆ نێو پەیوەندییەکان. ڕێبازەکانیش زێدەتر لەسەر بنەمای پارێزگاریکردنو دۆستایەتیو هاورێیەتیو پێوەندیی رۆحیی جێگیربوون نەك لەسەربنەمای کاریگەرییەکی ڕێکخراوەییو دامەزراوەییدا. ئەوان بانگەشەی ئەوە ناکەن چی دەکەنو چی ناکەن. بەڵکو ئەرك و ئەدای ئەوان هەستی پێدەکرێت١٥.

جوڵانەوە ئیسلامییەکان:

ئازادیی سیاسیو ئابووری لەدەوڵەتدارییەکەی ئۆزالدا ڕێگەی خۆشکرد بۆ گەشەی بازاڕی ئایینی لەتورکیا. ڕێبازی نەقشبەندیی بزووتنەوەی فەتحوڵلا گولنو بزووتنەوەی جیهانبینییە سیاسیو نەتەوەییەکانی نەجمەدین ئەربەکان لەکێبرکێوبگرەوبەردەدا بوو بۆدۆزینەوەی رۆڵی واتاودروستیی ئیسلام لەکۆمەڵگەی تورکیادا. بزووتنەوەی گولەنیەکان ریشەو رابردوویان دەگەرایەوە بۆ نێو بزووتنەوەی نەورەسییەکانی سەعیدی نەوڕەسی(١٨٧٣-١٩٦٠). پەیامەکانی نوور و راڤەیەکی ٦٠٠٠ پەڕەیی لەسەر قورئانی پیرۆزلەبەرهەمەکانی نووسەروەك باشترین نوسین نێویاندەرکردو ناسێنران. ئەو دەیوت:»جیهادی شمشێر کۆتایهاتووەو ئەورۆکە سەردەمی جیهادی وشەیە». پاساوی تێکڕای هەوڵوهیواکانی ئەوەی دەگەیاند سازانێك لەنێوان زانستو لۆژیکدا لەتەك ئیسلام گەڵاڵە بکات١٦. نەورەسی بەرگری لەمافی ئەرمەنیو یۆنانییەکانی تورکیاش دەکردو سۆراغی ڕێبەرە مەسیحییەکانی کردبوو. نەورەسی لە١٩٥٠دا پوختەی کارەکانی نارد بۆ پاپا بیوسی دوازدەهەمو پاپاش سوپازگوزاریو نامەی تایبەتی خۆی بۆ ناردەوە. بە هەمان شێوە لە١٩٥٣دا لەشاری ئەستەمبوڵ سەری دا لەقەشەی نێوداری جیهان ئەسینا غوراس تا بەڵکو میکانیزمێك بۆ هەماهەنگی دوولایەنەی مەسیحیو موسڵمانەکان بدۆزێتەوە لەدژی بێباوەڕیو کافرسانی١٧. فەتحولڵا گولەنییەکانیش دووبارە داهێنانێکی تری بزوتنەوەی نوریان لەکۆمەڵگەی تورکییدا هێنایە نێو ناوان بە نێونیشانی ئیسلامی تورکیی. فەتحولڵاگولەن پێداگری نەورەسییەکان لەسەر گۆڕینی تاکی جێهێشت و تەرکیزی کرد لەسەر ژینگەی گشتیو گۆرینی ئیسلام بۆ نێو تۆڕە ئیسلامییەکانو سەرمایەداریی کۆمەڵایەتی١٨.. بزووتنەوەی گولەنییەکان فرە چالاکە بۆهاندانی هماهەنگیو هاوکارییو هارمۆنی لە نێو ئیسلامو مەسیحییەتو جولەکەکاندا. ئەو هەوڵی دەدا بۆ دەستەبەرکردنی هامکاری مادیی لەدەرێ تا بتوانێت گفتوگۆی نێوان ئاینەکان بەرگوزاربکات١٩. پێگە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکە پڕوپاگەندە بۆ جیهانبینیو ڕوانینە ئیسلامییەکانی فەتحولڵا گولەن دەکات. ئەوپێگانە هەموو ئەمانە دەگرێتەوە زانکۆی فاتیح لەئەستەمبوڵو تۆڕێکی بەرفراوان لەخوێندنگەکانو خەستەخانەو دامەزراوە خەیرییەکانو دامودەزگاکانی راگەیاندن لەوانە

رۆژنامەی زەمان بە فراوانترین تیراژەوە، وێزگەو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی کەهکەشان(سامانیۆلو)و مەهتاب. هەروەها کەناڵی ئاسمانی ئیبرو بەزمانی ئینگلیزی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. هەروەها بزووتنەوەکە خاوەنی تۆڕێکی جیهانیی هەواڵە بەنێوی ئاژانسی هەواڵی جیهانی وەك رۆژنامەی زەمانی ئەمرۆ بەزمانی ئینگلیزیو گۆڤارێکی هەفتانەی هەواڵی بەنێوی پێشکەوتن(ئەکسیۆن) هاوکات دامەزراوەیەکی دارایی ئیسلامیو لەگەڵ بانکی ئاسیا کە بەفەرمی پێی دەوترێت کاروباری دارایی ئاسیا. هەروەها بزووتنەوەکە خاوەنی کۆمپانیایەکی دڵنیایی، تیشکی دڵنیایی (ئاسیا) یە کە کۆمپانیایەکی تورکییەو تەرخانکاوە بۆ کیشوەری ئاسیا، کۆمپانیاکە لەگەڵ ئامادەبوونی بەرینی بزووتنەوەی گولەنییەکان دەنگدانەوەیەکی ئێجگار مەزنی هەیە. دامەزراوەی نوسەرانو رۆژنامەنووسانی جی وای ڤی پەیوەندیی تۆکمەیان لەگەڵ بزووتنەوەکە هەبوو، کە یارمەتی دارایی چەند پلاتفۆرمێکیانکرد بۆ دیالۆگ لەوانە پلاتفۆرمی ئەبانت کە بەناوی شوێنەکەیەوە لەخۆرئاوای تورکیا ناسرابوو هەرلەوێشدا کۆنفرانسەکان دەبەسترێن، ئەم پلاتفۆرمانە هەوڵێکی سەرکەوتوون بۆکۆکردنەوەی توێژەرو رۆشنبیران تا لەوێدا گفتوگۆ لەبارەی گرفتە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان بکەن. هەروەها پلاتفۆرمی دیالۆگی ئەوروپا-ئاسیا یش هەریەك لەنوێنەرانی ١٢ وڵاتی ئاسیاو یەکێتی سۆڤییەتی پێشووی لەخۆدەگرێت، هاوکات پلاتفۆرمی دیالۆگی نێوان فەرهەنگەکان میتینگەکانی ئیبراهیمی لەوڵاتانی تورکیا، یەکێتی روسیا، ئەڵمانیا، جۆرجیاو سوید رێکخستووە٢٠. هەروەها جی وای ڤیش پرۆژەیەکی بەرفراوانی چاپو بڵاوکردنەوە بەرێوەدەبات کە تێیدا تەواوی پەرتوكو نووسینی گولەنییەکانو نوسەرانی تری تورك لەسەر بابەتە کۆمەڵایەتیو مێژووییەکان وەشاندەکات. هاوکات وەرزە گۆڤاری (دا) بە زمانەکانی روسیو تورکیی لەئەستەمبوڵو مۆسکۆو ئەڵمانی چاپدەکرد.

بەگوێرەی بۆچونی بەرپرسانی جی وای ڤی، پێداگریی بزووتنەوەی گولەنییەکان لەسەر ئۆراسیا لەرێگەی پێوەندییە کلتوریيو مێژووییەکانی خەڵکی قسەکەری تورك لەیەکێتی روسیاو کۆمارەکانی ئاسیای ناوەراست راڤەو روونەکرێتەوە٢١. هەر لەو کیشوەرانەدا تەڤگەری گولەنییەکان ژمارەیەکی بەرفراوان خوێندنگەی دامەزراندووە. دیارە کە ئەوەیش رەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی پیاوانی کارو بازرگانەکانە کە پەیوەندییان هەیە کە پەیوەستن بە بزووتنەوەکەوە٢٢. هەروەها بزووتنەوەی گولەن وەك تۆڕێکی نێونەتەوەیی فرە کاریگەر لەپشت کیشوەرەکانی ئۆراسیاوەو لەگەڵ پەیرەوانێکی زۆریی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەشەی کردووە(دامەزرێنەری بزووتنەوەکە لەوێ دەژی). بنکەی مونتەدای رۆمیی لەواشینتۆن هەموو ساڵێك چەند گەشتێکی زانستیی بۆ قوتابیانی دانیشتووی ئەمەریکا رێکدەخات بۆ تورکیا بە ئامانجی ئەوەی بە فەرهەنگی تورکیو کاریی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی گولەن لەتورکیا ئاشنایانبکەن٢٣. رێکخراوە ئەمەریکی- تورکییەکانی لەکارکردن لەوەزارەتی دەرەوەی تورکیادا تێبینی ئەوە دەکەن کە عەلمانییە تورکان پەراگەندەنورێك نەخراونو پارچەپارچەو ناکاریگەرن، دیارە ئەمەیش بە بەراورد لەگەڵ بزووتنەوەی ئاینیی لەتورکیادا. سەبارەت بە داهاتی بزووتنەوەی بەرفراوانی گولەنییەکان لەناوخۆو دەرێ، سەرەرای ئەوداهاتەی لەمیدیاو بڵاوکراوەو دەزگا خێرییەکانەوە دەستەبەردەبێت بزووتنەوەکە پشت دەبەستێت بەو پوڵو پارە بەخشراوەی کە لەلایەن هەوادارانییەوە پێی دەبەخشرێت، لەنێو ئەوانەدا بازرگانو سەرمایەدارە گەورەکانی تورك شوێنپەنجەیان کاریگەرە. بۆنموونە یەکێك لەبەخشەرەکانی بزووتنەوەی گولەن بریتییە لەخاوەنی ئولکەر کە گەورەترین کۆمپانیایە لە کەرتەکانی بواری خواردەمەنییدا. هەروەها خاوەندارییەتی رۆژنامەی زەمان دەگەرێتەوە بۆ عەلی ئەکبولووت، کە بەرهەمهێنەری بەنێوبانگی

پیشەسازی درومانو چنینە. بەگوێرەی زانیارییەکانی بەرپرسانی جی وای ڤی کۆمپانیاکانی چاپو بڵاوکردنەوەیان ئەوسەرمایەگوزارییەی کە بەدەستی دەهێنێت لەپشگیریو پشتیوانیی دیالۆگو وتووێژ لەلایەن بزووتنەوەکەوە٢٤. وەلێ بزووتنەوەکە لەلایەن سیکۆلاریستەکانەوە زۆر بەبەدگومانی تەماشادەکرێتوپێیان وایە ئەجێندایەکی ئیسلامی بزووتنەوەکە ئاراستە دەکات. هەروەك چۆن بەهەمان شێوە دەروانە کارو چالاکییەکانی ئەکەپە. بەگوێرەی هەندێك لەشیکەرەوەکانی تورك، بەشێکی گرنگی جەماوەری پەکەکە پێکهاتوون لەهەوادارو لایەنگرانی بزووتنەوەی گولەنییەکان٢٥. لەساڵانی هەشتاکاندا، پەیڕەوانی گولەن پشتگیریی تورکوت ئۆزالیانکرد، وەلێ بزاڤەکە بەهیچ شێوەیەك پشتیوانی ئەربەکانیان نەدەکرد. پاش ٢٨ی مانگی دووی ١٩٩٧ لەئاکامی کۆدەتایەکی بێ دەنگدا نەجمەدین ئەربەکان لەپۆستەکەی دوورخرایەوە، لەوکاتەدا بزووتنەوەکە لەرێگەی ئێس تی ڤیورۆژنامەی زەمانەوە پشتیوانی خۆی بۆ بزووتنەوەیەکی ریخۆرمخواز دەربڕی کە دوواجاربوبەهۆی دامەزراندنی ئەکەپە لەگۆڕەپانی سیاسییدا٢٦. گولەن ساڵی ١٩٩٩ وڵاتی بەرەو ئەمریکا بەجێهێشت، ئەمەیش پاش ئەوە هات کە پەنجەی تۆمەتی بۆ درێژکرا بە تاوانی هەوڵدان بۆ سەروژێر کردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی عەلمانی لەتورکیا. وەلێ پاش ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٦دا لەو تۆمەتانە قوتاری بوو، بڕیاریدا هەر لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەرکابمێنێتەوە، چونکە گەڕانەوە بۆ وڵات دەکرا ببێتە گرفتێکی سیاسیی بۆوڵات٢٧.

کاسێتێکی ڤیدیۆیی کرابووە رەخنەو بەڵگە بۆ نیازو نییەتی گولەن، کە تێیدا ئاماژەی بە رووخاندنی دەسەڵاتی سیکۆلاریی دەکات لەتورکیادا. هەرلەو کاسێتە ڤیدیۆییەدا. ئەوە رووندەبێتەوە کە گولەن بە شێوەیەکی نەرمونیانوکاوەخۆکاری بەرژەوەند ئامێز دەکات تا رەخسانی دەرفەتێك بۆئەوەی سیستەمی عەلمانییەت کۆتاپێبهێنێت٢٨. پەیڕەوانی گولەن دەڵێن ، مەبەستی رێبەرەکەیان بۆ ئەوە بووە کە ئامۆژگاریان بکات تا خۆیان نەخەنە بەردەم تەوژمی دەمارگیریی زەمینەیەکی رەخساو بۆ سەرزەنشتی ئاینی. زاناکان، لەوانە ئیحسان داغی باوەڕی وایە کە بزووتنەوەکە هیچ ئەجێندایەکی ئیسلامی لەهەگبەیدا نییە. هەواداران گولەن سەرنجیان رادەکێشرێت، ئەو دەڵێ دەمانەوێ پلورالیزمو مۆدێلی سنگفراوانیو یەکتر پەسەندکردنی سەردەمی عوسمانییەکان بگوازینەوە بۆ ئێستا. لەم زەمینەیەدا، هەروەها دەڵێ: بزووتنەوەکە خاڵی هاوبەشی بەرژەوەندییەکانی لەتەك ئەکەپە دا هەیە، کە هەوڵێکە بۆ جێگە گرتنەوەی ئەو مۆدێلەی کەمالیزم کە سازش لەسەرعەلمانییەت ناکاتووهەوڵێکیشەتاهامپەیوەستەگییەکی زێدەتر بداتە زەمینەی ئایین لەتورکیا. وەلێ بە هیچ نەزمێك نایهەوێ دەوڵەتێکی ئایینی دابمەزرێنێتو ئەم خواستەیش بێ پێچو پەنا دەداتە دوواوە٢٩.



**نەورەسی بەرگری لە مافی ئەرمەنیو یۆنانییەکانی تورکیاش دەکردو سۆراغی رێبەرە مەسیحییەکانی کردبوو**

**ناوەندەئاینییەکان:**

هەرلەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانییەوە، تورکیا نەریتی دامەزراوە ئیسلامییەکانی هەبووە. ئەم دامەزراوانە بەردەوام بەشێکی سیماو ستراکتۆری تورکیین لەنێو هەردوو شارستانو کارگوزاریی هەرێمەکاندا ، دیارە ئەوانە زۆرگرنگن



**هەواداران گولەن سەرنجیان رادەکێشرێت، ئەو دەڵێ دەمانەوەێ پلورالیزمو مۆدێلی سنگفراوانیو یەکتر پەسەندکردنی سەردەمی عوسمانییەکان بگوازینەوە بۆ ئێستا**

بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە توانای خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دەوڵەتەکەیان سنوردارکراوەو ناکاریگەرە لەدابینکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیی بۆ کۆچەرەنوێیەکانی ژینگەی شارنشینەکانی. هەربۆیە دەبینین لەم بوارەدا پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان لەپارتی رەفای ئیسلامییەوە بۆ پارتی سەعادەتو لەسەروی هەموشیانەوە پارتی ئەکەپە بەتایبەتی لەم بوارانەدا چالاكو چاپوکن. لەهەستێکی زۆر راستو دروستدا، هەموو ئەوچالاکیبانەی بواری خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بوونەتە بنەمایەك بۆ سەرکەوتنی پارتەکان لەسەر ئاستەکانی نەتەوەییو نیشتمانییدا. هەر وەك چۆن ئەکەپەش زۆر بەتۆکمەیی ئامبازی سیاسەتو کۆمەڵگە بووە. هەروەها ئەکەپە زۆر بەتوانا بووە لەکۆکردنەوەو باڵابردنی سەرمایەگوزاری خێرخوازییدا لەلایەن هاو بیرو رێبازەکانییەوە( هەندێك لەبەخشندەکانی بواری خێرخوازیی ئەکەپە، هاو بیری پارتەکەنیین.

**ئیسلام لەخوێندنو پەروەردەی تورکیا دا:**

بڵاوبوونەوەو زیادبوونی خوێندنگە ئاینییەکان بە گەرمو گوری بە تامەزرۆییەوە لەسەردەمی ئۆزالدا لەکەفوکوڵدا بوون.

دیارە خوێندنگەکانی ئیمامو خەتیب هەر لەپەنجاکانەوە وەك خوێندنگە گەلێکی پیشەیی بۆ پێگەیاندنی کەسانی بە بەهرەو بەهێز دامەرزێنرابوون . لەپێرەو پرۆگرامەکەیاندا بابەتەکانی پەیوەست بە عەلمانییەت لەتەك کۆرسەکانی بواری مەزهەبوو ئایین پەیوەستکرابوون. ئەو خوێندنگایانە بە ئەندازەیەکی ئێجگار زۆر بگرەو بەردەو لێکسوربوونەوەی لەگەڵ خۆی بەرهەمهێنا. کە وادیاربوو بە کۆتایی حکومەتەکەی پارتی رەفا هەموو ئەو خوێندنگایانە جێگیرکرانو لەچوارچێوەیەکی رێکوپێکدا رۆڵیان دیارو رێکخرا. وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا ئاریشەی ئەو خوێندنگە ئاینییانەی ئیمام خەتیب هەر بەردەوامە. حکومەتی ئەکەپە لەدانانی دەرچوانی ئەو خوێندنگایانەدایە لەبەشەکانی حکومەتو ئەو کۆمپانیاو پرۆژانەی کە خاوەندارییەتییان بۆ دەوڵەتە لەهەموو ئاستەکانی بەرپرسیارییەتییدا دایاندەمەزرێنێت. شانبەشان لەگەڵ بڕیاری حکومەت لەبەهاری ٢٠٠٤ بۆئەوەی پرۆژەیاسایەك بخاتەرووکە ئامانج لێی ئەوەبوو تا بوارێکی فراوانتربداتە دەرچووانی خوێندنگەکان و دەرفەتی چونەزانکۆو شارەزابوونی زێدەتریان بۆ فەراهەبێت. ئەم بڕیارە لەنێوەندی سیکۆلارەکاندا دەنگدانەوەیەکی نارەزایی توندی بەدوێخۆیدا هێنا. بەهەمان شێوە تورکەکان ئاگاداری هەردوو لایەنی ململانێکەن. دەسپێکی ئاماژەی پێشکەوتنخوازی هەڵسوڕاوانی ئەکەپە لەناو ئەوانیشدا دەرچوانی خوێندنگەئاینییەکان لەنێو دامەزراوە حکومییەکاندا بەدرێژایی قۆناغەکان توانییان گۆرانکاری لەباڵانسی عەلمانییەتو مەزهەبخوازیی تورکیادا ئەنجامبدەن.

**پەراوێزەکان:**

١. سیستەمی هەڵبژاردنی تورکیا بۆ نوێنەرایەتی کردنی هەر پارتێکی سیاسی لەپەرلەمان ٪١٠ی کورسییەکانی

دیاریکردووە، کە لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٢دا تەنها ئەکەپەو پارتی گەلی کۆماری توانییان ئەو ردوایەتییە بەدەستبهێنن لەپەرلەماندا.

2. İhsan Dağı, "Turkish Politics at the Crossroads," presentation at the German Marshall

Fund of the United States conference, Washington, D.C., February 8, 2007.

3. See Ian O. Lesser, "Turkey: 'Recessed Islamic Politics and Convergence with the West," in Rabasa et al., The Muslim World After 9/11, Santa Monica, CA: RAND Corporation, MG-246-AF, 2004.

4. Şerif Mardin, "Turkish Islamic Exceptionalism Yesterday and Today," Journal of International Affairs, Vol. 54, No. 1, Fall 2000, pp. 146–147.

5. Dağı, op. cit. 1. This chapter builds on Ian O. Lesser, "Turkey: 'Recessed Islamic Politics and Convergence with the West," op. cit. 2 . See Bernard Lewis, The Emergence of Modern Turkey, London: Oxford University Press, 1975; and Lord Kinross, The Ottoman Centuries: The Rise and Fall of the Turkish Empire, New York: Morrow Quill, 1977. 3. Doğu Ergil, Secularism in Turkey: Past and Present, Ankara: Turkish Foreign Policy Institute, 1995, pp. 4–5. Others have suggested that the effective embodiment of the religious establishments role in the state was the office of Şeyhülislam, or chief mufti. See Binnaz Toprak, Islam and Political Development in Turkey, Leiden, The Netherlands: E. J. Brill, 1981, pp. 30–43.

4 Ergil, op. cit., p. 5. 5 See comments by Soner Cagaptay and others, cited in Jean-Christophe Peuch, "Turkey: What Remains of Political Islam?" Radio Free Europe/Radio Liberty, at www.Rferl.org/features/2003/01/10012003163109.asp (as of March 21, 2008).

6. http://www.tbmm.gov.tr/tarihce/kb2.htm (as of March 21, 2008).

7. "Turkiyeye daha buyuk kotuluk yapılamazdı," Vatan, January 20, 2007.

8. "Hepimiz Ermeniyiz," Hurriyet, January 20, 2007.

9. Private View (Istanbul), Vol. 1, No. 1, Winter 1996, pp. 50–54.

10. That has to be the Diyanets position, since the Quran does instruct women to cover and mentions the headscarf in Nur 24:31.

11. Interview with Sabit Şimşek, Ankara, June 2007.

12. M. Hakan Yavuz and John L. Esposito, Turkish Islam and the Secular State: The Gulen Movement, Syracuse, NY: Syracuse University Press, 2003, p. xxvi.

13. Interview with Suleyman Derin, Istanbul, June 2007.

14. Şerif Mardin, "Turkish Islamic Exceptionalism Yesterday and Today," Journal of International Affairs, Vol. 54, No. 1, Fall 2000, pp. 158–159 See also "Biography of Prof. Dr. Mahmud Esad Coşan," at http://gumushkhanawidargah.8m.com/friday/mec.html (as of March 21, 2008).

15. Ibid.; interview with Şerif Mardin, Istanbul, June 2007.

16. Yavuz and Esposito, op. cit., pp. xxvi–xxvii.

17. http://www.blackwell-synergy.com/doi/pdf/10.1111/j.1478-1913.1999.tb02751.x (as of March 21, 2008).

18. Yavuz and Esposito, op. cit., p. 19.

19. The movement sponsored the performance of the traditional Mevlevi Sufi ritual by the Whirling Dervishes at the Washington Hebrew Congregation in June 2006, a remarkable presentation of an Islamic ritual in a Jewish religious setting.

20. The Abant Platform has held international conferences in Washington, D.C., in collaboration with The Johns Hopkins University School of Advanced International Studies (SAIS); in Brussels, with the Catholic University of Louvain; in Paris, with UNESCO and the Sorbonne; and in Cairo, with the Al-Ahram Strategic Center.

21. Interview with Cemal Uşak, Vice President, GYV, Istanbul, June 2005.

22. More than 200 businessmen in Kazakhstan alone, according to Uşak.

23. See the Rumi Forum web site, www.rumiforum.org.

24. Interview with Cemal Uşak, Istanbul, June 2005.

25. Interview with a well-informed Turkish journalist, Ankara, June 2007.

authors discussion in Istanbul, June 2007

26. The speeches (in Turkish) appear to have been made in the mid-1990s. The tapes are available on the Internet at http://www.youtube.com/watch?v=oNi3Z3qZ7Z4; http://www.

youtube.com/watch?v=4tbnGnzdmgU; http://www.youtube.com/watch?v=SRAyGkE1q50 (as of March 21, 2008).

27 Ihsan Daği, "Turkish Politics at the Crossroads," presentation, February 8, 2007.



# سەدەی بیستەم
# سەدەی کوشتاری کوردو ئەمازیغ

## توێژینەوەیەکی زانستی و شیکارییە



د. سەلام عەبدولکەریم. راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

ئەمازیغەکان لەچەند وڵاتێکی باکوری ئەفریقادا نیشتەجێن. لەوانە : مەغریب، جەزائر، تونس، لیبیان موریتانیا، هەرێمەکانی تەواریق لەنەیجیریا، مالی، بورکینافاسو. هەروەها زمانەکەیشیان بریتییە لەزمانی: ئەمازیغی، دارجە، حسانیە. لەرووی ئاینیشەوە سەربە ئاینەکانی ئیسلام و مەسیحی و جوون. مەزهەبەکانیشیان بریتین لە: شیعە - سونە، ئەبازی، پرۆتستانت، کاسۆلیك. لەرووی هۆزایەتیشەوە لەچەندین هۆز خۆیان دەبیننەوە کە بریتین لە: ریفی، زناتی، زیانی، دکالی، سوسی، جەبەلی، سنهاجی، مەسمودی، تەوارقی، رەتیبی. ئەمازیغەکان بە هۆی سیاسەتی بندەستکردنی ئەو وڵاتانەی کە هەڵگری رەگەزنامەن تێیدا بەشێکیان دەربازی هەندەران بوون و زیاتر لەئەوروپاو ئەمریکاو ئەمریکای لاتیندا دەژین. ئەمازیغەکان بە گوێرەی کۆی سەرژمێریەکان لەتێکرای ئەو وڵاتانەدا کە تێیدا دەژین رێژەیان بە ٢٠,٨٤٥,٠٠٠ ئەمازیغی دەخەمڵێنن. ئەوان بەم جۆرە دابەشبوون: جەزائیریشدا ٢٠٪ی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەن، لەنەیجیریا ١٠٪، لەمالی ٣٪، لەبورکینافاسو ١٪،

لەتونسدا ١٠٠ هەزارولەمیسردا ٢٠ هەزارکەس دەبن. وڵاتانی عەرەبی لەباکوری ئەفریقا لەدوو قۆناغی دیاریکراو لەهەمبەر ئەم گروپە ئیتنییە مامەڵەی ستەمکارانەو مرۆڤی پلەدویان بەکارهانیوە. لەقۆناغێکدا کە بۆخۆیان بندەست بوون ولەقۆناغی رزگاریخوازیدا بوون، لەرووی کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی وبەکارهێنانی توانی ئەمازیغەکانەوە بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکانیان و رزگاربونیان لەچنگی ئیمپریالیزم هەوڵیانداوە ئەمازیغ پاکتاو بکەن. لەقۆناغی دووەمدا کە قۆناغی پاش سەربەخۆبوونی وڵاتە عەرەبیەکانی باکوری ئەفریقایە، دیسانەوە سیاسەتی نکولیکردن لەنەتەوەی ئەمازیغ بە جۆرێك شکایەوە کە ئەو نەتەوەیە بەتەواوی لەهەموو رەهەندەکانی جینۆسایدەوە لەنێوبەرن. ئەمازیغەکان بەدرێژایی سەدەی بیستەم ناسنامەیەکی بێ لەناسنامەی خۆیان بەسەردا سەپاوەو پاکتاویناسنامەیان کراوە، رۆشنبیریان زەوتکراوەولەزێدی خۆیان هەڵکەنراون، زمانی دایکیان زەوتکراوەوبە زمانێك دەیاندوێنن کە لێی تێناگەن، یاسایەکیان دەرهەق جێبەجێدەکرێت کە لەدەرەوەی یاسایە وهەموو خواستێکی عروبەیان بە شمشێرو بە چەك بەسەردا سەپاوە. لەتێکرای ئەو وڵاتە عەرەبیانەی کە تێیدا دەژین لەو سەد ساڵەدا رووبەرووی کوشتن وسزادان وزیندانی نهێنی ورفاندن وهەرەشە بوونەتەوە. ئەودیش بە گوێرەی هەمویاسا هاوچەرخەکان داگیرکاری و پاکتاو و جینۆسایدی ئەو نەتەودیە. ئەوان نەیانتوانیوە لەبەرگریی چەکدارانەدا سەرکەوتوو بن. بۆیە خەباتی مەدەنی و سیاسی وڕێکخراوەیی و رۆشنبیریان بەردەوام بووە، خەباتیانکردووە لەو وڵاتانەدا کە بروایان بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ وئازادی نییە. بۆیە پرسی ئەمازیغ لەسەدەی بیستدا پرسێکی پەراوێزخراو، پرسێکی سەرکوتکراووبەعەرەبکراوولەگۆڕنراوبووەو خۆی لەسڕینەوەی ناسنامەیاندا بینیوەتەوە.

لەمەغریبدا لەوکاتەوەی لەسەدەکانی ناوەراستدا دەوڵەتی ئەداریسەی عەلەوی ٨٠٠ز دروستدەبێت، ئیسلام وەکو بیرۆکەی عروبە لەتمەیەکی گەورە لەناسنامەی ئەمازیغ دەدات. ئەوان پێیان وابوو ئەوەی عەرەب نەبێت موسڵمان نییە. لەوکاتەوە ناوی ئەمازیغی قەدەغە کرا تاوەکو دەستپێکی سەدەی بیست ویەکەم. ناوی شارەکان گۆڕاو سرانەوە. لەسەدەی بیستدا تێکڕای خۆپیشاندانی ئەمازیغیەکان سەرکوتکراون بەتایبەت لە:ئەمیزر، جەبەل عەوام، ئەفنی، بەنی بوعیاش، ئەوان بێ دادگا دەستگیرکراوەکانیان کوژراون، چالاکوانەکانیان دورخراونەتەوەو دەست بەسەر موڵکو ماڵیان گیراوە.

دەستپێکی جینۆسایدی ئەمازیغەکانی مەغریب لەکۆمارە ساواکەیانەوە روویدا لەکۆماری ریف کە لەساڵی ١٩٢١ دامەزرا. کۆماری ریف دەکەوێتە باکوری مەغریب لەسەرلێواری دەریای سپی ناوەڕاست. شاری ئەجدیرپایتەختی بوو، لەلایەن موحەمەد عەبدولکەریم خەتابی دامەزرا. ئەم کۆمارە ئەمازیغییە بەهاوپەیمانی داگیرکەری عەرەب و ئیسپانی و فەرەنسی جینۆسایدی دەرهەق کرا. وڵاتانی گەورەو کۆمەڵی نێونەتەوەیی ئەوکات دانیان نا بە جینۆسایدی ئەوگەلەدا. ئەوان بۆ سەرکوتی ئەو کۆمارە چەکی کیمیایی قەدەغەیان بەکارهێنا. پاش ئەوەی داگیرکاری ئیسپانی لە١٩٢١ لەجەنگی ئەنوال شکا، ئیدی چەکی کۆکژی دەرهەقیان بەکار هێنا. دواتریش بە بەربڵاوی لە١٩٢٣-١٩٢٧ بە چڕی بۆردومانی ناوچەکە کرا وفرۆکەکان بۆمبی کیمیاییان بەردەدایەوە کە مادەکانی (کلۆر کرین، فوسجین، لابری، دفوسجین)یان تێدابوو. لەگەڵ ئەوەیشدا رێیان لەرێکخراوەکان وخاچی سور دەگرت کەبەهانای خەڵکەکەوە بچن. لەمیانی کیمیابارانی کۆماری ریف، رێکەوتنی جنێف لە١٩٢٥ هۆشداریی دایە بەکارهێنانی ئەوچەکە، بەڵام هیچ سزایەکی ئیسپانیاو کۆمپانیا فەرەنسی و ئەڵمانییەکانی بەرهەمهێنەری چەکەکەیان نەدا. لەو جینۆسایدەدا ٤٠٠ تەن مەوادی کیمیایی ودەهەزاربۆمب بەکارهێنران. قۆناغی دووەمی جینۆسایدی ئەمازیغ لەلایەن رژێمی عەرەبی مەغریبییەوە بوو لەپاش سەربەخۆبونیان. لەساڵی

١٩٥٨ و ١٩٥٩ دا لەسەردەمی مەلیك حەسەن دیسانەوە دژی ریفی ئەمازیغی چەکی کیمیایی بەکار هات و هیچ لێپێچینەوەیشی دەرهەق نەکرا. تەنانەت تاوەکو ئێستەیش ٨٠٪ی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە بە گوێرەی دامەزراوەی تەندروستی عەلەوی لەناوچەکانی مروك ریفی ئەمازیغدا بەکاریگەریی ئەو چەکە کیمیاییەیە کە نەك مرۆڤ بەڵکو ئاژەڵو ژینگەیشی لەنێو برد. هەروەها لەئنفکون ئەیت عەبدی ئوزغمیت کارەساتی مرۆیی دەرهەقیان ئەنجامدراوە.بە دەیان منداڵیان بە کۆمەڵ زینە بە گۆڕکردووە. موحەمەدی شەشەم بەردەوام سوکایەتی بە ئەمازیغ کردووە و بە ئاشکراو بێ پەردە بە پێپەتی و بێ فەرهەنگ ناوی بردوون. لەسەردەمی حەسەنی دووەمدا کوشتارگەی فراوان دژ بە ئەمازیغەکان ئەنجامدراوە. لەمەغریبدا ئەمازیغییەکان پێکهاتەیەکی سیاسی و زمانەوانی و ئیتنین. ئەوان ٦٠٪ خەڵکی مەغریب پێکدەهێنن و لەکۆی ٣٠ ملیۆن ڕێژەیان ١٩ ملیۆنە. لەساڵی ١٩٤٢ یەکەم ڕێکخراوی سیاسیان دامەزراند بەناوی «جمعیە قدماو پانویە أزرو». ئەوان خودانی خاکی مەغریبن، بەڵام لەئێستادا عەرەب پاکتاوی کردوون وڕێژەیان ٢٦٪ی مەغریب دەبێت. ئەو ڕێکخراوە بووە مایەی ململانێی توند لەگەڵ عەرەبەکان.چوون کاری دەکرد بۆ پاراستنی ناسنامەی ئەمازیغ. لەساڵی ١٩٥٨ جوڵانەوەی جەماوەریان پێکهێنا. لەحەفتاکاندا ئەمازیغەکان بەمەترسی دەزانرانن هەر چالاکییەك هەر ئاخاوتنێك هەر جوڵانەوەیەك هەر هونەرێکی ئەمازیغی بە یاسا سەرکوتدەکرا.

کاردانەوەی ئەمازیغەکان توندتربوو، لەنەوەدەکاندا ١٢٢ کۆمەڵەی ئەمازیغی لەژێر ناوی جیاجیادا لەمەغریب هەبوون، لە١٩٩١ دا شەش کۆمەڵە بەڵێننامەی ئەغادیریان واژۆکرد کە خواستی جوڵانەوەی ئەمازیغی لەخۆگرتبوو، کە داوایانکرد لەدەستوردا بناسرێن.

لە١٩٩٤ دا پاشای مەغریب حەسەنی دووەم ناچارکرا زیندانییەکان ئازاد بکرێن و زمانی ئەمازیغی بەسنورداری بخرێتە بەرنامەی خوێندنەوە. لە١٩٩٩ داحکومەتی سۆسیالیستی عەبدورەحمان یوسفی بڕیاریدا لەمەغریبدا فرەیی ئیتنی هەیە. تا ئەوکات واتە بە درێژایی سەدەی بیستەم بەبەرنامە کارکراوە کە ئەمازیغەکان نەتەوە نین و زمانیان قەدەغە بووە. لەدوای دروستبوونی کێشەی ئیسرائیل و عەرەبەین هەمیشە ئەمازیغییەکان وتەواوی جوڵانەوەکانیان بە پاساوی بوونی پەیوەندی سیاسەتی ئەمازیغییەکان لەگەڵ ئیسرائیل سەرکوتکراون. ئەم پرسە بۆ نەتەوەی کوردیش دروستە. بۆنموونە نەوەی نوێی چالاکی حەفتاکان لەمەغریب کە ئەمازیغبوون بە تۆمەتی بوونی پەیوەندیان بە ئیسرائیل زۆریەیان کوژران. هەروەها دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی ئەمازیغی کە پارتێکی قەدەغەکراوە لەمەغریب پێی وایە: پرسی پەیوەندی ئەمازیغ و مەغریب لەلای ئەمازیغەکان بۆ بەرگریکردنە لەخۆیان، چوون لەلای نەتەوەیی و ئیسلامییە رادیکاڵە عەرەبییەکانەوە دوچاری پاکتاو بوونەتەوە.

لەلیبیایشدا تەواوی جوڵانەوەکانی ئەمازیغ سەرکوتکراون. سیاسەتی لیبییەکان بە کۆمەکی وڵاتانی عەرەبی بۆ رووبەروو بوونەوەی ئەمازیغ و پاکتاوکردنیان بەتایبەتی سعودیەو قەتەر سیاسەتێکی بەربڵاوە. کۆڵنێڵ قەزافی بەئاشکرا جاری لەناوچوونی ئەمازیغی دەدا. لەوتارێکیدا دەڵێت:» لەسەردەمی نۆمیدییە کۆنەکانەوە ئەمازیغ نەماون، جارێکی دیکە نایانناسینەوە. ئەوان شتێکی شوێنەوارین و هێمایەکی کۆنی مردون و لەئێستادا شوێن پێی ئیستیعمارن وپێویستە پاکتاوبکرێن. بۆیە لەهەمبەرئەم وتارەی قەزافیدا ئەمازیغەکان کۆمەڵی نێونەتەوەیی و سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیان ئاگادارکردەوە کە لەبەردەم هەرەشەی بەئاشکرای لەناو چووندان. هاوکات لەلیبیادا پێچەوانەی ئەمازیغی وڵاتانی دی لەرووی نەتەوەییەوە و لەرووی ئایینییەوە پاکتاوکراون و بەفەتوای ئیسلامی و بەیاسا مەزهەبی ئەبازی کە ئەمازیغییەکانی ئەوێ سەر بەمەزهەبی

ئەبازین قەدەغەکرا.

لەجەزائیریشدا بە هەمان شێوە ئەمازیغییەکان پاکتاودەکرێن و بەیاسا بونیان قەدەغە بووە. لەپاش سەربەخۆبوونی جەزائیر سیاسەتی ئەو وڵاتە بریتی بوو لەسڕینەوەی ئەمازیغەکان. ئەحمەد بن بلەی سەرۆکی جەزائیر لە٥ی تەموزی ١٩٦٢ رایگەیاند:« بەعەرەبکردن پێویستە، لەبەرئەوەی سۆشیالیزم بە بێ سیاسەتی بەعەرەبکردن و داهاتوو بەبێ عەرەبگەرایی لەم وڵاتەدا بوونی نییە». هەروەها هواری بومیدین لەمەرسومێکدا لە٢٦ی نیسانی ١٩٦٨ رایگەیاند» هەمو هاوڵاتییەکی جەزائیری لەسەری ئەرکە کە زمانی عەرەبی بەکاربهێنێت». هەروەها لەساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٧٧ دا دەسەڵاتی جەزائیری هەرناوێکی ناعەرەبیان قەدەغەکرد. لەجەزائیردا و لەساڵی ١٩٦٢ هەمو هاوڵاتییەکی ناعەرەب نا پەسەندە. لەروانینی دەوڵەتدا ئەبازی و ئەمازیغ گرفتی گەورەن. رژێم بەردەوام ئیسلامییە رادیکاڵەکانی تا ئاستێك لەرێی دەزگای هەواڵگرییەوە راهێناوە بۆ تیرۆری هەر چالاکوان و هونەرمەندو کەسایەتییەکی ئەمازیغی و لەتێروانینی خەڵکیدا بە کافروێنایان کردوون. هەروەها سیاسەتی هەڵکەندو دورخستنەوەو داگیرکردنی سەروەت و سامانی ئەمازیغیەکان و پەراوێزخستنیان لەسەربەخۆبوونی جەزائیرەوە بەردەوامە، بۆنموونە لە١٩٦٢ سیاسەتی دەرکردنی ئەمازیغییەکانی زاب گیراوەتەبەرو لەشوێنیان عەرەبی شەعامنە نیشتەجێکراون.

بە گشتی لەسیاسەتی وڵاتانی عەرەبیدا بۆ پاکتاوی ئەمازیغییەکان و سەرکوتیان پاساوی دەستی دەرەکی دەهێنرێتەوە، ئەوان پێیان وایە ئەمازیغیەکان پێش داگیرکاری فەرەنسا لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە خۆیان بە عەرەب زانیوەو زمانی عەرەبیان بە زمانی خۆیان زانیوە. پێیان وایە موبەشیرو هەواڵگرە خۆرئاواییەکان تۆوی ناسیۆنالیزمی ئەمازیغیان چاند، بۆنموونە الکاردینال لافیجری CH.M.Lavigerie نمونەیەکی دیارەلە١٨٦٧ دا وتویەتی ئێوەی ئەمازیغی خاوەنی خاکو کەلتورو زمان و نەتەوەی خۆتانن.

هەروەها فەرەنسییەکان ئەکادیمیای بەربەریان دامەزراندووەو لە١٩٣٠ پاشای مەغریبیان ناچارکردوە (بەربەر) بناسێت. بەشێوەیەکی گشتی لەتەواوی وڵاتانی عەرەبیدا نەتەوەی ئەمازیغ لەرووی کلتورو فەرهەنگ و ئاداب و زمانەوە بە درێژایی سەدەی بیستەم نە لەرووی سیاسی نە لەرووی کەلتوری نەلەرووی یاساییەوە ناسنامەی لێزەوتکراو و بەبەرنامە کار لەسەر سڕینەوەیان دەکرا.

سەبارەت بە کوردیش ، سەدەی بیستەم سەدەی چەوسانەوەو دابەشکردن و پەرتەوازەبوون و پاکتاوی رەگەزی و زمانەوانی و کەلتوری و ناسنامەی کورد بوو. بوونی نەتەوەیی کورد لەپاش هەڵوەشانەوەی عوسمانیەکان پەرتەوازە کراو ناسنامەی نەتەوەیشیان لەچوارچێوەی دەوڵەتە سیکیۆلارە ستەمکارەکانی عەرەب و تورك وفارس کە خۆیان لەعێراق و ئێران و تورکیا و سوریا دەبینییەوە توایەوە. لێرەدا نموونەی کوردستانی باکورد وەك جینۆسایدی گەلی کورد بە نموونە دەهێنینەوە. لەتورکیادا دەسەڵاتی پارتی گەلی کۆماری لەماوەی ٢٧ ساڵداو لەسایەی رژێمێکی تاك حزبیدا، بریتی بوو لەسیاسەتی نکۆڵیکردن لەهەبوون و قڕکردنی کورد وەك نەتەوەیەك. تورکیا بەشداریی جەنگی جیهانی دووەمی(١٩٣٩.١٩٤٥) نەکرد، لێ لەماوەکانی جەنگدا لەکۆی نیو ملیۆن سوپای وڵاتەکەیدا کە خۆی لەچوار لەشکری سەرەکی دەبینییەوە، دوو لەشکریان لەباکووری کوردستان دا جێگیرکرابوون . ئەگەر هێزی پۆلیس و کۆماندۆکانیشی بخەینە بان، ئەوا ٣/٢ی هێزی چەکداریی تورك لەباکووری کوردستاندا مۆڵیبوو لەبەرئەوە کوردستان ببووە داگیرگەیەکی سەربازیی تورك و بە درێژایی ٥٠٠ کیلۆمەتر لەسنوری هاوبەشی سۆڤیەت و تورکیا دا سوپاو بنکە سەربازییەکان جێگیرکرابوو .

چاودێران پێیانوایە تورکیا بۆیە بەشداری جەنگی نەکرد، چونکە لەو راستییە تێگەیشتبوو کە هەرپشتیوانی کردنێکی لەئەڵمانیای هیتلەری و هەر بەشدارییەکی سوپاکەی لەجەنگدا، کوردی

دەهێنایە بیرو هۆشی سەندنی مافەکانیو فرسەتی مژوڵبوونی تورکیایان دەقۆستەوە. لەم بارەیەوە باڵوێزی ئەڵمانیا لەتورکیا (فون پابن) زیاتر جەخت لەبارەی ئەم راستییەوە دەکاتەوە، چونکە ڕایگەیاندبوو:» تورکیا بەرایی نەدەدا خۆی بە شەڕی جیهانییەوە خەریك بێو کورد کەڵك لەو دەرفەتە وەربگرێت تاوەکو سەربەخۆیی بە دەست بهێنێت».
لەلایەکی تریشەوە هاوپەیمانان بەرژەوەندییان لەتەك ئەزمی بندەستکردنی کوردا بوو لەتورکیا ، هەربۆیە لەساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا تورکیا مکوڕبوو تا دەڤەرە کوردییەکان بە نێوچەی باری نا ئاساییو قەدەغە کراوی بهێڵێتەوە.

لە٢٩ی ئازاری ١٩٤٦ دا دووای دوو مانگ لەدامەزراندنی کۆماری کوردستان، لەئەنقەرەی پایتەختدا عێراقو تورکیا واژۆی ڕێکەوتنێکیان کرد، لەو نێوەندەیشدا دەوڵەتی تورکیا، تەنها کوردی بە هەڕەشەو گوڕەشە دەزانی، نەك هزری کۆمۆنیزمو سۆڤیەت. بۆ نموونە دەسەڵاتدارانی تورکیا پێش ڕاگەیاندنی کۆمارو لەبەهاری ١٩٤٥دا بە بیانوی جموجوڵی کوردایەتی لەدیاربەکرو گەڤەر دا ١٢٠ کەسایەتیو سەرۆك هۆزی کوردیان بە زیندوویی هەڵواسی. هەر لەم بارەیەوە پەیامنێری ڕۆژنامەی (مانچێستەرگاردیانی) ئینگلیزیی لەژمارەی ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/٢٦ دا بڵاویکردەوە کە حکومەت لەسەرەتای ١٩٤٦داکەوتۆتە ڕاگواستنوهەڵکەندنی کورد لەزێدی خۆیان.

بەمجۆرە شکست پێهێنانی کۆماری کوردستان لەماوەی دەرکەوتنی (جەنگی سارد) دا کۆتایی بە نێونەتەوەیی کردنی پرسی وروژاوی کورد هێنا ، تەنانەت پرسی کورد لەئەجێندای کارنامەی نێودەوڵەتیشدا تا ماوەی ٤٥ ساڵ دەرنەکەوتەوە .

بارودۆخی ژیانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی کورد لەو قۆناغەدا لەدژوارترین ئاستدا بوو. لەم بارەوە ڕۆژنامەی (سۆن پۆستە) لە١١ی نیسانی ١٩٤٦دا نووسیبووی:» لەکوردستان نە سەنعەت هەیەو نە کشتوکاڵو نە بازرگانی، خەڵك پێیان وایە دەوڵەت یانی باجگرو پۆلیس «، هەروەها دەنوسێت:» ئەگەر دراوسێکانمان نایانهەوێ بڕوخێن، ئەوا پێویستە هەمیشە وریای کورد بن».

مێژوونووس (ئە. ئۆخۆسیلۆڤ) دەڵێ: «١٩٤٩ بە بێ ئەوەی لەتەنها ڕۆژنامەیەکدا باس بکرێ، لەشەش مانگی ئەو ساڵەدا، ٢٢ ویلایەتی تورکیا ٣٢٣ پێکدادانی چەکدارانەی لەنێوان جوتیاران لەلایەك و ژاندرمەو هێزەکانی تورك لەلایەکی ترەوە بە خۆوە بینیوە».

ئەم ڕەوشە بەهاتنە پێشەوەی رژێمی فرە پارتایەتیش کۆتایی نەهات، بەڵکو رژێمی فرەپارتایەتی لەچەند روویەکەوە بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەریی خراپی بۆ سەرپرسی نەتەوایەتی کورد هاوردە پێش. بەشێوەی هەمان گەمەی سەردەمی ئەتاتورکی لەڕامکردنی کورد بۆ درێژەدان بە ڕەوتی رامیاریو توانەوەی نەتەوەییان دووبارەکردەوە.

تورکیا هەوڵیدا بەیارمەتی کۆمەڵی نێونەتەوەییو هەرنمی لەرێی ناتۆ و پەیمانی بەغدا پرسی کورد بندەستبکات. لەیاداشتنامەی کۆمەڵێ نوسەرو رۆشنبیری نەتەوەیی کورد لەهەندەراندا، کە هەرسەبارەت ڕێکەوتنەکانی تورکیا درابوویە نەتەوە یەکگرتووەکان هاتبوو:» ئامانجی سەرەکیو بنەمای ئەم ڕێکەوتننامەیە کەمەبەست پاکتی بەغدایە. بۆ لەناوبردنی میللەتی کورد هاتووەتە کایەوە».

بە بڕوای چاودێرانی سیاسیی نێزیکی ئەمەریکاو تورکیا لەناتۆدا بەشێوەیەکی سەرەکی گرێ درا بوو بە پرسی کوردەوە. تەنانەت لەم پێوەندییەدا تورکیا مژووڵی بە دەستهێنانی چەکی کۆکوژیی کیمیاییو بایەلۆجی بوو. بۆنموونە لەم هەوڵەیدا ناوەندێکی تایبەتی بەو چەکە قەدەغەکراوانە درووستکرد و هەروەها لەئەزموونی کوشتاریی هاوڵاتیانی کۆریایی بە چەکی کیمیاییو بایەلۆجی کەڵکی وەرگرت. نیازی تورکیا گەیشتبووە ئاستێك کە د.جەمال نەبەز دەڵێ:»ڕژێم تەمای بوو لەحاڵەتی هەر شاڵاوێکی شورەویدا، پاساوی دەست بکەوێتو هەموو کوردستان بە بۆمبی ئەتۆمی لەنێو بەرێت، ئەم

نیازە لەکۆدەتای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ دا ئاشکرا بوو». هەرچەندە دەستکەوتنی بۆمبی ئەتۆمی کارێکی ئەستەم بوو، وەلێ بۆچوونەکەی دکتۆر جەمال نەبەز دەکرێت ئەوەی لێبخوێندرێتەوە کە تا رادەی قڕکردنی نەتەوەی کورد، شوناسی کورد بە مەترسیو شیمانەیەکی سامناك زانراوە .

هاوکات لە١٩٥٤.٢.٢٦ دا تورکیا دەسەڵاتی ئەودیدا بە ئەمەریکا کە بنکەی سەربازیو شۆڤاری لەسەرانسەری ووڵات دا قوتبکاتەوە، بە تایبەتی لەنێوچە کوردییەکاندا. هەر بە هاندانی ئەمەریکا تەنها بۆ دژایەتی کورد، تورکیاو عێراقو ئێران هەڵوێستیان یەکخراو زێدەتر لێکنزیکبوونەوە. بۆنموونە لە١٩٥٥ دا تورکیا پاکتی (بەغداد)ی لەگەڵ عێراقو ئێرانو پاکستان دژی کورد واژۆکرد، ئەم پاکتە هەندێ لەخاڵەکانی ڕاستەوخۆ دژی کورد بوون. ئەوەتا لەماددەی یەکەمی پەیماننامەکەدا هاتبوو:» دەتوانرێ ڕێکەوتنی دوو قۆڵی لەنێو وڵاتە بەشداربووەکانی پەیماننامەکە ببەسترێ، وەك ڕێکەوتنی نێوان تورکیاو عێراق لە١٩٤٦ دا».

بەمجۆرە لەسەرەتاوە ستراتیژی حکومەت لەبەرامبەر کورددا بریتیبوو لەبەکارهێنانی کوشتنو زیندانی بەکۆمەڵاو ئەشکەنجەی خەڵك. بەشێوەیەك لەکۆی ٦٣٥ گرتووخانەی سەرانسەری تورکیادا نیوەیان لەنێوچە کوردییەکاندا دروست کرابوون، گرتوخانەی دیاربەکر ناودارترین زیندانی ئەشکەنجەو بەندکردنی تێکۆشەرە کوردەکان بوو. زیندانیەکانی دیاربەکرلەڕووی فیزیکییەوە لەڕەوشێکی خراپدا بوونو تەنها پەیکەری ئێسکیان مابوو، بەندیەکان ناچاردەکران سرودی نیشتیمانی تورکی بچڕنو داوایان لێدەکردن ببنە جاشو جاسوس، هەربۆیە هەندێك جار زیندانییەکان لەو ڕەوشەدا پەنایان دەبردە بەرخۆکوژیی. بۆنموونە لەگرتوخانەی دیاربەکردا ٤٠ لاوی کورد کە ملیان نەدا بڵێن (ڕووسورین، چونکە تورکین) لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان سپارد. لەڕۆژنامەکانی خۆرئاوادا پێشێلکاری مافی مرۆڤ لەو زیندانانەدا دەنگدانەوەی مەزنی هەبوو. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (گاردیانی بەریتانی) نووسیبووی:» لەتورکیا بەربەریەت دژی ١٢ ملیون کورد ئەنجام دەدرێ». هاوکات یەکە سەربازییەکان لەنێوچە کورد نشینەکاندا لاوانیان کۆدەکردەوەو بەکۆمەڵ سزایان دەدان. بۆنموونە (موساعەنتەر) دەگێڕێتەوە:» لەشارۆچکەکەماندا (ئاکارسو) بەبێ پرس دەهاتنماڵەکانیان دەپشکنیو گەنجانیان کۆدەکردەوە و هەڵیان دەواسین».

بەگشتی ڕێژەی ئەوانەی لەکودەتا دا تۆمەتبارکران گەیشتنە ١٢٠,٠٠٠ کورد، کە٢٠ هەزاریان بەتۆمەتی ئاژاوەی جوداخوازیو تیرۆر حوکمدران. بەمجۆرە لەئاکامی رامیاریی توندوتیژی دەوڵەتدا لەپاش ساڵێك لەکودەتای سەربازی (بوڵز نولوصو) سەرۆکی هێزی دەریاییو ئەندامی باڵای کۆدەتای ١٩٨٠ لەدیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا وتبووی:»کۆمۆنیست و کورد بەتەواوەتی نەماون لەڕۆژهەلاتدا». بەڵام ڕەوشی زیندانەکان ڕاستی ئەوقسانەی جەنەڕاڵەکانی دەدایە دواوە، چونکە تا ساڵی ١٩٨٢ زیاد لە٨١ هەزارراپێچی گرتووخانەکان کرانو٢/٣ سوپای تورك لەباکووری کوردستاندا هەرمابوویەوە. لەنەوەدەکانیشدا باکوری کوردستان هەر لەگێژاوی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزیدا بوو دژ بە کوردو نکولی لەناسنامەی کوردبوون دەکرا. لەباشوری کوردستانیش بە هەمان شێوە لەدروستبوونی عێراقەوە کورد نەتەوەیەکی بندەست بوون و هیچکام لەمافەکانیان پێ ڕەوا نەبینرا. بەڵکو کیمیا بارانی هەڵەبجەو خنکانی ٥٠٠٠ خەڵکی سیڤیل و بریندار بوونی ١٠٠٠٠ هاوڵاتی لە١٦ی ٣ی ١٩٨٨ دا نمونەیەکی بەرچاوی سیاسەتی قڕکردنی کوردن، هاوکات ئاوارەبوون و کوێرکردنەوەی تەواوی دێهاتە کوردییەکان و دروستبوونی کۆمەڵی زۆرە ملی و بەسەربازگرتن و قەدەغەی کەلتورو عاداتی کوردی و سیاسەتی بەعەرەبکردن دیارترین نموونەی رژێمی دیکتاتۆری سەدام وبەعسییەکان بوون. لەرۆژهەڵاتی کوردستانیشدا بەهەمان شێوە کورد پاکتاوکراوەو لەسەردەمی پەهلەویەکان و سەردەمی کۆماری

ئیسلامی ئێرانیشدا زمانی کوردی و پارتی کوردی بونیان نییەو زیندانی سیاسیی کورد و ئازادی و مافی هاوڵاتی بوون دیارترین وپڕترین زانیاری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤە دەرهەق بە بوونی نەتەوەیی کورد لەو پارچەیەدا.

**بەراوردی جینۆسایدی کوردو ئەمازیغ لەسەدەی بیستەمدا:**

نەتەوەی کوردو ئەمازیغ وەکو دوو نەتەوەی دابەشکراوی بێ دەوڵەت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو لەکیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقا. گەلێ تایبەتمەندی و خاڵی هاوبەش سەبارەت بە مافی چارەی خۆنوسین و مێژووی تاریك و بندەست وپەراوێزخراویان هەیە. لەم تەوەرەیەدا بە چەند خاڵێك بەراوردی نەزمی جینۆساید وپاکتاوی جەستەیی وفیزیایی وکەلتوری وزمانەوانی ئەم دوو نەتەوەیەدەکەین. کوردو ئەمازیغ وەکو دوو نەتەوە لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامی و دەستپێکی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامییەوە بریتیبوون لەو دوو نەتەوە ناعەرەبەی کە لەپاش فتوحاتی نیمچە دورگەی عەرەبییەوە ئاشنا بوون بە ئیسلام. واتە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی لەسەردەمی خەلیفەکانی راشیدینەوە لەدەروازەی رۆژهەڵاتەوە ڕووبەڕووی نەتەوەی کورد بووەتەوەو لەدەروازەی رۆژئاواوە ڕووبەڕووی نەتەوەی ئەمازیغ بوونەتەوە. هەردوو نەتەوەی کوردو ئەمازیغ لەسەدەی حەوت و هەشتی زاینیدا موسڵمان بوون. هەردوو نەتەوە خودانی فۆرمی تایبەتی ئیسلامی بوون و تێکەڵ بەڕێچکانی ئیسلامی دیاریکراو بوون وخەواریجەکان لەنێویاندا بڵاو بوونەتەوە. هەردوو نەتەوە رۆڵی گەورەیان لەسەرخستنی پرۆژەی فتوحاتی ئیسلامی دیوە لەرۆژهەڵات و رۆژئاوادا. هەردوو نەتەودیش وەکو یەك لەسەردەمی دەسەڵاتی ئومەویەکانەوە ڕووبەڕووی تەعریب بوونەتەودومێژووی جینۆسایدی زمانەوانی و کەلتور و فەرهەنگیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئومەوییەکان. لەسەدەی بیستەمداو پاش ئەوەی دەسەڵاتی عوسمانی بۆ ماوەی پێنج سەدە حوکمی هەردوو نەتەوە دەکات، ئیمپریالیزمی خۆرئاوا لەمیانی جەنگی جیهانی یەکەمدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەروخێنێت. بۆیە لەو قۆناغەی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەدا لەوکیشوەرانەی ژێر چنکی عوسمانییەکانادا تەنها ئەمازیغ و کوردەکان بێ دەوڵەت دەمێننەوەولەمیانی ڕێکەوتنە نهێنییەکانی کاتی جەنگدا نەك هەر بەبێ بوونی دەوڵەت ئەم نەتەوانە دەمێننەوە، بەڵکو دابەشدەبن بەسەر نەتەوە باڵادەستە کۆڵۆنیکراوەکانی خۆرئاوادا. ئەمازیغەکان لەناو بۆتەی چەند وڵاتێکی رامکراو و دروستکراوی خۆرئاوا بەتایبەت ئیمپریالیزمی فەڕەنسی و ئیسپانیدا دەتوێنەوە، کوردیش لەمیانی ڕێکەوتنی سایکس بیکۆدا ولەدەرهاویشتەی چەند ڕێکەوتنێکی تردا دابەش دەبێت بەسەر تورکیاو ئێراق وعێران و سوریادا. وەك چۆن ئەمازیغەکانی باکوری ئەفریقا بەسەر مەغریب و موریتانیاو جەزائیرو تونس ولیبیادا دابەش دەبن. لێرەوە جینۆسایدی هاوچەرخی نەتەوەی ئەوازیغ و کورد دەست پێدەکات. کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەراوردیی بکەین:

یەکەم: هەردوو نەتەوەی کوردو ئەمازیغ لەلایەن نەتەوەکانی ژێر ئینتیداب وو دەرباری خۆرئاوا بەکاردەهێنرێن تاوەکو سەربەخۆدەبن، دواتر سیاسەتی چەوسانەوەیان دەرهەق دەگیرێتە بەر.

دووەم: خۆرئاواو پشتیوانی مافی نەتەوەیی و خواستی ڕێکخستن و کۆمەڵە رۆشنبیری و نەتەودییەکانی کوردو ئەمازیغ ناکات.

سێهەم: هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی وتۆپۆگرافی کوردو ئەمازیغ جیاوازە، بۆیە لەکوردستاندا لەبەرامبەر سیاسەتی پاکتاوی رەگەزیدا خەباتی چەکداریی سەرهەڵدەدات وشۆڕش دەکرێت، بەڵام ئەمازیغەکان ناتوانن شۆڕشی چەکداری بکەن وزیاتر خەباتی مەدەنی دەگرنە بەر.

چوارەم: کورد لەرووی نەتەوەییەوە جینۆساید دەکرێن و لەئەنفالەکاندا بەناوی ئایینەوە ١٨٢ هەزاریان لێ قڕکران. ئەمازیغەکان بەردەوام لەرووی نەتەودیی و زمانەوانی و ئایینەوە جینۆساید کراون، چوون نە ئەمازیغ و نەمەزهەبی ئەبازی ئەوان

لەهیچ دەستورو یاسایەکی وڵاتانی عەرەبیدا رێی نەدەبوویەوە.

پێنجەم: لەجینۆسایدی کوردا وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەماهەنگ بوون، بۆنمونە پەیمانە چوار قۆڵیەکانی ئەنکەرەو بەغداو دیمەشق و تارانن رێکەوتنی بەغداد١٩٥٥، رێکەوتنی سەعد ئاباد ١٩٣٧. لەجینۆسایدی ئەمازیغدا وڵاتانی عەرەبی دەست لەناو دەست بوون، بۆنموونە لیبیاو سعودیەو قەتەرو جەزائیر.

## سەرچاوە وپەراوێزەکان:


(١). مبارك بلقاسم: ما هو تعداد الشعوب الأمازيغيه؟
https://www.hespress.com/writers/379510.html
Ursula Lindsey: The Berber Language: Officially Recognized, Unofficially Marginalized?27 july 2015L https://www.al-fanarmedia.org/2015/07/the-berber-lan-/guage-officially-recognized-unofficially-marginalized
Abd el Krim and the Republic of the Rif- https://www.roughguides.com/destinations/africa/morocco/mediterranean-coast-rif/chefchaouen-al-hoceima/abd-el-krim-republic-rif/Joan E. Gross David A. McMurray; Berber Origins and the Politics of Ethnicity in Colonial North African Discoursel https://anthrosource.onlinelibrary.wiley.com/doi/pdf/10.1525/pol.1993.16.2.39

(٢). عبد السلام رزاق: الأمازيغ بالمغرب.. معگيات وتحديدات https://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/c74a00b2-dbbb-4290-b546-bc853aea9805 Bruce maddy-weitzman: the limits and potentials of Israel-Maghreb relations,ipris Maghreb review, august 2010, p15. https://anthrosource.onlinelibrary.wiley.com/doi/pdf/10.1525/pol.1993.16.2.39 Bruce Maddy-Weitzman; A turning point? The Arab Spring and the Amazigh movement, 27 Apr 2015, Published online,p214. Bruce Maddy-Weitzmanop.cit,p344.

(٣). توركيا ٦٦ کەمایەتیو نەتەوەی جیاوازی تێدایە، کە نەتەوەی تورکو کورد زۆرینەی نەتەوەیی پێکدەهێنن.( یوسف أبراهيم ألجهماني: ألعلويون في تركيا، گ١، دارحوران، دمشق، ١٩٩٩،ل ٨٢٨١).

(٤). کەندال نەزانو ئەوانیتر: گەلێکی پەژموردەو نیشتیمانی پەرت (کوردو کوردستان)، و: گۆمەیی، چ١، سوید، ١٩٩٨،ل ١٥٠).

(٥). گوێنتەر دێشنەر: کورد گەلی لەخشتە براوی غەدر لێکراو، و:حەمەکەریم عارف، چ١، دەزگەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤، ل١١٧.

(٦). عەزیز شەمزینی: جوڵانەوەی رزگاریی نیشتیمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چ٣، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٢١٩.

(٧). دیڤید ماکداوڵ: مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چ١، چاپخانەی روون، سلیمانی، ٢٠٠٣، ل٨١١.٨١٢.

(٨). فاتح رەسوڵ: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لەکوردستان، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ، ٢٠٠٥، ل ٨٢.
Omer Tspinar: Turkish Nationalism and Political Islam in Turkey, Routledge, Newyork and, London, ٢٠٠٥, P.١٦٧.

(٩). جۆناتان .می راندل: کوردستان یان کلۆڵی نەتەوەیەك، و: خەسرەو شاڵی، چ١، چاپخانەی بەرهەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ٢٠٠٣، ل٣٩٦.

(١٠). محمد رەسوڵ هاوار: کوردو باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەری دووەمی جهانی، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٧،ب٣، ل ٣٧٢.

(١١). عەزیز شەمزینی: س،پ، ل٢٤٣.٢٤٤.

(١٢). حامد محمود عيسى: ألقچيه ألكرديه في تركيا، گ١، مكتبه مدبولي، قاهره، ٢٠٠١،ل٢٤٨.
Dr. Şivan : kürt Millet Hareketleri Ve Irakta Kürdistan Ihtilali, APEC, Stockholm, ١٩٩٧, S.٩٠.

(١٣). وەرگیراوە لە:جەمال نەبەز: کوردستانو شۆرشەکەی، وەرگێرانی لەئەڵمانیەوە کوردۆ، چ٣، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٧٧ . ٨٧.

(١٤). دربه عوني : عرب وأكراد، حصام أم وئام، گ١ دار الهلال، القاهره، ١٩٩٣، ل ١٣٣.
Kristiina Koivunen: op , cit P.١٥٥.

(١٥). لازاریف وئخرون : تاريخ كردستان، ت. عبدى حاجى، مؤسسه اراس للگباعه وألنشر، اربيل، ٢٠٠٥، ل ٦٩.

(١٦). فیغان دوست: زیندانین ترکیا، مەتین، ژمارە ٩٨ ، ل ٣٩.

(١٧). کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوە ی کورد ، ب٢، ل١٥٦-١٥٧.

(١٨). ئیسماعیل بێشکچی: کورد وکوردستان لەنامەکەی ئیسماعیل بێشکچی بۆیونسکۆ، ل ١٢٠.

(١٩). سامي عبدالرحمن: البديل اليوري في الحركه التحركيه الكرديه. ل١٢٠.

(٢٠). حامد محمود عيسى: القچه الكورديه في تركيا، ل ٢٧٨.

(٢١). دیڤید ماکداوڵ: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناوس ،ب٢ ،ل٨٤٩.

(٢٢). جوان فداوالدين حمو: دراسه مقارنه بين الشعبان العريقان (الگرد والامازيغ) http://www.amazighworld.org/arabic/history/index_show.php?id=٤٤٢١

(٢٣). محمد زاهد: الأمازيغ و الأكراد. قصه حچارتين/ http://www.tawalt.com/?p=23042

(24). Hassan Mneimneh: Arabs, Kurds, and Amazigh: The Quest for Nationalist Fulfillment, Old and New/ https://www.washingtoninstitute.org/fikraforum/view/arabs-kurds-and-amazigh-the-quest-for-nationalist-fulfillment-old-and-new



# ڕۆماننووسەکانی جوو: سوپای عەرەب نەخوێندەوارن!

## وێنای تاکی عەرەبی لەئەدەبی عیبریدا

### یەودا بارلا: تاکی عەرەبی ئاژەڵێکی سێکسبازی ئاڵۆشاوییە



د. هێمن خورشید. دکتۆرا لەسایکۆلۆژی پزیشکی - گەرمیان.

ئەدەبی عیبری و نەخشی لەوێناکردنی ئەزموونەکانی ئەمرۆدا - خوێندنەوەیەك بۆ رەهەندە شاراوەو ئینسانیەکانی ئەم ئەدەبە، لەپێچی ئایدیۆلۆژیای عەرەبیدا - جوولەکەو کیانی سیاسی و فەرهەنگی ئەوان کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست نیە، بەڵکو تێگەیشتنە باوەکانی رۆژهەڵاتو جیهانی عەرەبی بۆ ئەو کیانە کێشەی رۆژهەڵاتە. قەدەری تاکی عەرەبی لەهەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەگەڵ جوولەکەدا هەر دۆڕانە!

ڕەنگە لەزمانی کوردیدا شتێکی ئەوتۆ لەبارەی جوولەکەو دەوڵەتی ئیسرائیلەوە نەنووسرابێت. ئەوەیشی نووسرابێت لەچوارچێوەی بابەتی سیاسیو هەواڵو ڕاپۆرتە هەواڵی ڕۆژنامەوگۆڤارەکان دەرنەچووە. یاخود بەشیك بووە لەمەکری سیاسی داگیرکەرانی کوردستانو ویستویانە گەلی کورد لەبەردەم ئەزموونی ئەدەبێکی رۆژهەڵاتیدا نابیناکەنو بەچەمکەکانی زایۆنیوکوفرو ئیلحاد بیناسێنن. ئەمڕۆ ئەدەبی عیبری، بەشێکە لەجیهانبینی مرۆڤایەتیووەکو هەموو کەڵچەرەکانی تردەبێت زانستیانەوئینسانیانە مامەڵەی لەتەکدا بکەین، ئەدەبی عیبری دەبێت لەدەرەوەی حوجرەکانی عروبەوئاخوندەکانی سەدەی ناوەڕاستەوە لێی تێبگەین. ئەمە لەکاتێکدا زیاد لەنیو سەدەیە زهنیەتی تاکی رۆژهەڵات پڕکراوە بەناساندنی فەرهەنگی عیبریو جوولەکە وەکو کێشەیەك باسدەکرێت، لەکاتێکدا خودی ئەم تێڕوانینە لەبەردەم جوولەکەوکیانی سیاسیو مەعریفی ئەواندا کێشەیەو نەو نەتەوەو ئایینو فەرهەنگە پێچراوەتە گەمە سیاسییەکانی نێوان جوولەکەو عەرەبو گەورەترین کێشە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کراوە بەبوونی دەوڵەتی ئیسرائیلو شەڕی نێوان عەرەبو ئیسرائیل، دەوڵەتی ئیسرائیلو یان چاکتر وایە بڵێین کۆمەڵگەی ئیسرائیلی کۆمەڵگەیەکی تابڵێی ئاڵۆز پیشاندراوە، لەلایەکەوە ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر بنەمای ئایینی جوولەکە دروستبووە، ئایینی جوولەکەیش دونیایەك لەئاڵۆزی لەپێشچاوی تاکەکانی موسڵماندا لەلایەن خودی سیاسەتەوە لەخۆیدا حەشارداوە کە ئەمە بە باسو دوو باس کۆتایی نایەت، ئەمڕۆ ئیسرائیل لەپێشچاوی نوخبەی خوێندەواریشدا کۆمەڵگەیەکی داخراوە، لەکاتێکدا خاوەنی زمانو کولتوری تایبەت بەخۆیەتی کە بە ئاستەم بەڕووی دەوروبەردا دەکرێتەوە، هەرچی پەیوەندی بەئەدەبی عیبریەوە هەیە (کە زمانی ئەو کۆمەڵگەیەیە) ئەوا دڵنیام لای خوێنەری کورد شتێکی زۆر نامۆو تازەیە. من لەسیاسەتەوە دەتانگوێزمەوە بۆ ناو چوارچێوەکانی ئەدەب. ئەویش چ ئەدەبێك. ئەدەبی عیبری، دڵنیام زانیاریتان زیاددەکاتو سوودی لێدەبینین. هەربۆیە لێرەدا بۆ خستنەڕووی مەبەستەکەمان لەسێ تەوەرەی سەربەخۆدا باس لەهەریەك لە:

. کەسیەتی جوولەکە لەئەدەبی خۆرئاوادا.

. کەسیەتی جوولەکە لەئەدەبی عیبریدا.

. کەسیەتی عەرەبی لەئەدەبی عیبریدا.

تەوەرەی یەکەم.

کەسایەتی عەرەبی لەئەدەبی عیبریدا.

ئەوەی لەمیدیای عەرەبیدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، ئەوەیە لەساڵی ١٨٤٣ز یەکەم بانگەواز لەمێژوودا بۆ نیشتەجێکردنی جوولەکە لەفەلەستیندا لەلایەن کەسێکی جوولەکەوە دەرچوو کە ئەویش حاخام یهودا قەلعی بوو، لەساڵی ١٧٩٩یشدا یەکەم بانگەوازی فەرعی بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن سەرۆکی وڵاتێکی ڕۆژئاواییەوە دەرچوو کە کەس نەبوو جگە لەناپلیۆنو سەرەتا کێشەمەکێش و ململانێ ساڵی ١٨٨٢ لەنێوان عەرەبو جوولەکەدا سەریهەڵدا، ئەویش دوای ئەوەی کۆمەڵێك جوولەکە لەئەندامانی (خۆشەویستانی زایۆن .أحباو سەهیون) هاتنە فەلەستینو ڕایشیانگەیاند مەبەستیان هێنانی جوولەکەیە بۆ سەر زەمینی فەلەستینو دامەزراندنی دەوڵەتێکە بۆیان لەوێداو بەپشتبەستن بە بەڵگەی خودی قورئانیش دەیانسەلماند فەلەستین وڵاتی هەموانە نەك نەتەوەیەکی دیاریکراو، نووسەرانی جوولەکە بۆ پشتیوانیکردنیان لەئامانجەکانیان پشتیان بەتیۆری چۆڵی فەلەستینی (فراغ



> **لە زۆربەی ڕۆمان و نووسینەکانی جولەکەدا عەرەب لە فۆرمی دەشتەکی و خێڵەکیدا دەخرێتە ڕوو، ئەمەش واقیعێکە و ئاماژە قورئانیەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە**

فلسطين) بەستووە، بەشێوەیەکی زانستی و لۆژیکی سەلماندویانە کە بەدرێژایی هەزار یان دوو هەزار ساڵی ڕابردوو، ئەوەتا ئۆریس (کە نووسەرێکی جوولەکەیە)، بەڵگەکانی بەوردی بە(چۆڵی فەلەستین) دەسەلمێنێ، دەڵێ جەنگەکانی خاچپەرستی عەرەبیان لەفەلەستیندا بەتەواوی بنبڕکردووە . (یائیل دیان) لەڕۆمانەکەیدا بەناوی (تەپو تۆز) جگە لەبیابان و چۆڵەوانی هیچی تر باسناکات و پێشیاننادات و بەجوانی دەیسەلمێنێ و، نەخشی عەرەب لەرابردوی ئەو خاکەدا بەوردی بێبایەخ دەکات، ئەمەیش بۆ جەختکردنەوەیە لەسەر تیۆری «چۆڵی فەلەستین». بوونی عەرەب لەم ڕۆمانەدا لەئەوپەڕی نائامادەیی (غیاب) و نادیاریدایە، لەزۆربەی ڕۆمان و نووسینەکانی جوولەکەدا عەرەب لەفۆرمی دەشتەکی و خێڵەکیدا دەخرێتەڕوو. ئەمەش واقیعێکە و ئاماژە قورئانیەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە. بەڵام لەڕۆمانی (تەپوتۆز)دا هیچ کەسایەتیەکی عەرەبی تەنانەت لەفۆرمی دەشتەکیشدا بەرچاوناکەوێت، ئەمە لەکاتێکدا هەموو ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە لەبیابانی عەرەبیدا دەسوڕێتەوە... هەموو ئەو شتانەی (ئەم ڕۆمانە) پێماندەڵێت لەمبارەوە ئەوەیە: (لینی) شوێنێکی نزیك لەخێوەتی بیابان نشینانەوە بۆ خۆی هەڵبژارد. هەندێ لەنووسەرە جوولەکەکان بۆ ڕاکردن لەم کێشەیە هەوڵیانداوە کارێك بکەن کە ڕووداوی ناو ڕۆمانەکانیان لەوڵاتانی ئەوروپیدا بە دوور لەفەلەستین پیشانبدەن، ئەمەیش وەك جەختکردنەوەیەك لەجیاوازی و ناکۆکی نێوان جوولەکەو بێگانە، ئەگەریش ڕووداوەکان لەفەلەستیندا تۆمارکران، ئەوا لایەنی بەرامبەر یان بەریتانییە یان تورکیە و تەنانەت هەندێك جاریش ڕووسیە، هەرچی عەرەبە وەك بەشێك لەبێگانە، ئەوا لەحاڵەتی پەرتەوازەییدا نەبێت بەرچاو تاکی عەرەبی لای (یەودا بارلا) خاڵییە لەهەستی نەتەوایەتی، ئەو (واتە عەرەب) پارەپەرستە، بۆ بەدەستهێنانی پارە ئامادەیە خیانەت بکات، لەبەرامبەردا جوولەکە هەمیشە فیداکارە، خاکییە، دڵسۆزە لەئەنجامدانی کارەکەیدا «تاکی عەرەبی ئاژەڵێکی سێکسبازی ئاڵۆشاوییە ناکەون».

ئوریس جەخت لەسەر کاتیبوونی شارستانیەتی عەرەبی و لەناوچوونی دەکاتەوە، تا دەگات بەڕادەیەك ئەوە بەگوێی خوێنەردا بدات کە جوولەکە لەپشتی شارستانیەتی عەرەبیەوە بوون، ئەمەش بەڵگەیەکی زانستی دروستی لەپشتەوە هەیە، مەناحیم بیگنی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلیش لەدوای ڕێکەوتننامەکانی کامپ دەیڤید لەم بۆچوونەوە دوور نیە، بیگن ئەوکات گوتی: جوولەکە لەدروستکردنی هەرەمەکانی ناوچەی (جیزە)ی وڵاتی میسردا بەشداریانکردووە، هەرلەپێناوی سەلماندنی تیۆریەی چۆڵی (الفراغ)دا نووسەرە جوولەکەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کاتێك تورکەکان فەلەستینیان داگیرکرد هیچ کەسێك نەبوو بەرەنگاریان بکات و لەبەرامبەریاندا بووەستێتەوە، لەمەیش بەولاتر ڕۆیشتوون، نەتەوەی عەرەب لەو ناوچەیەدا کورتکراوەتەوە لەو ململانێ و کێشمەکێشانەدا کە لەنێوان

بنەماڵەی ئاغاوات و شێخەکان و پیاوانی ئاینییدا لەئارادابوون، زۆربەی نووسەرانی جوولەکە سەلماندویانە. ئەوان وێنەیەکی باویان بۆ کەسایەتی عەرەبی کێشاوە کە بارگاویە بە (تێڕوانینی لەوەو پێشیان دەربارەی عەرەب (واتە: ئەو وێنەیەی لەزەینیاندا هەبووە دەربارەی عەرەب هەرلەکۆنەوە) . ئەو کەسێتیە باوەش بۆ عەرەب دەکێشرێت، هەمیشە کەسێتییەکی نەرێی (سلبی)یە هەروەك لەڕۆمانەکانی (شاحەو تەموز)دا دەبینرێت.

لەبەرامبەریشەوە کەسێتییەکی باوی نەرێی (إیجابی) لەجوولەکە دەخرێتەڕوو. کەسایەتیە عەرەبیەکان لەئەدەبی عیبریدا لەواقیعەوە وەرگیراون، لەپێچ و پەنای عەقڵی سیاسی ئیسرائیلەوە نین، هەمیشە ئەوان ئەو کەیسایەتیانە لەسەرەتاییترین و دواکەوتووترین ژینگەو بارودۆخەوە دەخەنەڕوو، کە واقیعی ئەوان ئەوەی تێدایە، کە لەزۆربەی باردا قۆناغی کۆچەرێتی (براوە) تێناپەڕێت، بە پێی گوتەی (سارە گراهام) لەکتێبی (فەلەستینەکان و کۆمەڵگەکەیان). کەسێتی عەرەبی بەپێی جیاوازی ئەو نووسەرە جوولەکەیەی لێی دەکۆڵێتەوە؛ ئەگۆڕێت، ئەو نووسەرە جولەکانەی لەدەرەوە (وڵاتانی ئەوروپی) هاتوونەتەوە بۆ فەلەستینی، کەسێتی عەرەبی بەچەوسێنەرەوە دەزانن و لەمەیشدا بەتەواوکەری بێگانەکانیان (ألاخبار) دەزانن. ئەم تێڕوانینە بۆ عەرەب رێك ئەزمونێکی واقیعیە کە میللەتانی تریش لەئەدەبیاندا بەو جۆرە بۆ عەرەب دەڕوانن، مەگەر ئێرانیەکان چۆن دەڕوانن، ئەوانیش واقیعیانە عەرەب دەخەڵمێنن. چەوسێنەری عەرەبی لەنووسینی ئەدیبەکانی کۆچی دووەمدا دیسانەوە دەبینرێت ئەمانی دوایی ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە ئیسرائیل جگە لە(جیتۆ)یەکی تازە بۆ جوولەکە هیچی تر نییە. بەڵام نووسەرە جوولەکەکانی لەدایکبووی فەلەستین، بڕوایان بەعەقڵی عەرەبی و هەروەها پێکهاتەی کۆمەڵگاو خێزانی عەرەبی هەیە، لەناو ئەمانەی دواییدا کەسێتی عەرەبی لەنێوان دوو جەمسەری دژیەکدا وێنادەکرێت:

١- کەسێتی نەرێی (سلبی): نووسەرەکانی جوولەکە بۆ خزمەتکردن بەئامانجەکانی زانستە خۆیان دەبێت عەرەب وەك خۆیان پیشانبدەن، لەئەدەبی ئەواندا ناشیرین و بێ هونەرن، نەوەی نوێی جوولەکەیش کاریگەری ئەو وێناکردنەیان لەسەرە کە ئەدیبەکان بۆ عەرەبیان کردووە، لەو لێکۆڵینەوە مەیدانییەدا دوکتۆرە مینا شمیع لەساڵی ١٩٨٠دا بۆ دەزگای (ڤان لیر) ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە ١٤٪ی

**تاکی عەرەبی لای (یەودا بارلا) خاڵییە لە هەستی نەتەوایەتی، ئەو (واتە عەرەب) پارە پەرستە، بۆ بەدەست هێنانی پارە ئامادەیە خیانەت بکات. لەبەرامبەردا جوولەکە هەمیشە فیداکارە، خاکییە، دڵسۆزە لەئەنجامدانی کارەکەیدا « تاکی عەرەبی ئاژەڵێکی سێکسبازی ئاڵۆشاوی یە ناکەون**

لاوانی جوولەکە هەڵوێستی نەرێی (سلبی) یان هەیە لەبەرامبەر عەرەبدا، (١٣٪)یان کە رەچەڵەکێکی رۆژئاواییان هەیە: هەڵوێستیان ئەرێی (إیجابی)یە. لەکاتێکدا زیاتر لە(٧٠٪) یان دوو دڵن و هەڵوێستێکی ناجێگیریان هەیە لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا. (ها ئیڤن) هۆی ئەم دیاردە سلبیانەی لاوانی جوولەکە بەرامبەر بە عەرەب بۆ خاڵێك دەگەڕێنێتەوە، ئەویش نەبوونی بەربەستەکانی بەردەم ئازادیە، لەپرۆگرامی پەروەردەیی ئیسرائیلدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عەرەبدا، ڕاستیەکەی

ئەوەیە مەنهەجی خوێندنی ئیسرائیلیو هەروەها کتێبەکانی ئەدەبی عیبری هانی لاوانی جوولەکە نادەن بۆ بەکەم سەیرکردنو بە هیچزانینی عەرەبی، بانگەوازێم بۆ لێبوردەییو مامەڵەکردنێکی مرۆییانە لەگەڵ عەرەبدا وەك هاووڵاتیەکی خاوەن مافی هاووڵاتیبوون لەم مەنهەجەدا بەدیدەکرێت. ئەو چیرۆکە عیبریانەی لەنێوان ساڵانی ١٩٤٨. ١٩٦٧دا نووسراون کەسایەتی عەرەبی بەناشیرینیترین شێوە وێنا دەکەن، تاکی عەرەبی لەئەدەبی عیبریدا (لەو سەردەمەدا) بریتی بوو لەئەو

**کەسایەتیە عەرەبیەکان لەئەدەبی عیبریدا لەواقیعەوە وەرگیراون، لەپێچوپەنای عەقڵی سیاسی ئیسرائیلەوە نین**

مێردەزمە بێزارکەرە، کە حەزی خراپەو دووژمنکاری بەسەریدا زاڵەو هەڕەشەیەکی بەردەوامە بۆ سەر بوونی ئیسرائیلو شارستانیەتەکەی، ڕەنگە هۆکاری بەکەمزانینو گاڵتەپێکردنی عەرەب، تەنها ئازادی نوسینو واقیعی عەرەبو عەمالەتی عەرەب بۆ مادەو سەروەتی دونیا، ئەمەی دروستکردبێت لەئەدەبی عبریدا، لەدیدی (عجنون)دا عەرەب لەمپەرێکی سەرڕێگایەولەمەیش زیاتر دەڕوات و پێیوایە عەرەب سەرچاوەی بێزارییە، تەنانەت بۆ ئەوڕابییەیش کە ئامۆژگاری خەڵکی دەکات، هەروەها لای ئەو عەرەبی دزو دڵڕەقە تەنانەت بەرامبەر ئەو گەنمەیش کە دەیهاوێت، دەبینی پارەیەکی زۆروەردەگرێت، لەبەرامبەردا ئاردێکی کەم لەو گەنمە بەرهەمدەهێنێت، ئەو ئەوە لەبیری خوێنەردا جێدەهێڵێت کە تاکی عەرەبی دزە، (عجنون) خاوەنی بیرێکی قوڵە بەرامبەر بە عەرەب، ئەو عەرەب بە لەمپەری سەر ڕێگای نیشتەجێبوونی جوولەکە دەزانێت، هەربۆیە دەتوانێت لەساڵی ١٩٦٦دا خەڵاتی نۆبڵی پێدەبەخشێت. تاکی عەرەبی لای (یەودا بارلا) خاڵییە لەهەستی نەتەوایەتی، ئەو (واتە عەرەب) پارە پەرستە، بۆ بەدەستەێنانی پارە نامادەیە خیانەت بکات، لەبەرامبەردا جوولەکە هەمیشە فیداکارە، خاکییە، دڵسۆزە لەئەنجامدانی کارەکەیدا «تاکی عەرەبی ئاژەڵێکی سێکسبازی ئاڵۆشاوییە، وەك لەئەدەبی عیبریدا وا وێناکراوە، تەوەتا تێڕوانینی پیاوی عەرەب بۆ ئافرەت تەنها تێڕوانینی سیکێسی ڕووتەو تاقە مەبەست لێی تێرکردنی حەزی سێکسییەتی، هەربۆیەشە دەبینیت زوو زوو ژن دەهێنێتو حەزی لەفرەژنییە، تاکی عەرەبی قەڵەوی، گۆشتنی، شلو شاوە، لەکاتی ڕێکردنیدا ورگیان لەبەردەمیاندا شۆڕ دەبێتەوە، سەروسەکوتیان زۆرڕەشو ناشیرینەو هەموویان بەدفەساڵن، هەر لەزووەوە تاکو ئێستا دەمووچاویان کێڵگەیەکی لەبارە بۆ سورێژەو مەلاریاو گولو چەندین نەخۆشیتر کە هەموو لەسایەی دواکەتنەوە پەیدادەبن، چاوەکانیان شوێنێکی لەبارن بۆ تەراخۆماو کوێری...

تەنانەت ئەو وێنە فۆلکلۆریانەی کە واچاوەڕواندەکرێت وێنەگەلێکی ئیستاتیکی دانپێدانراوبن، ئەوەندەی پەیوەندی بەعەرەبەوە هەبێت، گوزارشتێکی کورتی زوو تێپەڕە، نەك هەر ئەمە بەڵکو بوونی بەرجەستەی خەڵکی کورتکراوەتەوە، لەچەند نموونەیەکی وڕو بێئاگای بێئامانجدا، ئەمەیش بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەو گووتارە ی باس لەمردن و چۆڵی فەلەستین دەکات، لەگوتاری ئەدەبی عەرەبیدا کەسایەتییەکی عەرەبی نابینین ئیشی پزیشکی، یان ئەندازیاری بکات، مامۆستایەکی زانکۆ یان ئەدیبێکی عەرەبی بەدیناکەین، تەنانەت هەندێ نووسەری



**تاکی عەرەبی لای (یەودا بارلا) خاڵییە لە هەستی نەتەوایەتی، ئەو (واتە عەرەب) پارە پەرستە. بۆ بەدەستەێنانی پارە ئامادەیە خیانەت بکات، لە بەرامبەردا جوولە هەمیشە فیداکارە، خاکییە، دڵسۆزە لە ئەنجامدانی کارەکەیدا**

خۆیان گەیشتووەتە ڕادەیەك وێنەی فەلەستینیەکانی وا بکێشێت کە هاوپەیمانێتیان لەگەڵ جوولەکەدا بەستووە دژ بەعەرەبە داگیرکەرەکان، ئەمەش هەمان بۆچونی ئەدەبی عیبریە. تاکی عەرەبی شایەتیدەرێکی درۆیە، شایەتیدانی درۆ بووەتە بەشێك لەکەسێتی ئەو هەروەها تاکی عەرەبی بکوژە، بەجۆرێك تاوان بووەتە بەشێك لەسروشتی، ئەو ماساوچیو ستەمکارە، دواکەوتوو و کەمتەرخەمە. پیاوانی عەرەب زۆربەیان یان هەتیوبازن، یان بێتوانان لەڕووی سێکسکردنەوە لەگەڵ ئافرەتدا. هەر بۆیە ئافرەتی عەرەبی کاڵایەکی هەرزانە کە دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت. (بلانکفۆرت) عەرەبی بەشێوەیەك پۆلێن کردووە کە لەئاژەڵەوە نزیکترن وەك لەمرۆڤەوە. ئەو کەسایەتیە عەرەبیە ئەوە ئەو کەسەیە کە تووشی مەرگی ڕۆحی بووەو گیانی نەتەوایەتی بەتەواوی لەناخیدا سڕاوەتەوە، ئیسرائیل پێی سەیرە کە بەتەماعی مادەو بەرژەوەندی هەموویان دەبنە لایەنگیری ئیسرائیل، نەك بەئەساسی دۆستایەتیەکی مۆراڵی. تاکی عەرەبی فاکتەری لەناوچوونی لەناخیدا هەڵگرتووە بەپێی تیۆری پێشکەوتنو بەرەو پێشچوون. ئەو بەباشی شارەزای تاوانو هێرشکردنە سەر جوولەکەو فڕاندنی کچانی جوولەکەو کردنەوەی مەلهاو قەحپەخانەیە کە ڕووسیەکان بەڕێوەی دەبەن. قەدەری تاکی عەرەبی لەهەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەگەڵ جوولەکەدا هەر دۆڕانە. نووسەرە جوولەکەکان هەمیشە عەرەب بەدۆڕاوی لەبەرامبەر پاڵەوانە هەرزەکارەکانی جوولەکەدا وێنەدەکێشن. ئەویش لەڕێگەی وێنەگرتنی پاشماوەی کاولکاریو وێرانیو دووکەڵەوە.

هەر لەسەر ئەم ئاوازەیە کە (لیزل غورس) دەڵێت: بەڕاستی سەربازەکان عەرەب هەمیشە نەخوێندەوارو جوتیارن و زۆربەیان شارەزایی بواری جەنگ نین، ئەوان نەخۆشو لاواز دەنمەزارن، هەروەها ئەوان ئەوەندە کەمتەرخەمو دەبەنگن کە ئەگەر لەکەڵەسوچێکدا گیرنەدرێن ئامادەی شەڕکردن نین. هەرچی ئەفسەرو دەرەجەدارەکانیشیانە ئەوا کاریان تەنها فرمانی دۆڕاندن دەرکردنە. هەندێك لەنووسەرەکان گەیشتووەتە ڕادەیەك کەوا وێنای عەرەبی بکات کە هەر هەنگاوێك دەنێت ئەوا واتای خۆبەدەستەوەدانەو ملکەچکردنە بۆ کەسێك،



چونکە ئەو بەسروشتی خۆی دۆڕاوە، ئەوا هەمیشە ئامادەی خۆبەدەستەوەدانە. (ئارسەر کوستلەر) لەرۆمانەکەیدا بەناونیشانی (دزەکانی شەو) باس لەدانیشتوانی گوندێکی عەرەبی دەکات کە هەر هەموویان نەخوێندەوارو دەبەنگن، بۆ وردتر کردنەوەی وێنەی دواکەوتوویی جەنگاوەری عەرەبیو ناشیرینکردنی وێنەی (ئوریس) دەڵێت: (قاوقچی هەموو زبرابەکانی دیمەشق و بەیروتو بەغدادی زبرو ژوور کرد تا هەرچی کەسی ترۆو هەرچیو پەرچی هەیە لەدزو پیاوکوژو ڕێگرو بازرگانی مادە بێهۆشکەرەکان و بازرگانی کۆیلەکۆبکاتەوە بۆ جەنگ)، هەروەها وا باس لەئەفسەرەکانی عەرەب دەکات کە بەشمشێر شەڕدەکەنو جوولەکە لەدوورەوە گولەیان پێوە دەنێنو وەکو چۆن گەنم لەکاتی دروێنەکردندا دەکەوێت، ئاوا لاڵو پاڵ دەکەون، سەربازی عەرەبی ترسنۆکن کە ئەو سەربازانە لەشوێنی خۆیان نابزوێن، هەروەکو چۆن کۆتو بەند لەدەستو قاچیان خرابێت.

(عاموس عیوەز) وای پیشاندەدات کە کیبوتس (کۆمەڵگەی ئیسرائیلی) بەدەشتەکیو مار دەورە دراوە. ئەو دەشتەکی وەکو هێمایەك بۆ جیهانی عەرەبی بەکاردەهێنێت. تاکی عەرەبی لای ئەو وێنەیەکەی تری کۆنەپەرستو و چەقەڵو گورگە، مار ڕۆڵی عەرەبی تەواودەکاتو مەترسییەکەو مێردەزمەیەکە بۆ کیبوتسو دانیشتوانەکەی، کۆمەڵگەی ئیسرائیل گەیشتووەتە ڕادەیەك بێز لەو ئافرەتانە بکاتەوە کە شوو بە کەسێکی عەرەب دەکەن، ئەوەتا (شوشانا) لەچیرۆکی (بەرگری) سامی میرخائیلدا، گیرۆدەیە بەدەست قەیرانێکەوەو تووشی دڵەڕاوکێو شڵەژان بووە لەدوای شووکردنی بە کەسێکی عەرەب بەناوی (فۆاد).

**٢- ئەدەبی عیبری بەویژدانەوە دەڕوانێتە دوژمنەکانی:**

**تێڕوانینی پیاوی عەرەب بۆ ئافرەت تەنها تێڕوانینی سێکسی ڕووتە و تاقە مەبەست لێی تێرکردنی حەزی سێکسییەتی. هەربۆیە شە دەبینیت زووزوو ژن دەهێنێت و حەزی لە فرە ژنییە. تاکی عەرەبی قەڵەوی، گۆشتنی، شل و شاوە، لە کاتی ڕێکردنیدا ورگیان لە بەردەمیاندا شۆڕ دەبێتەوە. سەروسەکوتیان زۆر ڕەش و ناشیرینە، و هەموویان بەدفەساڵن. هەر لە زووەوە تاکو ئێستا دەمووچاویان کێڵگەیەکی لەبارە بۆ سورێژە و مەلاریاو گولیو چەندین نەخۆشیتر کە هەموو لە سایەی دواکەتنەوە پەیدا دەبن. چاوەکانیان شوێنێکی لەبارن بۆ تەراخۆماو کوێری**

نووسەرانی جوولەکە هەوڵیانداوە لەو هێڵە تەقلیدیەی لەئەدەبی بەرامبەردا هەیە بەرامبەرجوولەکە لابدەن. ئەوان هەوڵیانداوە کەسایەتی تاکی عەرەبی پیشانبدەن، لەجیاتی کەسێتی باو(نمگی) کە هەمیشە لەوئەدەبەدا بەرچاودەکەوێت.

ئەوەتا (ئیسحاق شامی) وەسفی دەکات وەك تاك، وەسفێکی جەستەییو دەرەکی، هەروەها (بنیامین تەموز) ڕچەی باوی ئەدیبەکانی عەرەبی، ئەویش بەهەڵبژاردنی کەسایەتی عەرەبی ڕۆشنبیرو شارستانی. هەندێك نووسەری جوولەکە هەستیان بەتاوان کردووە لەبەرامبەر تاکی عەرەبیدا. هەربۆیە هەندێ چیرۆکیان نووسیوە کە تێیدا دان بەو تاوانانەدا دەنێن کە جوولەکە لەدژی عەرەب ئەنجامیداوە، گوندە چۆڵەکانی عەرەب بە بەردەوام وەك بەڵگەنامەیەك مێژوویی پیشاندراوە لەئەدەبی شەستەکاندا، بەڵام هەرگیز ئەدیبێکی عەرەب هەڵنەکەوت بەزمانێکی ئەدەبی لەگەڵ جوولەکەدا بدوێ، لەکاتێکدا گیرفانوورگی زۆرئەدیبی عەرەبی هەیە جوولەکە پڕی دەکات، هەرئەمە لەئەدەبی پەنجاکانیشدا دەبینرێت (س. یزهار لەڕۆمانی گوندی خزعە، تەمووز بنیامین لەڕۆمانی چیرۆکی داری زەیتوندا) هیچ یەکێك لەو دوو نووسەرە وەکو جەنگێکی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی لەشەڕی ساڵی ١٩٤٨یان نەڕوانیوە، بەڵکو هەردووکیان بەشەڕێکی بێ پاساو لەڕووی مرۆڤایەتیو ئەخلاقیەوە داویانەتە قەڵەم کە مرۆڤایەتی دەبێ حیوار هەڵبژێرێ، دەبێ عەرەب هەستبکات (شامیر) هاوسۆزی خۆی لەگەڵ عەرەبەکاندا لەبەرامبەرجوولەکە دەردەبڕێت، ئەویش لەڕێگەی پشتگیرییکردنو چوونە پاڵی هاواری زەحمەتکێشە ستەملێکراوەکان بە چاوپۆشی لەئینتیمای نەتەوایەتییان، هەروەها (تەمووز) هاوسۆزی خۆی لەگەڵ عەرەبەکانی ئەو گوندەدا کە لەسەر زەوییەکانیان دەرکراون ناشارێتەوە، ئەمەیش لەڕۆمانی (داری زەیتون)دا. هەروەك چۆن ڕقو بێزاری خۆیشی ناشارێتەوە لەو کۆچکردووە تازانەی کە بەزۆر دەستیانگرتووە بەسەر زەویو زاری عەرەبەکاندا، ئەمەش ناوازەیی ئەدەبێکە کە لەبەرانبەریدا نامۆراڵی ئەدەبی عەرەب دەبینرێ، ئەو داری زەیتوونی وەك هێمایەك بۆ ڕەسەنایەتی خاوەنەکانی باسکردووە. عەرەب ڕەسەنە لەم وڵاتەداو ڕیشەی تێیدا داکوتاوە هەروەك چۆن داری زەیتون ڕیشەی داکوتاوە تێیدا . بەڵام ئەوانیش وەکو جوولەکە ڕەسەنترن، ئەدی بۆ بڕوا بەپێکەوە ژیان نیە؟ ئەو عەرەب بەکوڕی ڕاستەقینەی ئەو وڵاتە پیشاندەدات، لەکاتێکدا جوولەکەکانیش کوری ئەوێن، بەڵام ئەوە کام ئەدەبە ئەمە قبوڵناکات؟. هەریەك لە(یزهار، تموز، عوز، شامیر، یەوشوع، بن نیرو میخائیل) خۆیان بێبەری کرد لەڕۆڵی کۆمەڵایەتیو نەتەوایەتی ئەدەب، دوای ئەوەی لێی بێهیوا بوون، نووسەرانی جوولەکە تاکی ئیجابی عەرەبی بەو عەرەبە دەزانن کە لایەنگری هەستی ئینسانی دەکات، لەگەڵ ئەوەیشدا لەپلەیەکی خواردا دایدەنێت بەبەراورد لەگەڵ مرۆڤی جوولەکەدا، لەوەی ڕابورد بۆماندەردەکەوێت ئەدیبە جوولەکەکان وێنەیەکی باشی ڕاستەقینەیان لەتاکی عەرەب نەخستووەتە ڕوو و بەردەوام لەگەڵ تیۆری چۆڵی دانیشتوان بوون، ئەمەش واقیعی مێژوو وادەڵێ، تەنانەت (یزهار سمیلانسکی) جەخت لەسەر گوندە عەرەبیە چۆڵەکانو دەنگە پچرپچرەکانو شانە هەنگە خاڵیەکان دەکاتەوە، هەروەها (بزحاس سادیە) جەخت لەسەر تیۆریەی چۆڵەوانی فەلەستین دەکاتەوەو هەوڵی بەرجەستەکردنی هەموو ئەو شتانە دەدات کە ئاماژەن بۆ دژایەتیکردنی جوولەکە.



# مارتین پۆپەر: ئەو پیاوەی ویستی کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین رووندات



د. شۆرش مەولوود. زانستە سیاسییەکان . بێرمینگهام ......................

بەردەوام لەناو جوڵانەوە توندڕەوی و توندوتیژەکاندا هێزێك بۆ پێشگرتن و هێوری بوونی هەبووە. مارتین پۆبەر (Martin Buber) کە بە زمانی عبری دەبێتە مۆردخای، ناوبراو یەکێکە لەگرنگترین فەیلەسوفە وجودی و مرۆڤگەراورۆحییەکانی جوو لەسەدەی بیستەمدا. لەساڵی ١٨٧٨ لەڤییەننا ی پایتەختی نەمسادا دا لەدایك بووەو لە١٣ی حوزەیرانی ١٩٦٥ و لەتەمەنی ٨٧ ساڵیدا و لەشاری ئۆرشەلیم (قودس)ی ئیسرائیلدا ماڵئاوایی لەژیان کردووە. مارتین پۆپەر لەخانەوادەیەکی جووی نەریتخواز هاتە دونیاوە. زۆرینەی تەمەنی منداڵی لەلای باپیری بووە، باپیری لەشاری لڤۆڤی ئۆکرانیادا ژیانی کردووەولەوێشدا بیروباوەڕی نەریتخوازی جوو وهاوکات ئەدەبیاتی رەوگەی کۆنخوازی یەهودییەکان خزێنراوەتە مێشکییەوە. دوواتر لەساڵی ١٨٩٢ دا بۆیەکەمجار دەگەڕێتەوە ماڵە بابی خۆی لەشاری لیمپەری ئەڵمانی. ناوبراو لەو کاتەی تەمەنیدا لەئەڵمانیا ورده ورده دڵی لەبیروباوەڕی نەریتخوازی یەهودییەکان هەڵدەکەنێت وبایەخی خۆی لەسەر فەلسەفەو خوێندنی بەرهەمە فەلسەفییەکانی ئەوێ دەم چڕدەکاتەوە، بەتایبەتی دەستدەکات بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی عەمانوئێل کانت و کیرکیغور و فردریك نیتچە. هەموو ئەمانە کە کاریگەریی قوڵ لەسەر ئەو نەوجەوانە جێدەهێڵن وایلێدەکەن کە رووبکاتە ڤییەناولەوێ دەستبکات بە خوێندنی فەلسەفەو فیلۆلۆجیا (زانستی زمان) و مێژووی هونەرو ئەدەب. هەرلەساڵی ١٨٩٨ دا پابەند دەبێت بە جوڵانەوەی سەهیۆنییەوە، ئەوێ دەم

تیۆرەکەی تیۆدۆر هرتزل، وەك تیۆریکی نەتەوەیی داکۆکی لەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دەکرد بۆ جووەکان لەفەڵەستیندا. بەڵام ئەولەوپێودانگەدا زۆر دڵپەسەند نەبوو، بەڵکو پێی وابوو ناراستەیەکی رۆحی وکۆمەڵایەتی بۆ جووەکان دەبێت لەدەستپێکی کارەکان بێت. لەساڵی ١٨٩٩ دا پۆپەر هاوسەرگیری لەتەك پاولا فینکلر دا دەکات. پۆپەر متمانەی تەواوی بزووتنەوەی سەهیۆنی بەدەست دەهێنێت و هەڵسوڕاوێکی بەهێزی وەشانکردنی ئەوئەدەبیاتە بوو کە سەهیۆنییەکان لەدەستپێکی سەدەی بیستەمدا بە چالاکی کاریان لەسەر دەکرد. ئەولەساڵی ١٩٠٢ دا بووە سەرنوسەری سەرەکی هەفتەنامەی جیهان Die Welt کە ئۆرگانی فەرمی بزووتنەوەی زایۆنی بوو، ئەوهەفتەنامە لەوقۆناغەدا وەکو مەچەکێکی بە هێزی ئایدیاو ئایدیۆلۆژیای زایۆنییەکان وەها بوو. بەڵام پاش ساڵێك و لە١٩٠٣ دا لەو جوڵانەوەیە تەوەسیاوە و رووبکردە بزووتنەوەیەك بەنێوی بزووتنەوەی خۆپارێزو پاکژەکان، کە زیاتر لەسیاسەت دوورکەوتەوەو رووبکردە فەلسەفەی تەسەوف و فەلسەفەی خۆگرتنەوە لەمادییەت و سیاسەت. لەساڵی ١٩٠٤ تاوەکو ١٩٠٨ توانی زنجیرە بەرهەمێك بەچاپ بگەیەنێت کە زیاتر رووەو پاکژبوونەوە بوون و هاوکات بەشێکیان لەشێوەی چیرۆك وکۆمەڵە چیرۆکدا دەیدەرشتن. لەساڵانی ١٩١٠ بۆ ١٩١٤ دەستیدایە خوێندن و نوسین لەبواری ئەفسانەداولەو میانەیشدا شوێن دەستی لەچەندین تێکستی ناوازەدا دیارە. لەساڵی ١٩١٦ دا لەبەرلینەوە چووە هیپهایم و لەوێ بووە یەکێك لەدامەزرێنەرانی ئەنجومەنی نەتەوەیی جووەکان و گۆڤاری یەهودی بەنێوی Der Jude دەرچوواند و بۆخۆیشی سەر نوسەری بوو. لەساڵی ١٩٢٤ دا لەتەك فرانتز روزنتسڤایغ دا توانیان کتێبخانەی نێوەندی بۆ فێرکردنی یەهودییەکان دابمەزرێنن. ناوبراو ساڵی ١٩٢٣ دا یەکێك لەبەنێوبانگترین نوسینەکانی لەچوارچێوەی پەرتوکێکدا بڵاوکردەوە بەنێوی من وتۆ Ich und Du ، هاوکات بەهاوکاری روزنتسڤایغ دەستیان دایە وەرگێڕانی تەورات لەزمانی عیبرییەوە بۆ سەر زمانی ئەڵمانی. هاوکات لەساڵی ١٩٢٦ دا بەشدار بوو لەنوسینی گۆڤارە وەرزییە بەنێوبانگەکەی جووەکان بە نێوی گۆڤاری ئافراندن Die Kreatur. لەساڵی ١٩٣٠ دا بە بڕیارێك دەبێتە ئوستازی زانکۆی فرانکفۆرت، بەڵام پاش سێ ساڵ ووەکونارەزایەتییەك لەمەڕ بوونی هیتلەر وگەیشتنی بەدەسەڵاتی ئەڵمانیا واز لەپۆستەکەی دەهێنێت و دەست لەکارەکانی دەکێشێتەوە. هاوکات نازییەکان واتە پارتی سۆسیالیستی ناسیۆنالیست رێگەی لێدەگرن لەدامەزراوە گشتییەکانی دیکەیشدا مژوڵی نسین و خوێندن وکارەکانی بێت. چوون لەوکاتەدا هەستابوو بە دامەزراندنی کتێبخانەیەکی ناوەندی بۆ جووە پێگەیشتووەکان، وەلێ دیسانەوە دەسەڵاتی نازی لەئەڵمانیا ئەوەشیان لێیاساغکرد. ساڵی ١٩٣٨ ناچار دەبێت ئەڵمانیا جێبهێڵێت و رووبکاتە سەرزەمینی فەڵەستین و لەئۆرشەلیم نیشتەجێ بێت، ئیدی ئەو بووە ئوستازی ئەنسرۆپۆلۆجیاو کۆمەڵناسی لەزانکۆی عبری قودسدا. ناوبراو لەو قۆناغەدا لەگەڵ ئەوەی وەك فەیلەسوفێکی رۆحی وعیرفانی نێوی دەرکردبوو هاوکات مژوڵی نوسین و نوسینەوە بوو، بەڵام لەگۆڤارەکاندا بەشدار بوو، دەنگی میدیای جووەکان بوو، هێزێکی مرۆڤگەراو ئاشتیخواز بوو، لەنێو بزووتنەوەی زایۆنیدا و لەگۆڤاری یەکێتی جووەکاندا مشتومڕی ئەو بۆ ئەوەبوو کە دەوڵەتە نەتەوەییەکەی جوو لەفەڵستین لەسەر بنەمای جیاکاری نەبێت و بۆ عەرەب و جوو بێت پێکەوە، ئەودەیوت بەڵێ بۆ پێکەوەژیان و نا بۆ جیاکاری ورق وکینە. ناوبراو لەهەموو پرسەکاندا دیالۆگی هەڵدەبژاردن دیالۆگێك لەسەر بنەمای سەرکەوتن و بەزینی یەکێك و ئەویتر نا، بەڵك و لەسەر بنەمای گەیشتن بێت بە راستییەکان. هەربۆیە لەپاش جەنگی جیهانی دووە م ئەو بە جدی ترلێنەوی وتارو سیمینارەکانی بردە دەرەوەی ئیسرائیل و لەئەوروپاو ئەمریکادا دەستیدایە گەیاندنی پەیامەکەی. هەربۆیە لەوپێناوەدا بووە

ناوێکی درەوشاوە نە لەنێو یەهودییەکاندا بەڵکو لەنێو خەڵکدا ، بۆ ئەم مەبەستەیش چەندین خەڵات و ڕێزلێنان و پلەی پێبەخشرا کە هەموویان ئاماژەی ئاشتی و سیمبولبوونی بوو بۆ پێکەوە ژیان.

ئەوەی کە مارتین بۆبەر جەختی لەسەر کردەوە لەماوەی ژیانیدا هەڵقوڵاوی بەربەریەتی ئەو واقیعە بوو کە بۆخۆی لەنێویدا دەژیا، ئەو وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی دایەوە کە پرسیاری لەسەر مانای مرۆڤ دەکرد لەمیانی جەنگی جیهانی یەکەم و جەنگی جیهانی دووەمدا، هاوکات وەڵامی جوو بوونی لەئەڵمانیا دەدایەوە لەئەوروپا، یاخۆ جووبوون لەئەڵمانیا. ئەو لەبەر ئەوە بوو کە فەیلەسوفێکی وجودی بوو، هەروەکو جۆن جان پۆڵ سارتەر بەشێوەیەکی سەرەکی لەفەرەنسادا جەختی لەفەلسەفەی وجودی دەکردەوە. پۆبەریش هەڵقوڵاوی واقیعێکی دیاریکراو بوو، لەوێوە بوونی کردە پێوەر بۆ قسەکردن لەسەرژیان. دیارە لەسەر ئاستی میتافیزیکی مرۆڤ کائینێکە بوونی خۆی لەنێو پێوەندییەکاندا دەبینێتەوە.مرۆڤ هەمیشە لەپەیوەندیدایە، ئەم پەیوەندییە چەمك وواتای مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت. هەوەڵ پێوەندی جەوهەری لەمرۆڤدا پەیوەندی مرۆڤە لەزارۆییەوە بە دایکییەوە. ئەو وێنای زارۆیەك دەنەخشێنێت لەسەر سنگی دایکیدا چلۆن لەپەیوەستیدایە بە دایکییەوە.ئامادەیی دایك لێرەدا وەك ئامادەیی مرۆڤێکی تر نییە ، بەڵکو ئەو ئامادەییە بۆ منداڵەکە مەرجی ژیان و مەرجی مانەوەیەتی.

دیارە کارە فەلسەفییەکانی پۆبەر لەمیانی ژیانیدا وەك ئاڵنگارییەك بوون بۆ فەیلەسوفانی مەزنی وەکو دیکارت و مارکس و هتد. ئەو وەك فەیلەسوفێکی عیرفانی و وەك پێشەنگێکی بواری تەسەوفی یەهودی لەسەدەی بیستەمدا کارەکانی جێ سەرنج بوون، داکۆکیکارێکی سەرسەختی دەوڵەتی فەلەستینی بوو بە هەردوو شوناسی جو و عەرەبەوە. کارەکانی گەلێ مشتومڕ هەڵدەگرن و وەك بناغە تەماشا دەکرێن. بە زمانەکانی ئەڵمانی و عیبری نوسیویەتی و کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی من و تۆ خوێندنەوەیەکی فرەی بە زمانی ئینگلیزی بۆکراوە. لەبیستەکانەوە تاکۆتایی ژیانی بە سەدان وتاری بڵاوکردووەتەوە سەبارەت بە ماریفەی مرۆڤ . شرۆڤەکانی لەمەڕ فەلسەفەی ئەنسرۆپۆلۆجیا خوێندنەوەیەکی فرە ئاڵۆزبوونە. لێرەدا بەوردی سەرنجی خۆمان لەمەڕ فەلسەفەو شوێن و پێگەو ماهیەتی پۆبەر بۆ ئایین دەخەینە روو، بەڵام هێندە گرنگە بزانین کە پۆبەر یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە لەهەندێك رووەوە بەتایبەتی لەقسەکردن لەسەر پرسی مرۆڤ لێکچوونی لەتەك کانتدا هەبوو لەهەندێك روویشەوە خاوەنی تایبەتمەندی و داهێنانی خۆیەتی . پۆبەر لەگەڵ ئەوەدا کە فەیلەسوفێکی جیهانییە، هاوکات تەنها فاکتەرێك کە رێگری هەبوو لەوەی زێدەتر لەوەی کە هەیە بناسرێت، ئەو ئاراستە نەیارییەتیە بوو کە بە هۆی دنیای ئیسلامی و بەشێك لەبیرمەندانی دژە زایۆنییەوە رووبەرووی ببوویەوە، چوون ئەو ئەندام بوونی لەکۆنگرەی سەهیۆنییەکان و رۆڵی مەزنی لەبواری هزری سەهیۆنیزم و ئاتاجبوونی جوو بۆ دروستبوونی گوتارێکی رۆحی و یەکگرتوو، کاری مەیدانی فەلسەفەی لەلای ئەم دژوارکرد. ناوبراو لەتەواوی نوسراوەکانیدا جەختی لەسەر پرسی مرۆڤ دەکردەوەو وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەدایەوە کە دەیپرسی مرۆڤ چییە سەرلەبەری بەرهەمە دیارەکانی سەرچاوەیەکی وردی بواری رۆحانییەت و زانستی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسین: بەرهەمە دیارەکانی ئەو بریتین لە:

نوری شاراوە (ئورغانوز) من و تۆ ( غوغ و ماغوغ) تەوراتی نەبییەکان( تورات هنفیئیم) موسا( موشێ) ئەمەو لەگەڵ سەدان وتارو کۆڵینەوە کە تێکڕایان پەیامی دۆستایەتی و خاوێنبوونەوەو پێوەندی بوو لەچێکردنی گوتارو دیالۆگێك.

**هاوشێوەکانی بیری پۆبەر:**

دیارە مێژووی نوێگەریەتی و مۆدێرنە بەجۆرێك لەجۆرەکان و بەشێوازی جیا لەنێو نەتەوەکاندا رۆچووە. هەموو ئەوانەی کە شوێندەستیان

بە جوانکردنی مۆدێرنەوە بووە بڕێتین لەچەند بیرمەندێکی مەزنی لێك هەڵقوڵاوی ئایینە جیاواز و نەتەوە جیاوازەکان. لەم میانەدا پۆپەر لەسەردەمی نوێدا نوێنەرایەتی جوانکردنی جووەکان و باوەڕی جووەکان دەکات. بە رووبەکی نوێوە شۆڕبووەتەوە بۆ نێو تەورات، هەروەکو چۆن موحەمەد ئیقباڵی ئێرانی شۆڕبوویەوە بۆ نێو قورئان و نیکۆس کازانزاکیسی فەیلەسوفی گەورەی عیرفانی کریستیان شۆڕبوویەوە بۆ نێو ئینجیل. ئەوان دەکرێت بڵێین سێکوچکەیەکی بەرفراوانی سەردەمی مۆدێرنە بوون. گوتارەکانیان لەرۆحی ئایینەوە هاتە دەرێ و تەنها مرۆڤی دەبینی، ئەوان بیروباوەڕیان تەنها مرۆڤی دەبینی و مرۆڤانە دەدووا و جەختیان لەسەر باڵایی و نزمی و جیاوازی نەدەکردەوە مرۆڤ پێوەری دیالەکتیك و مرۆڤ پێوەری دیالۆگ و مرۆڤ پێوەری خۆشگوزەرانی ژیانیان بوو. لەبواری سیاسیشدا پۆپەر نوێنەرایەتی جوانکردنی خواستەکانی جوو بوو، خواستە رەواکانی جوو کە ساڵەهای ساڵ بوو بە بندەستی و بە پەرتەوازەیی مابوونەوە، ئەوان لەقاوغی بندەستییەوە ئەوە تەنها پۆپەر بوو رەوایەتی دەگەیاندن بە دونیان چەکی دەستی ئەو دەزگا هەواڵگرییەکان و پلانە ژێر بەژێرییەکان و وابەستەبوون بە توندو تیژییەوە نەبوو، بەڵکو چەکی دەستی ئەومیدیا ورۆژنامەو گۆڤار بوو، بەئاشکرا جاڕی بوونی خۆیانی دەدا. لەم میانەدا هەژموونی نەدەویست، ئەوهەژمونەی زایۆنیزم داکۆکی لێدەکرد بەڵکو ئەو پێیەکانی هزری نەتەوەی جووی وەك بەرەی خۆی رادەکێشا. ئەو گوتارەکەی جودابوو، تایبەتمەندییەکانی گوتارەکەی لەوانی دی لەوەدا بوو کە باوەڕی بە سڕینەوە نەبوو، دەیوت ئێمە سیاسەتی سڕینەوەمان لەهەمبەر پێڕەو کراوە، نازییەت گەرەکی بوو جوو بسڕێتەوە، بەڵام تەورات نایەوێت بەرامبەر بەهەمان کاردانەوە بدوێنرێت، دەبوو ئێمە سیاسەتی خوێندنەوەی ئەوانی دی پەیرەو بکەین، باوەڕمان بە هەژموون نیە، باوەڕمان بەوتیۆرە نییە کە لەنیلەوە بۆ فوراتە، فەلسەفەی نیل بۆ فورات لەلای ئەو دروست بوو، بەڵام فەلسەفەیەکی دیالۆگی بوو، لەنیلەوە بۆ فورات دەبوو بندەستی نەمێنێت و هەمووان هەبن. ئەو هەڵگری گوتاری رزگاریخوازی نەتەوەی عەرەب بوو لەفەلەستین هەروەکو چۆن هەڵگری گوتاری مافی جووەکان بوو لەقودس. پێکەوە بوون و پەیوەندی سەرلەبەری مرۆڤایەتی دیاریدەکات. باوەڕی بە پەیوەندی هەبوو وەك چۆن منداڵێك پەیوەستە بەدایکییەوە، بەو جۆرەیش جووەکان و کریستیان و موسڵمان لەقودسدا پەیوەستن. لەم رێگەیەدا لەرووی هزرییەوە هەموو ئەو شتانەی کە پۆپەر دەیوت لەلای ئیقباڵی لاهوریش دەوتراو نیکۆس کازانزاکیزیش جەختی لەبارەوە دەکردەوە، رۆمانەکانی ئەویش مەحشەرێك بون کە ناخی خاوێنی لەدینەوە هەڵدەگۆزی. بەدەر لەوان بیرمەندان بە رزگاریخوازی خەڵکی فەڵەستین دەچوێنن، ئەو جیاوازە لەبیرمەندو ئەدیبەکانی تری دونیای عبرییەت و سەهیۆنی، جیاوازبوو لەئارسەر کوسلەری جوو کە لەرۆمانەکانی سوکایەتی بەرهەم دەهێناو لەسەر بنەمای رەگەزی بە تەنزو هێزێکی نازییەوە مرۆڤی عەرەبی خەجاڵەت دەکرد. لەم میانەدا پۆپەر دەچوێنرێت بە مەهاتما غاندی رێبەری رزگاریخوازی گەلانی هندستان. غاندی هەڵگری گوتاری ناتوندوتیژی بوون هەروەکو چۆن پۆپەریش هەڵگری هەمان گوتار بوو ، غاندی رووی دەمی لەهیندۆسەکان نەبوو، رووی دەمی لەهندۆس و موسڵمان وهەموو نەتەوەورەنگەکان بوو، باوەڕی بە چەك وخوێن نەبوو، هەروەك چۆن پۆپەریش هەمان شتی دەوت، غاندی وەك بەرهەڵستکارێك بزاڤی هندییەکانی بۆرزگاری چالاککردو گەیاندییە لوتکە، پۆپەریش بەهەمان شێوە لەکۆنگرەکانی بلفۆردوە تاوەکو چەند ساڵێك پاش چێبوونی ئیسرائیل ژیا، ئامانجەکانی غاندی بەتەواوی نەپێکران و هیندستان دابەشکرا، هەروەکو چۆن ئامانجەکانی پۆپەریش نەهاتنە دی و دووساڵ پاش مەرگی جەنگی جووەکان و عەرەب لەساڵی ١٩٦٧ دا هەڵگیرسا. فرەجار ئەم دوو پێشەنگە بیروراو بۆچوونەکانی

خۆیان ئاڵوگۆڕکردووە.   لەگەڵ ئەوەی کە لەئیسرائیلدا ساڵی ١٩٤٨ دەوڵەت رادەگەیەنرێت، بەڵام بەردەوام پۆپەر جەخت لەوەدەکاتەوە کە پێویستە جووەکان و عەرەبە موسڵمانەکان نەکەونە ژێر کاریگەریی شۆڤێنییەتی خۆرئاواو پێویستە لەدەرونێکی خاوێنەوە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی خۆیان لەپێشچاو بگرن. پۆپەرگەلانی بندەستی لەوە هۆشیار دەکردەوە کە بوونەتە قوربانی سیاسەت ئیمپریالییەکان وجیایی رەنگەکانیان بووەتە ئامرازێك بۆئەوەی بەزوویی دژ بەیەك پێکیان بدەن. هەربۆیە لەم پێناوەدا پۆپەرلەنێو خەڵکی ئازادی خوازولەنێو دنیای ئەکادیمییەت وزانکۆکانی دونیادا بووبە ناوێکی دیارو ئاشکراو بەدرێژایی تەمەنی چەندین خەڵاتی مەزنی لەبوارە جیاجیاکاندا پێدرا بۆنموونە:

١. ساڵی ١٩٢١ خەڵاتی گۆتەی بردەوە لەزانکۆی هامبۆرگ لەئەڵمانیا

٢. ساڵی ١٩٥٣ براوەی خەڵاتی ئاشتی بوو لەپێشەنگای پەرتوکی ئەڵمانیدا

٣. ساڵی ١٩٥٨ براوەی خەڵاتی ئیسرائیل بوو بۆمرۆڤگەرایی

٤. ساڵی ١٩٦١ بووە براوەی خەڵاتی بیالیك بۆ هزری جووەکان

٥. ساڵی ١٩٦٣ بووە براوەی خەڵاتی ئیسراسموس لەئەمستردامدا.

٦. ساڵی ٢٠٠٥ بە ژمارە ١٢٥ی کۆی ٢٠٠ کەسایەتی بەنێوبانگی ئیسرائیلییەکان دیاریکرا بە درێژایی تەواوی سەردەمەکان.

پۆپەرلەماوەکانی ژیانیدا بەتەواوی سەرەداوی خۆی لەتەك نەتەوەو گەلەبندەستەکانی دیدا هێشتەوە، بەجۆرێك نموونەی میانەڕەوی بوو، میانەڕەوێك کە بونی دەوڵەتی ئیسرائیلی لەبەشێکدا بە داگیرکار دەزانی، ئەوبۆخۆی پێشبینییەکانیشی لەئاستێکدا بوون کە وردە وردە دێنە دی. بۆنموونە داننانی ترامپ بە دەوڵەت بۆئیسرائیل وفەلەستین و بە ئاگاهاتنەوەی حەماس بۆ دانوستان لەتەك ئیسرائیل ورازیبون بەوقەدەرەی کە ئیسرائیلی تێدایە



، بە ئاشکرا لەرۆژنامەیەکی ئیسرائیلیدا نوسرابوو، بەڵێ وا دووای نیو سەدە وەختە پێشبینییەکان و راسپاردەکانی پۆپەر دێنە دی و ئیدی سەردەمێك جڵەوی ژیانی لەژێر دەستدایە کە تەنها باوەڕو پرەنسیپەکانی پۆپەرشوێنی تێیاندا دەبێتەوە. هەربۆیە مرتین پۆپەربەدڵنیاییەوە هێزێك بوو کە وەك چۆن بۆجووەکان پێویست بوو بەو جۆرەیش بۆموسڵمان وکریستانەکان پێویستە، لەنێوباوەڕە رادیکاڵەکاندا غیابی پۆپەرێکە بۆ دنیای ئیسلام کە ئەورۆ نمونەو هاوشێوەکانی داعش و نەسرەو قاعیدەو سەلەفییە جیهادییەکان رۆژهەڵات وخۆرئاوایان کردۆتە گۆمی خوێن. هەربۆیە مارتین پرۆبەرلەئەدەبیاتی ئەوانەی کە جەخت لەسەر ناتوندو تیژیی دەکەنەوە بە کەسێکی سەهیۆنی نا سەهیۆنی ناسراوە، یاخود ناسراوە بەو سەهیۆنییەی کە سەهیۆنی نییە، ئەوە وەکو هێمایەك کە بۆچوونەکانی لەدەرەوەی پراکتیکی ئەوپێناوە بوون کە سەهیۆنییەتی پێوە ناسراوە یاخود سەهیۆنییەت ئەنجامی داون لەبەر ئەوە هێمابوونی پۆپەرلەنێو قەڵەمە بە وبژدانەکانی فەڵەستین و عەرەب و موسڵمانانیشدا شوێنی کراوەتەوەو مایەی پێزانین و سەنایەکی پەیوەست بووە بە کارەکانییەوە.

سەرچاوەکان:


http://daharchives.alhayat.com/issue_archive/Hayat%20INT/1998/7/8/-صهاينە-لا-صهاينە-مارتن-بوبر الحسيدى.html

http://www.kalimatalhayat.com/doctrine/89-existentialist-posture/1503-page22.html 1.

http://aawsat.com/home/article/79951

http://www.ppp.ps/ar_print.php?id=b46339y11821881Yb46339












# هزری ژیان

ژمارە (١) بەهاری ٢٠١٩

گۆڤارێکی وەرزیی ئەکادیمی سیاسیی شیکارییە
تۆڕی هەواڵی ژیان دەریدەکات













